# ڕامان

312

مانگانەیەکی ڕۆشنبیری گشتییە ـ دەزگای ڕامان دەری دەکات

خولی چوارەم/ ساڵی بیست و شەش/٥ی ١٠ی ٢٠٢٣



- **خاوەنی ئیمتیاز**
  شەوکەت شێخ یەزدین
- **سەرنووسەر**
  ئازاد عەبدولواحید
- **بەڕێوەبەری هونەری**
  سەرکەوت وەلی
- **مۆتیڤ و پۆرترێت**
  قەرەنی جەمیل
- **بەرگ**
  باسم ڕەسام

**ناونیشان/ هەولێر ـ میدیا سەنتەر**
**ئەدرێسی ئەلیکترۆنی / www.raman-media.net**
**ژمارە مۆبایلی سەرنووسەر (ناوەوە) / 07504494662**
**(دەرەوە) / 009647504494662**
**پۆستی ڕامان: sarkautwali@yahoo.com**



**چاپخانەی ڕۆکسانا/ هەولێر**
**نرخ/ ٧٥٠ دینار**

## ناوەرۆکی ڕامان


**• دەق**

- مێژووی بەردێک/ هیڤا پەناهی/ ٣
- ماسیم و ئاوت حەیرانم بۆ ناچڕێ/ بورهان بەرزنجی/ ٥
- هایکۆ بێزارەکان/ هەڵمەت عوسمان/ ٦
- باسکشکەستی مە/ ئایتەن چاچان/ ٨
- دەقەکانی سەری ساڵ/ لە عەرەبییەوە: عەدنان سائیغ/ ٩
- تاپۆیەک کە لە داهۆڵ دەچێ/ کەریم تاقانە/ ١١
- ئەوا جێم هێشت.. بۆکان و زۆر شتی تریش/ حوسێن شێربەگی/ ١٤
- چارەنووسێکی نادیار/ سولین سلێمان مەرعان/ ١٧
- سلۆیێ کوڕێ سەلیمی/ عەبدولڕەحمان بامەڕنی/ ١٩
- ئەوبەری دیوار/ مەحموودی ئیعتیمادزادە: لە فارسییەوە: ناسر وەحیدی/ ٢١

**• هەڤپەیڤین**

- هەڤپەیڤینێکی بەرفراوان لەگەڵ چیرۆکنووس و وەرگێڕ (جیهان عومەر)/ ئا: ئازاد عەبدولواحید/ ٢٨

**• ڕەخنە و لێکۆڵینەوە**

- پێوەندی بنەماڵەی خادم السجادە لەگەڵ هەریەک لە مەولانا خالید و نالی و حاجی دا/ پ. د. عوسمان دەشتی/ ٥٥
- بەزاندنی بنەماکانی هاریکاری گرایس لە تەنزی کوردیدا/ ئاشنا فەرزەندە خدر/ ٦٤

**• هزر و فەلسەفە**

- فەلسەفەی ئیبن توفەیل/ پ. د. حەمید عەزیز/ ٧١

**• وتار**

- ڕۆڵی باباتاهیری هەمەدانی لەنێو کۆمەڵی کوردەواریدا/ هەیاس کاکەیی/ ٨٠
- کاریگەری بەرهەمەکانی سادق هیدایەت لە ئەدەبیاتی ئەوروپا/ لە فارسییەوە: هادی حەبیبی/ ٨٥
- هاملێت لەنێوان بێهوودەیی و پێویستی کرداردا/ جەبرا ئیبراهیم جەبرا، لە عەرەبییەوە: د. عوسمان یاسین/ ٩٣

**• زمانزانی**

- واتاکانی وشەی (ڤەدان)ی ک. سەروو و هاوواتاکانی بە ک. ناوەڕاست/ ناسح حوسێن سلێمان/ ١٠١

**• مێژوو**

- ڕەچەڵەکی کورد/ لە ئینگلیزییەوە: هەڵکەوت محەمەد پشدەری/ ١٠٨

**• هونەر**

- بیناسازیی دراماتورگیی مییرهولد لە نمایشدا/ د. فازڵ جاف/ ١٢٣
- ئارام تیگران، هونەرمەندێک کولتووری کوردی بەسەریدا زاڵ بوو/ دلێر سەلیم/ ١٢٨

**• ڕۆژنامەگەری**

- ژارەبا، یەکەمین بڵاوکراوەی تایبەت بە کارەساتی کیمیابارانی هەڵەبجە، پاش ڕاپەڕین/ خدر ئیبراهیم خدر/ ١٣٣

**• بەدواداچوون**

- نانۆی نانانۆ/ عەباس عەبدوڵڵا یووسف/ ١٣٨

**• خوێندنەوەی کتێب**

- کۆلارەکانی سپی سەنگ/ عومەر محەمەدی/ ١٤٣
- جوغرافیای برک و ژان/ عابد حسەینی/ ١٤٨

**• نامە**

- چەپکێک نامە... / ئا: سەرنووسەر/ ١٥١

**• بە باڵابڕین**


- ڕامان ئەو چرایە بوو کە زۆربەی پەپوولە شەیداکانی ئەدەبی کوردی لە دەوری خۆیدا کۆکردبووەوە/ بەکر دەروێش/ ١٥٨

**• سووکە لەنگەر**

- وەرگێڕانی پێچەوانە/ سمکۆ محەمەد/ ١٦٠

# مێژووی بەردێک

هیڤا پەناهی
(سویسرا)



بێدەنگییەکی بێ پەی باڵی کشاندووە بەسەر
هەموو جێگەیەکدا
لای ڕاست
لە لای چەپمەوە
لە ئەم ناوەڕاستەی بۆ ئەوەی بتنێژن
ئەتۆ بەندکراوێکی شەڕێکی ناڕەوا
ئیتر خۆشییەکان بەردن
وەرزەکان بەردن
بەردەکان لە دڵمان دەدەن
بەرد لەسەر دەستەکانم
بەرد لەسەر لێوەکانم
بێدەنگییەکی بێ پەی زەوی دادەگرێت
زەوی ئازاری دەچێژێت
زیاتر و زیاتر ڕۆدەچێت
زیاتر و زیاتریش باوەڕت نایە  کە نێژراوی
ئەمانە چین وا دادەبارێن لە چاوت؟
ئەمانە فرمێسکی بەردینەن
بێدەنگییەکی بێ پەی هەموو جیهان دەگرێتەوە
زیاتر و زیاتر لە یەک دەچین
دادپەروەری ئێوە بەردە و
لە ئەسینای پایتەختدا بەردە بارانە

نیویۆرک/ ٢٠١٩

## خۆرەتاوی

له چاوەکانمدا خۆرەتاوێک هەیە لە ئەتۆ دەچێت
شەو و ڕۆژ دەکەمەوە بە تینی هەناسەکانی
ئاسمان بۆنی سوێسەن دەدات
لە دیدەکانمدا هەتاوێکی مەزن هەیە
هەتاوێکی بێگەرد
هەتاوێکی کەونار و بەهێز
بەهار و دەشتەکانمان ناس دەکات
لە کۆسالآن دەزانێت و
لە قۆلایی زەریاکانیش
کە داعشی بێ بەزەیی هات
کەوتە سڕینەوەی تیشکەکانی
دووبار هەر چڵە تیشکێکت بوون بە گوڵی بەهاران
لە ناو چاوەکانمدا زۆر شت هەن
لە ناو چاوەکانمدا بمێنەوە
بڕوانە تاڵە قژی کچێکی کورد پاش شەهید بوونی
دەبێتە ژێی سازێک
دەبێتە ئاوازێک
لە دوایین مەنزڵیدا ئۆقیانووس دەکاتە مەنزڵ
مرۆڤەکان لە خۆرەتاوەوە لە دایک دەبن
مرۆڤەکان بەرەو بێکۆتایی دەڕۆن

٢٠١٤/ ئەسینا

# ماسیم و ئاوت حەیرانم بۆ ناچڕێ

بورهان بەرزنجی
(کەرکووک)



ئەو ڕۆژانەی تۆ هی من بووی
گەڵای هیچ درەختێکم نە ئەئاڵان بە خۆمەوە،
کەس عەورەتی نەئەبینیم.
پێویستم بە هەناسەدان نەبوو
بووبووی بە سنگم و
گۆرانی باڵابەرزترین هەناسە بەگوێمدا ئەهات،
ئیستا...
ماسیم و ئاوت حەیرانم بۆ ناچڕێ،
خوێندکارم و
پەرتووکم لە دڵی نایە ناوی تۆ بسڕێتەوە،
قەسیدەم و...
سەرواکانم بە برسێتی سەر ئەنێنەوە،
ئاوازم و
کەمانجەم ناتوانێ گریانم بژەنێ،
شمشاڵم و
ئەشک لە چاوەکانما قەتیس ماوە،
کێڵگە بووم و
خۆم بارانم بۆ خۆم ئەوت،
شەمەندەفەرێکی باڵا کورت بوو قسەکانت،
هیچ فارگۆنێکت پڕ نەبوو لە وەفا،
دیواربووم و
خشت بە خشتی سۆزم تۆ بووی،
پەیکەری تۆ لە سەنگم ئەتاشرا و پێ ئەکەنیم
قەڵغانت بووم..
ئازار بەر جەستەت نەکەوێت،
شنە بوویت و
من فێنکیم بۆ ئەدووریت.
کە پاپۆڕ بوویت.. ئامێزم دەبوو بە زەریا،
بارانی هیچ هەورێ
دەستی بۆ قژت نەئەهێنا...
من چەترت بووم،
گوڵەگەنمت.. دەبوو بە شاهنشای خەرمان،
من شەنت بووم،
ئیستا..
دووکانی ژیانم هەڕاج ئەیبا و
هەردوو دەستت لە گیرفانت دەرناکەیت و
وێنە لەگەڵ دووکەڵی سووتانم دەگری!!

# هایکۆ بێزارەکان

هەڵمەت عوسمان
(کۆیە)

گفتوگۆیان،
باسی ڕۆژانی گەنجییە –
دوو گەڵای لە دار وەریو.

درەنگ زانیم
ڕاستکردنەوەی هەڵەکانی منە –
هێڵەکانی ڕوخساری دایکم.

مانگ دەبرژێنێ؛
بۆ گەدەی خاڵیی هەژار–
ئاگری تەنوور!

قردێلەی بەهارە؛
دەیدا لە قژی زەوی–
شەبەنگ.

خاڵی ڕووی یارە؛
ئاسمان دەڕازێنێتەوە –
ورشەی ئەستێرە.

پەڵەهەورە؛
بە ڕوخساری ئاسمانەوە –
دەسرۆکەی دایک.

ڕەنگە بتوانم بتکەم لە لێوێ،
ڕەنگە ئەم خەیاڵەشم سەر نەبزێوێ–
ماچ!



ڕۆحم تەڕ دەکەم لێی،
چوون لێت دەڕژێ-
جوانی!

بێ مروەتە، هەر جارەو
خۆی دەداتە بەر نەشتەری لێوی پەپوولەیەک-
گوڵ.

نە نیوەیە و نە هەمووی،
کێ ئەو درۆیەی کردووە؟
ژن.

داخراوە؛
بە ڕووی گشت کەسێ، تۆ نەبێ-
دڵ.

بوو بە پشکۆ،
بۆیە هێند گەرمە دێڕی شیعر-
وشە

خۆی پۆشتە کردووە،
بۆیە ئاسمان ئەستێرەکانی کزن-
مانگ.

# باسکشکەستی مە

**ئایتەن چاچان**
**(قامشلۆ)**


تو دەریایەک بە ژی نکارم سۆبایی بکەم
د چاڤێن تە دە
دترسم
ژ بۆ کو بمەیینم دێمێن تە
و گولیێن تە بوەشینم
دلۆپێن بێهنا تە دئالێسم
ل ئەردێن کرێچگرتی تێم تامژاندن
پارزەمینەکە بێناڤنیشانم
ل جیهانەکە تسی
تو ل بەراڤەتنا من دقەلبی هەر هەیام
خەمێن من شین دکری هەر بهار
من ب ڕەنگێن خوە ستەوریا تەمەنێ تە چاند
تە ب وەلداندنا خوە
حەزکرنا من چارمخاند
نە تو کوژەرتیێ قەبوول دکی
نە ژی ئەز دۆزگەریێ
ژخوە دادگەر بوونە پارسەکێن بێخەم ل کوچەیێن
وەلاتێ من



**ئەڤ هەلبەستە ژ پەرتووکا (فیغانێن پێنووسێن نازک ـ ئانتۆلۆژییا هەلبەستا کوردی یا نووژەن ـ هەلبەستڤانێن ژن) ل٢٩ هاتییە وەرگرتن، ئەوا ژ ئالیێ ئەڤین شکاک ڤە هاتیە ئامادەکرن.**

# دەقەکانی سەریساڵ

عەدنان سائیغ
لە عەرەبییەوە: محەمەد قادر یوونس



(١)
لە شەقامەکانی سەری ساڵ
بەفر بەسەر دڵمدا دەبارێت
من (تەنیا)م
بە هەموو ئەوانە دەورە دراوەم
کە لێرە نین

(٢)
هەموو ساڵێک
کاتێک قۆڵەکانم لە باوەشم دەگرن
لە پەنجەرەی مەنفاوە
تەماشای نیشتمانم دەکەم
وەک چۆلەکەیەک
لەودیو کەلەپچەی قەفەسەکەیەوە
نیگای سەرگەردانیی خۆی دەگرێتە بەهار

(٣)
هەموو ساڵێک
بابانوئێل
لەبەر دەرگای نیشتمان دەوەستێت و
لە دەرگا دەدات
لە دەرگا دەدات
کەس نییە
باوکان بەیانی زوو چوون بۆ بەرەکانی شەڕ
دایکان لەناو مەنجەڵە بەتاڵەکان پیربوون
ژەنەراڵەکان دەچنە ڕادیۆ و
وتاردەدەن و پیرۆزبایی دەکەن

منداڵان بێ هیوا دەبن
لە نزیک زبڵدان خەوتن و
خەون بەو دیارییانەوە دەبینن
کە لەگەڵ منداڵیی دواخراویاندا بگونجێت

**دەق**

لەسەر مێزی کتێبخانەکەم
خۆم لەبیرچوو و
ڕۆیشتم
لە ڕێگادا کاتێک هەنگاوەکانم کردەوە
زانیم هیچ نیم جگە لە سێبەری دەقێک
کە دەیبینم بەخێرایی بە پێشمدا تێدەپەڕێت
خەڵکی تەوقەی لەگەڵ دەکەن
وەک ئەوەی من بم

**لێکدانەوە**

پڕم دەکەن لە ڕستە
پۆلێنم دەکەن و
پێرستم بۆ دادەنێن
بەتەواوی چاپم دەکەن
بەسەر کتێبخانەکاندا دابەش دەکرێم
و
لەسەر ڕۆژنامەکان سووکایەتیم پێ دەکەن
کەچی
هێشتا
من
زارم
نەکردووەتەوە

**سەرچاوە:**
**دیوانی (تأبط المنفی) ، چاپی دووەم، ٢٠١٥ .**



# تاپۆیەک کە لە داهۆڵ دەچێ

**کەریم تاقانە**
**(سوێد)**

[تێبینی: کەریم تاقانە سەرەتا ئەم چیرۆکەی بە سوێدی نووسیوە. چیرۆکەکە لە ئەیلوولی ٢٠٢٣، لە ژمارەی سێیەمی گۆڤاری Klassی سوێدیدا بڵاو بووەتەوە. Klass گۆڤارێکی سەنگینی ئەدەبییە، لە ساڵێکدا چوار ژمارەی لێ دەردەچێت. شایانی باسە نووسەر، خۆی چیرۆکەکەی بە زمانی کوردیش نووسیوەتەوە.]

کە قالاوەکە دەست دەکاتە قیڕەقیڕ، پیاوەکە سەر هەڵدەبڕێ:

– هەمدیس قیڕەقیڕ؟ خۆزیا دەمزانی، وەختێ من دەگەمە ژێر ئەم دارکاژە، تۆ بۆ ئەوەنە دەقیڕێنی.

قالاوەکە دەڵێ:

– ئەمە قیڕەقیڕ نییە، مرۆڤ! گرین و شیوەنە. کە دەبینم وا کەساس و ماڵبەکۆڵی، ئاگر لە جەرگم بەر دەبێ.

– تۆ قالاوی. چۆن بوو زانیت من کەساس و ماڵبەکۆڵم؟

– ئێوەی مرۆڤ قالاو بە چی تێگەیشتوون؟ ڕەنگت زەردە، دڵت تەنگە، هەناسەت ساردە و هەنگاوت خاو.

– دەی کە وایە، مەردی خوا بە، باڵی فڕینتم بدەرێ. بەس بۆ شەوێک.

– گەر بتدەمێ، بۆ کوێ دەفڕی؟

– دەفـڕم بـۆ لای دڵدارەکـەم، بـۆ گوێسـوانەی ماڵەکەیـان.

– ئێمـەی قـالاو هەتـا مـردن لـە دڵدارمـان دانابڕێیـن. ئێـوە بۆچـی دابـڕان؟

– چەرخـی چەپگـەرد وای لـێ کردیـن. باڵـی فرینتـم بـدەرێ، مـەردی خـوا بـە.

– دڵدارەکەت لە کوێ دەژی؟

– لـە کوردسـتان. سـەرزەوینێک، قـەت خـۆری لـێ ئـاوا نابـێ.

قالاو هەمدیس دەقیرێنێ.

– باڵـم نـادەم لەبـەر هەتـاو هەڵپـرووزێ. باڵـم نەبـێ، هـەم ئـەم بەفـرەم لـە دەسـت دەچـێ، هـەم دارسـتان، هـەم دڵـدارم؛ ئەوجـا خۆیشـم ڕۆژێ ناژیـم.

قالاو بە دەم قیرەقیرەوە هەڵدەفڕێ.

پیـاوە دێتـەوە سـەر خـۆی، چـاوی لەسـەر قالاوەکەیـە کـە دارکاژەکـە جـێ دەهێڵـێ. ئەمیش زێـدی خـۆی لـە پاییـزی سـاڵێکی شـوومدا جـێ هێشـتبوو. سـاڵی ١٩٨٠ بـوو. ئـەوکات تەمەنـی هـەر چوار پێنـج سـاڵێک دەبوو، بـە حـاڵ دێتـەوە بیـری، تانـک و چەکـدار هاتبوونـە گوندەکەیـان و خەڵکـی گونـد خۆیان گەیاندبووە قەدپاڵی کەژێک. کـەژی بێشـکان. ئـەم بـە کۆڵـی خوشـکەکەیەوە دەبـێ، خەڵکـی گونـد وایـان زانیبـوو هـەر چەنـد ڕۆژێکـە، بـارودۆخ هێمـن دەبێتـەوە و دەگەڕێنـەوە سـەر ماڵوحاڵـی خۆیـان. چەنـد شـەوورۆژێک بـە کـەژەوە مابوونـەوە، گرمـە و زرمـەی تەیـارە و تـۆپ لـە تەنینـەوەدا بـوون.

خەڵکەکـە تێکـڕا گوتبوویـان: «دەچیـن بـۆ ئەودیـو». خەڵکـی ئـەم دیـو و ئەودیـو ڕۆژێـک لـە ڕۆژان لەسـەر یـەک خـاک ژیابـوون، ئەگەرچـی خاکەکە ئێسـتا وەک کێکی لەدایکبوون پارچەپارچە کرابـوو و هێڵێـک، کـە پێیـان دەگـوت سـنووری دوو وڵات، لـە نێـوان مرۆڤەکانـدا لـێ درابـوو، خەڵکـی ئـەو مەڵبەنـدە، کـە سـەری لای یەکتریـان دەدا، دەیانگـوت: «دەچیـن بـۆ ئەودیـو» یـان «لەودیـو بوویـن».

ئیتـر خەڵکەکە ملی ڕێیان گرتبوو بۆ ئەودیـو. بـە دەربڕینـی ئەمڕۆیـی و بەپێـی تێگەیشـتن و نەخشـەی جیهـان، لـە ڕۆژئـاوای ئێرانـەوە ملـی ڕێیـان گرتبـوو بـەرەو باکـووری عێـراق. لـەوێ، دەسـتەڵاتدارانی ڕێژیمـی بەعـس سـواری زیلیـان کردبوون و زیل کەوتبوونە ڕێ و هەر نەوەستابوون، دواجار لـە بیابانێکدا لـە سەدوبیست کیلۆمەتریی ڕۆژئـاوای بەغـدا وەسـتابوون. خەڵکـی گونـد نەیانزانیبـوو بیابانەکـە دەبـێ بـە ئۆردووگایـان، دەبـێ بـە شـوێنی ژیـان و مردنیـان.

ئێسـتا کـە لـە بـن دارکاژەکـەدا وەسـتاوە، حـەوت سـاڵ بەسـەر ئـەو دوانیوەڕۆیـەدا تێپەڕیـوە کـە تێیـدا دایکـی خـۆی جـێ هێشـت. بـە لای یەیکـەری ڕووخـاوی سـەرۆکدا تێپەڕیبـوو و ئۆردووگاکـەی جـێ هێشـتبوو، بـێ ئـەوەی گـوێ بـەو هەمـوو ڕۆژنامەنـووس و وێنەگـرە بیانییانـە بـدا کـە ڕژابوونـە نێـو ئـۆردووگاوە، گفتوگۆیـان لەگـەڵ خەڵکـدا دەکرد، وێنـە و فیلمیـان دەگـرت. بەشـێک لـە مرۆڤـەکان دەچـوون بـۆ باکـووری عێـراق تـا لەوێـوە بگەڕێنـەوە بۆ ڕۆژئـاوای ئێـران، یـان بۆ ئەودیـو. هەیشـبوون هەوڵیـان دەدا خۆیان بگەیەننـە تورکیـا و لەوێـوە پەڕیـوەی ئەورووپـا ببـن.

ئـەم بڕیـاری دابـوو ڕێگـەی ئەورووپـا بگرێتـە بـەر. دایکـی لـە ئامێـز گرتبـوو. دەیویسـت بڵـێ: «ماڵئـاوا»، بـەڵام شـتێک لـە قورگیدا لـێ نەگەڕابوو

ئەو وشەیە بێتە سەر زمانی. نیو سەعات دواتر، کە لە دایکی هەڵبڕابوو، شتەکەی نێو قورگی بۆ قووت درابوو، ئەو شتەی کە ئێستا پێی وایە خڕەبەردێک بووە.

پیاوەکە دارکاژەکە جێ دەهێڵێ و بیر دەکاتەوە ڕێگەی پیاسەکردنی شەوانەی خۆی بگۆڕێ. چەند شەوێکە ئەم قاڵاوە هەڵدەفڕێنێ، ئەمەیش ئازارێکە. چاوی بە دوو تاپۆ دەکەوێ کە لە دوورەوە دەردەکەون. گێتێک دەکا و سەرنجیان دەدا. تاپۆکان دەجووڵێن، لە مرۆڤی زیندوو دەچن. پیاوە بەرەو ئەوان دەڕوا. تاپۆکان نزیک دەبنەوە، دەردەکەوێ سەگێکە و خانمێک. سەگەکە پەستەکێکی لە بەردایە و قەلادەیەکی لە ملە. خانمەکە، کە قەلادەکەی بە دەستەوەیە، پاڵتۆیەکی پەمەیی لە بەردایە، سەرتاپێی داپۆشیوە. خانمەکە دەیەوێ بچێ بۆ ئەوبەری شەقامەکە، بەڵام سەگەکە بەرەو پیاوە مل دەنێ. خانمەکە بەهێزترە، سەگەکە بە لای خۆیدا دەشکێنێتەوە. لەوبەری شەقامەکەدا تەمی کۆڵانێک قووتیان دەدا.

لەو کاتەدا پیاوە گوێی لە هاڕەی ئۆتۆمبێلێکە لە پشتییەوە دێ. ئۆتۆمبێلەکە لە پیاوەکە تێدەپەڕێ، سێ چوار گەزێک لە پێشیەوە دەوەستێ. پیاوەکە سەرنجێکی دەدا. ئۆتۆمبێلی پۆلیسە. پێی وایە بە هەڵە هاتووە. «خۆ من یاکووب یوهان (١) نیم هاتبم پاشای سوێد بکوژم. یۆن سڤالستێد (٢)یش نیم لە پەنجەرەی ماڵانەوە هەڵکوتمە سەر کچان و ژنان. بۆ ئەوەش نەهاتووم بۆ ئێرە ببم بە مەوادفرۆش.» گوێ بە ئۆتۆمبێلەکە نادا و خەریکە بە لایدا تێبپەڕێ، شووشەی لای شۆفێر دادەدرێتەوە. دەنگێک لەنێو ئۆتۆمبێلەکەوە:

- Vart ska du?(٣)

پیاوەکە ڕوو بۆ لای دەنگەکە وەردەگێڕێ و پیاوێک دەبینێ، ڕوخساری، درێژکۆڵە؛ سەروریشی، ماشوبرنجی.

پیاوەکە وەڵام دەداتەوە:

- I don't understand
- Where are you going?
- Just walking.
- Why?
- I used to walk.
- Your ID card.

پیاوەکە دەست بە نێو پاڵتۆکەیدا دەکا، کارتێک دەردێنێ و بە کابرای پۆلیسی دەدا. شووشەی ئۆتۆمبێل هەڵدەدرێتەوە. دوای دوو سێ خولەک، شووشەکە دادەدرێتەوە. کابرای پۆلیس، بێ هیچ قسەیەک، کارتەکەی پێ دەداتەوە. ئێستا ئۆتۆمبێلی پۆلیس ڕۆیشتووە و بەفریش تێی کردووەتەوە. پیاوەکە لە جێی خۆی وشک بووە، دەڵێی بزمارێکە و بە تەختەیەکی سەهۆڵیندا کوتراوە.

نزیکەی دوو سەعاتە لە دەرەوەیە، هەست دەکا سەرلەبەری ژیانی لە دەرەوە بووە. سیرەی هەنگاوەکانی دەبیسترێن. قیرەقیری قەلەڕەشی دێنە بەر گوێ، ناوەناوە ڕادەوەستێ و ئاوڕێک دەداتەوە. بەفر شوێنپێکانی سڕیوەتەوە. ئەو دەمانەی ڕادەوەستێ، لە داهۆڵێک دەچێ ناشیانە دروست کرابێ.

**مانگی دووی ٢٠٠٩**

**سوێد**

**پەراوێزەکان:**

١- Jakob Johan

٢- John Svahlstedt

٣- ڕستەیەکی سوێدییە، واتە: بۆ کوێ دەڕۆی؟



# ئەوا جێم هێشت ..
# بۆکان و زۆر شتی دیکەش

**حوسێن شێربەگی**
**(بۆکان)**

کوتم باپیرە زوو زوو دێمەوە، لە هیچ کوێ ئۆقرەم نییە! ناحەسێمەوە لە هیچ شوێنێکی ئەم جیهانە، بێ لەم خاکی پاکی بۆکانە!! دەڕۆم باپیرە، دەڕۆم.

سبەینێ مەلابانگدانیش زووتر، ئەو کاتەی نە ئێوە و نە ماڵی باوکە و نە لەم موکوریانەدا هیچ کەس لە خەو هەڵنەستاوە، دەڕۆم و ئاوڕیش نادەمەوە لە پشتە سەرم چ باسە؟ ...

ئاخ بێتو بتوانم لە سۆربۆن دوکتۆرا وەرگرم!

لە نێو پاسەکەدا (وەفایی) گۆرانیبێژی ئێرانی بە هەموو هەست و سۆزیەوە دەیناڵاند:

**(شنیده‌ام عزم سفر کرده‌ای**
**هوای دلدار دگر کرده‌ای**
**تو رو به خدا اگه میشه تنها نرو**
**بگذر از این سفر، تو بی من نرو) (*)**

باران دای دا و هەستم کرد نەک هەر ڕوومەتی من و شووشەی دەرەوەی پاسەکەم، بەڵکوو نێو پاس و گشت ئازای منیش نوقمی ئاوی ئەم بارانە بوون ... ئاخ بێتو بگەمەوە پاریس و کارم ڕاست بێ!

دیمەنی مەلەی هاوینانی گۆمی سەر سەکۆ، بەهارانی چیای بەردەزەرد و ناڵەشکێنە، هاوینانی کێوەڕەش و شەقام و گەڕەک و کۆڵانانی شارەکە، فیلمێکی سینەمایی بوون و خۆم زیندوو زیندوو

بە سەریاندا لە پیاسەدا بووم، دوکتۆرای زانکۆی سۆربۆن گاڵتە نییە، لە گشت ئەم کوردەوارییەدا چوار کەس...!

لە تاران دە ڕۆژ مامەوە و بە سواریی فڕینی ٢٠...ی هوما، پاریس خۆت بگرە و هاتم.

لە چوار ساڵان مانەوەمدا لەم کۆلێج و ئەو کۆلێجی ئامادەسازی و زانکۆی ئادابی سۆربۆن و کتێب و خوێندن و نووسین و سەردانی مامۆستایانی ئەم دیراساتانە بەدەر چیم لە یاددا نییە! ساڵدەری دوازدەی مانگ و گشت چرکەساتەکانم هەر وانەکان و یانە و یادی قسەکانی باپیرەم بوو و بەس.

شەوێک چوومە بەرلین و بە فڕینی ··· زیرۆی فەرانکفۆرت، سێ سەد و سی و سێ کەس دەیانناڵاند: «باز هوای وطنم آرزوست / یادی هەڤاڵانی ڕەبەنەم آرزوست».

گەڕامەوە، بە بڕوانامەی دوکتۆرای سۆربۆنەوە دەگەڕامەوە، گاڵتەی پێ ناکرێ!

لە میهراباد ڕانەوێستام و چیم لە یاددا نییە، سەعات چەند بوو؟ کاری پیاوێکی زۆر ڕێکوپێکە ئەمەی لێ حاڵی بووبێ، نەک کاری من، بەڵام کە ڕوونی کردەوە و بووە شەڕی دوو بەرانی ڕەش و سپی و بەرانی سپی ئەوی ڕەشی بەزاند و ڕەتاندی، لەم کاتەدا من لە مەیان تەجریشی تاران، لە بەردەم کۆشکی شیرفرۆشی مەیانەکەدا، لە سەر کورسییەکی سپی دانیشتبووم، شیری گەرمم هەڵدەقوڕاند و گۆڤاری مانگانەی «سروە»م دەخوێندەوە! دوکتۆرای ئادابی زانکۆی سۆربۆن لە باخەڵمدا بوو...

سبەی ڕۆژی پاش ئەم بەیانییە، لە ژێر سێبەری دارە کاژی حەوشەی ماڵە قەدیماوقەدیمەکەی باوکە لە گەڕەکی فەرهەنگیان دانیشتبووم و هەرام دەکرد: دا تۆغا ئەو سەنگەک و پەنیر و چایەم بگەیەنێ ...

لەو شەش کەسەی نێو کۆڕەکەی ڕۆژی کۆتایی حەوتەدا یەکەمیان هەر دووپاتی دەکردەوە: فووکۆ ڕێک ئەو دیاردەیە دەسەلمێنێ کە هۆرکهایمەر بە زبانی کۆمەڵناسی، لیوتار بە دەروونناسی، سارتر بە ماتماتیک!!! ژوولیان فڕانسوو؟! بە شیکاریی دەسەڵات!!! و هابرماس لە ڕۆمانەکانیدا!!! جەختی لە سەر دەکەنەوە...!

چەپڵەی هاوتەمەنەکانی لەوانە بوو ساپیتکەی ژوورەکە داڕووخێنێ ...

باوەکوو زۆرم هاوار کرد: من لە بەرلین و فرانکفۆرت و پاریس و لۆندۆن دەگەڕێمەوە، بڕوا بکەن چ هایدپارک و باخی لۆکزەمبۆرگ، چ دیوارە نیوە داڕووخاوەکەی بەرلین و چ زانکۆکەی فرانکفۆرت هەر هەموویان هێشتا زۆر کۆن نەبوونە و بەس ئەوەندە نەبێ... ئەو قسە و باسانەی دەیەکانی شەست تا هەشتای ئەدرنۆ و کریستۆڤا و بارت ئیدی لەوێندەرێ زۆر باویان نەماوە و تێکەڵاوێک لە نەهرۆ و ماندێللا و فرەنسیسکۆ خوولیائۆ و ئوورهان پاموک قسەی یەکەم دەکەن... کەس قسەی لەم چەشنەی بە دوو فلسی ڕەش نەکڕی!! کەچی هەموویان دەیانزانی دوکتۆرای سۆربۆن بە دیواری ژوورەکەمەوە هەڵواسراوە...

لە ساڵێک هاموشۆی کۆڕ و کۆبوونەوە و دیالۆگەکاندا تەنیا گەنجێکی ٢٢-٢٥ ساڵان و دوو سێ هەڤاڵی نەبێ، کەس گوێی بۆ قسەی کەس ڕانەگرت و سەرباقی دیتران هەموویان هەر قسەیان بۆ دیوار و بۆ وێنە پۆستکارت خۆیان دەکرد..!

باپیرە بەڵێنم پێ دابووی زوو زوو بگەڕێمەوە، ئەوا هاتوومەتەوە ماڵە قەدیماوقەدیمەکەی

خـۆت، باوکـەش هــەر لــەم حەوشــە و حەســار و ماڵــەدا ماوەتــەوە و هــەر کار و کەســبەکەی خـۆی بـەردەوام ڕاگرتـووە، بـەڵام مـن نـا! مـن بـە فەرمایشــەکەی خـۆت دوکتـۆرای سـۆربۆنم سـەندووە، بوومەتـە مامۆسـتای زانکـۆ و بـەڵام.... تۆغـا باپیـرە شـتێک بڵێـم لێـم زویـر نابـی؟ باپیـرە مـن بـە ماڵـەوە چوومەتـە ئیسـتەمووڵ!! لـە بیرتـە هــەر باســت دەکــرد و دەتــوت کــە چــووی بــۆ ئەوێنـدەرێ چەنێکـت پـێ خـۆش بـووە؟ ئاخـە لـە بەر ئەمـە چوومـە ئـەوێ و کورسـی زبانـی فارسـی زانکـۆی ئیسـتەمووڵم پــێ دراوە! بــەڵام بەڵێنــم پــێ داوی زوو زوو دەگەڕێمــەوە، بــە جلوبەرگــی خۆمانــەوە ســەردانی ماڵــە قەدیماوقەدیمەکەمــان دەکـەم و خـزم و کـەس دەبینـم و ئاگـەداری حـاڵ و هەواڵــی هەموانیــان هــەم...

دەزانــن؟ ئــەم گشــتە پــرس و کێشــەیە، ئــەم گشـتە خزم و کەس و شـایی و شـینە، ئەم گشـتە ئاڵۆزباڵــۆز بێژییــەی جەنابــی ئەدیبــان وزەیــان بەزانـدم و ڕامکـردە ئێـرە، لێـرە قسـە و بـاس و ســەرەخەرم کەمتــرە، لێــرەوە خزمەتگــوزاری زۆر باشـتر ئاراسـتەی گـەل و نیشـتمانەکەم دەکـەم!!!

(*) بیستوومە نیازی سەفەرت هەیە

ئارەزووی دڵدارێکی دیکەت هەیە

برۆ، توخوا ئەگەر دەکرێ تەنیا مەڕۆ

واز لەو سەفەرە بێنە، بێ من مەڕۆ



# چارەنووسێکی نادیار

سولین سلێمان مەرعان

ڕاوەستاون. کۆڵێکی لە خۆیان قورستریان لەسەر شانە، جەستەیان بێهێز و لاواز، چاویان شەکەت و ماندوو. هیچ هیوا و ئومێدێک لە چاویاندا نەماوە، ئەوان پشتیان لە زێدی خۆیان و ڕوویان لە تەنیایی کرد، نە ناسنامەیەکیان هەیە، نە نیشتیمانێکیان بۆ ماوە، خەونە بەدی نەهێنراوەکانیان لە دوای خۆیان بەجێ هێشتووە، ئەوان بەو هیوایانەی کە جاروبار پێی دەگەیشتنە شتێک، بەڵام لە پڕ دەبوو بە نائومێدی .. هەوڵگەلێک کە پەیتاپەیتا شکست دەهێنن. بەڵێ ئەوان وا بەرەو چارەنووسێکی نادیار کۆچ دەکەن. هەموویان دڵ شکاوی ئازیزێکیانن، ئاگری هەناوی دایکێکن، هەریەکە و ئومێدی باوکێکن. خۆیان ئامادەکردووە، چاوەڕێی یەختێکی ڕزیون تا بیانبەن بۆ ئەو سەری دنیا.

ئەو شەو ساردە، بایەکی تۆزاویش کارەکانیانی سەختتر کردووە، چاوەکانیان ئازار دەدات . خەریکە گەشتەکەش دەست پێ دەکات ، کەسێکی باڵابەرزی گەنم ڕەنگ، کە دەموچاوێکی تووڕەی هەبوو، هەروا بەسەریاندا هاواردەکات.. خێراکەن.. خێراکەن.. ئامادەبن کاتمان نییە. وا دیارە ئەوە ئەو کەسەیە کە یاوەریانە بۆ دەستپێکردنی ئەو گەشتە. بە هەر حاڵ یەختەکە ئامادەیە هەر یەکەو چووە جێگای خۆی بۆ جێهێشتنی بەندەرەکە، ئاسمانی ئەو شەو، زۆر سەیرە! پڕ پڕە لە ئەستێرەی شێواو، وەک چۆن بڵێی ئەستێرەکان لەگەڵ یەکتر یاری بکەن، ئەمە چ دەریایەکە شەپۆلەکان وەک شێت دەجوولێن. هەوای ئەم دەریایە بۆنی گەڵای تەڕ و لاشەی مردووی لێ دەهات. وەک ئەوەی نەزانین ئەم دەریا بێڕەحمە چەندان کەسی پەلکێشی خۆی نەکردبێ. چ دەریایەکی تووڕە و دڕندەیە نە تەواو دەبێت، نە تێریش دەبێت لە لاشە.

کاتێک سەیری ئەستێرەکانی ئاسمانم دەکرد بۆ چەند ساتێک خەیاڵ منی دەبردەوە. وا خەریکە ئەم ساتانەش باش تێناپەڕێت و بێتاقەتین، شتێک دڵی گرتووین، لە هەموو شتەکان ماندووین، لە هەنگاوەکان، ڕێڕەوەکان، تەنانەت ژیانی خۆشمان، وەک ئەوەی بڵێی هیچ دڵخۆشییەک وجوودی نەمابێت.. لە ناو ئەم یەختە ڕزیوەدا بەڕاستی هەست بە ترسێکی زۆر دەکرێت. هەست بە هەندێک شت دەکەم کە بەناو ناخمدا تێدەپەڕن و تاڵە ناسکەکانی ڕوحم دەقرتێنن، دڵۆپە خوێنەکانی جەستەم دەمەیێنن، هەناسەم ڕادەگرن و دەستی دەگرن بۆ لای خۆیان و بە بەتاڵی خاوی دەکەنەوە، بە جۆرێک هیچ هیوایەک بوونی نەبێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا چاوەکانم بە ئومێدەوە لە دوورەوە وا دەڕوانن. سەیر دەکەم چ ترس و بێ هیواییەک لە چاویاندا دەبینم، ئەمانە وڵاتیان جێ هێشتووە. گەشتی مردنیان هەڵبژاردووە، خۆیان داوەتە دەست چارەنووسێک ، کەس نازانێ وا بەرەو چ ئازارێک دەڕۆن، کەس نازانێت چ چارەنووسێک چاوەڕیان دەکات، چ ئازارێکە خودایە. دانیشتبووم کاتێک سەرم کەمێک بەرز کردەوە لە بەرانبەرم دەنگێکی گریانی نزم نزم دێت. سەیر دەکەم ، منداڵێک لێوەکانی لە سەرمادا بە خێرایی هەر وا بەریەک دەکەون.. دەستەکانیشی هەر بە جلەکانیدا دەهێناو دەبرد، جەستە لاوازەکەی دەلەرزی قاچەکانیشی بە شێوەیەکی سەیر دەجووڵاند، لێم نەپرسی کە چیەتی ... بە چاوی پڕ فرمێسکەوە وا بە دایکی دەڵێت»

دایکە برسیمە... دایکە...دایکە برسیمە...

ئەو دایکە داماوە لەو ساتەدا، دەتوانێت چی بکات، جگە لە لاواندنەوەی، هەر چۆنێک بێت ئەو منداڵە لە باوەشی دایکی بە گریانەوە خەوت، خۆ ئەگەر نەخەوتبا، ئەوە زۆر کێشە دەبوو بۆمان، ئەو پیاوەش بە بەردەوامی بۆڵەی بەسەریاندا دەکرد. شەپۆلەکانی دەریاش هەروا دێن خێراتر دەبن، هەروا هەڵبەزین و دابەزین دەکەن. من بیر لە زریان دەکەمەوە ڕووبدات، چ کارەساتێک دەبێت، کەس نازانێت ئەو دەریایە وەک دڕندەیەک بەرەو کوێ دەمانبات... ئەوە دەریای ئازار و بەدبەختییە تاریکە وێستگەی کۆتایی نییە، هەندێک جار هێمن دەبوو، هەندێک جاریش شێت دەبوو بە شەپۆلەکانی، دەنگە ئاڵۆزەکانی دەریا زۆر سەیرە لێی تێناگەم.

چ ئازارێکە ئەو خەڵکە لەو شوێنە دوورەوە هاتوون دەیانەوێت ئازاری خۆشی بچێژن، سەیری هەیبەتی بەدبەختی بکەن.. کاتێک سەیری شەپۆلەکانم دەکرد، دەریا وا خەریکە دەمانبات بۆ ئەوسەری دنیای بەدبەختی، ئێمە هیچمان نەدەبینی، دەریاش بەو دەنگە ئاڵۆزانە هیچی نەدەکرد جگە لەوەی بەرەو چارەنووسێکی نادیاری دەبردین.. وا خەریکە ڕۆژ دەبێتەوە تیشکە بەهێزەکانی خۆر چاوەکانیانی ئازار دەدا، چاوێک لە ناو ترس دڵەڕاوکێی دەریا هیچ نەخەوتووە. لە ناو زریان و شەپۆلەکانی دەریا. لەو لاوەش ئاسمان دەبوو بە ئاوێنەیەکی سپی، خۆیان لەوێدا دەبینییەوە. چارەی تریان نییە.. ئەو دەریا بێ بەزەیی و تووڕەیە خنکاندنی مرۆڤی لێ بووەتە خووی چەندان ساڵی هیچ تێر نەبووە، هیچ ناوەستێت ...لە کاتێکدا خەریکە بە هێمنی لەو دەریا بێ ڕەحمەدا دەخنکێین، کەسیش نازانێت ئەوە چارەنووسی چەندان کەسی تریشە ، بەدبەختی کوا؟ ئازار کوا؟

دەریا چ باکی بەوەیە ، کوانێ ئەو دەریا قووڵ و بێ بنە ڕەحمی هەیە.

کێ دەزانێت لەو خاکە چ دەریایەکی تر بە فرمێسک دەبارێت .

ئەوان چارەی تریان لەکوێ بوو، جگە لەوەی بۆ ئەو چارەنووسە نادیارە بڕۆن کە ناچارن ... هەڵیانبژاردووە..



# سلۆیێ کوڕێ سەلیمی

عەبدولڕەحمان بامەڕنی
(دهۆک)

سالێن نوتان ژ چەرخێ بۆری، چاڤێن هەمیان ل دەستێ نیاسێن وان بوون ئەڤێن ل دەرڤەی وەلاتی، بتنێ سەلیمێ ئیسێ نەبیت! چەند یەکی گوتبایێ، کوڕێ من، برایێ من یان کوڕخالەتێ من وەرەقەک یان دوو وەرەقێن دولاری یێن بۆ من ڤرێکرین، بێ حەمدی خوە دا تف کەتە سلۆیێ کوڕێ خوە!

جارەکێ ژ دەڤێ من دەرکەت و من پرسیارا سلۆی ژێکر؟ لێ هێشتا پرسیارا من ب تەمامی ژ دەڤێ من دەرنەکەفتی، ئەو سەلیمێ ژ خەبەر و گوتنێن کەشەفرێت کوفر، دڤیا ژ دینێ خوە دەرکەڤیت و گوتی: (خوزی ئەو کوڕێ کەری، هەر سلۆیێ بەرێ بابە و نەکو سلێمانێ نوکە). نە بتنێ من، هندی کەسەکی سلێمانێ ئیسێ ناسدکر، مرۆڤەکێ جوامێر بوو و ئاخفتنا کرێت ژ دەڤێ ڤی خوشمرۆڤی دەرنەکەفتییە، لێ پشتی سلۆیێ کوڕێ خوە ڤرێکریە دەرڤەی وەلاتی، ئەڤ سلێمانە ژڤی دەستی یێ چوویە دەستێ دی.

سلێمانی گوت: هندی سلۆیێ کوڕێ من ل ڤێرێ، سەرێ خوە بۆ سوجدێ نەبریە و نەدزانی بەرێ کەعبێ دکەڤیتە کێرێ و پشتی چوویە دەرڤەی وەلاتی، وێ رۆژێ یێ تەلەفونێ دکەت و دبێژیت، بابۆ ئەز دێ هێمەڤە، لڤێرە وەلاتێ کافرانە و چ مزگەفت لێ نینن نڤێژێن خوە لێبکەین و ئەڤە د دەمەکیدایە، من خانیێ خوە یێ بۆ فروتی و نوکە ئەم یێ د کرێیاندا و هێشتا دولارەکا بتنێ ژی بەرێڤەی (برەهیم خەلیلا) نەکریە و کوڕێن عالەمێ، یێ مرۆڤێن خوە یێن دویر ژی ب

خودان دکەن.


ئێ بابێ من، ئەگەر تو یێ نڤێژان بایە، لڤێرە مزگەفت یا دبێژیتە مزگەفتێ جهێ من بکە و دەنگێ مەلا تێکەلی ئێک دبیت و ڤێ مەسرەفێ و خولیسەریێ، من تو نەڤرێکریە دەرڤەی ولاتی دا بچی نڤێژا بکەی، من تویێ ڤرێکری، دا بچیە سەر لێڤێن بەحرا و دگەل کەزی زەر و چاڤ شینان سەمایێ بکەی. کورێ من، من تویێ ڤرێکری، تو مە ب خودان بکەی و دولاران ڤرێبکەی، نە بگەهیە ئەفغانیەکی/ سودانیەکی و تە د ناڤخوە را بەرزە بکەن.

دەستپێکا سالێن دوو هزارێ بوو و سلۆیێ کورێ سەلیمی ل جادە و کۆلانێن دهۆکێ، ژ عەرەبانەکا فرۆتنا باقلکان دەستپێکر. جهەک بۆ خوە کرێکر و چەند کورسی ل نزیک عەرەبانا خوە دانان و گەنجان، ئێڤارییان ژڤانێن خوە لێ ددانان، دەستپێکێ مێزەک و دوو کورسی بوون و پاشی بوونە دوو مێزە و دووماهی جار من عەرەبانا وی ل وێرێ دیتی، ل بەر وان کورسییان کوڕ ژی هەبوون و کچ ژی د روونشتی بوون و من ب چاڤێن خوە ژی دیت، کچەکێ ژ وان نارگیلە ژی دکێشا.

سال گەهشتبوو دوو هزار و دەهێ و بەرگیزێن وییێن مەرەزی و دوو دەرسووکان، نەشییان سەلیمێ ئیسێ ل بەر چاڤێن من بکەنە کەسەکێ دی و ل نێزیکترین چایخانە، مە گازی دوو چایان کر و گوتە چایچی: (مامکۆ، دڤێت چایا من یا رەش و کێم شەکر بیت). ژ من پرسیار و ژ وی پرسیار، ئەم گەهشتینە سەر سوحبەتا سلۆی و ئایا هێشتا سلۆیە یان بوویە سلێمان؟ سەلیمی گوت: ئەز دڤی کوڕی ناگەهم، بەری بچیتە دەرڤەی وەلاتی سلۆ بوو و چ کارەکێ نەباش یێ وی بوو، ژ دەرڤەی وەلاتی زڤڕی و ژ سلۆی بۆ سلێمان، نە بتنێ نڤێژ و تاعەت، هەر شولێ باش با، بارا وی بوو و سەرێ من ب رەفتارێ وی بلند بوو و پاشی کافییەک ڤەکر و ئەز ل تە ناڤەشێرم، خودێ روویێ خوە ل بەر ڤەکر و ب وێ کافیێ، پارەکێ مەزن کەفتە بەردەستان و رۆژەکێ من ب هەردوو چاڤێن خوە دیت کچ و ژن ژی لێ دروونشتینە و سەرکۆل، تیقە لیقا وان، نارگیلێن وان و ئێدی من بەرێخوەنەدا وی و کارێ وی و هەر کەسێ پرسیارا وی ژ من کربایە، من دگوتێ بەحسا سلۆی لدەف من نەکەن و دەما بێهنا من ژ رەفتارێن وی تەنگ بووی، ئەز چوومە جهێ کارێ وی و من گوتێ سلۆ، ئەڤە دگەل تە ناچیتە سەری، جار تو یێ ل رێزا ئێکێ ل مزگەفتێ و پێ تە یێ ب پێن مەلاییڤە، جار ژی تو یێ کافییان برێڤەدبەی و هەڤالێن من دبێژنە من، سلۆیێ کورێ تە یێ ل بەر بارێ و کچ و ژن لێ دچنە ژڤانان و نارگیلە ژخوە ب سەرێ خوە!

هێشتا سەلیمێ ئیسێ یێ بەحسا کورێ خوە دکەت، کا سلۆیە یان سلێمان، چایچیێ گەنج دوو چا ل سەر مێزا ل بەر سینگا مە دانان و گوتە سەلیمی: (مام، ئەڤە چایا تە یا رەش و کێم شەکر، هەر وەکو تە داخوازکری).

سەلیمێ ئیسێ د بەر سوپاسیێ را گوت: مامکۆ لڤی زەمانی گەلەکا ب ساناهییە، تە دڤێت دێ بیە سلۆ و تە دڤێت ژی دێ بییە سلێمان! هەر چەندە من زانی وی چ گوت، لێ چایچیێ گەنج بێی بزانیت سلۆ و سلێمان کورێ وییە، گوتێ: مام دوو فڕەکا ل چایا خوە بدە و ئەگەر تاما وێ هەر سلۆ بیت، دێ بۆ تە ب چایەکا سلێمان گوهۆڕم.



# ئەوبەری دیوار

**مەحموودی ئیعتیمادزادە**
**لە فارسییەوە: ناسر وەحیدی**
**(بۆکان)**

**لەپاش فەرسەقها و فەرسەقها ڕێ لە باران و بەفر و خۆرەتاو، کێو و دەشت و بیابان، لەپاش ئەو هەمووە چالاکی و پێداگری و شەڕ و خۆپاڵاوتنێک کە بووم، گەیاندمییە بن دیواری سەر بەحەوێقی ئاسمان گەیشتووی گیان. دیوارێک نە لە بەرد و قوڕ، یەکپارچە داڕێژراو لە بلوور، بێ کەل و کون و درز. نە درکەیەک، نە دەربیجەیەک، نە کونێک کە سەرێک لێی بێتە دەرێ، بۆ پرسیارێک، یا نیگایەک.**

**هەوا ڕۆشن بوو و ساو، بەبێ هەتاو، نە گەرما، نە سەرما، خامۆشی، لەوسەر تا ئەو سەر. تەنیایی، بێ تاسە و بێ ترس، وەبا کە هەڵی کردبوو نەرم، بەبێ کەمترین پچەپچ، لە مندا خورووی قسەکردن بوو، بەڵام لێوم لە لێوم نەدەترازا. هەر چاو بووم، چاوم هەموو پێستی لەشم بوو کە لە دیتن تێر نەدەبوو. بینراوی نابینراو هیچکاتێک، لە تروسکانەوە و بەرزی و بەربڵاوییەک کە ئەو دیوارە بووی، ڕەنگاوڕەنگ، لەدڵمدا سروود بوو، شاد بووم، بەبێ ئەوەی بزانم لەبەر چی.**

**درێژایی دیواری بێ سێبەرم گرتەبەر، دیوارەکەش وەک بڵێی بە دەم هەوای هەڵسوکەوتی من دەگەڵ من دەهات، بەبێ هیچ جووڵەیەک. بەری دەستی ڕاستەم، هەر ئەو لا دیوارە بوو، بە بێ درز و قەڵەشتێک. بەری دەستەچەپم، هەر ئەو بیابانە گەرمە بێ هاوارە کە گوزەرم لەوێوە بوو. کاڵەی ئاسن بەلاقم قورس بوو، لێرە و دیسان چەند هەنگاوێک دوورتر، بەجێم هێشت. گۆچانی**

ئاسنیشم فڕێ دا. باروبنە و تۆشەی ناو ڕێشم، چ پێویستی بەو هەمووە هەبوو؟...ها! من و شەڕی بێ نیازی؟ بەو لەشە خۆڵینەوە کە نە تاقەتی برسیەتی هەیە، نە ڕووتی؟...ئۆهـ، چووزانم، بڕۆین.

خۆڵی ژێر پێم نەرم بوو، بە نەرمی پەنجەی منداڵێکی لاوێنەر کە پارەی جەرگی تۆیە و تۆ هەموو شەوێ حەکایەتی پەریانی بە گوێدا دەخوێنی کە لە ڕواڵەتی کۆتری سپی هاتوونە دەرێ و لە کانیاوێکدا مەلە دەکەن.

ڕۆیشتم و ڕۆیشتم، وەک بڵێی بە هەڵفڕین، نە پێی ڕەفتارم ماندووبوونی دەناسی و نەدیوارەکە تەواوبوونی هەبوو.

لەنەکاو ژان و برکێکم پێداهات، ئێشێکی بەتەوژم، برستی لێبڕیم. ئارەق لە حەوت ئەنداممەوە شۆلاوگەی بەست، ناتوانم تاقەتی بێنم، دانیشتم. درەنگ دەستی لێ هەڵگرتم، چەندە فرمێسکی دەگەڵ ئێشەکە چزاندە چاوەکانم. لەدوای ئەوە، خۆتان تاقیتان کردووەتەوە، سووک بوون و حەجمینی درەنگ باوەڕ...

جارێکی دی وەڕێ کەوتم. کەمێک کە دوور کەوتمەوە، بزۆزی لە ناخمدا سەری هەڵدا، گەڕامەوە هەتا چاوێک لەوانە بکەم کە فڕێم داون. سەیرە! کۆگایەک دیاری دەدا، لەسەر ئەو کۆگایە، ماڵەکەم و شارەکەم و شوێنی هەموو ئاوارەییم لە جیهاندا، زانکۆکانم و زیندانەکانم. دەستە دەستە خەڵکی چکۆلە، داری چکۆلە، ژینەوەری چکۆلە، هەموو لەبەرچاوم ناسیاو، من خۆشم هەر لەو نێوانەدا. وە پەنا بەر خودا! بۆگەنێکی ترشاوی ناخۆش کە کەپۆمی زۆر ئازار دا.. بەهەڵاتن دوور کەوتمەوە. ئێستا هەروا خامۆشی و تەنیایی بوو،- هەوا پاک و کزەبا بە نەرمی دەهات، بەبێ چپەچپ، دڵم هێور بووەوە و لە شادییەکی بێ ڕەنگ نوقم بوو، پڕ لە ڕووناکی.

بەڵام چیم دەدیت؟ بەری لای دەستەچەپم لە دوورەوە، چاوگەلی ئاورپژێنی گورگێکی ڕەش لەسەر من قەتیس بووبوو، لمبۆزی هێنابووە پێشێ و گوێیەکانی قیت وێستا و پێستێکی ڕەش و سوور، شەویلکەکانی لە ددانی ڕیز کراوەی داماڵی بوو، تیژ و بڕەک ئامادەی هەڵدڕین و جاوین. ترسام و جێی ترسیش بوو. بە هەڵە هەڵ چاوم لە هەموو لایەک کرد هەتا دارەدەستێک بدۆزمەوە، حەشارگەیەک ببینمەوە، یان ڕەنگە کەسێک بانگ بکەم بۆ یارمەتی. هیچ کەس نەبوو، نە جووڵەیەک و نە دەنگێک. عەرز لە قەراغ بیابان وەک بەری دەست ساف بوو، بەبێ هیچ دار و گیایەک. چی بکەم؟ دەترسم، ترس خۆی شێتۆکەیەکی ترە- بەدفەڕترین دوژمن، سەری لە ناخمەوە دەرهێناوە. وێستاوم، بەهەموو بارستایی سپییەکانم نەفەسم کێشا، جارێک و دوو جار و سێ جار. یادی خودام کرد، بەدڵ پاک، وەکوو تۆقیوێکی بێ پەنا کە مەرگ بەچاوی خۆی دەبینێ. دەگەڵ ئەوەی دڵەکوتەم بوو، ڕاست چاوم لە چاوەکانی گورگەکە بڕی و هەرام کرد کە بەشی تۆ ئێستا لەو حاندەیە، بڕۆ! ڕابوردووی فڕێدراوم پێ نیشاندا. بەسەرسووڕمانەوە دیتم کە بە قسەی کردم، گوێیەکانی بەرداوە و بۆ ئەو لایە هەڵات، منیش ئاسوودە لەلایەکی ترەوە ڕێی خۆم گرتەبەر.

نیوەڕۆژێک ڕۆیشتم، کەم و زۆر لە نیگەرانی و پارێز لەوەی دەکرا دیسان پێش بێت. لەپڕ، نەمدەتوانی باوەڕ بکەم، دارێکم لە دوورەوە دیت، ئەستوور، بە لقوپۆپ و گەڵای زۆر سەوز

و چڕ، چوومە پێشێ و چوومە پێشتر، هەروا چاوم تێبڕیبوو، شەیدای ئەو هەموو سەرسەوزی و چڕی و جوانییە. دیتم کە ئاوێکی ڕوون و خاوێن بەژێریدا دەڕۆیشت، چەند پەری تێیدا سەر و گیانیان دەشووشت و لە یاری و پێکەنین نەدەوەستان، - هەموو گەنج و جوان، تەڕ و ناسک، پەردەی پرچە درێژەکانیان ڕەشواش کەوتبووە سەر لەشی سپی و لووسیان، ڕاست هەر بەو شێوەیەی کە لە حەکایەتەکاندا دەیان گوت و من خۆم بارەها بۆ منداڵە خەواڵووەکانم گێڕاوەتەوە.

چاوم قووچاند و سەرم بەرداوەتەوە، بەڵام لاقەکانم بێ ئیختیار من بۆ لای ئەوان ڕادەکێشن. من ئێستا شڵپە شڵپی ئاو و قاقای پێکەنینیانم دەبیست. چاوبرسیانە، دەمدیت و نەدەپرینگانەوە! ئیتر گەیشتمە حەفتاو دوو هەنگاویان کە یەکیان منی بەناوبانگ کرد. داچڵەکیم، دڵم لەسینگمدا کەوتە کوتە کوت. دەنگی خێزانم بوو، خێزانم کە چوار ساڵ و چەند مانگێک لەوەپێش لەو جیا بووبوومەوە و چۆڵبڕییەکی دووردرێژم دەست پێکردبوو. وای کە ئەو ڕۆژە بەیانی چەندە پەرێشان بوو و چەندە ئامادەی گریان، بەڵام لەبیرمە کە هەتا من لەوێ بووم فرمێسکێکی نەڕشت. هەمیشە، لە جیابوونەوەکانی خۆنەویستدا کە پێش دەهات، هیچ کاتێک ئەو فرمێسکی نەدەڕشت، هەڵپە و شێواوی لە نیگایدا بوو کە وەک ئاور بڵێسەی دەسەند.

خێزانم!... چاوم هەڵێنا، هەر خۆی بوو، لە نێو دەستەی پەریان، پشکوتوو و ئارەزوو بزوێن هەر وەک تافی لاوی. دەست و پێ ئیفلیج، خۆم بە ئاوەکە دادا. دەڕۆیشتم هەتا لە باوەشی بگرم و لەبەر پێیدا بمرم و ئەو هەمووە ئازاری دوورییە، دڵەڕاوکێی تاقیکردنەوەکانی لەناکاو، لەئەو و لەخۆم هاسان کەمەوە. هەروا کە لە پەلەکردنی خۆم، بەخلیسکان و بە مل پێوەنان، دەچوومە پێشێ، پەرییەکانم دەبینی کە یەکە یەکە چەشنی بڵقی چکۆلەی کەفی سابوون بەوەوە دەنووسان و لەودا گوم دەبوون. ئەو خۆی هەر چرکەیەک زیاتر دەپشکووت و دڵخوازتر دەبوو، نیلووفەرێک لە ئاودا.

ئێستا ئەو بوو، تەنیا، لە چەند هەنگاوی من، سەیرە! بەهەر هەنگاوێک کە دەچوومە پێشتر و دەستم بۆ دەبرد، لە من دەکشاوە و دوورتر لە ئاوەکەدا دەوێستا، دیسان سەیرتر ئەوەی کە ڕوو و قژ و چاو و کوڵمە و لێو و دەمیشی بەردەوام دەگۆڕدران، ڕواڵەتی میهرەباننامی نیوە ڕەنگێکی سەوزی بەخۆیەوە دەگرت، هەتا ئەو جێیەی کە ئیتر ڕەش دیاری دەدا، وەک خودی من، لە هێڵەکانی دەم و چاویشیدا شتێک لە من دەردەکەوت. کاتێک دواجار گرتم، بەهێوری و کەمێک بەگاڵتەجاڕی گوتی:

- باشتر تەماشا بکە، من ئەو نیم کە پێتوایە، من تۆم، خودی تۆ!

واتزانی کە لە خەو هەستام. ئەوم دیت کە بەڕاستی من بوو، منێک لە ئاوێنەدا، بەزوویی ئیتر لە ئاوێنەشدا نەبوو. من بووم و ئەو لە مندا، پێکەوە نووسابووین و بووبووینە یەک، عەجەب حاڵێک و عەجەب دیدارێک! من لە نێو دەروونی خۆمدا قسەیم دەبیست و ڕێنموونی دەکردم:

دەگەڵ ئەو ئاوە بڕۆ.

ها، دەڕۆم.

لەسەر بەردە زبرەکانی بن ئاوەکە لاقم بە پەرێزەوە دادەنا و جاری وابوو بەم لا و ئەولادا

خوار دەبوومەوە. لەناکاو ئاوەکە بە تەوژم بوو و چەند جار منی بەسەرەوە گلاند. هەستام و جێ پێم قایم کرد. ئێستا ئاو، هێور، بەڵام بەهێز من دەبات و دواجار بەرلەوەی بێمەوە سەرخۆم و بزانم چلۆن، لە قەڵشتێکی کە لەژێر دیواری بلووری سەری دەرکەوتبوو، منی بردە ژوورەوە. ئای! چیم دەدیت! باغی تووشیرین، وەک بڵێی ئەوسەر تا ئەوسەر، لە هەر لایەکەوە بەرین بوو، بە دارگەلێکی چرووپڕ لق لەناو لق وەک ئاسکە شەڕانییەکان، دەگەڵ هەموو ئەوانە، کەشێکی ڕووناک، چ سەرسەوزییەک و چ حەسانەوەیەک!

- چاو لێ بکە.
- ئەمە ئەو بوو کە لەمندا دەیگوت..

لەسەر لقوپۆپی دارەتووەکان، لە جێ جێ، کرمی هاورێشمم دیت، زلە و قەڵەو، کە بەردەوام بە چەپ و بە ڕاست و بەسەر و خواردا سەریان خوار دەکردەوە و هەودایەکی ناسکییان بەدەوری خۆیاندا دەچنی- یەکێک لە دەسپێکی کار، ئەویتر کەمێک لەپێشتر، سێیەمی و چوارەمی قۆزاخەیەکی هەتا نیوە لەسەرخۆی چنیبوو، هەروەها هەر یەک لە جێی خۆیدا و لە حەولی کاری خۆی، بەبێ لەبەرچاو گرتنی هەر کەس و هەر شتێک، گوتم و نابەجێ گوتم:

- کارێکی بێ کەڵکە، دیتن و دەرباز بوون.
- ئیتر تاقەتم نەبوو، پام توند کرد. خێزانم- چووزانم، هەمزادم- لەناخمەوە هەرای کرد:

باشتر تەماشا بکە!

هاتمەوە سەر خۆم. کرمەکانم دیت، کە پێچرابوونەوە بە تاڵی باریک و ڕۆشنی هاورێشم، کە خۆم بوون- هەر کامیان وێنەیەکی دەم و چاوی من بوو لەم، یان ئەو قۆناغ لە ژیانم. ئەوە منم، منداڵێکی بزۆزی قوتابی سەرەتایی، کە لە حەسارێ دەستی لە سەرشانی یەکێک بە سێ چوار ساڵ لەخۆی گەورەتر داناوە، هەڵدەبەزمەوە و کڵاوی ماهووت و مقەبای ڕەشەی بەچەپۆکێکی قورس هەتا خوار چاوەکانی دادەکێشم، لەوێ منم کە بەسەر کاریتەی ڕایەڵ کراوی سەر داربەست لەسەر زگ ڕاکشاوم، بەدەستێک باوەشم بەکاریتییەکەدا کردووە و بە دەستێکی تر حەول دەدەم دوو جەمسەری تەنافێکی ئەستوور و قورسی جوڵانێ بهاوێمە نێو قولاپەکانەوە و هەر چرکەیە لە مەترسی ئەوەدام کەلە پێش چاوانی نیگەرانی نازمی قوتابخانەی دواناوەندی و پشوو ڕاگرتنی هاوپۆلەکان لە سییەکانیاندا لە بەرزایی شەش حەوت میتر و زیاتر بەسەر عەرزی حەسارێدا بفلیقێمەوە. دیسان منم کە لە زانکۆی ئەندازیاری دەریایی لەسەر وەرەقەی تاقیکردنەوەی میکانیک دەنووسم: «ئەم بابەتەم نەخوێندووە، ئامادەیی وڵام دانەوەم نییە.» سێ حەوتوو پاش ئەوە، مامۆستا وەرەقەی نەنووسراوی منی لە کلاسی دەرس بە خوێندکارەکانی زانکۆ نیشان دەدا دەڵێ:» کاری ئەم لاوە، ئەگەر ئەوەی دەبوو بزانێ نییە، لانی کەم قسە لەڕووە!» دیسان و دیسان، لە هەموو شوێنێک منم، لە خەتاکان و نەترسییەکان و تاوانەکانی زۆرم کە من وەبیر خۆ هاویشتەی بیابان دەخاتەوە، ئەو گورگە ڕەشە کەڵپەتیژە ...لە دوورەوەش، شتێک کە ڕەنگە شیاوی بەرەقەڵڵایەکی کەمڕەنگ بێ. لە هەموو جێیەک، لە هەموو لایەکەوە، کرمەکان کە هەودا دەچنن و حەساری قۆزاخە بەدەوری خۆیاندا دەچنن هەتا لەودا زیندانی بکرێن، تا منی تێدا زیندانی بکەن. خاکی تووتستان دەڵێی ئاوکە کە منی بۆ ئەوێ ڕادابوو دەیکێشام بۆ لای خۆی. ئێستا ئێمە- من

و ئەو، هەمزادەکەم، یان خێزانم، لە مندا- لەژێر دارەکان لەسەر چیمەنێکی نەرم و گەشاوە دەڕۆیشتین. تووتستان کۆتایی دەهات. کرمێکی لاواز و کزەڵۆکەم لەسەر لقێکی نیوەڕووت دیت کە قۆزاخەی خۆی- لەسەر من- کردە زیندان و خەوی لێکەوتبوو. لە مابەینی هەوداکانی لێک چندراوی هاوریشم، خۆم هەروەها کە ئەوڕۆکە هەم لەودا ناسییەوە. دڵم بەو- بۆ خۆم- سووتا. چ بێدەسەڵات دیاری دەدا و چ تەنیا! ویشکهەڵاتوو و چرچ، پیر...

جووڵەیەکی کزی لێ پەیدا بوو. لمبۆزی، سووک وەک بڵێی دوودڵ، لە گۆپکەی سەر قۆزاخەکە گیر دەکرد و لەتێکی چووکەی لێ دەکردەوە. دەوێستا و دیسان لێی دەکردەوە، ماندوو و وەگیان هاتوو. ئاوەها، وای! هەتا کەی کونی بکات و لە پەیکەرەی پەپوولەیەکی لاو و چالاک و جووتخواز هەڵفڕێ، ئەوجار دەزانێ کە داوی بەهێزی مەرگە کە لەخەوی ڕاپەڕاندووە هەڵی دەکێشێ؟ ئێستا گەیشتبوونە بێستانێک سەراسەر سەوزە و هەمەجۆرە گوڵ و گیا و داری بەری. لەهەر لایەکەوە جۆگەی ئاو دەهات، خاوێن و ڕوون، لەسەر لقەکان باڵندە چەهچەهیان لێ دەدا، خۆشڕەنگ و دەنگخۆش. حەوزی لێ بوو و کوشک گەلێک. لە هەموو جێیەک، دەستە دەستە پیاوان و ژنانی پاکیزە ڕوخسار، بە جلکی ڕازاوە، لە سەیران بە سووکی وتووێژیان دەکرد و نەرم پێدەکەنین. هەر کاتێک دڵیان بیخوازیبایە، دەستیان درێژ دەکرد و میوەیەکیان لە لقێک دەکردەوە و دەیان برد بۆ دەمیان، شیرین و ئاودار، بۆنخۆش. لەواندا ڕازی بوون بوو و بەختەوەری، پڕاوپڕی پیاڵەی لەزەت!

هیچ سەرنجی ئێمەیان نەدەدا،- بە من و خێزانم کە ئێستا پێ بەپێی من دەهات و بوونی لە تەنیشت من سەرسووڕمانێکی بەدی نەدەهێنا: ئاوا بوو و ئاواش دەبوو ببێ! جاری وا بووکە، لەنێو داری پڕ بەردا، لەقەراغ جۆگە، یان کەنار حەوزێک بە فەوارەی بڵێندی بریقەدار، بە کەسێک، یا دەستەیەک دەگەیشتم، جەزبەکی بێ هۆ وای لێدەکردم کە سەردانەوێنم و سڵاو بکەم. ڕاستی بڵێم، گەرمی سەلامێکیش کە لەوانم چاوەڕوان دەکرد. بەڵام بێهوودە...خۆیان لە نەدیتن دەدا و نەبیستن، یان بە بەهانەیەک ڕوویان وەردەگێڕا. هێندێکی تر نێوچاوانیان تێک دەنا و بە نیگایەکی لێپرسینەوە لە یەکتر، لێویان هەڵدەقرچاند و لووتیان بادەدا:» ئەوانە کێن؟ لێرە چ دەکەن؟»

خەمێک دەکەوتە سەر دڵم، لەم بێگانە بوونە.

خێزانم بەسووکی بۆ بەرهەڵستی دەیپرسێ:

- باغێک بەم گەورەییە! مەگین جێ بەوان لێژ دەکەین؟

ئەو دەستەی، کە خستبوویە بن پیلم، لەخاڵیگەی کوتام گوتم:

- لێی مەکۆڵەوە. بڕۆین «بۆ خودای جیهان جێگە تەنگ نییە.»

ئێستا لە دوورەوە یەکێک دەهات، بەهەڵەداوان و چەپڵە لێدان. داوێنی کەواشۆڕەکەی لە پای دەپێچرا. سەرەنگرێی دەدا، بەڵام نەدەکەوت. ڕووی لە ئێمە بوو. شتێکی دەگوت و بەرز پێدەکەنی، چەشنی مێرمنداڵان کە شتێکیان بۆ گوتن هەیە و سەبریان نییە. وا هات بە دڵمدا کە بێهلوولە، برای گەورەم، بلیمەتی شێتۆکەی زەمانی هاڕوونەلڕەشید. بە ڕوویەکی کراوە لە سڵاوکردندا پێش دەستی کرد. بە هانکە هانک گوتی:

- دەزانی چی دەڵێن؟ ها، ها، ها! دەڵێن

پاشماوەی بۆگەنی گوناهـ لە ئێوەوە دێت،- بەپێکەنین بە قاقاکێشان، قامکی لە سینگم دا و درێژەی دا: تۆ، ها، ها...من کە بۆنێکم بۆ نایەت...بەڕاستی، تازە هاتوون، لە کام دەرکەوە؟

- لەگیچ دەرکەیەکەوە. هەموو هەر دیوار بوو، سەری لە حەوێقی ئاسمان دابوو، بێ کون و کەلێن.

چاوی لە من کرد و سەری خوراند. مژۆڵەکانی چیندا، زار نیوە ئاواڵە، بە پێکەنینێکی گوماناوییەوە پرسی:

- باشە، فڵانیانە، ئەی لە کوێوە هاتوون؟

ئیتر خۆم دەدۆڕاند. ( میوانی نەخوازراوین... دەرمان دەکەن...چ ئابڕوو چوونێک!)

-لەوێ، لە ژێر دیوارەکە، کونێکی گەورە بوو. ئاو ئێمەی هێنا ژووری و خۆی کشاوە دواوە، یا چوو دەعەرزییەوە، نازانم.

چاوێکی داگرت و بەبەزەییەوە، وەک دۆستی چەن و چەندین ساڵە، گوتی:

- ئاو ڕەحمەتە، کانی ڕەحمەت...هەمیشەش لە دەرەوەیە کە هەڵدەقوڵێ. بۆ لێقەوماوان و گەڕاوەکان. یەختەزو برحمەتی مین یەشا.

هاتە پێشێ کە شانم ماچ بکات، بەڵام من زووتر لەبەر پێی کەوتم و قاچم ماچ کرد. گوتی:

- بڕۆ و قومێک، یان نمێکی لێ بخۆمەوە. هەمیشە دەست نادات. خۆی ئامادە کرد بۆ هەڵاتن. قۆڵیم گرت پرسیم:

- چی لەوانە بکەم؟ جوابی سڵاوەکەم نادەنەوە- وەک بڵێی منداڵێک بووم کە لە بێ ڕەحمی هاوتەمەنانی لەلای باوکی دەست بە گلەیی دەکا.

- وێڵیان بکە، هەر ئەوەن و هەر خەریکی ئەو کارەن کە دەیبینی. خواردن و خەوتن و خەوتن و هەستان...زیاتر بەوەی نەیان کردووە دەنازن. لەم باغ و سەیرانەش دوور ناکەونەوە، بەڵام تۆ بڕۆ، بڕۆ. ڕێگا دوورە، کۆتایی نییە. دەیبینی...زۆر زۆر دەیبینی، ئەوەی کەم چاوێک دیتوویە.

بەهەڵەداوان، با کەوتبووە کەواشۆڕەکەی، بە هووکێشان بەرەو ئەو لایەی کە ئێمە لەوێوە هاتبووین ڕۆیشت.

ئێمەش بەدڵێکی حەساوە کەوتینە ڕێ، وەها بوو کە خۆمان دەنێو ئەو حەشیمەتە زۆرەدا کە دەڕۆیشتن گوم بووین. ڕۆیشتین و ڕۆیشتین و دیسانیش ڕۆیشتین. بینراوەکان، دۆزراوەکان، ڕۆناکایی لە دڵکەوتووەکان، ناگوترێن، هەر ئەوەندە دەزانم گەیشتینە جێیەک کە کەشەکەی هەموو تۆزی نوور بوو. ڕۆژی ئەبەدی، بەبێ خۆ نواندنی هەتاو، بەبێ هیچ هەسارە و مانگێک. لە هیچ لایەکەوە هیچ شتێک نەبوو. هەستی بوو کە لەشی نەبوو. هەموو زانست و فێربوون، حزوورێکی بە بەزەیی، تەژی لە گەورەیی. لە هێمنایەتی بێسنوور، هەرچی لە خۆشترین ڕەنگ و بۆن و نەرمی و تام و دەنگ کە بیهێنییە بەرچاو، هاوتەریب، لە هەوادا شەپۆلی دەدا. لەزەت لەسەر لەزەت بوو، بەبێ زەحمەتی ئەندام...

* مەحموودی ئیعتیمادزادە (م. ئەلف. بەازین) چالاکی ئەدەبی خۆی لە ساڵی ١٣٢٠ هەتاوی دەست پێکرد، لە کاتێکدا کە بەهۆی برینێک کە لە شەڕی دووەمی جیهانی وێی دەکەوێ دەستێکی لە کیس دەچێ، بە چاپ و بڵاوکردنەوەی کورتەچیرۆک دەست پێ دەکات.

مەحموود ئیعتیمادزادە نووسەر، وەرگێڕ و چالاکی سیاسی سەردەم بوو، ئەو بە نازناوی (باوکی وەرگێڕانی ئێرانی) ناوبانگی دەرکردووە. لە ڕۆژی ۲۳ مانگی ڕەشەمەی ۱۲۹۳ هەتاوی لە شاری ڕەست لە دایک بووە. خوێندنی سێ ساڵی سەرەتایی لە ڕەشت و سێ ساڵی دوایی لە مەشهەد و سێ ساڵی کۆتایی لە تاران دەخوێنێ. ساڵی ۱۳۱۱ دەگەڵ پۆلێک خویندکار بۆ خوێندن دەنێردرێتە فەڕانسە دەرسی زمانی فەڕانسەیی و ئەندازیاری دەریایی و ئەندازیاری بەنای دەریایی دەخوێنێ. ساڵی ۱۳۱۷ دەگەڕێتەوە ئێران و لە هێزی دەریایی دەسبەکار دەبێ. سەرەتا دوو ساڵ بە پلەی سەروانی دەچێتە خورەمشار و دوایی بە ناوی بەرپرسی ڕێکخەری کاروبار دەنێردرێتە بەندەر ئەنزەلی لە باکووری ئێران، هەر لەوێ بەهۆی بۆمبارانی ڕووسەکان برینداد دەبێ و دەستی چەپی دەبڕنەوە. لە ساڵی ۱۳۲۳ دەست لە کاری سەربازی هەڵدەگرێ و خۆی دەگوێزێتەوە بۆ وەزارەتی فەرهەنگ، سەرقاڵی وانەگوتنەوەی زمانی فەڕانسەیی، حسێب لە قوتابخانەکانی دواناوەندی و کار لە کتێبخانەی نەتەوەیی و پەیوەست بوون بە حیزبی مارکسی توودە دەبێ. لەپاش کودەتای ۱۳۳۲ لە خزمەت کردن ڕادەگیرێ و خەریکی کاری وەرگێڕان دەبێ. ساڵی ۱۳٤۷ یەکێک دەبێ لە بنیاتنەرانی یەکێتیی نووسەرانی ئێران. ساڵی ۱۳٤۹ لە بەرهەڵستییەک بۆ دەسبەسەرکردنی نووسەر و شاعیر فەرەیدوون تەنکابنی بۆ چوار مانگ دەکەوێتە زیندانی قەسر و قزڵقەڵا. ساڵی ۱۳٥٦ بە هۆی بەشداری کردن لە شەوەشیعرەکانی ئەنستیتۆی «گوتە» و وتار خوێندنەوە لەوێ، ڕۆژی ۳ی سەرماوەز دەگەڵ کوڕەکەی کاوە، بۆ ماوەی ۱۳ ڕۆژ دەگیرێ. ۲٦ی ڕەزبەری ۱۳٥۷ ڕاگەیاندنی حیزبی یەکێتیی دیموکراتیکی خەڵکی ئێران ڕادەگەیەنێ. سەرەتای مانگی خەرمانانی ئەو ساڵە دەگیرێ و هەتا ۲۳ی بەفرانباری ئەو ساڵە لە زیندان دەبێ. لە پاییزی ساڵی ۱۳٥۸ دەبێتە سەرنووسەری گۆڤارەکانی سەدەف، پەیامی نوێ، کتێبی حەوتوو، سوێند، پەیامی نەوین، یەکێتیی خەڵکی و وەرزنامەی یەکێتیی نووسەران و هونەرمەندان و دەبیری جەماوەری ئێرانی و لایەنگری ئاشتی. ڕۆژی ۱۷ ڕێبەندانی ۱۳٦۱ دەگەڵ کۆمیتەی ناوەندی حیزبی توودە دەگیرێ و هەتا ساڵی ۱۳٦۹ بۆ ماوەی هەشت مانگ لە زیندان دەمێنێتەوە. (۱۷) بەرهەمی خۆی و (۱۸) کتێبی وەرگێردراوی هەیە. م. ئەلف. بەازین لە ڕێکەوتی ۱۸ ڕەزبەری ۱۳۷٤ کۆچی دوایی دەکات و لە گۆڕستانی شاری کەرەچ بە خاک دەسپێردرێ.



## جیهان عومەر:
## چیرۆکەکانم چۆن بۆ هاتووە وام نووسیون.. ڕۆژنامەگەریی ئەمڕۆش هیچ شتێکی تێدا نییە سەرنجم ڕابکێشێ.

**هەڤپەیڤین: ئازاد عەبدولواحید**

**(٣ - ٣)**

* جیهان عومەر میرزا تۆفیق بازرگان، کە لە ناوەندی ئەدەبی و دنیای نووسین و بڵاوکردنەوەدا بە جیهان عومەر ناسراوە، چیرۆکنووسێکی کۆتایی ساڵانی پەنجاکان و سەرەتای شەستەکانە، لەسەر ڕێچکەی ڕیالیزم چیرۆکەکانی نووسیوە و شان بە شانی هاوەڵە چیرۆکنووسەکانی: حسەین عارف، ڕەئووف بێگەرد، محەمەدرەشید فەتاح، مستەفا ساڵح کەریم، ڕەووف حەسەن، تایەر ساڵح سەعید، ئەمینی میرزا کەریم، عەبدوڵڵا ئاگرین چیرۆکی نووسیوە و بڵاویانی کردووەتەوە، هەرچەندە لە ساڵانی هەشتاکان بەدواوە ڕۆماننووسین بووە بە باو، هەرچی هەڵدەستا خۆی بە ڕۆماننووسین تاقی دەکردەوە، بەڵام ئەم یەکێکە لەو چیرۆکنووسانەی بەلای ڕۆماننووسیندا نەڕۆیشت و بۆ هونەرەکەی خۆی وەفادار مایەوە، بۆیە لە ساڵی ١٩٥٨وە تا ئەمڕۆ (٥) کۆچیرۆکی خۆی بە چاپ گەیاندووە، (٤) کۆچیرۆکی لە عەرەبییەوە وەرگێڕاوە، (٤) کۆچیرۆکیشی بۆ منداڵانی کورد کردووەتە کوردی.

* ئەو چیرۆکنووسە لە بنەماڵەیەکی خانەدان و ناسراوی شاری سلێمانی، لە ساڵی ١٩٣٩، لە گەڕەکی پیرمەسوور (مەڵکەندی) لە دایک بووە و چاوی بۆ ژیان هەڵێناوە. خێزانەکەیان لە بنەماڵە دێرینەکانی ئەو شارەن کە بە قەزازەکان ناسراون، هەروەها بنەماڵەیەکی ڕەسەنی شارەکەن کە هەر لە سلێمانی ژیاون، لە دایکیشییەوە کچی حەمە شازەمانی بەقاڵە. لەناو خێزانەکەیاندا، باوک و دایک و خوشک و براکانی کەسیان حەزیان بە چارەی کتێب و خوێندنەوە نەبووە، بەڵام مامێکی کە لەگەڵیان لە یەک ماڵدا ژیاوە و ناوی عوسمان تۆفیق بووە، دەورێکی ئێجگار

گەورەی بەسەر ژیان و کەسایەتی ئەودا هەبووە، هەر ئەو مامەی کە زۆر حەزی بە خوێندنەوە کردووە و کتێبخانەیەکی گەورەی هەبووە، بەردەوام بە زمانی فارسی و عەرەبی و کوردی خەریکی خوێندنەوە بووە، دیارە ئەمە نەخشی بەسەر ئایندەی ژیانی ئەدەبی و نووسینی ئەودا بەجێ هێشتووە، چونکە بەلای هۆگری و خۆشەویستی خوێندنەوەی کتێبدا ڕای کێشاوە و وای لێکردووە کتێب خوێندنەوە لەلای ببێتە نەریت، لەوەوە زۆر سوودی لەو کتێبخانە گەورەیەی مامی وەرگرتووە، سەرەڕای بوونی ئەم کتێبخانە گەورەیە لە ماڵەکەیاندا، بەوەشەوە نەوەستاوە و بۆ پەیداکردنی سەرچاوەی دی، بە تایبەتی گۆڤار و ڕۆژنامەکانی ئەو ڕۆژگارە، وەک گۆڤاری (هەتاو) و ڕۆژنامەی (ژین)ی دەست خستووە، زۆر کتێبی دیکەشی لە کتێبخانەکانی سلێمانی کڕیوە.

* تا گەیشتووەتە پۆلی چواری سانەوی، لە سلێمانی قۆناغی سەرەتایی و ناوەندی خوێندووە، ئیتر دەستی لە خوێندن هەڵگرتووە و تاقەتی خوێندنی نەماوە، هەر ئەو کاتە بەکرێی ڕۆژانە (اجور يومية) لە دایرەی ئیسکان کە سەر بە موتەسەڕیفیەتی سلێمانی بووە، بەهۆی شێخ تەیب گوڵانی کە لەوێ بەڕێوەبەری ئەنجوومەنی کارگێڕی بووە، بە مووچەی (٩) دیناری مانگانە دامەزراوە، دامەزراندنەکەشی بە پشتگیری و کاغەزی پارتی بووە، کە ئەوکاتە ئیشی لەگەڵیان کردووە، بەڵام ئەوەی لەبەرچاوە و دەڵێ لە چاکەی ئەو پیاوە دەرناچم، چونکە فێری ئیشوکاری کارگێڕی کردم و زۆر سوودم لێ وەرگرت. لەبەر ئەوەی لە سلێمانی سەروکاری زۆربەی هەر زۆری ئاهەنگ و بۆنەکانی پارتی کردووە، بۆیە کە چووەتە کارگەی جگەرەش دیسان لەلایەن پارتییەوە پشتیوانی لێ کراوە و لەوێ دامەزراوە، چونکە لە دایرەی ئیسکان بەهۆی (گۆران)ی شاعیرەوە کە ڕووبەڕووی موتەسەڕیف بووەتەوە، هەموویان لە کارەکەیان دوورخراونەتەوە.

* سەرەتاکانی نووسینی لە کۆتایی پەنجاکان دەستی پێ کردووە، یەکەم چیرۆکی لە گۆڤاری پێشکەوتن بڵاوکردووەتەوە، ئەو گۆڤارە، گۆڤارێکی




**ئازاد عەبدولواحید – جیهان عومەر**

هەفتانەی گشتی بووە، ژمارە (١)ی لە (١٩)ی تەمموزی ساڵی ١٩٥٨ بە زمانی کوردی و عەرەبی دەرچووە، سەرەتا هەتا ژمارە (٣٩)ی بە شێوەی گۆڤار، دوای ئەوە وەک ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانە، ژمارە (٥١٣)ی لە ١٨ی کانوونی یەکەمی ساڵی ١٩٦٠ دەرچووە، پێشتریش کۆچیرۆکی (شۆڕشی گوێ بەندەرەکە) کە لە نووسینی ئەلکسەندەر ساهیایە لە عەرەبییەوە وەرگێڕاوە و لە دووتوێی کتێبێکدا چاپی کردووە، لەو کاتەوە چیرۆک و وتار و وەرگێڕانەکانی لە ڕۆژنامەی (ژین) و زۆر گۆڤار و ڕۆژنامەی دیکەدا بڵاو کردووەتەوە.

* لە ساڵانی پەنجاکاندا وەک کەسێکی خوێندەوار و هۆشیار و کراوە، یەکەم نووسەرە لە شاری سلێمانی، هانی (گوڵزار)ی خوشکی داوە بچێتە سەر تەختەی شانۆ کە تا ئەوکاتە ئەکتەرە پیاوەکان ڕۆڵی ئافرەتیان دەگێڕا، لە پاش ئەو ڕچەشکاندن و دەستپێشخەرییە گرنگە، خەڵکی ئەو سەردەمە چوونەتە لای باوکی و تانەیان لێ داوە و ڕەخنەی ئەوەیان لێ گرتووە کە چۆن ڕێگەی داوە کچەکەی بچێتە سەر شانۆ، پێیان وتووە ئەو شوێنە، شوێنی کچی تۆ نییە.

* جیهان عومەر لە ساڵی ١٩٥٩ەوە پەیتا پەیتا کەوتووەتە چاپکردنی کتێبەکانی، سەرەتا بە وەرگێڕانی (شۆڕشی گوێ بەندەرەکە) دەستی پێکردووە، تا ساڵی ٢٠٢٢، (٢٣) کتێبی بە چاپ گەیاندووە، ئەو کتێبە چاپکراوانە لە بواری: (چیرۆک، کورتیلەچیرۆک،

چیرۆکی منداڵان، فەرهەنگ، دەروونناسی، وەرگێڕان لە عەرەبییەوە بۆ کوردی و لە کوردییەوە بۆ عەرەبی) بوون.

* بەهۆی ئەوەی جیهان عومەر دەنگی لە بار و گونجاو بووە، ساڵانی حەفتاکان هەر بۆنەیەکی سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئەدەبی، هونەری هەبوایە، ئەویان بۆ بەڕێوەبردن و سەرپەرشتی و پێشکەشکاریی ڕاسپاردووە، ئەوسا ئۆتۆمبێلێکیان هێناوە، بڵندگۆ و ئەمپریفایەریان خستووەتە سەر و بە شەقامەکاندا گێڕاویانە و بانگەشەیان بۆ چالاکی و بۆنەکە کردووە، هەموو ئەو کارانەی بێ بەرانبەر و بە خۆبەخش ڕاپەراندووە.

* ساڵی ١٩٦١ لە کارگەی جگەرە، لەبەر هەڵوێستە نەتەوەیی و نیشتمانییەکانی گیراوە و خراوەتە بەندیخانەوە، دوای ئەوەی لە سلێمانی گرتوویانە، بردوویانەتە کەرکووک و لەوێوە براوەتە بەغدا، لە بەغداشەوە ڕەوانەی بەسرە کراوە، پاشان بۆ عەمارە دوورخراوەتەوە، کە لەوێ (٦٠) کوردی دیکەی بەندکراو و دەستبەسەری لێ بووە، دوای ساڵ و نیوێک هەموویان بە لێبوردنی گشتی عەبدولکەریم قاسم ئازاد کراون.

* جیهان عومەر وەک کەسێکی نەتەوەیی، ژیانی سیاسی لە ساڵی ١٩٥٩وە لەگەڵ حزبەکانی کوردستان دەست پێکردووە، سەرەتا لە ڕێگەی شێخ محەمەد هەرسین و (تۆفیق نووری بەگ)ی زاوایەوە لە کاژیک نزیک بووەتەوە، هەر ئەو ساڵانە لەسەر داوای شێخ محەمەد هەرسین و لەبەر ئەوەی متمانەی پێی بووە، ئامێری چاپ (آلة الطابعة)کەی کاژیکی بۆ چاک کردوونەتەوە و بەیانەکانیان کە زۆربەیان خۆی دەینووسین، ئەم بۆیانی چاپ کردووە، بۆیەش لەلایەن سەرکردایەتی کاژیکەوە سپاسنامەیان بۆ ناردووە. لە ساڵی ١٩٧٤ چەند مانگێک پێش ئەوەی شەڕ دەست پێ بکاتەوە، ڕووی کردووەتە شاخ بۆ ئەوەی لە ڕیزەکانی پێشمەرگە خەبات بکات، یەکەم جار چووەتە ڕانیە، لە ماڵی خوشکی ماوەتەوە، ئەوجا لەگەڵ ئەحەی عەزە بۆق و مولازم حەمەشەوقی و جەلالی حوسە کەلۆش پێکەوە بە پێ بەرەو ناوپردان ڕۆیشتوون، لەنێوان ڕانیە و ناوپردان لە بارەگایەکی بارزانی لایان داوە کە خواردن و خەوی بۆ خەڵکی دابین کردووە، لەوێوە بەهۆی خزمایەتی و هاوڕێیەتی کۆنی لەگەڵ شێخ محەمەدی هەرسین ڕووی کردووەتە ماڵی ئەوان، خزمایەتییەکەشی بەهۆی گەلاوێژ خانی هاوژینییەوە بووە، بۆیە نەیانهێشتووە بە هیچ لایەکدا بڕوا، ماوەیەک لە ماڵی ئەوان ماوەتەوە کە لە گوندی (کەوەرتێ)ی خوار ناوپردان بوون، دواتر بە پێشنیاری شێخ محەمەد هەرسین چووەتە فرۆشگەی سلێمانی لە پێنجوین و لەوێ وەک جێگری بەختیار شەفیق ئاغا، کە بەرپرسی ئەو فرۆشگەیە بووە، بۆ ماوەی ساڵ و نیوێک پێشمەرگایەتی کردووە و تا نسکۆی شۆڕشی ئەیلوول لەوێ بووە، پاشان گەڕاوەتەوە شاری سلێمانی و دوای ماوەیەکی کورت لە کارگەی جگەرەوە، ناردوویانە بۆ شاری کوفە، ماوەی دوو ساڵ بۆ کارگەی چیمەنتۆی ئەو شارە دوورخراوەتەوە، دواتر گوێزراوەتەوە بۆ بەغدا و لە کارگەی پیپسی (المشروبات الغازية) دەست بەکار بووە، جارێکی دی وەزیفەکەی بۆ کارگەی شەکری سلێمانی گوێزراوەتەوە، تا ساڵی ١٩٧٨ کە بەهۆی گوشاری سیاسییەوە ناچار بووە داوای خانەنشینبوون بکات، دوای ڕاپەڕین جارێکی دی بۆ کارگەی شەکری سلێمانی گەڕاوەتەوە.

* جیهان عومەر، لە زۆر یەکێتی و کۆمەڵەی ئەدەبی و هونەریدا کاری کردووە و دەوری سەرەکی لە هەڵسووڕاندن و دامەزراندنیاندا گێڕاوە، لەوانە: لەگەڵ ئەمینی میرزا کەریم پێوەندییان بە نووری وەشتی، جەمال بەختیار، عەلی جۆلا، حاتەم سەعید، مەحموود زێوەر، حەمەسدیقی مەحامی کردووە و (کۆمەڵی هونەر و وێژەی کوردی)یان دامەزراندووە، نووری وەشتی و حەمەسدیقی محامی پەیڕەو و پرۆگرامی ناوخۆیان بۆ داناوە، بەڵام بیرۆکەی دامەزراندنی کۆمەڵی هونەر و وێژەی کوردی هی جیهان عومەر و ئەمینی میرزا کەریم بووە. لە کۆمەڵی هونەر و وێژەی کوردیدا ئەندامی دەستەی دامەزرێنەر و دەستەی بەڕێوەبەر

بووە، لەگەڵ ئەو ناوانەی ئاماژەیان پێ درا، داواکەیان بۆ دامەزراندنی ئەو کۆمەڵەیە پێشکەش کردووە، ئەو کۆمەڵەیەش مۆسیقا و گۆرانی و شانۆ و ئەدەبیاتی لە خۆی گرتووە و لقی دیکەی لە بەغدا و کەرکووک و هەولێر و کۆیەدا دامەزراندووە.

* لە یەکەم ڕۆژی دامەزراندنی یەکێتیی نووسەرانی کوردەوە بووەتە ئەندامی ئەو ڕێکخراوە، تا ساڵانی دوای ڕاپەڕین (٣) کەڕەت لە سێ کات و قۆناغی جیاوازدا، بە هەڵبژاردن بۆ دەستەی بەڕێوەبردنی یەکێتیی نووسەرانی کورد- لقی سلێمانی دەرچووە. ساڵی ١٩٧٠ بە نۆرە لەگەڵ مستەفا ساڵح کەریم، بەرنامەی یەکێتیی نووسەرانی کوردیان لە بەغدا تۆمار کردووە، پاشان بەرنامە تۆمارکراوەکەیان بردووەتە تەلەفزیۆنی کەرکووک و لەوێوە پەخش کراوە، بۆ هەر بەرنامەیەک، دوو نووسەریان لەگەڵ خۆیان بردووە و گفتوگۆیان لەگەڵ ساز کردوون، بێجگە لەو بەرنامەیە، لە ئێزگەی کوردی بەغدا، ساڵی ١٩٧٨ حەفتانە بەناوی (گۆڤاری هونەر) بەرنامەی پێشکەش کردووە، کە لە بەرنامەکەیدا باسی هونەر و هەواڵی هونەری کوردی و عەرەبی و بیانی کردووە، کاتێک گەڕاوەتەوە شاری سلێمانیش بەرنامەکەی بەردەوام بووە، بۆ ماوەی (٧) ساڵ ئەم بەرنامەیەی پێشکەش کردووە.

* بێجگە لە کۆمەڵی هونەر و وێژەی کوردی و یەکێتیی نووسەرانی کورد، لە زۆر سەندیکا و بنکە و یانەی دی دامەزرێنەر و ئەندامە، لەوانە: بنکەی ئەدەبی و ڕۆشنبیریی گەلاوێژ، یانەی قەڵەم، ئەندامی دەستەی دامەزرێنەری سەندیکای خانەنشینانە لە سلێمانی، ئەندامی دەستەی دامەزرێنەری سەندیکای فەرمانبەرانە لە سلێمانی.

* ساڵی ١٩٧٥ کە لە شاخ گەڕاوەتەوە سلێمانی، بۆ ماوەیەکی کورت گێڕاویانەتەوە کارگەی جگەرە، لەوێوە ناردوویانە بۆ نەجەف و لە کارگەی چیمەنتۆی کوفە گیرساوەتەوە، لەگەڵ ئەو، (٩) کەسی دی بەرەو خوارووی عێراق دەنێرن، جەمال شاربازێڕی بۆ فەلوجە، ئەمینی میرزا کەریم بۆ سەددی هیندیە و تاد، ئەو ماوەیەی کە لە باشووری عێراقدا ژیان دەگوزەرێنێ، لەگەڵ هونەرمەند کەریم کابان، کە ئەویش بۆ شارەوانی ئەو شارە دوورخراوەتەوە، پێکەوە ژووری هوتێلێکیان گرتووە، بەشێکی زۆری دوورخراوەکان لەو هوتێلەدا ژیاون، بەشێکی کەمیشیان خانوویان بەکرێ گرتووە، کە لە نەجەف دەستبەسەر بوون و لەژێر چاودێری حکوومەتدا ژیاون، ساڵ و نیوێک بەدەردەسەری لە نەجەف دەمێنێتەوە، ساڵێکیش لە بەغدا، لە کارگەی پیپسی کاری کردووە، کە دەگەڕێتەوە سلێمانی، لە دایرەکەی لەلایەن ئەمنی سلێمانییەوە تەنگی پێ هەڵدەچنن و داوای بەعسیبوونی لێ دەکەن، ئەویش بە ناچاری دوای (٢٨) ساڵ خزمەت، داوای خانەنشینبوون دەکات، بەڵام داواکەی ڕەت دەکرێتەوە، دواتر بەهۆی هاوڕێیەکی منداڵیی خۆی (ئومێد مەدحەت موبارەک) کە ئەو کاتە وەزیری تەندروستی عێراق بووە، هەوڵی بۆ دەدرێ و خانەنشین دەکرێ.

* دوای خانەنشین بوونەکەی، لە دووکانی باوکی، کە دووکانی کۆتاڵفرۆشیی هەبووە، تا دوای ڕاپەڕین، ماوەی (١٠) ساڵ لەو دووکانەدا کار دەکات، دوای ڕاپەڕین دەگەڕێتەوە سەر وەزیفەکەی پێشووی لە کارگەی جگەرە، ماوەی (٤٨) ساڵ و (٨) مانگ و (٦) ڕۆژ بەناوونیشانی جۆراوجۆر لە وەزیفەدا بووە، سەرەتا لە ساڵی ١٩٦٠ لە موتەسەڕیفیەتی سلێمانی بە ناوونیشانی نووسەر دامەزراوە، دوا کاریشی ماوەی (٥) ساڵ لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی وەبەرهێنانی سلێمانی بەڕێوەبەری کارگێڕیی پێشکەوتوو بووە، دواجار بەهۆی تەمەنەوە خانەنشین کراوە.

* جیهان عومەر تا ساڵی ٢٠٠٣ لەسەر کاری سیاسی بەردەوام بووە، ئێستا کەسێکی سەربەخۆیە و لە کاری سیاسی و حزبی دوور کەوتووەتەوە.. لەمێژ بوو حەزم دەکرد هەڤپەیڤینێکی تێروتەسەلی لەگەڵدا ساز بکەم، ئەوە بوو پار توانیم لە گفتوگۆیەکی شایان بە بەخششەکانی بەسەری بکەمەوە و لە بارەی وێستگەکانی ژیان و ئەزموونە ئەدەبییەکەی بە چەند دانیشتنێک بیدوێنم، ئەوەی دەیخوێننەوە بەرهەمی ئەو دواندنەیە، هیوادارم بە دڵتان بێت.

**ڕامـان:** بیروڕاتـان لەگـەڵ ڕەفیـق چـالاک گۆڕیوەتـەوە؟ گفتوگۆتـان لەگـەڵ یەکدی کردووە؟

**جیهـان عومـەر:** کـە دیومـە تەنیـا لـە بـواری شـانۆ قسـەمان کـردووە، پتـر لـە بـواری شـانۆدا پێوەندیـم لەگەڵـی هەبـووە.

**ڕامـان:** ئـەی بـاری سـەرنجی تـۆ لـە بارەیـەوە چییە، چ وەک مرۆڤ، چ وەک کەسێکی فرەبەهرە، ئـەو بەهرەیـە چـۆن دەبینـی؟

**جیهـان عومـەر:** ڕاستییەکەی مـن بـە پیاوێکـی گـەورەی دەزانـم، کەسـێکی هەڵکەوتـوو بـوو، ئـەو ماڵئاوایـە لـە نواندنـدا خـۆی بـە دە جـۆر دەگۆڕی. شـەوێکیان لەسـەر شـانۆ ئەوەنـدە خـۆی گـۆڕی و شـتی سـەیری کـرد، هونەرمەنـد تەهـا خەلیـل زۆر پێکەنـی، ئەوەنـدە پێکەنـی، میـزی کـرد بـە خۆیـدا! هاتـەوە ئـەم دیـو، گوتـی کـوڕە ماڵئـاوا کێ لـە ئاسـتی (ڕەفیـق چالاک)دا خـۆی دەگـرێ، ئەوەنـدە کاری سـەیری کـرد و ئەوەنـدە پێکەنیـم میـزم کـرد بـە خۆمـدا.

**ڕامـان:** دیـارە لەسـەر شـانۆ دەوری لەگـەڵ هەبـووە؟

**جیهـان عومـەر:** بەڵـێ، تەهـا خەلیـل گوتـی هـەر خـۆم گـرت، هـەر خـۆم گـرت بـۆ ئـەوەی پێنەکەنـم، ئاخرییەکـەی ئـاوام لـێ هـات، ئـەوە بۆیـە ڕام کـرد.

**ڕامان:** هەر بەڕاستی میزی بە خۆیدا کرد؟

**جیهـان عومـەر:** بەڵـێ، ڕەفیـق چـالاک بلیمـەت بـوو، بەهـرە و توانسـتێکی سـەیری هەبـوو.

**ڕامـان:** ئـەوە لـە بـواری نواندنـدا، ئـەی بەهـرەی لـە هونـەری ئـاوازدان و گۆرانـی وتـن و نووسـین و خوتبـەدان و دەمـودوو و ئەوانـە بـۆ ناڵێـی؟

**جیهـان عومـەر:** بەڵـێ، لە هەموویان سـەرنجڕاکێش و لێهاتـوو بوو.

**ڕامـان:** لـە پەخشاننووسـین، لـە ڕۆژنامەگـەری، بەداخـەوە هەنـدێ جار سیاسـەت سـەر لـە مـرۆڤ دەشـێوێنێ.

**جیهان عومەر:** ئای..ی.

**ڕامـان:** کاشـکی هـەر خەریکـی ئـەو کارانـەی خـۆی، هونـەر و ئـەدەب بووایـە، بـەڵام لەگـەڵ ئـەوەش زۆر غـەدری لـێ کـراوە، کارەکانـی کـۆ نەکراونەتـەوە (لـەم ماوەیـەی دواییـدا کارەکانـی لـە دوو بەرگـدا کۆکرانـەوە)، زۆر کـەم لەبارەیـەوە دەنووسـرێ، دەبووایـە منداڵەکانـی، داو و دەزگا ئەدەبی و هونـەری و کولتوورییـەکان خەمێکـی لێ بخـۆن.. بێجگـە لـە ڕەفیـق چـالاک، کەسـانی دی لـە هاوڕێکانـت کـێ بـوون؟

**جیهان عومەر:** هاوڕێکانم هەر ئەوانە بوون.

**ڕامان:** خەڵکـی دی زۆرن، بـا مـن بیـرت بخەمەوە، نووری وەشـتی هاوڕێت نەبوو؟

**جیهـان عومـەر:** نـووری وەشـتی، تـا بڵێـی کوڕێکـی چاک و کەسـێکی دڵسـۆز بـوو، بەڕاسـتی نـووری وەشـتی و شـانۆ بـە یەکەوە گـرێ درابوون، دۆسـتی شـانۆ و هەمـوو ئەوانـە بـوو کـە لە شـانۆدا کاریـان دەکـرد.

**ڕامان:** سـاڵانێک شـیعری ئازادی نووسـیوە، لـە ڕۆژنامەکانـدا شـیعرەکانی بـڵاو دەبوونـەوە، بـە تایبەتـی لـە ڕۆژنامـەی بـڕوا، کـە (٨١) ژمـارەی لـێ دەرچـووە، زۆر شـیعریم دیـوە، هـەر ئـەو شـیعرانەش بـوون لێـدوان و گفتوگـۆی زۆریـان دروسـت کـرد.

**جیهان عومەر:** کەسێکی دڵسۆز بوو.

**ڕامان:** باشـە ئـەو زیاتـر وەکـوو ئەکتـەر، یـان نووسـەر لـە شـانۆدا دەرکـەوت؟

**جیهـان عومـەر:** لـە نووسـینی شـانۆنامە و لـە نواندنـدا کاری دەکـرد و لـە هەردووکیانـدا بەدەرکـەوت.

**ڕامان:** دەقەکانیت لە بیرە، ناویان چی بوو؟

**جیهان عومەر:** ناوەڵڵا، ناوی دەقەکانیم لەبیر نییە، بەڵام نووری وەشتی زۆر خزمەتی شانۆی کوردی کردووە.

**ڕامان:** دەمەوێ بزانم تۆ لەگەڵ مۆسیقا و گۆرانی نێوانت چۆنە؟

**جیهان عومەر:** حەز لە گوێگرتن لە مۆسیقا و گۆرانی دەکەم.

**ڕامان:** ئاخر مەبەستم گوێگرتنە، بە تایبەتی لە کاتی نووسیندا گوێگرتن لە مۆسیقا هیچ سوودێکی بە تۆ گەیاندووە، بۆ نووسین کەشێکی بۆ دروست کردووی؟

**جیهان عومەر:** نا، لەو ڕووەوە سوودی پێ نەگەیاندووم، هەر حەزم لە مۆسیقایە و گوێی لێ دەگرم.

**ڕامان:** ئەی گۆرانی؟

**جیهان عومەر:** گۆرانیش، بە تایبەتی گۆرانییە کۆنەکانم زۆر پێخۆشە، لەوانە گۆرانییەکانی ڕەفیق چالاک و حەمەساڵح دیلان، کە گوێ لە گۆرانییەکانیان دەگرم، بەلایانەوە بەنج دەبم.

**ڕامان:** ئەو گۆرانییە کۆنانەی حەز بە بیستنیان دەکەی، بەردەوام گوێیان لێ دەگری؟

**جیهان عومەر:** کە لە شوێنێک گوێم لێیان دەبێ، یان لە تەلەڤزیۆنێک لێ دەدەرێن، گوێیان لێ دەگرم.

**ڕامان:** لەناو ئۆتۆمبێلی خۆتدا ئەو گۆرانیانەت هەبووە؟

**جیهان عومەر:** ناوەڵڵا، نیمن.

**ڕامان:** بێجگە لە مۆسیقا و گۆرانی، لەگەڵ هونەری شێوەکاری پێوەندیت چۆنە؟

**جیهان عومەر:** پێوەندیم لەگەڵ هونەری شێوەکاری نییە.

**ڕامان:** مانای وایە قەت بۆ بینینی پێشانگەکان نەچووی؟



بەغدا، هۆڵی خولد، ١٩٧٠، یەکەمین کۆنگرەی یەکێتیی نووسەرانی کورد، لە ڕاستەوە: مستەفا نەریمان، جیهان عومەر، ئەمینی میرزا کەریم.

**جیهان عومەر:** نەخێر.

**ڕامان:** پێشتر گوتت حەزم بە بینینی فیلمی هیندی دەکرد، ئەی بۆ فیلمی دی نەدەچووی؟

**جیهان عومەر:** لە تەمەنی هەرزەیی و لاوی، حەزم لە فیلمی هیندی و عەسابە (کابۆی) دەکرد.

**ڕامان:** فیلمێکی باشی ئەو زەمانەت لەبیر ماوە بینیبێتت؟

**جیهان عومەر:** لەبیرم نییە، بەڵام سەرەتای شەستەکان بۆ یەکەم جار لە سینەما ڕەشید فیلمێکی هیندی نیشان درا کە کرابووە کوردی و ڕەفیق چالاک وەری گێڕابوو، ئەو کاتە دایە من بۆم تایپ کرد و ناردیان بۆ لبنان، لەوێ بە کوردی لەسەر فیلمەکە چاپیان کرد.

**ڕامان:** ئەی دۆستایەتیت لەگەڵ هونەرمەندانی شێوەکار چۆنە؟

**جیهان عومەر:** پێوەندییەکی وام لەگەڵ هونەرمەندانی شێوەکار نییە، بەڵام ئامۆزایەکم هەیە کاری شێوەکاری دەکا.

**ڕامان:** ئەو هونەرمەندە ناوی چییە؟

**جیهان عومەر:** عەتا قەزاز.

**ڕامان:** ئێستا ئەو لە دەرەوەی وڵاتە، نێوانتان

لەگەڵ یەکدی باشە؟

**جیهان عومەر:** بەڵێ، بەینمان هەیە.

**ڕامان:** ئێستا عەتا قەزاز لە ئەورووپایە، کە دێتەوە دەیبینی.

**جیهان عومەر:** بەڵێ، لە ئەورووپایە، کە دێتەوە دەیبینم.

**ڕامان:** ئەم جارە کە گەڕایەوە، پێم خۆشە بیبینم، چونکە منیش هاوڕێیەتی و پێوەندیم لەگەڵی هەیە.. ئەی بێجگە لە مۆسیقا و گۆرانی و شێوەکاری، لەگەڵ خوێندنەوەی ڕۆمان چۆنی؟

**جیهان عومەر:** ئێستا ناتوانم ڕۆمان بخوێنمەوە، چاوم باش نابینێ، هەردوو چاوم نەشتەرگەرییان بۆ کراوە و چاویلکەش لە چاو دەکەم.

**ڕامان:** ئەی زەمانی زوو بۆ خوێندنەوەی ڕۆمان چۆن بووی؟

**جیهان عومەر:** ئەوکات هەرچییەکم بەرچەنگ بکەوتایە دەمخوێندەوە.

**ڕامان:** ڕۆماننووسە باشەکانی وەکوو دەستۆیڤسکی، هەمینگوای، نەجیب مەحفووز و ئەوانی دی، بەرهەمەکانیانت خوێندووەتەوە؟

**جیهان عومەر:** بەڵێ، کۆمەڵێک لە ڕۆمانەکانیانم خوێندووەتەوە.

**ڕامان:** محەڕەم محەمەدئەمین ڕۆمانێکی دەستۆیڤسکی (یادی گۆڕستانەکە- ذکریات بیت الموتی)ی کردووەتە کوردی، تۆ چی هاندەرت بوو بۆ ئەوەی «شۆڕشی گوێ بەندەرەکە» وەربگێڕی؟

**جیهان عومەر:** ئەوە بەرهەمی نووسەرێکی ڕۆمانییە، ئەلیکسەندەر ساهیا ڕۆمانییە.

**ڕامان:** کۆمەڵێک لە کورتەچیرۆکانیت کردووەتە کوردی، خۆی لە کورتە چیرۆکدا شێوازەکان دیارن، بۆ نموونە شێوازی مۆپاسانی و شێوازی چیخەڤی هەیە، تۆ زیاتر مەیلت بەلای کامەیانەوەیە؟ بۆ نموونە چیرۆکەکانی مۆپاسان، کۆتاییەکەی سوپرایزی تێدا بێت، یان وەکوو ئەوانەی چیخەڤ شێوازێکی شیعریی چڕوپڕ و کۆتایی کراوەیان هەبێت؟

**جیهان عومەر:** لەلای من شێوازە مۆپاسانییەکە پەسندترە.

**ڕامان:** کە حەزت لێیە شێوازی چیرۆکەکانت وەکوو مۆپاسان بێت، خۆت هەستت کردووە چیرۆکەکانت ڕەنگدانەوەی ئەو شێوازەیان پێوەیە؟

**جیهان عومەر:** بەڵێ، ئەو شێوازەم بەکار هێناوە.

**ڕامان:** پێش دروستبوونی کۆمەڵی هونەر و وێژەی کوردی، ئەوەی یەکەم جار هەبوو ناوەکەی کۆمەڵی هونەرە جوانەکان بوو؟

**جیهان عومەر:** نا، ئەوە کۆمەڵێکی دیکە بوو، پێش ئەوەیان بوو.

**ڕامان:** پێش ئەوەی ئێوە و کۆمەڵی هونەرە جوانەکان، ئەگەر یەکێکی دیکە هەبووە، ناوی ئەوەیان چی بوو؟

**جیهان عومەر:** ئەوە کۆمەڵێکی دیکە بوو، ناوی کۆمەڵی هونەرە جوانەکان بوو.

**ڕامان:** بێ قەزا بیت، ئاخر منیش باسی ئەوەیان دەکەم، ئەوانە کۆمەڵێک مۆزیکژەنی وەک قادر دیلان و هادی عەنبەر و حاتەم سەعید و نەجاتی عەبدە و ئومێد مەدحەت موبارەک و ئەوانە بوون.

**جیهان عومەر:** ئەوەیان لەگەڵ کۆمەڵی هونەر و وێژەی کوردی جیا بوو.

**ڕامان:** تۆ هیچ لەبارەی کۆمەڵی هونەرە جوانەکانەوە دەزانی بۆمانی باس بکەی؟

**جیهان عومەر:** نەوەڵڵا، ئەوان زیاتر خەریکی گۆرانی و مۆسیقا بوون و ئەو شتانەیان دەکرد.

**ڕامان:** ئەی کۆمەڵی هونەر و ویژەی کوردی کە تۆ لە نزیکەوە ئاگاداری، حەز دەکەم بزانم چۆن دروست بوو؟ کە هونەرە جوانەکان هەبوو، ئەوەی ئێوە بۆچی دروست بوو؟

**جیهان عومەر:** ئەمین میرزا کەریم لەگەڵ عومەر عەلی ئەمین و ئەمانە تۆزێک پێوەندییان باش نەبوو، هەردووکمان پێکەوە لە کارگەی جگەرە بووین، پێم گوت وەرە پێکەوە شتێک دروست دەکەین.

**ڕامان:** ئەمین میرزا کەریم لە کۆمەڵی هونەرە جوانەکان کاری کرد؟

**جیهان عومەر:** نا، لەوێ نەبوو، من پێم وت وەرە شتێک دروست دەکەین زۆر لە هینەکەی ئەوان چاکتر بێت. وتی جا ئەوە چۆن دەکرێ؟ وتم تۆ حەقت بە سەرەوە نەبێت، نووری وەشتی و ئەوان دەبینم و قسەیان لەگەڵ دەکەم. چووم نووری وەشتی، نەجاتی عەبدە، حاتەم سەعید، مەحموود زێوەر، جەمال بەختیار و ئەمانم بینی و قسەمان لەگەڵ کردن.

**ڕامان:** ئەی (حەمەسدیقی محامی)تان لە کوێ بینی؟

**جیهان عومەر:** دوایی (حەمەسدیقی محامی)شمان بینی، ئەو لە شەقامی مەولەوی بەڕێوەبەری کارگێڕی ژووری بازرگانی بوو. ڕۆژێکی جومعە لەلای کۆبووینەوە و بڕیارمان دا ئەو کۆمەڵە دروست بکەین، بۆ دانانی پەیڕەوی ناوخۆکەی، نووری وەشتی و (حەمەسدیق محامی)مان ڕاسپارد، ئەوان بە دوو قۆڵی دایاننا.

**ڕامان:** لەبەر ئەوەی یاساناس بوون و لە قانوون شارەزا بوون و لە بارەی نووسینی پەیڕەو و پرۆگرامی کۆمەڵە و سەندیکاکان ئەزموونێکیان هەبوو؟

**جیهان عومەر:** بەڵێ، ئیتر پەیڕەوەکەیان دارشت و پێشکەشی موتەسەڕیفیەتمان کرد، ئەوانیش ناردیان بۆ ئەمنی سلێمانی، کە لەناو سەرا لە ژوورێکدا بوو، بردیانین بۆ ئەوێ و یەکە یەکە بانگیان کردین و ئیستیمارەیان بۆ پڕ کردینەوە و لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ کردین، کە نۆرە هاتە سەر من، کابرای ئەمنەکە منی بانگ کرد، وتی تۆ کاتی خۆی لە سیاسەتدا کارت کردووە؟ وتم نا. وتی نەگیراوی؟ وتم نا. وتی دڵنیای؟ وتم دڵنیام.

**ڕامان:** ئەوجا ئەوە کەی وا بووە؟

**جیهان عومەر:** کە هەستام بڕۆم، وتی تەعال تەعال! وەرە وەرە، کە وەرگەڕامەوە وتی تۆ منت بەبیر دێ؟ وتم ناوەڵڵا. وتی من ئەو معاونە بووم کە لە ئەمنی عەمارە ئیشم دەکرد، ئەی کێ بوو هێنایان بۆ عەمارە؟ کە وای وت وەک لە ئاسمانەوە بکەومە خوارەوە! وتم ئا، من بووم، بەڵام تۆ بە منت وت گیراوی؟ من نەگیرابووم، من دوور خرابوومەوە. وتی نا، دوورخرانەوە، یان گیران بێت، جیاوازیی نییە، تۆ لەوێ بووی، ئیتر ئیستمارەکەی بۆ پڕ کردمەوە و وتی بڕۆ، خەریک بوو لەسەر ئەوە تووشی کێشە و بەزمێک ببم.

**یەکەم جار من بووم لە دیوی خۆمان، گۆرانییەکانی (ناسری ڕەزازی)م لە بەرنامەکەمدا بڵاوکردەوە.**

**ڕامان:** وتت بیرۆکەی بنەڕەتی و سەرەکیی دروستبوونی کۆمەڵی هونەر و ویژەی کوردی هی تۆ بوو؟

**جیهان عومەر:** سەرەتا من و ئەمین میرزا کەریم بووین، کە من بەوم وت، ئەویش وتی باشە لەگەڵتم.

**ڕامان:** کە داواتان کرد مۆڵەتەکەتان بدەنێ، چەند کەس بوون؟

**جیهان عومەر:** ئەمین میرزا کەریم، نووری وەشتی، مەحموود زێوەر، نەجاتی عەبدە، حاتەم سەعید، حەمەسدیقی محامی، جەمال بەختیار، عەلی جۆلا، دوو کەسی دیکەشمان لەگەڵ بوون، ناوەکانیانم بەبیر نایەتەوە.

**رامان:** باشە تەها خەلیل، رەئووف یەحیا، نەوزاد مەجید، ئەوانەتان لەگەڵ نەبوو؟

**جیهان عومەر:** بەڕێ وەڵڵا، ئیتر پەیڕەوەکەمان پێشکەش کرد، ئێستاش نوسخەی داواکە هەیە.

**رامان:** نوسخەی داواکە و پەیڕەوی ناوخۆکە ماون؟

**جیهان عومەر:** بەڵێ، لە ئەرشیف ماون.

**رامان:** ئەم (کۆمەڵی هونەر و وێژەی کوردی)یە، دوایی تیپێکی مۆسیقای لێ دروست بوو؟

**جیهان عومەر:** مۆسیقا و گۆرانی و ئەدەب و شانۆ، هەمووی بە یەکەوە کۆ کرانەوە.

**رامان:** کێ سەروکاری بەشی ئەدەبەکەی دەکرد؟

**جیهان عومەر:** هەمووی هەر دەستەی بەڕێوەبەر، بەڕێوەی دەبردن.

**رامان:** جگە لەوەی ئەندامی دامەزرێنەر بووی، تۆش لە دەستەی بەڕێوەبەر بووی؟

**جیهان عومەر:** بەڵێ.

**رامان:** بەرپرسی بەشی ئەدەب کێ بوو؟

**جیهان عومەر:** وا بزانم نووری وەشتی بوو.

**رامان:** ئەی بەشی شانۆ؟

**جیهان عومەر:** شانۆش هەر ئەو کۆمەڵە کەسە بەڕێوەیان دەبرد.

**رامان:** م. رەفیق چالاک لەگەڵ ئێوە بوو، یان لەولا مایەوە؟

**جیهان عومەر:** نا، ئەو لەگەڵ ئێمە نەبوو، هەر لەوێ مایەوە.

**رامان:** کەی بوو کۆمەڵی هونەرە جوانەکان



سلێمانی، هەوارە بەرزە، ٢٠١٤، بە بۆنەی گەڕانەوەی شەفیقە خان و گەزیزەی خوشکی لە ئەمەریکاوە، لە ڕاستەوە: جیهان عومەر، شێرکۆ بێکەس.

نەما؟

**جیهان عومەر:** وا بزانم هەر دوای ئەوە هەڵوەشایەوە.

**رامان:** ئەوەی ئێوە تا ئێستا ماوە، ئەوەی ئەوان هەڵوەشایەوە؟

**جیهان عومەر:** ئێمە ماینەوە، بگرە لقی زۆری لێ بووەوە؛ لقی بەغدا، هەولێر، کەرکووک، کۆیە، بۆ هەمووی لقیان کردەوە.

**رامان:** دروستبوونی ئەو لقانە بیرۆکەی کێ بوو؟

**جیهان عومەر:** بیرۆکەی خەڵکەکە خۆیان بوو، کە دەیانزانی کۆمەڵێکی وا چالاک هەیە، دەهاتن داوایان دەکرد لە هەموو شارەکان لقیان بۆ بکرێتەوە.

**رامان:** مەڵبەندی گشتییەکەی لە سلێمانی بوو؟

**جیهان عومەر:** بەڵێ.

**رامان:** لەگەڵ حکوومەت کێشەتان بۆ دروست نەبوو؟

**جیهان عومەر:** نا، کێشەمان نەبوو.

**رامان:** تا گەیشتە ساڵی ١٩٧٠، ڕێککەوتننامەی ئادار دۆخێکی نوێی بۆ هەموو بوارەکان رەخساند.

**جیهـان عومـەر:** مـن بـاش بیـرم نەمـاوە کـەی بـوو وازم هێنـا، پـاش ماوەیـەک وازم لـێ هێنـا.

**ڕامان:** چەند ساڵ لەوێ بووی؟

**جیهـان عومـەر:** بـە بیـرم نایـەت چەنـد سـاڵ بـوو.

**ڕامان:** هۆیەکەی چی بوو وازت هێنا؟

**جیهـان عومـەر:** هیچ هۆیـەک نەبـوو، هـەر خـۆم تاقەتـم نەمـا.

**ڕامـان:** تێبینیـم کـردووە، تـۆ زوو زوو تاقەتـت لـە کارەکان دەچێـت! ئـەوە خەریکـە تاقەتـت لـە نووسـین و ئەدەبیاتیـش دەچێـت، تەنیـا تاقەتـت لـە وەزیفەکـەت نەچـووە و توانیوتـە (٤٨) سـاڵ زیاتـر لەسـەری بـەردەوام بیـت.

**جیهان عومەر:** وایە، زۆر ڕاستە.

**ڕامـان:** دەستپێشـخەرییەکی باشـتان کـردووە، (کۆمەڵـی هونـەر و وێـژەی کوردی)تـان دروسـت کـردووە، بـەڵام هیـوام دەخواسـت لەگەڵیـان بـەردەوام بوویتایـە، چونکـە کۆمەڵـی هونـەر و وێـژەی کـوردی یەکێکـە لـە ناوەنـدە هونـەری و ئەدەبییـە چالاکـەکان، کاری باشـی کردووە، ساڵی ١٩٧٠ وەسـیەتەکەی نەجمەددیـن مـەلاش هـەر ئـەو کۆمەڵـی هونـەر و وێژەیـە جێبەجێـی کـرد.

**جیهان عومەر:** بەڵێ، زۆر ڕاستە.

**ڕامـان:** بـە ئاپۆرایەکـی زۆر گـەورە بردوویانـە بـۆ سـەر قەبـران و وەسـیەتەکەی نەجمەددیـن مەلایـان جێبەجـێ کـرد کـە وتبـووی لـە گـردی سـەیوان بمنێـژن، ئـەو کاتـەش ڕێککەوتننامـەی ئـادار لـە گـۆڕێ بـوو، دۆخەکـە لـە بەرژەوەندیـی کـورد بـوو.. تـۆ لـەو چالاکییانـە لـە چـی و لـە چیـدا بەشـداریت کـردووە؟

**جیهان عومەر:** لە دووبارە ناشتنەوەی نەجمەددین مـەلادا مـن لـەوێ نەبووم.

**ڕامان:** مەبەستت ئەوەیە بڵێی لەوێ نەمابووی؟

**جیهان عومەر:** نا، نەمابووم.

**ڕامـان:** ئـەی پێشـتر کە لـەوێ ئەندامی دەسـتەی بەڕێوەبـەر بـووی، چالاکییەکانـی تـۆ چی بوون؟

**جیهـان عومـەر:** ئـەو کاتـە دەبـوو پێشکەشـکارێک لەسـەر شـانۆ بەرنامەکـەی پێشـکەش بکردایـە، بـۆ نموونـە دەبـوو لەپێشـدا چەنـد گۆرانییـەک پێشـکەش بکرایـە، دوایی شـانۆگەرییەکە پێشـکەش دەکـرا، ئـەوە مـن دەمکـرد و ڕێکـم دەخسـت.

**ڕامـان:** لـەو کاتانـەدا لەگـەڵ ئێـوە کـێ زۆر چـالاک بـوو؟

**جیهـان عومـەر:** ئەوانـەی کـە زۆر چـالاک بـوون، نـووری وەشـتی و ئەمیـن میـرزا کەریـم بـوون.

**ڕامـان:** ئـەی هونەرمەنـد تەهـا خەلیـل، چـالاک نەبـوو؟

**جیهـان عومـەر:** (تەهـا خەلیل)یـش خەریکـی نوانـدن بـوو.

**ڕامـان:** باشـە، ڕەئـووف یەحیـا کـە لەگەڵتـان بـوو، ئـەو خەریکـی چـی بـوو؟

**جیهان عومەر:** ئەویشمان لەگەڵ بوو.

**ڕامان:** ئەویش لە دامەزرێنەرەکان بوو؟

**جیهان عومەر:** ئەویش لە دامەزرێنەرەکان بوو.

**ڕامـان:** کەسـی تـرت بـە بیـر نایەتـەوە نـاوی ببـەی، بـۆ ئـەوەی بـۆ مێـژوو مافـی خەڵـک نەکرێ بـە ژێـر لێـوەوە؟

**جیهـان عومـەر:** ناوەڵـڵا، هـەر ئەوانـە بـوون کـە باسـمان کـردن.

**ڕامـان:** بێجگـە لـەو سـێ کەسـەی ناومـان هێنـان، تـۆ لـە بـواری ڕۆشـنبیریدا هاوڕێیەتیـت لەگـەڵ ئەحمـەد هـەردی هەبـوو؟

**جیهـان عومـەر:** بەڵـێ، بـا شـتێکی (ئەحمـەد هـەردی)ت بـۆ بگێڕمـەوە. بەرنامـەی ئەدەبیـی یەکێتیـی نووسـەرانمان لـە تەلەڤزیۆنـی کەرکـووک هەبـوو، لـە بەغـدا تۆمارمـان دەکـرد و دەماهێنـا

بۆ کەرکووک پەخش بکرێ. جارێک مستەفا ساڵح کەریم پێشکەشی دەکرد، جارێکیش من پێشکەشم دەکرد.

**ڕامان:** دیارە میوانی بەرنامەتان هەبووە؟

**جیهان عومەر:** بەڵێ، هەر جارەی دوو ئەدیبمان لەگەڵ خۆمان دەبرد. جارێکیان ئەحمەد هەردی و ئەمینی میرزا کەریم کەوتنە لای من تا لە بەرنامەکە قسە بکەن. بە (هەردی)م گوت با لەپێشدا تاقیت بکەینەوە. گوتی نە جانم پێویست ناکات، ئەوەی بۆ چییە. گوتم ئاخر ئەو کامێرایە ترس دەخاتە دڵی ئینسانەوە. گوتی نا بابە هیچ نییە، ئەوە لە بەغداش بووین. گوتم باشە ئارەزووی خۆتە.

**ڕامان:** ئەی ئەمین میرزا کەریم بۆ قسەکردن چۆن بوو؟

**جیهان عومەر:** بە (ئەمین میرزا کەریم)شم گوت تاقیت نەکەینەوە؟ گوتی نا. ستۆدیۆکە گەورە بوو، دەرهێنەرەکە لە دەلاقەیەکەوە ئاماژەیەکی دا گوتی دەست پێ بکەین؟ گوتم با دەست پێ بکەین. پێشەکییەکم بۆ گوت و ڕووم کردە هەردی پرسیارەکەی لێ بکەم، کە سەیرم کرد قاچی دەلەرزێ! پرسیارەکەم لێ کرد، وەڵامی پرسیارەکە لە قورگیدا خنکا.

**ڕامان:** ئەمین میرزا کەریم، بۆ قسەکردن باشتر بوو، یان ئەویش وای لێ هات؟

**جیهان عومەر:** سەیرم کرد ئەویش وای لێ هاتووە. ئیشارەتم دایە دەرهێنەرەکە و گوتم ڕایگرە. ڕایگرت و گوتم ئاخر پێم گوتن. هەردی تەنگەنەفەسیی هەبوو، گوتی هەناسەم نەما، پەمپەکەشم پێ نییە، نازانم چی بکەم. خێرا ڕامانکرد بۆ دەرمانخانەیەک لەوبەری ئێزگەوە، پەمپێکمان بۆ هێنا. گوتم ئاخر پێم گوتی با ڕاهێنان بکەین، ئەوجا ڕاهێنانمان کرد و بەرنامەکەمان پێشکەش کرد، بەم جۆرە بەرنامەکە تۆمار دەکرا و دەبرایەوە بۆ کەرکووک، لەوێ بڵاو دەکرایەوە.

**ڕامان:** ئەوە ساڵانی دوای حەفتا وا بوو؟

**جیهان عومەر:** بەڵێ.

**ڕامان:** ساڵانی حەفتاکان ئەو بەرنامەیەتان بە ناوی یەکێتیی نووسەرانی کوردەوە کرد، من ئەو بەرنامەیەم لەبیرە، بەڵام ئەو کاتە تۆ لە دەستەی بەڕێوەبەریی یەکێتیی نووسەران نەبووی، چونکە هەر (٣) جارەکە دوای ڕاپەڕین لە دەستەی نووسەران بووی؟

**جیهان عومەر:** بە بیرم نایەت، بەڵام سێ جار لە دەستەی بەڕێوەبەریدا بووم، کە بە هەڵبژاردن دەردەچووم.

**من بە باشی دەزانم یەکێتیی نووسەران زیندوو بکرێتەوە، چونکە ئێستا پشتگوێ خراوە، پێویستە وەک جاران گرنگیی پێ بدرێت.**

**ڕامان:** ئێستا باسی تەوەری یەکێتیی نووسەرانی کورد دەکەین.. بێجگە لەو بەرنامەیە کە بەشداریت تێدا کردووە و لە بەغدا تۆمار کراوە و بردووتانە بۆ کەرکووک پەخش کراوە، لە بەرنامەی تەلەڤزیۆنی و ڕادیۆیی دی بەشداریت کردووە؟

**جیهان عومەر:** تەلەڤزیۆنی نا، بەڵام بەرنامەی ئێزگەم هەبوو.

**ڕامان:** بەرنامەکە ناوی چی بوو؟

**جیهان عومەر:** بەرنامەی گۆڤاری هونەرم لە ئێزگەی کوردیی بەغدا هەبوو، ئەو بەرنامەیە باسوخواسی هونەری بوو، هونەری عەرەبی و بیانی و کوردی، بریتی بوو لە هەواڵ و قسەکردن لە بارەی هونەر و گۆرانی و ئەو بابەتانەی پەیوەندییان بە هونەرەوە هەبوو. هەفتەی بەرنامەیەکم هەبوو لە بەغدا تۆمارم

دەکرد. جارێکی دیکە وابزانم لە ساڵی ١٩٧٨ بوو بەرنامەکەم پێشکەش کردەوە، چونکە ئەو ماوەیە لە بەغدا بووم، دوایی کە گوازرامەوە بۆ (سلێمانی)یش بەرنامەکەم هەر مابوو، تاکوو نزیکەی شەش حەوت ساڵ ئەو بەرنامەیەم هەر هەبوو.

**ڕامان:** باسێکی ناوەڕۆکی بەرنامەکەمان بۆ بکە، کەرەستەکانت چۆن بۆ بەرنامەکەت کۆ دەکردەوە؟

**جیهان عومەر:** زیاتر باسی هونەری بوو، هەواڵەکان و کەرەستەکانم لە گۆڤارەکان و ڕۆژنامەکان کۆ دەکردەوە.

**ڕامان:** زێدەتر هەواڵی هونەری بووە؟

**جیهان عومەر:** هەواڵی هونەریی جیهانی و عەرەبی و کوردی بوو.

**ڕامان:** هیچ ڕێک نەکەوت هونەرمەندێک بێنی گفتوگۆی لەگەڵ بکەی؟

**جیهان عومەر:** نا، سەرەتا بەرنامەکە ئەوانەی تێدا نەبوو، هەر ئەوانەم تۆمار دەکرد، حەفتەی جارێک بڵاو دەکرایەوە و جارێکیش دووبارە دەکرایەوە، واتە ئەو بەرنامەیەم دوو جار لە حەفتەیەکدا بڵاو دەبووەوە.

**ڕامان:** بەرانبەر ئامادە و پێشکەشکردنی بەرنامەکە پارەت پێ دەدرا؟

**جیهان عومەر:** بەڵێ، پاداشت هەبوو، پارەیان دەدا، وابزانم پارەکە هەشت بۆ دە دینار، شتێکی وا بوو.

**ڕامان:** کە لە هەشتاکان لە سلێمانی بووم، برادەران باسیان دەکرد، بەشی زۆری نووسەرانی سلێمانی بەرنامەیان لە ئێزگەی کوردی بەغدا هەبوو.

**جیهان عومەر:** بەڵێ، زۆر ڕاستە.

**ڕامان:** لەبیرمە سەلام مەنمی بەرنامەیەکی تایبەت بە منداڵانی هەبوو، چیرۆکی بۆیان دەخوێندەوە.

**جیهان عومەر:** د. عیزەددین مستەفا ڕەسووڵ، مستەفا ساڵح کەریم، جەمال شارباژێڕی، کاکەی فەللاح و زۆری تریش بەرنامەیان هەبوو، منیش ئەو گۆڤاری هونەرەم بەڕێوە دەبرد.

**ڕامان:** هەر ئەوکاتە بوو بە منیشیان گوت وەرە لە ئێزگە بەرنامەیەکت دەدەینێ، من نەمکرد.

**جیهان عومەر:** نزیکەی هەشت ساڵ بەرنامەم هەبوو، یەک شتی سەیر لەوەدا هەبوو، هەموو جارێک دەهاتم لێرە لەگەڵ خەڵک چاوپێکەوتن و گفتوگۆم دەکرد و دەمبردەوە لەوێ بڵاوم دەکردەوە.

**ڕامان:** لەوانەی چاوپێکەوتنت لەگەڵ کردوون، کێت لەبیر ماوە؟

**جیهان عومەر:** هونەرمەند عوسمان عەلی، تەنانەت عوسمان عەلی پێی گوتم کەسێک هەیە، ئێستا ناوەکەیم بیر چووەتەوە، گۆرانییەکانی میللی بوون.

**ڕامان:** ئەو گۆرانیبێژە میللییە کەریم خەمزەیی نەبوو؟

**جیهان عومەر:** کەسێکی وا بوو. گوتی پێی گوتووم حەز دەکا چاوپێکەوتنێکی لەگەڵدا بکرێت. گوتم باشە، ئیتر لە دووکانەکەی ئەو چاوپێکەوتنەکەم لەگەڵ تۆمار کرد، سەیرم کرد بە زمانێکی میللیی ناو بازاڕ قسە دەکات، بە (عوسمان عەلی)م گوت عوسمان ئەوە وەکوو ناو بازاڕ قسە دەکات، پێی بڵێ شێوازی قسە کردنەکەی بگۆڕێت، دواجار ئەوەمان تۆمار کرد.

**ڕامان:** لە بەرنامەکەتدا، لە بڵاوکردنەوەی هەواڵ و بابەتەکان ئازاد بووی، یان سانسۆر دەکران؟

**جیهان عومەر:** سانسۆر هەبوو، جارێک عەتا قەزاز کە لە شەقامی ئورۆزدی دووکانێکی تۆمارگەی هەبوو، گوتی کاسێتێکم بۆ هاتووە هی گۆرانیبێژێکی زۆر بەناوبانگە و ئێرانییە، بۆ نایەی لەگەڵ خۆت لەوێ لە بەرنامەکەتدا بڵاوی بکەیتەوە.

**ڕامان:** گۆرانیبێژەکە کێ بوو؟

**جیهان عومەر:** گۆرانیبێژەکە ناسری ڕەزازی بوو کە ژنەکەیشی گۆرانیبێژ بوو، ئیتر بردم لە یەکێک لە بەرنامەکاندا پێشکەشم کرد، نەمزانی کە دەبوو پرسیارم بکردایە و مۆڵەتی بۆ وەربگیرێ، ئینساتەکە گوێی لێ بووبوو، خێرا خەبەریان دابوو، بانگیان کردم.

**ڕامان:** کە بانگیان کردی چییان پێ وتی؟

**جیهان عومەر:** گوتیان تۆ چۆن ئەو گۆرانییەت لێ داوە، ئەوە پێشمەرگەی ئێرانە. گوتم بابە ئەوە گۆرانیبێژێکی چاکە، دژی ئێرانە. خەریک بوو لەسەر ئەوە تووشی کێشەیەکمان بکەن، ئیتر کە چووبوون پرسیاریان کردبوو، وازیان لێ هێنام. لەوەوە گۆرانیی ناسر ڕەزازی لە ئێزگەکاندا بڵاوبووەوە.

**ڕامان:** واتە کارەکەت بەخێر بۆ هونەرەکەی ناسری ڕەزازی گەڕا؟

**جیهان عومەر:** بەڵێ، بەخێر گەڕا، یەکەمین جار من بووم گۆرانییەکانیم لە بەرنامەکەمدا بڵاو کردەوە.

**ڕامان:** دوایی ناسر ڕەزازی خۆی بەو بەسەرهاتەی زانی؟

**جیهان عومەر:** جارێک خۆم پێم گوت، ئەویش گوتی حەز دەکەم لەگەڵت دانیشم، ئیتر نەمبینییەوە.

**ڕامان:** بە ڕەزامەندیی خۆت دەستت لە بەرنامەکە بەر دا، یان پێیان داخستی؟

**جیهان عومەر:** خۆم وازم هێنا، کەمال ڕەئووف محەمەد زۆر یارمەتیی دام، هەندێ شت کە لەو جۆرە بابەتە بووایە و ڕێپێدراو نەبووایە پێی دەگوتم ئەوە بڵاو مەکەوە، دوایی بانگت دەکەن و تووشی کێشە دەبیت.

**ڕامان:** ئاخر خۆی ساڵانێکی زۆر لەوێ کاری کردبوو، شارەزا بوو.

**جیهان عومەر:** شارەزا بوو، نەی دەهێشت هەندێ هەواڵ و بابەت، یان گۆرانی بڵاوبکەمەوە، زۆر یارمەتیی دام.

**ڕامان:** بەرنامە تەلەڤزیۆنییەکەی یەکێتیی نووسەرانی کورد هەتا کەی لەگەڵیان بەردەوام بووی؟

**جیهان عومەر:** ماوەیەکیش ئەو بەرنامەیەمان بەڕێوە برد، ئیتر وازمان هێنا.

**ڕامان:** وەک پیشەی خۆتان، تاقەتتان لێی چوو، یان وەستاندیان؟

**جیهان عومەر:** وابزانم خۆیان وەستاندیان.

**ڕامان:** هیچ هەوڵت نەداوە بەرنامەی تەلەڤزیۆنیی دی وەربگری؟

**جیهان عومەر:** تاقەتی ئەو شتانەم نەماوە.

**ڕامان:** ئێستا ناڵێم کە هەر تاقەتی هیچت نەماوە، مەبەستم لە ساڵانی زووە؟

**جیهان عومەر:** هەر بە جارێ تاقەتی ئەو شتانەم نەما.

**ڕامان:** باشە، تۆ لە ژیانی ئەدەبیتدا، لە بواری ڕۆژنامەگەریی کوردی بەشداریت کردووە؟

**جیهان عومەر:** نا، بەشداریم نەکردووە، بەڵام ئەگەر شتێکم هەبووبێ، دەستم بە هەر گۆڤار و ڕۆژنامەیەک ڕاگەیشتبێت، بابەتەکەم تێیاندا بڵاوکردووەتەوە.

**ڕامان:** هەروەکوو بەشداربوویەک دووراودوور نووسین و بابەتت بۆیان ناردووە، بەڵام لە

ڕۆژنامەگەریدا کارت نەکردووە.. ئەی بیروڕات بەرانبەر بە ڕۆژنامەگەریی کوردیی سەردەمی زوو و ئێستا چییە، چۆنی دەبینی؟ پێم خۆشە قۆناغ بە قۆناغ باسی بکەی، بۆ نموونە تا سەردەمی هاتنی ڕژێمی بەعس، لە ساڵی ١٩٦٨ جۆرێک بووە، سەردەمی بەعس تا ساڵی ١٩٧٠ جۆرێک بووە، لە ١٩٧٠ تا ١٩٧٤ جۆرێکی دی بووە.

**جیهان عومەر:** ڕۆژنامەگەریی کوردی لە زەمانی پێش هاتنی بەعس زۆر چاکتر بوو، ڕۆژنامە و گۆڤار پڕ بوو لە وتار و بابەتی باش، شتی چاک و جوانیان بڵاو دەکردەوە، نەدەچوونە ناو بەزموڕەزمی سیاسەتەوە، بەڵام دوای ئەوە، ئیتر وای لێ هات ڕۆژنامەگەری بەهۆی تێهەڵچوون لەو جۆرە بابەتانە سوودی نەما.

**ڕامان:** ئەی لەو زۆری و بۆری و هەرایەی ئێستا تێی کەوتووە ڕۆژنامەگەریی کوردی چۆن دەبینی و چی لە بارەیەوە دەڵێی؟

**جیهان عومەر:** ئێستا هیچ، سفرە، هیچ شتێکی تێدا نییە سەرنجم ڕابکێشێت.

**ڕامان:** هەر هەمووی بەلاتەوە نەرێنییە، ڕوویەکی گەشی تێدا نییە باسی بکەی؟

**جیهان عومەر:** نا وەڵڵا، کەڵکی نییە، هەمووی بۆ لایەنگری حزبایەتی و سیاسەتە.

**ڕامان:** ئەی ڕۆژنامەگەریی ئەدەبی و کولتووری، ئەوانیش هەروان؟

**جیهان عومەر:** هەمووی هەر بەلای بابەتی خۆیاندا ڕایدەکێشن.

**ڕامان:** من هەرگیز لەگەڵ ئەو بیروڕایەتدا نیم.. لە پەنجاکانەوە، ساڵانێکی زۆر بوو هەوڵ دەدرا یەکێتیی نووسەرانی کورد دامەزرێ، پێشتر یەکێتیی نووسەرانی عێراق هەبوو، زۆر نووسەری کورد لەوێ بووبوون بە ئەندام، ڕەفیق حیلمی، گۆران، مستەفا ساڵح کەریم، لەسەر کتێب و چاپکراوەکانیان دەیاننووسی ئەندامی یەکێتیی نووسەرانی عێراق، دواتر هەوڵی زۆر درا کورد ڕێکخراوەکانی بەرەو کوردستانیبوون بەرێت، هەر لە یەکێتیی لاوان و قوتابیان و ئافرەتان و نووسەرانەوە تا هەموو ڕێکخراوەکانی دی قەوارەی سەربەخۆی خۆیان هەبێت، کۆبوونەوەی زۆر کراوە، حەمەساڵح دیلان وتارێکی بە ناوی «یەکێتیی نووسەرانی کورد بۆ؟» نووسیوە، تێیدا باسی پێویستیی بوونی یەکێتیی نووسەرانی کوردی کردووە کە دەبێ هەبێت بۆ ئەوەی داکۆکی لە مافی نووسەرانی کورد بکات و لە ناوەندێکدا کۆیان بکاتەوە، ئەو کۆبوونەوەیەی لەماڵی م. شێخ محەمەدی خاڵ کراوە، ئەوە کەی بوو، لە چ ساڵێکدا بووە، تۆش لەوێ ئامادە بووی؟ وێنەیەکی بەکۆمەڵی نووسەرانی سلێمانی گیراوە، دیارە تۆش لەوێی، ئەوە لە کوێ گیراوە؟

**جیهان عومەر:** وێنەکە لە بارەگای یەکێتیی نووسەرانی کورد گیراوە کە بەکرێ گرتبوومان.

**ڕامان:** واتە ئەوکاتە لقی سلێمانی کرابووەوە؟

**جیهان عومەر:** لقەکەمان کرابووەوە، ئەوە یەکەمین هەڵبژاردن بوو کە کرا، چەند کەسێکیان لەوێ نەبوون، ئەگینا ئەوە هەموو ئەندامان و دەستەی بەڕێوەبەرانی نووسەرانی کوردە کە لەو وێنەیەدا دیارن، یەکێک لەوانەش منم.

**ڕامان:** ئەوە یەکێک لە وێنە گرنگەکانە کە دەمەوێ بڵاوی بکەمەوە، هەوڵ دەدەم لە ژێریدا ناوەکانیشیان بنووسم.. تۆ لە یەکەم هەڵبژاردنی لقی یەکێتیی نووسەرانی کورد سلێمانی لەگەڵ نووسەران بووی؟

**جیهان عومەر:** بەڵێ.

**ڕامان:** یەکەم دەستەی بەڕێوەبردن کە ناوەکانیان هەیە، تۆ یەکێتیی نووسەران چۆن دەبینی، وەک دیارە ئەم یەکێتیی نووسەرانە کە سەرەتا دروست بوو دەوری چاکی لە بزاڤی ئەدەبی و کۆکردنەوەی ئەدیبەکاندا هەبووە، ئەو چالاکیانەت بەلاوە باش بوو، ئەو ئامانجانەی یەکێتیی نووسەران هەوڵی بۆ دەدا هاتنە دی؟

**جیهان عومەر:** ئەوەی کە دەیڵێی هەمووی وا بوو، زۆر بیرۆکەی باشیان هەبوو، زۆر گونجان و ڕێککەوتنی باشیان لە نێواندا هەبوو.

**ڕامان:** تەنانەت تەبایی لەناو نووسەرەکان زۆر بەهێز بوو، ڕۆحی هاوکاری کردنی یەکتری هەبوو.

**جیهان عومەر:** بەڵێ، تەبایی زۆر لە نێوانیان هەبوو، کاریان بەسەر ئەوەوە نەبوو کە ئەوە چییە و ئەوە چییە، هەمووی وەک یەک لەپێناوی بەرژەوەندیی ئەدەبی کوردی کاریان دەکرد.

**ڕامان:** ئەمە تاکەی وابوو، تا ساڵی چەندی خایاند؟

**جیهان عومەر:** من سێ جار لە هەڵبژرانەکان دەرچووم، هەر سێ جارەکە کە من لە دەستەی بەڕێوەبردنی لق بووم وا بوو.

**ڕامان:** مەبەستم ئەو دەستەی بەڕێوەبەرییەی ساڵی ١٩٧٠ تا ساڵانی ١٩٧٤ چالاک بوو، کە شۆڕش دەستی پێ کردەوە، لە دوای ساڵی ١٩٧٥ـەوە چەند ساڵێک وەستا، لەبەر ئەوەی هەموو خەڵکەکە چوونە دەرەوە، کە گەڕانەوە ماوەی (٣) ساڵ، واتە تا ساڵی ١٩٧٨ و گرتنی کۆنگرەی پێنجەم سڕ بوو، دوای ئەوە هەوڵێکی زۆر درا، نامەی زۆر بۆ تاریق عەزیز بەرپرسی (نووسینگەی ڕاگەیاندنی نەتەوەیی) و وەزیری ڕۆشنبیریی و ڕاگەیاندن و ئەم لا و ئەو لا نووسرا تا جارێکی دیکە دامەزرایەوە. کۆنگرەی پێنج لە هەولێر گیرا، تۆ دەزانی ئەو ماوەیەی ڕابوردوو بە جوانی هێنابووی، دەمەوێ بزانم لە دوای دامەزرانەوەی ساڵی ١٩٧٨، واتە لە کۆنگرەی پێنج بەدواوە، یەکێتیی نووسەرانی کورد بە گشتی چۆن دەبینی؟

**جیهان عومەر:** ئەو دەستەی بەڕێوەبەرییەی لە وێنەکەدا دەیبینی، لە دوای ئەوەوە ئیتر باش ڕۆیشتووە تاکوو ئەم دەقەیە کە ئێستا بەداخەوە کەمێک کەمتەرخەمی تێدا کراوە.

**ڕامان:** ئەو قسەیەت بەو مانایە دێ کە ئێستا بەدڵت نییە و لە ئاستی پێویستدا نایبینی؟

**جیهان عومەر:** ناوەڵڵا، بە دڵم نییە.

**ڕامان:** کە پیاوێکی وەک تۆ دەبینم هەموو تەمەنت لەناو یەکێتیی نووسەران و ئەدەبیاتدا بەڕێ کردووە، تووشی ناهومێدی بووی و دەڵێی وازم لە هەموو شتێک هێناوە، منیش کە لە مەڵبەندی گشتی و لە سەرکردایەتییەکە، لەگەڵ ڕەوانشاد کاکەمەم بۆتانی، سەرۆک و جێگری مەڵبەندی گشتی بووین، ئێستاش من لەوێم، بەڵام بە بەردەم بارەگاکەیاندا تێ دەپەڕم، حەز ناکەم بچم سەریان لێ بدەم، لەبەر ئەوەی هەمووی ئاڵۆزییە، دوایی دەبیستمەوە بە ڕۆژی نیوەڕۆ یەخەی خەڵک دەگیرێ، جنێو بە خەڵک دەدرێ و سووکایەتییان پێ دەکرێ، هەڵوێستیان نییە.. باشە بە چ چاوڕوویەک و بە چ دڵێک دەچیتە لای ئەمانە؟ بێگومان ناچیت. ئێستا نموونەییترین لق کە زۆر بەدڵمن، لقی دهۆکە، ئەوجار لقی هەولێر، ئەمانە هەریەکەیان ڕێستۆرانێکیان هەیە، ساڵانە بەکرێیان داوە، بە پارەی ئەو کرێیە بۆخۆیان بەردەوام کۆڕ دەگرن و چالاکی دەنوێنن، گۆڤاریان هەیە، بەڵام ئەو برادەرانەی ئێرە کەمتەرخەمن، هەر هیچ نەبێ

دەبوو سەردانی نووسەرانی وەکوو تۆ بکەن.. تۆ ئێستا نوختەیەکت داناوە و دەڵێی ئیتر نانووسم، ئەو بڕیارە پاشگەزبوونەوەی تێدا نییە؟

**جیهان عومەر:** ڕاستییەکەی بە تەواوی نازانم، ئێستا بیرەوەرییەکانم بەدەستەوەیە، ئەگەر بتوانم تەواوی بکەم باشە، دوای ئەوە با بزانم چۆن دەبێت.

**ڕامان:** من وەکوو داوایەکی برایانە، کورد دەڵێ سەرێکە و هێناومانە بەناو دۆخەکەدا، ئیتر نابێ کۆڵ بدەین و بەجێی بهێڵین، ئێمەش هەر لە دوانزە ساڵییەوە خەریکین. هیوادارم تۆش کۆڵ نەدەی، بە باشی تا ئێرەت هێناوە. باشە ئێمە تەنیا چاوەڕێی ئەوە بین بیرەوەرییەکانت چاپ بکەی؟

**جیهان عومەر:** ئیشەڵڵا.

**ڕامان:** ئەو بیرەوەرییانەت هیچی وای تێدایە سەرنجڕاکێش بێ لێرە باست نەکردبێت؟

**جیهان عومەر:** با بزانم چۆن دەبێ.

**ڕامان:** پێم خۆشە کە شتی سەرنجڕاکێشی تێدا بێت.

**جیهان عومەر:** هەموو ئەوەی لێرە و لەوێ باسم کردوون هەر لە بارەی ژیان و ئەزموونی خۆمەوەیە.

**ڕامان:** ئێستا دێمە سەر بابەتێکی دیکە، کە زۆر بەلامەوە گرنگە، کاوەی ئەحمەد میرزا، گفتوگۆیەکی دوورودرێژم لەگەڵ کرد، زۆر بە باشە باسی لەوە کرد یەکەم ئافرەت قاچی خستبێتە سەر تەختەی شانۆ، (گوڵزار)ی خوشکی تۆ بووە، ئەو دەڵێ زۆر کەس پێشتر وەک ڕەئووف یەحیا و تەها خەلیل و عومەر چاوشین و من و کێ و کێ دەوری ئافرەتیان گێڕاوە، باوکی، ئەحمەد میرزا، پێی گوتووە ئەرێ تا کەی پیاو دەوری ئافرەت دەبینێ، ئەوە بەس نییە، بۆ ناچن ئافرەت پەیدا بکەن، دەڵێ یەکەم ئافرەت کە هاتە سەر شانۆ، خوشکی تۆ، گوڵزار عومەرە، لەوێ زۆر وەسفی تۆی کردووە، دەڵێ لەبەر ئەوەی براکەی خوێندەوار و ڕووناکبیر بوو، پشتیوانیی لە خوشکەکەی کرد و هانی دا بۆ ئەوەی بێتە سەر شانۆ، ئەم هەنگاوە لەو کاتەدا شۆڕشێک بووە، ئافرەتێکی تر کچەکەی (م. سەعید ناکام)ە، نەرمین ناکام. کاتێک لە دەستەی کشتوکاڵی سلێمانی بووم، پێکەوە فەرمانبەر بووین، حەز دەکەم باسێکی ئەو هەنگاوەتمان بۆ بکەی؟

**جیهان عومەر:** وەکوو فەرمووت ئەو سەردەمە کەس نەبوو دەوری ئافرەت ببینێ، هەر پیاو دەوری ئافرەتیان دەبینی، منیش بە گوڵزاری خوشکم گوت، دەتوانی لە شانۆگەری (مەم و زین)دا دەور ببینی؟ گوتی دەتوانم، ئیتر چووە سەر شانۆ و دەورەکەی بە جوانی بینی.

**ڕامان:** خۆت بۆ لای شانۆکارەکانت برد؟

**جیهان عومەر:** بەڵێ، خۆم بردم، بەڕاستی دەورێکی چاکی بینی و زۆر سەرکەوتوو بوو، لەوەوە ئەو ڕچەی نەبوونی ئافرەت شکا و نەختە نەختە ئافرەت هاتنە سەر شانۆ و ئەو ترسە ڕەوییەوە و تاکوو ئەمڕۆکە دەبینی ئەو خەڵکە چۆن چووەتە سەر شانۆ و دەوری هونەریی باش دەبینن.

**ڕامان:** ئەمە بۆ کاتی خۆی ڕچەشکێنییە، هونەرەکەی بۆ تۆ دەگەڕێتەوە کە بردووتە بۆ سەر شانۆ، لەو کاتەدا هەر پیاو دەوری ئافرەتیان دەگێڕا، بۆیە ئەو دەستپێشخەرییە زۆر گەورە و گرنگە.. باشە ئەو خوشکەت بەبێ هیچ پێشینەیەک، هەر یەکسەر چووە سەر

شـانۆ، یـان پەراوەیـان پـێ کـرد؟

**جیهان عومەر:** چەند ڕۆژێک پەراوەیان پێ کرد.

**ڕامـان:** واتـە هەموو جـووڵ و هەڵسوکەوتەکانی سـەر شانۆ و حیوارەکانیـان پـێ گـوت؟

**جیهان عومەر:** بەڵێ، هەموویان پێ گوت.

**ڕامـان:** بیسـتوومە دواتـر چوونەتـە لای باوکت و سکاڵایان لـەلای کـردووە کـە نەدەبـوو ڕەزامەنـدی نیشـان بـدا کچەکـەی بچێتـە سـەر شـانۆ؟

**جیهـان عومـەر:** بەڵێ، شکایەتیان کـرد، تانەیان لـە باوکـم دەدا و ئەوەیـان پـێ بـاش نەبوو.

**ڕامان:** چییان بە باوکت گوتبوو؟

**جیهـان عومـەر:** گوتبوویـان ئـەوە شـوێنی ئـەو نییـە، هـەق نییـە بهێڵـی کچـت بچێتە سـەر شـانۆ، ئـەو شـانۆیە چییـە! منیـش بـە باوکـم گـوت شـتی وا نییـە، ئـەوە خەڵکـە بۆخۆیـان قسـە دەکـەن، ئیتـر قەناعەتـی کـرد و ئەویـش دەورەکـەی بـە باشـی بینـی.

**ڕامـان:** دیـارە ئـەو دەستپێشـخەرییە دەوری باوکیشـتی تێدایـە، چونکـە قەناعەتـی کـردووە ئـەو کچـەی بچێتـە سـەر شـانۆ، وەک دیـارە تـۆش کاریگەریـت لەسـەر باوکـت هەبـووە؟

**جیهان عومەر:** بەڵێ، بێگومان ئەوە وایە.

**ڕامـان:** بـە پلـەی یەکـەم هونەرەکـە بـۆ تـۆ دەگەڕێتـەوە، تـۆ وەکـوو کەسـێکی ڕووناکبیـر توانیوتـە پشـتیوانیی لـە خوشـکەکەت بکـەی.

**جیهان عومەر:** ڕاستە.

**ڕامـان:** ئەنـوەر تۆڤـی دەرهێنـەری شـانۆگەری (مـەم و زیـن) بـوو، کـە سـاڵی ١٩٥٨ خسـتییە سـەر شـانۆ، خوشـکەکەت بەشـداریی تێـدا کـرد، تـۆ ئاشـنایەتیت لەگەڵـی هەبـوو؟

**جیهان عومەر:** پێشتر نەمدەناسی، هـەر بەهۆی تەمسـیلی مـەم و زیـن کـە لـە سـانەوی سـلێمانی کـرا، پێوەندیـم لەگەڵـی پەیـدا کـرد، ئـەو لـەو شـانۆگەرییەدا ئیشـی دەکـرد، خوشکیشـم لەگەڵـی کەوتـە ئیـش کـران.

**ڕامان:** تۆ لەو شانۆگەرییەدا دەورت چ بوو؟

**جیهـان عومـەر:** هەمـوو شـانۆگەرییەک دەبووایـە پێشکەشـکاری هەبـێ، مـن وەک پێشکەشـکاری بەرنامـە لەگەڵیـان بـووم.

**ڕامان:** دوای خوشکەکەت کێ چووە سەر شانۆ؟

**جیهـان عومـەر:** نەجـات مەحـوی دووەم ئافـرەت بـوو چـووە سـەر شـانۆ، دوای ئـەو گەلاوێـژ سـابیر کۆیـی، پاشـان نەرمیـن نـاکام.

**ڕامـان:** دەمـەوێ بێمـەوە سـەر بیرۆکـەی دروسـتبوونی کۆمەڵـی هونـەر و وێـژەی کـوردی، ئایـا دروسـتبوونەکەی تەنیـا بـۆ هـۆکاری عاجـز بوونـی ئەمینـی میـرزا کەریـم بـووە لەگـەڵ یەکێـک لـە ڕێکخـراوە هونەرییـەکان، یـان هـۆکاری تریـش هەیـە؟

**جیهـان عومـەر:** دروسـتبوونی کۆمەڵـی هونـەر و وێـژەی کـوردی لـە ئەنجامـی ئـەوە بوو کـە ئەمینی میـرزا کەریـم ویسـتی لـە سـلێمانی هاوبەشـیی هەڵبژاردنـی یەکێـک لـە دەزگا هونەرییـەکان بـکات و ڕێگەیـان نـەدا.

**ڕامان:** ئەو ناوەندە هونەرییە ناوی چ بوو؟

**جیهان عومەر:** کۆمەڵەیەکی هونەری بوو، ئیتر ئەمیـن میـرزا کەریـم لـە کاتـی هەڵبژاردنەکـەدا لـە هەنـدێ شـت عاجـزی و ناخۆشـیی لەگەڵیـان بـوو. ئـەو کاتـە هەردووکمـان لـە کارگـەی جگـەرەی سـلێمانی ئیشـمان دەکـرد، هاتـەوە بـۆ کارگـە و گوتـی، بـە منیـان گـوت دەتبەینـە دەسـتەی بەڕێوەبردنـەوە، بـەڵام وا دەرنەچـوو، فێڵیـان لـێ کـردم. منیـش پێـم گـوت جا ئـەوە سـەخڵەتبوونی بـۆ چییـە، ئەگـەر ئامـادەی وەرە ئێمـە شـتێک دروسـت دەکەیـن، ئـەدەب و هونـەری تێـدا کـۆ بێتـەوە.

**ڕامان:** گوتت ئەویش لەگەڵت فەرمانبەر بووە؟

**جیهـان عومـەر:** بەڵــێ، لــە کارگــەی جگــەرە مولاحیــزی ئــەوراق بــوو.

**ڕامان:** تۆش لە بەشی کارگێڕییەکەی بووی؟

**جیهان عومـەر:** من لە بەشی زاتییــەی کرێکاران بـووم، دوای ئـەوەی قسـەمان لەسـەر ئـەوە کـرد کـە ئـەو کۆمەڵـی هونـەر و وێژەیـە دروسـت بکەیـن، هەسـتام چوومـە بینـای شـارەوانی کـە ئێسـتا بـووە بـە هۆتێـل.

**ڕامان:** ناوی هۆتێلەکە چی بوو؟

**جیهان عومەر:** ئێسـتاش شـوێنەکەی هـەر هۆتێلە، هوتێل ئاشتی، بەرانبەر کارگـەی جگەرەیە.

**ڕامـان:** ئـەو شـوێنەی کـە ئەمیـن میـرزا کەریـم ویسـتی خـۆی بـۆ هەڵبژێـرێ و فێڵیـان لـێ کـرد کـوێ بـوو.

**جیهان عومـەر:** پێـم وایـە تیپـی پێشـڕەو بـوو، ئیتـر گوتـم دەچـم لـەوێ قسـە لەگـەڵ نـووری وەشـتی و ئـەوان دەکـەم، ئـەو لـەوێ بەڕێوەبـەری کارگێـڕی بـوو. کـە چـووم پێـم گـوت لەگـەڵ ئەمیـن میـرزا کەریـم نیـازی شـتێکی وامـان هەیـە، تـۆ ئامـادەی لەگەڵمـان بیـت؟

**ڕامـان:** ئەوکاتـە تیپـی پێشـرەو نەبـوو، ئـەوە تیپـی نوانـدن و مۆسـیقای سـلێمانی بـووە.. نـووری وەشـتی چـۆن پێشـوازی لـە پێشـنیارەکەت کـرد، هەڵوێسـتی چـۆن بـوو؟

**جیهان عومـەر:** گوتـی بەسـەرچاو، ئێـوە چـی دەکـەن، منیـش لەگەڵتانـم. گوتـم دەی باشـە، ئێسـتا مەحمـوود زێـوەر و نەجاتی عەبدە و حاتەم سـەعیدیش لێرەن، ئەوانە بانگ بکە با قسـەیان لەگـەڵ بکەیـن و بزانیـن ئەوانیـش ئامـادەن.

**ڕامـان:** ئـەوە نوێیـە، هەموویـان لـە شـارەوانی، لـەلای نـووری وەشـتی بووبـن؟

**جیهـان عومـەر:** بەڵــێ، کـە بانگـی کـردن هەموویـان ئامادەیـی خۆیـان پێشـان دا، ئێسـتاش مەحمـوود زێـوەر مـاوە، بەیانیـش بڕیـارە مـن لێـرە لەسـەر ئـەوە مەحمـوود زێـوەر ببینمـەوە. کـە بڕیـار درا دروسـتی بکەیـن، ئەوجا بە حەمەسـدیقی محامـی، بـە عەلـی جـۆڵا و تەهـا خەلیـل و کۆمەڵێـک خەڵکمـان گـوت و لای حەمەسـدیقی محامـی کـە ئـەو کاتـە بەڕێوەبـەری کارگێـڕی ژووری بازرگانیـی سـلێمانی بـوو کـە کەوتبـووە شـەقامی مەولـەوی، هـەر لـەلای ئـەو هەموومـان کۆبووینـەوە و بڕیارمـان دا شـتێک دروسـت بکەیـن هونـەر و ئەدەبـی تێـدا بێـت.

**ڕامان:** هەر لەو دانیشتنە دوا بڕیارتان دا؟

**جیهـان عومـەر:** کـە دانیشـتین پـاش لێـدوان و قسـەکردنێکی زۆر لـەو بابەتـە، بڕیارمـان دا ئـەو کۆمەڵـە دروسـت بکەیـن و پەیڕەوێکـی ناوخـۆی بـۆ دابنێیـن.

**ڕامـان:** بۆچـی دانانـی پەیڕەو و پرۆگرامەکەتـان بە نووری وەشـتی و حەمەسـدیقی محامی سـپارد؟

**جیهـان عومــەر:** لەبــەر ئــەوەی حەمەســدیقی محامـی و نـووری وەشـتی لـەو ئیشـانە شـارەزا بـوون، پێکـەوە پەیڕەوەکەیـان دانـا و دامـان بـە موتەسـەڕیفیەتی ئەوسـای سـلێمانی، ئەوانیـش حەواڵەیـان کردیـن بـۆ ئەمنـی سـلێمانی، لـە ئەمـن سـەحیفەی ئەعمالیـان پـێ دەگـوت، بۆیـان کردینەوە و هەمـوو شـتەکان ڕەوانـەی بەغـدا کـران.

**ڕامـان:** پـاش ئـەوەی ڕەزامەندیی لەسـەر هاتەوە خانووتـان بـۆ بـە کـرێ گرت؟

**جیهـان عومـەر:** بەڵـێ، لێـرە خانوویەکمـان بـۆ گـرت، ئـەوەی مـن لەبیـرم بێـت، ئـەو خانووەی کە یەکەمیـن جـار گرتمـان کۆڵانێـک بـوو لـەلایماڵـی سـاڵح عـەرەب، بەرانبـەر گەراجی ئەسـحابە سـپی. دوایـی خەڵکێکـی زۆریشـمان دەعـوەت کـرد، لەوانە زۆر لـە ئەدیبەکانـی بەغـدا، وەکـوو جەواهیـری و

ئەوانە هاتن بۆ ئێرە و میوانداریيەكی گەورەمان بۆ كردن.

**ڕامان:** بۆ ئەوەی بیسەلمێنن ئەدەبیشتان لەبەرچاو گرتووە، میوانداری ئەوانەتان كردووە؟

**جیهان عومەر:** شتێكمان دروست كرد ئەدەب و هونەرمان تێدا كۆ كردەوە، كۆمەڵێک كاری هونەری و شانۆگەری و كۆڕ و كۆبوونەوەی جوان لەسەر ئەدەب و هونەر كرا. ئەو كۆمەڵە هەتا ئێستا بەردەوامە، كە دوایی بینایەكی لەلای ئیمرجنسی بۆ كرِدرا، ئێستا ئەو كۆمەڵەیە هەر لەوێدا ماوەتەوە.

**ڕامان:** من ئاگادارم كە ئەو بینایەیان بۆی دروست كرد، دوای ئەوەی (عەلی كەمال بەگ)یش هاوكاریی كردن.

**جیهان عومەر:** بەڵی، نەک هەر ئەو، خەڵكێكی زۆر هاوكارییان كرد، ئێستا بینایەكی جوانە و كۆمەڵ لەو شوێنەدایە.

**ڕامان:** دیارە پێوەندیی تۆ لەگەڵ ئەمینی میرزا كەریم، پێوەندییەكی زۆر تایبەتی بووە، ئەو دۆستی نزیكی منیش بوو، پێم خۆشە لە داهاتوودا وەكوو وەفایەک، وتارێكی لە بارەوە بنووسی.

**جیهان عومەر:** كوڕێكی باش، پیاوێكی چاک، چیرۆكنووسێكی باش، كەسێكی بە هەڵوێست و نیشتمانپەروەر، تەنانەت ئاگام لێ بوو كوڕەكەی ڕەوانەی ناو پێشمەرگە كرد و لەوێوە چووە بەریتانیا، بەداخەوە لەم دواییەدا تووشی نەخۆشی بوو، كوڕەكەیشی لە دەرەوە بوو. ئەمینی میرزا كەریم زۆر دۆستی چاک بوو، دڵسۆزانە ڕەفاقەتی خەڵكی دەكرد.

**ڕامان:** ڕاستە، هەموو ئەوە خەسڵەتانەم لێ دیوە، بۆیە كاتێک لە سلێمانی ژنم هێنا، وەكوو دۆستێكی نزیک، بۆ مارەبڕین و شەكراوخواردنەوە، ئەو یەكێک بوو لەو كەسانەی بۆ خوازبێنی كردنی ئەو كچەی دەستنیشانم كردبوو چوو،ماڵە خەزوورانی منیشی بە باشی دەناسی كە ئەوسا لە بەرانبەر چاپخانەی كامەرانی بوو، عەلی بەگی جاف و دیلان و شێركۆ بێكەس و مستەفا ساڵح كەریم و ڕەئووف بێگەرد و سەلام مەنمی و ژمارەیەكی زۆر لە هونەرمەندان و ئەدیبان بوون خوازبێنییان بۆ كردم.

**جیهان عومەر:** ماڵە خەزوورانی تۆ، خزمی نزیكی ئامۆژنمن، خزمایەتییان لەگەڵ ماڵی زێوەری شاعیریش هەیە.

**ڕامان:** زۆر ڕاستە، ئەو خزمایەتییەیان بۆ باس كردووم.

**جیهان عومەر:** ئاخر ئامۆژنم لە ماڵی زێوەرە.

**ڕامان:** دایە حەپسە، دەكاتە نەنكی خێزانم.

**جیهان عومەر:** لێیان بپرسە، ماڵی مەحموود زێوەر و كەسوكارەكەی هەموویان خزمەیاتییان لەگەڵ ماڵی خەزوورانت هەیە.

**ڕامان:** نەنكی خێزانم دەكاتە ژنخوشكی زێوەرەفەندی.

**جیهان عومەر:** بەڵێ وایە.

**ڕامان:** با باسی سەلام مەنمی بكەین، وەک دەزانین ئەو چیرۆكنووسە یەكێكە لە هاوڕێ نزیكەكانت، حەز دەكەم چ وەک چیرۆكنووس، چ وەک هاوڕێ قسەی لەبارەوە بكەی و كەمێک مافی خۆی بدەینێ، چونكە لەوەتەی مردووە كەس لای لێ نەكردووەتەوە، حەز دەكەم چی بیرەوەریت لەگەڵی هەیە باسی بكەی، دوای ئەوەش وەكوو چیرۆک و ڕۆماننووس چۆنی هەڵدەسەنگێنی؟

**جیهان عومەر:** چیرۆكنووسێكی چاک بوو، لەم دواییەشدا دەستی دایە ڕۆماننووسین، ڕۆمانی چاكی دەنووسی، بەڵام عادەتێكی

هەبوو، کە قسەیەکت بکردایە و بەدڵی نەبووایە زوو هەڵدەچوو. جارێکیان کۆڕێکی چیرۆکی گرت، گوتیان کێ قسەی لەسەری هەیە، منیش دەستم بەرز کردەوە، کەچی گوتی دانیشە هەتیو! تۆ ڕەفیقمی، عەیب ناکەی، بۆچی ڕەخنەم لێ دەگری! لە سەفەرەکانیشدا زۆر جار تووڕەمان دەکرد.

**ڕامان:** لەگەڵ قوتابییەکانیشی هەندێک سەرگورشتەی خۆشی هەیە، زۆر لە هاوڕێ و قوتابییەکانی بۆیان گێڕاومەتەوە.

**جیهان عومەر:** بەڵێ، نوکتە و بەسەرهاتی خۆشی هەبوو. جارێکیان لەلایەن مام جەلالەوە دەعوەتمان بۆ کرا، هەموو نووسەرانی سلێمانی تێدا بوو، لە کاتی نانخواردندا مام جەلال ڕووی کردە ئەو و وتی، ئەرێ سەلام نوکتەی تازە چی هەیە؟ گوتی مام جەلال هەرچی ئەمانە دەیڵێن ڕاست ناکەن، هیچم لەسەر نییە. بەڕاستی شتی خۆشی هەبوو.

**ڕامان:** لە هەموو شتێک گرنگتر ئەوەیە کە پیاوێکی دڵپاک بوو، گرێ و ڕق لە دڵیدا نەبوو، تا ئەو ڕۆژەی مردیش هەر پیاوێکی پاک و دڵسۆز و هاوڕێدۆست بوو، لە سلێمانی هاوڕێیەکی نزیکم بوو، زۆر جاریش کە دەهات بۆ هەولێر، سەردانی دەکردم، تا ئەمری خوایشی کرد، چیرۆک و بابەتەکانیمان بڵاو دەکردەوە.

**جیهان عومەر:** باوکی مانگانە سێ دیناری بۆ دەنارد کە بچێ لە بەغدا لە مەرقەدی شێخ عەبدولقادری گەیلانی بیکا بە خێر، ئەمیش هەموو مانگێک سێ دینارەکەی خەرج کردووە و نەچووە بۆ ئەوێ، هەر نەیشیزانیوە لە کوێیە. بە ڕێکەوت جارێک باوکی دەچێ بۆ بەغدا و پێی دەڵێ با بچین سەرێک لە مەرقەدی شێخ عەبدولقادری گەیلانی بدەین. دەڵێ باوکە نازانم لە کوێیە! دەڵێ ئەی سێ دینارەکەی مانگانەت چی لێ کردووە! دەڵێ وەڵڵا خەرجم کردووە.

**ڕامان:** ئەی وەکوو چیرۆک و ڕۆماننووس چۆنی دەبینی، بەتایبەتی زمانە کوردییەکەی کە زۆر دەوڵەمەند بوو، بە کوردییەکی پاراو و جوان دەینووسی؟

**جیهان عومەر:** لە چیرۆک و ڕۆماننووسیدا باش بوو، خراپ نەبوو، لەبەر ئەوەی زۆر لە لادێ ژیابوو، زمانەکەی دەوڵەمەند کردبوو، بە کوردییەکی جوان دەینووسی.

**ڕامان:** بێینە سەر تەوەری یەکێتیی نووسەرانی کورد، تۆ وەک ئەندام و هەندێک جار وەک دەستەی کارگێڕیش لەوێ کارت کردووە.

**جیهان عومەر:** بەڵێ، سێ جار لە دەستەی کارگێڕییەکەی بووم.

**ڕامان:** پێم خۆشە باسی ئەو قۆناغانە بکەی کە لەناو یەکێتیی نووسەراندا ئیشت کردووە، ئەو سێ جارە و ئەو ساڵانەشمان بۆ دەستنیشان بکە.

**جیهان عومەر:** سێ جار لە هەڵبژاردندا بۆ دەستەی بەڕێوەبەریی یەکێتیی نووسەران دەرچووم.

**ڕامان:** ئەگەر بزانی ساڵەکان چەند و چەند بوون؟

**جیهان عومەر:** ساڵەکانم بەبیر نایەت، بەڵام دوا جار، دوای ڕاپەڕین هەڵبژاردنێک بوو، لەو هەڵبژاردنەدا بۆ دەستەی بەڕێوەبردنی نووسەران دەرچووم. دوای ئەوەش جارێکی دیکە هەڵبژاردن کرایەوە، بە هەمان شێوە دەرچووم، جارێکی دیکەش دەرچوومەوە، واتە سێ جار لە هەڵبژاردنی دەستەی بەڕێوەبردنی یەکێتیی نووسەرانی کورددا دەرچووم. لە هەڵبژاردنەکاندا دەنگی چاکم هێناوە، تەنانەت جار هەبووە کە دەنگم زۆر بووە بۆ برادەرێکی

خۆم دەستم لە مافی خۆم هەڵگرتووە تا ئەو ببێ بە سەرۆکی نووسەران، من وەک ئەندام چوومەتە دەستەکەوە. ئەو ماوەیەی ئێمە کارمان دەکرد، کۆمەڵێکی زۆر ڕێکوپێک بووین، لەوانە حەمەساڵح سەعید، ئەمینی میرزا کەریم لەگەڵمان بوون.

**ڕامان:** بێجگە لەو دوو کەسە، کێی دیکەتان لەگەڵ بوو؟

**جیهان عومەر:** ئەمینی میرزا کەریم، حەمەساڵح سەعید، مستەفا ساڵح کەریم، حەمەنووری تۆفیق بوون، ئەمانە بۆ دەستەی بەڕێوەبەری نووسەران دەرچوون، بەڕاستی زۆر بە جوانی کاریان دەکرد.

**ڕامان:** حەمەساڵح سەعید هاوڕێت بووە، وەک هاوڕێیەک چۆنی دەناسێنی؟

**جیهان عومەر:** زۆر هاوڕێم بووە، پیاوێکی چاک بوو، ئێستاش هەر ماوە، هەرچەندە نەخۆشە و لە ماڵەوە کەوتووە، بەڵام بەردەوام هەواڵی دەپرسم، لە هەموو بۆنەکان لە هەولێر و لە شارەکانی دی هەر بە یەکەوە بووین.

**ڕامان:** تۆ ئەمڕۆ هەبوون و مانەوەی یەکێتیی نووسەرانی کورد بە پێویست دەزانی؟

**جیهان عومەر:** زۆریش پێویستە، من بە باشی دەزانم ئەو یەکێتیی نووسەرانە زیندوو بکرێتەوە، ئێستا پشتگوێ خراوە، حەق نییە وا بێ و پشتگیریی نەکرێ، بەڵکوو پێویستە وەکوو جاران گرنگیی پێ بدرێت.

**ڕامان:** بەڕای تۆ یەکێتیی نووسەران لە سەرەتاوە تا ئەمڕۆ خزمەتی بزاڤی ئەدەبی و نووسەرانی کوردی کردووە؟

**جیهان عومەر:** خزمەتی کردووە، ئەو ماوەیەی کە ئێمە دەستەی بەڕێوەبردن بووین، مانگانە کۆڕ و کۆبوونەوەی چاک چاکی ئەدەبیمان دەکرد، بۆ شوێنەکانی دیکە دەچووین، بۆ بەغدا، بۆ کەرکووک، بۆ کۆیە، بۆ هەولێر، بۆ دهۆک، بۆ زۆر شوێن کارمان دەکرد، کۆڕی شیعریمان دەگرت، بۆ ئەو شوێنانە کۆڕی چاکمان گرت، ئێستا سستییەکی تێدا دەبینم.

**ڕامان:** منیش دەمویست ئەوەت لێ بپرسم، چالاکییەکانی یەکێتیی نووسەرانی کورد بەراورد بە ساڵانی ڕابوردوو کز و سستە، یان بەپێی پێویستیی سەردەمەکە نییە، ئەندامەکانی گلەییان لێی هەیە، تۆ ئەوە چۆن لێک دەدەیتەوە؟

**جیهان عومەر:** من دوو ساڵیش دەبێ بەوێدا نەچووم، ئەوەش لەبەر ئەو سستییەی بووە، کە گوێی نادرێتێ و گرنگی بە ئەندامەکانیان نادەن.

**ڕامان:** ئەی پێشنیارت چییە بۆ ئەوەی کاریگەرتر و گورجوگۆڵ بێت؟

**جیهان عومەر:** پێشنیارم ئەوەیە هەموو لایەنەکان، لە حزبەکانەوە، لە حکوومەتەوە، لە هەموو دەستە و کۆمەڵەکانەوە گرنگی بە یەکێتیی نووسەران بدەن و وەکوو جارانی لێ بکەن.

**ڕامان:** وەکوو سەردەمی زێڕینی جارانی لێ بێتەوە.

**جیهان عومەر:** وەکوو جاران چالاکیی باشی ئەدەبیی لێرە و لە شارەکانی دیکە هەبێت.

**ڕامان:** چیی ترت لەسەر یەکێتیی نووسەران هەیە، تێڕوانینت، بیرەوەریت لەگەڵی چییە، پێم خۆشە ئەوانەمان بۆ باس بکەی.

**جیهان عومەر:** ئەوەی من بیرم بێت ئەو ماوەیەی کە ئێمە بەڕێوەمان دەبرد، واتە لە دوای ڕاپەڕینەوە، کە سێ جار هەڵبژاردن کرا و ئەوانەی دەردەچوون، کارەکانیان زۆر باش بوو، لێرەش و لە شارەکانی تریش، زۆر گرنگیمان بە کۆڕ و کۆبوونەوەی ئەدەبی دەدا.

**رامان:** تۆ پتر وەک چیرۆکنووس ناسراوی، پێم سەیرە هەوڵت نەداوە ڕۆمان بنووسی؟

**جیهان عومەر:** بڕوات بێت تا گەیشتوومەتە ئەم قۆناغە، تەواو هیلاک بووم، ئیتر ناتوانم کار بکەم، ئێستا بیرەوەرییەکانی خۆمم بەدەستەوەیە، هەرچەند دەکەم بۆم تەواو ناکرێت، بڕیارم داوە کاری تێدا بکەم، برادەرێکی نووسەر، ئەحمەد قادر سەعید، گوتی تۆ تەواوی بکە، من جارێکی دیکە بۆتی دەنووسمەوە و دەیدەین بە شوێنێک چاپی بکات.

**رامان:** ئێستا ئەوە کەوتوویتە ناو تەمەنەوە، بەڵام وەک ئاگام لێیە هەر لە زووەوە، لە شەستەکانەوە خەریکی چیرۆکنووسینی و پەیتا پەیتا کۆچیرۆکەکانت چاپ دەکەیت، بەڵام پێم سەیرە قەت بیرت لەوە نەکردووەتەوە ڕۆمان بنووسیت، باشە هەر بیریشت لێ نەکردووەتەوە؟

**جیهان عومەر:** ناوەڵڵا.

**رامان:** ساڵانێکیشە ڕۆماننووسین بووە بە مۆد؟

**جیهان عومەر:** بە داخەوە کە وای لێ هاتووە.

**رامان:** بەڵام تۆ دوای ئەو مۆدە نەکەوتی؟

**جیهان عومەر:** نەوەڵڵا، دوای ئەوە نەکەوتم. ئێستا دەبینی چەندان ڕۆمان لەوێ کەوتووە، هەر خەڵکە و لە خۆیەوە وەریان دەگێڕێ، لە خۆیەوە ڕۆمان دەردەکات، وای لێ هاتووە هەموو شتێک بووە بە مۆد. من قەت بەلای ئەو شتانەدا نەچووم.

**رامان:** من خوێنەرێکی بەردەوامی چیرۆکەکانتم، پێش ئەوەی دەست بەم گفتوگۆیە بکەین جارێکی دی دەورم کردوونەتەوە بۆ ئەوەی هێندێ شتم بیر بکەوێتەوە، دەمەوێ باسی لایەنێک بکەین کە لە چیرۆکدا زۆر گرنگە، ئەویش زمانی چیرۆکە، کە زمانی چیرۆک زۆر لە زمانی شیعر جیاوازە، بەڵام چیرۆک بەردەوام هەوڵی داوە سوود لە زمانی شیعر وەربگرێت، لەبەر ئەوەی زمانی شیعر زمانی چڕکردنەوە و کورتبڕییە، زمانێکی ئیحائییە، تۆ چەند سوودت لە زمانی شیعر وەرگرتووە؟

**جیهان عومەر:** لەبەر ئەوەی من زۆر شیعری کوردی دەخوێنمەوە، تا ئێستا سێ چوار دیوانی شیعری کوردیم کردووە بە عەرەبی، بۆیە حەزم لەو زمانە کردووە و گرنگیم پێ داوە و لە چیرۆکەکانمدا کەڵکم لێ وەرگرتووە.

**رامان:** سەیرە هەر لە سەرەتاوە شیعر دەخوێنیتەوە و هەوڵت نەداوە شیعر بنووسی؟

**جیهان عومەر:** قەت هەوڵم نەداوە، تەنانەت یەک دێڕیش شیعر بنووسم. جارێکیان لە کارگەی شەکر بووم، سێ چوارێکمانیان بەگیر هێنابوو، دەیانویست بەزۆر بمانکەن بە بەعسی و نەدەبووین، کاتێک بانگیان کردینە ژوورەکەی عەزیزی میرزا سەعید و لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ کردین، زۆر هەوڵیان لەگەڵ داین، ئێمەش هەر ڕازی نەدەبووین. معاونێک هەبوو، زابت ئەمنێکی ئەوێشی لەگەڵ بوو، زۆر هەوڵی لەگەڵ دەدام، منیش هەر دەمگوت من سیاسەت ناکەم. کابرای زابت ئەمنی ئەوێ گوتی، ئەمە شاعیرە. گوتم من؟ گوتی ئا. گوتم لە ژیانمدا نە لەبیرمە دێڕێک شیعرم نووسیبێ و نە شیعریشم لەبەرە. کابرا گوتی، نا، تۆ شاعیری. تفی لێ کردم و لەناو دەرگاکەدا بە شەق بردیانم، لەبەر ئەوەی یەک دێڕ شیعرم لەبەر نییە و یەک دێڕ شیعریشم نەنووسیوە.

**رامان:** ئەوە زانیمان کە تۆ شیعرت نەنووسیوە و بەلای نووسینی شیعردا نەڕۆیشتووی، بەڵام تۆ شیعر وەردەگێڕییەوە، خۆیشم شیعرم وەرگێڕاوە، وەرگێڕانی شیعر، لە وەرگێڕانی بابەتەکانی دی سەختترە، ئەوە چۆنە وەک

چیرۆکنووسێک چیرۆکت وەرنەگێڕاوە، یان هەندێک ژانری تر وەربگێڕی، تەنیا لەسەر وەرگێڕانی شیعر گیرساویتەوە؟

**جیهان عومەر:** پتر حەزم لە وەرگێڕانی شیعر بوو، وردە وردە دەستم پێ کرد و شیعری چەند شاعیرێکم وەرگێڕا، کتێبێکیان بە ناوی (النواعم) بوو، هەروەها کۆمەڵێک دیوانی جیا جیام وەرگێڕاوە و چاپم کردوون و بڵاوم کردوونەتەوە.

**رامان:** کەس هەبووە بە وەرگێڕانە عەرەبییەکانتدا بچێتەوە و لە هەڵە و کەموکووڕی بژاریان بکات؟

**جیهان عومەر:** بەڵێ، زۆرجار کە وشەیەک، ڕستەیەک، گوزارەیەکم لێ عاسی ببوایە، مستەفا ساڵح کەریم و حەمەنووری تۆفیق هاوکارییان دەکردم.

**رامان:** من لەبیرمە جارێک لە ماڵی ڕەوانشاد حەمەی مەلاکەریم بووم کە تۆ هاتیتە ئەوێ، ئەوکاتە نەخۆش بوو، کە هاتی زۆر نەمایتەوە، بەڵام ئاگام لێ بوو نەختێ لە بارەی وەرگێڕانەکانت قسەتان کرد و ڕۆیشتی، کاکە حەمە بە منی وت کتێبێکی عەرەبی هەیە، من بۆی پێدا دێمەوە.

**جیهان عومەر:** زۆر ڕاستە، حەمەی مەلا کەریم، یەکێکە لەوانەی کە زۆر هاوکاری کردووم.

**رامان:** وەک خوێنەرێک چیرۆکەکانتم خوێندووەتەوە، هەستم کردووە لەگەڵ ئەوەی کە زۆر شیعر دەخوێنیتەوە و کۆمەڵێک شیعریشت وەرگێڕاوە، بایی سێ کتێب شیعرت وەرگێڕاوە، بەڵام زمانی چیرۆکەکانت شیعری نییە، زمانی ڕاستەوخۆی پەخشان بەسەریاندا زاڵە، خۆت لەم بارەوە دەڵێی چی؟

**جیهان عومەر:** ئەوە ڕاستە، من هەرچۆنم بۆ هاتووە و بە جوانم زانیوە، ئاوا نووسیووە، بەتایبەت ئەم کورتیلەچیرۆکانەی دوایی کە بڵاوم دەکردنەوە، خەڵکێک هەبوون زۆریان پێ جوان و لەلایان خۆش بوو.

**رامان:** تۆ لە نووسینی چیرۆکدا زمانی شار، یان زمانی گوند بەکار دێنی؟ بۆ نموونە زمانی سەلام مەنمی هی گوندە، زمانی حسەین عارف هی شارە، تۆ حەز دەکەی بە چ زمانێک بنووسی؟

**جیهان عومەر:** بەو زمانەی کە ئیستا باوە، بەتایبەتی زمانی خەڵکی سلێمانی.

**رامان:** واتا زمانی نووسینی تۆ، زمانی شارە؟

**جیهان عومەر:** بەڵێ.

**رامان:** حەز دەکەم زیاتر لەسەر بابەتی زمانی چیرۆکەکانی تۆ قسە بکەین، چونکە زمان لای هەموو ئەو کەسانەی کۆڵەگەی چیرۆکنووسیی جیهانن، وەکوو چیخەڤ و مۆپاسان و کاترین مانسفیلد و ئەوانە، زۆر گرنگە، چیخەڤ نامەی بۆ گۆرکی نووسیوە، سێ جار پێی دەڵێ، چیرۆک زمانی کورتکردنەوەیە، زمان شێوازی نووسەرەکەش دیاری دەکات، بۆیە من زیاتر لەسەر زمانی تۆ دەوەستم، کە چیرۆک دەنووسی، چۆن مامەڵە لەگەڵ زمان دەکەیت؟

**جیهان عومەر:** من زیاتر بە زمانی ئێستای خەڵکی ئەم شارە دەنووسم کە ئاسان بێ بۆیان و باشتر تێی بگەن، ئەو خەڵکەی کورتیلەچیرۆکەکانم دەخوێننەوە زۆریان لا خۆشە، زۆر دەبینم بۆم دەنووسن و پاڵم پێوە دەنێن کە زیاتر لەو کورتیلەچیرۆکانە بنووسم.

**رامان:** بەڵام من کە چیرۆکەکانت دەخوێنمەوە، وا تێبینی دەکەم کە زمانەکەیان ڕاستەوخۆیە، زوو خۆیان بەدەستەوە دەدەن و ڕەهەندی تر بەخۆوە ناگرن، بڵێی خوێندنەوەی تریان بۆ بکرێ و هەر چیرۆکێک چەند ڕەهەندێکی هەبێ، ئەمانەی تێدا نییە، ئەوەی کە لە دڵتدایە

یەکسەر دەتەوێ بە کورتترین ڕێگە بیگەیەنی، لەسەر ئەوە هیچ قسەیەکت هەیە؟

**جیهان عومەر:** ڕاستە، هیچ قسەم نییە.

**ڕامان:** ئەی باشە بۆچی زمانی هەندێک لە چیرۆکەکانت تەمومژێکی تێدایە، یان بە زمانێکی زیهنی و داخراو نووسراون، پتر لەوەی ڕوون بن، وەکوو لە کۆچیرۆکی (وێنەی ئاوێنەی دیوارەکان) هەیە، ئەم حاڵەتە چۆن لێک دەدەیتەوە؟

**جیهان عومەر:** هەندێک جار ویستوومە لە چیرۆکەکانمدا ڕاستەوخۆ مەبەستەکەم بە دەستەوە نەدەم، بە ئەنقەست تۆزێک زمانەکەم تەمومژاوی کردووە.

**ڕامان:** ئەوەش شێوەی نووسینی سەردەمی پێش ڕاپەڕینە.

**جیهان عومەر:** وایە، ئەو زەمانە نەتدەتوانی بە باشی بابەتەکە بە دەستەوە بدەی، لەبەر ئەوە تەمومژی تێدا بوو، بەڵام ئێستا نا، ئەم کورتیلەچیرۆکانە ڕوونن و بەڕوونی بە دەستەوەم داون.

**ڕامان:** ئەوە چۆن بوو ڕووت کردە ئەم هونەری کورتیلەچیرۆکانە؟

**جیهان عومەر:** کاتی خۆی بەوەوە گرتمی و کەوتمە نووسینی ئەوانە، زۆریشیانم لەبیر چووەتەوە، لەم دوو سێ شەوە لە یادی مردنەکەیدا گوێم لە ئاسۆ سوارە دەگرت، لەو شتانەی لە منداڵییەوە لە بواری شانۆگەریدا کردوویەتی، باسی شانۆگەرییەکی منی کرد، سوارچاک، من هەر بیریشم نەمابوو.

**ڕامان:** دیارە شانۆنامەشت نووسیوە؟

**جیهان عومەر:** بەڵێ، ئەو دەڵێ یەکێک لەو شانۆگەرییانەی کاتی خۆی کردوومانە، شانۆگەریی (سوارچاک)ی جیهان عومەری چیرۆکنووسە، من ئەمەم لەوەوە گوێ لێ بوو، کە پێشتر ئەو شانۆگەرییەم نووسیوە.

**ڕامان:** دیارە بڵاویش نەبووەتەوە؟

**جیهان عومەر:** نەوەڵڵا، ئەوە چەند ڕۆژە بۆی دەگەڕێم کە بیدۆزمەوە.

**ڕامان:** بێجگە لە سوارچاک، شانۆنامەی ترت نووسیوە؟

**جیهان عومەر:** نەمنووسیوە، بیرم نایەت نووسیبێتم، ئەوەشم لەبیر نەبوو، تاکوو ئەو کوڕە باسی کردووە.

**ڕامان:** لەوە دەچی مەیلێکت بۆ شانۆ هەبووبێ؟

**جیهان عومەر:** دوێنێ لە قاوەخانەی سەرا، لە دەرەوە لەبەر هەتاوەکە دانیشتبووین، سەلام سەعید بۆی گێڕامەوە و وتی لەم ڕۆژانەدا لە ئۆتۆمبێلەکەمدا ڕادیۆم کردبووەوە لەسەر ئێزگەیەک بوو، تۆ قسەت دەکرد و باسی ئەوەت دەکرد کە کاتی خۆی لەم شارەدا، لەگەڵ شێخ محەمەدی هەرسین و ئەوانی دی چۆن لە کاژیک کارتان کردووە و چیتان کردووە و چیتان نەکردووە. گوتم ئەو ئێزگەیە ڕاست دەکا، بەڵام نازانم کەی قسەم کردووە.

**ڕامان:** تۆساڵی چەند لە حەوتەوانەکەی کاژیک نزیک بوویتەوە، خۆت دەزانی حەوتەوانەکە کێ بوون کە کاژیکیان دامەزراند؟

**جیهان عومەر:** کە کاژیکیان دروست کرد، لەوانەی کارم لەگەڵ دەکردن شێخ محەمەدی هەرسین و تۆفیقی نووری بەگ بوون، بەهۆی ئەوانەوە زیاتر لێیان نزیک بوومەوە. لە گفتوگۆی ئەو ئێزگەیە باسی ئەوەم کردووە، شێخ محەمەد هەرسین لە جادەی مەولەوی دووکانی هەبوو، ڕۆژێک لە دووکانەکەی پێی گوتم کارێکم پێتە. وتم چییە؟ گوتی چاپێکمان هەیە، ئەو زەمانە بەیان و شتەکانیان بە چاپ دەکرا، لە شوێنێکدا شاردوومانەتەوە و کار

نـاكات، ژەنگـی پێوەیـە و زۆر بێکەڵـک بـووە، تـۆ لـە کارگـەی جگـەرە ئیـش دەکەیـت و لێـی دەزانی، بزانـە بۆمـان چاک ناکەیـت. گوتـم باشـە بەسـەرچاو.

**ڕامـان:** دوای ئـەوە چـۆن ئامێـری چاپەکـەت لـێ وەرگـرت، چـۆن چاکـت کـردەوە؟

**جیهـان عومـەر:** ئـەو گوتـی لەبـەر خواردنگەکەی عەلـی سـوور بوەسـتە، کوڕێکـی منداڵ دەسـرەیەک دەردێنـی لووتـی دەسـڕێ، کـە لووتـی سـڕی، تـۆ دوای کـەوە، بـۆ کوێـی بـردی لـەو شـوێنەیە. منیـش لـەوێ وەسـتام، ڕاسـت وابـوو، منداڵەکـە هـات دەسـرەیەکی دەرهێنـا و لووتـی سـڕی، دوای کەوتـم، ڕۆیـی ڕۆیـی هەتـا گەیشـتە لای خانەقـای حاجـی مـەلا عەلـی، لـەوێ خـۆی کـرد بـە ماڵێکدا، منیـش دوای کەوتـم بـۆ ماڵەکـە، کـە چوویـن لـە ژێرخانێکـدا، لەژێـر عەرزەکـەدا، لـە سـندووقێکدا چاپێکیـان دەرهێنـا.

**ڕامان:** ئیتر ئامێری چاپەکەت برد؟

**جیهـان عومـەر:** نـا، هـەر لـەوێ کـە سـەیرم کـرد هەمـووی ژەنـگ بـوو، جـا لەگـەڵ خـۆم شـریتێکی چاپـم بـۆ بردبـوو، هەموویـم لێـک کـردەوە و خسـتمنە تەشـتێک نەوتـەوە، بـە فڵچـە پـاک پـاک سـڕیم، ژەنگـم پێـوە نەهێشـت و شـریتەکەم تـێ کـرد و کەوتمـە چـاپ کـردن، ئیتـر زۆربـەی بەیانـات و شـتەکانی کاژێـک کـە دەریـان دەکـرد مـن بـەو چاپـە بـۆم دەکـردن، دواییـش خۆیـان لـە سـەرکردایەتییانەوە سپاسـنامەیەکیان بـۆ نـاردم.

**ڕامان:** یەک جار سپاسنامەیان بۆ ناردی؟

**جیهان عومەر:** بەڵێ.

**ڕامـان:** نازانـی کاژێکنامـە کـێ نووسـیویەتی، هەندێـک دەڵێـن عەبدوڵـڵا جەوهـەر نووسـیویەتی؟

**جیهـان عومـەر:** عەبدوڵـڵا جەوهـەر و فەرەیـدوون عەلـی ئەمیـن و فایەق عارف و ئەمانە دەیاننووسـی.

**ڕامـان:** بـەڵام دەڵێـن دەقـی کاژێکنامـە عەبدوڵـڵا جەوهەر نووسـیویەتی.

**جیهـان عومـەر:** مـن زیاتـر شـێخ محەمـەد هەرسـین نووسـراوەکانی خۆیانـی پێشـان دەدام، کە شـتێکیان دەنووسـی، شـێخ محەمەدی هەرسـین بانگـی دەکـردم و پێشـانی دەدام، دەیگـوت ئەمـە بخوێنـەوە، بزانـە هیچـت لەسـەری هەیـە.

**ڕامـان:** بەهـۆی ئـەوەی لـە کاژێـک نزیـک بـووی و دەورێکـت گێـڕاوە، هیـچ ئەزیەتیـان داوی؟

**جیهـان عومـەر:** ناوەڵـڵا، مـن هـەر لایەنـە ئەدەبـی و نووسـینەکانم کـردووە، ئەویـش لـە ڕێـی شـێخ محەمـەدی هەرسـینەوە.

**ڕامـان:** مـن زانیومـە و دەڵێـن سـەعید گەوهـەر کـە چایخانـەی هەبـووە، زۆربـەی ئـەو نووسـەرانەی وەکـوو شـێرکۆ بێکـەس و ئەحمـەد هـەردی و فەرەیـدوون عەلـی ئەمیـن و ئەوانـی دی لـەوێ دادەنیشـتن؟

**جیهان عومەر:** بەڵێ، ڕاستە لەوێ دادەنیشتن.

**ڕامـان:** بەیانەکانـی کاژێکیـش کـە نووسـراون هـەر لـەو چایخانەیـەوە، لەڕێـی سـەعید گەوهەرەوە دراون بـە کەسـانی متمانەپێکراو و بڵاوکراونەتەوە.

**جیهـان عومـەر:** منیـش ئـەوەم بیسـتووە، بـەڵام مـن هاتوچـۆی ئـەو چایخانەیـەم نەکـردووە.

**ڕامـان:** بوونـی کاژێـک لـەو سـەردەمەدا بـەلای تـۆوە چەنـد پێویسـت بـووە؟

**جیهـان عومـەر:** وەکوو جووڵانەوەیەکی نەتەوەیی، شـتێکی جـوان بـوو. خەڵکێکـی دروسـت کـرد کـە ئینسـانی نەتەوەیـی و چـاک بـوون.

**ڕامـان:** کاژێـک وەک بیـری نەتەوەیـی لـە سـلێمانی پتـر چـاوی خەڵکـی کـردەوە، کەسـانی خوێنـدەوار کاریـان بـۆ دەکـرد.

**جیهان عومەر:** وا بوو.

**ڕامان:** (بارزانی)یش دواتر ئاگای لە چالاکییەکانیان

بووە.

**جیهان عومەر:** وا بوو، ئەو ئاگای لێ بوو.

**ڕامان:** وەکوو لە عەلی سام ئاغا و ئەوانی دیم بیستووە، گوتیان کە بارزانی داوای کردین، یادداشتێکیشمان لەگەڵ خۆمان برد و پێمان دا، پێی گوتبوون ئەو کاژیکەی باس دەکرێ چییە؟

**جیهان عومەر:** ڕاستە، کە بۆیان باس کردبوو، زۆر بایەخی پێ دەدان.

**ڕامان:** دوای ئەوەی زانیبووی چییە، گوتبووی منیش وەک ئێوە ئەندامی کاژیکم، بەڵام ناتوانم وەک ئێوە بە ئاشکرا ڕایبگەیەنم، وتبووی ئەوەتا من داوای ئۆتۆنۆمی بۆ گەلەکەم دەکەم، ئەوان بە ناپاڵم و فسفۆڕ لێمان دەدەن، بەڵام بە هەموو شێوەیەک پشتیوانیی ئێوە دەکەم. دواییش دوو ئەندامی سەرکردایەتیی، شێخ محەمەدی هەرسین و فەتاح ئاغای بانگ کردووە، پێی گوتوون، هەندێک بیروڕای نامۆ لەناو پارتی هەیە، پێم خۆشە ئێوە وەکوو نەتەوەیی بەرانبەر بەو بیروڕا نامۆیانە بوەستن.

**جیهان عومەر:** بەڵی، وابوو.

**ڕامان:** وتت سەرەتا بە هەقدەستی ڕۆژانە لەو سەرایەی لێی دانیشتووین دامەزراوی؟

**جیهان عومەر:** ئێمە لە سەرا، لە دوا ژوور لای سەری سەرەوە دادەنیشتین، من لای شێخ تەیب گوڵانی بووم کە ئەو زەمانە بەرپرسی ئەنجومەنی کارگێڕی بوو.

**ڕامان:** ئەو ئەنجومەنە پێیان دەگوت ئەنجومەنی کارگێڕی.

**جیهان عومەر:** ئەنجوومەنەکە هەموو شتێک بوو، لە دوای موتەسەڕیف ئەو ئەنجوومەنە بوو.

**ڕامان:** لەو سەرەتای دامەزراندنەت ڕێکەوتی زۆر شاعیر و نووسەر و هونەرمەندی باشت کردووە؟

**جیهان عومەر:** بەڵێ، کە دامەزرام سەیرم کرد (گۆران)ی شاعیر، کاکەی فەلاح، کاوەی ئەحمەد میرزا، شیخ محەمەدی مەحوی، شێخ سمایل بەرزنجی، عوسمان عوزێری، ئەمانە هەموو لەوێ بە هەقدەستی ڕۆژانە دامەزرابوون.

**ڕامان:** ئەو زەمانە نووسراوەکان بە کوردی دەنووسران؟

**جیهان عومەر:** تازە خەریک بوو دەستی پێ دەکرد، شێخ تەیب گوڵانی زۆر شتی فێر کردم و زۆر سوودم لێ وەرگرت، تا ئەوکاتەی گۆران ویستی بچێ لە شەقڵاوە هاوبەشی کۆنفرانسێک بکات، موتەسەڕیفی ئەو زەمانە ڕێگای پێ نەدا، لەگەڵیدا لێی بوو بە دەنگە دەنگ، لەسەر ئەوە هەموومانیان دەرکرد.

**ڕامان:** متەسەڕیف بە پلەی عەقید و کەسێکی سەربازی بێ، هەر وا لەگەڵ گۆران وشک و کەللەڕەق دەجووڵێتەوە.

**جیهان عومەر:** بەڵی، کەسێکی سەربازی بوو.

**ڕامان:** هیچ بۆنەیەک، ڕێکەوتێک نەبوو لەگەڵ گۆران قسە بکەی؟

**جیهان عومەر:** دەمبینی و قسەمان لەگەڵ یەک دەکرد، پێکەوە دادەنیشتین، کۆمەڵێکی چاک لەوێ بوون.

**ڕامان:** قسەکانتان لەبارەی چییەوە بوو؟

**جیهان عومەر:** لەبارەی ئەو کارانەی لەو زەمانەدا دەکران.

**ڕامان:** ئاسوودە بووی کە لەگەڵ ئەوانە کارت دەکرد؟

**جیهان عومەر:** زۆر زۆر ئاسوودە بووم، کۆمەڵێکی زۆر باش بوون، بۆ نموونە عوسمان عوزێری، هەڵدەستا و دەڕۆیی بە شێخ تەیب گوڵانی دەگوت، دەچم بۆ تەوالێت، دەیگوت بڕۆ، ئەوجا دەیگوت دەزانی ئێستا چووە بۆ کوێ؟ دەمگوت

بۆ کوێ چووە؟ دەیگوت چووە کەوا لەسەر کەوا دانێ، دەمگوت کەوا لەسەر کەوا چییە؟ دەیگوت دەچێ شیعر دادەنێ! ئەوجا وابوو، عوسمان عوزێری هەمیشە خەریکی شیعردانان بوو.

**ڕامان:** ئەو کێ دایمەزراندبوو؟

**جیهان عومەر:** ئەویش هەر پارتی دایمەزراند، وەک وتم ئەو زەمانە دوو حزب، شیوعی و پارتی هەبوون.

**ڕامان:** باشە عوسمان عوزێری کە شاعیرێک بوو، نازانی هۆکاری کوشتنەکەی چی بوو؟

**جیهان عومەر:** وەڵاهی دیار نییە، نازانم.

**ڕامان:** وەکوو بیستبێتت کوشتنەکەی لەسەر بیروباوەڕی سیاسییە، یان شەخسییە؟

**جیهان عومەر:** بە خوا نازانم، ئەوەندە دەزانم کوڕێکی چاک و ڕێکوپێک و بە ئەدەب بوو، شاعیری چاک و خوێندەوار بوو، ئیتر چەند ساڵێک لەوێ کارمان کرد، نزیکەی ساڵ و نیوێک، دوو ساڵ بوو، کە دەرکراین من چوومە کارگەی جگەرە و لەوێ کارم دەکرد.

**ڕامان:** ئەی لەگەڵ کاکەی فەلاح، هیچ بۆنەیەک لە نێوانتان نەبوو پێکەوە دابنیشن و قسە بکەن؟

**جیهان عومەر:** لەگەڵ کاکەی فەلاح پێوەندیی ئەدەبی و کۆمەڵایەتیم هەبوو، سەردانیم دەکرد، تا دوایی کە چوو لە ڕۆژنامەی ژین کاری کرد، لەوێش دەچووم سەردانیم دەکرد، بەتایبەتی ئەو کاتەی لە چاپخانەکە کاری دەکرد.

**ڕامان:** لەو ساڵانەی دوایی کە چاپخانەی بەناوی خۆی دانابوو، زۆر جار ئێواران دەچووم بۆ لای، ئیتر جار بە جار جەمال شارباژێری، تایەر ساڵح سەعید دەهاتن، هەر جارەی کە دەچوومە لای کەسانێک دەهاتن، داوای چای بۆ دەکردین و قسەی زۆرمان دەکرد، زۆر قسەی زەمانی زوو هەبوون کە لە کەسانی دی بیستبوومن، بۆ ساغکردنەوە و دڵنیایی پرسیارم لە کاکەی فەلاح دەکرد بۆ ئەوەی لە دەمی خۆیەوە بیبیستم و بزانم ڕاستە، ڕاست نییە.

**جیهان عومەر:** وایە، منیش ئاگام لەو دانیشتنانە بوو.

**ڕامان:** تۆ گۆڤاری کولتووری و ئەدەبی دەخوێنیتەوە؟

**جیهان عومەر:** نا، بەڵام (ڕامان)م دەخوێندەوە.

**ڕامان:** پێم خۆشە باسی گۆڤاری ڕامان بکەی.

**جیهان عومەر:** گۆڤاری چاکە، چیرۆکم بۆ دەناردی، چەندان چیرۆکم لە (ڕامان)دا بڵاو کردووەتەوە.

**ڕامان:** گوتت سەردەمانێک گۆڤاری (ڕامان)ت دەخوێندەوە؟

**جیهان عومەر:** بەڵێ، زۆر پێشکەوتوو بوو، پێگەیەکی تایبەتیی هەبوو، ئێستاش هەر وایە.

**ڕامان:** بەو بۆنەیەوە حەز دەکەم بزانی، لە ١١ی مانگی حوزەیرانی ٢٠٢٢، ٢٥ ساڵی تەمەنی گۆڤارەکەمان تێپەڕاند، ئێمە ئێستا بووینەتە تەمەندرێژترین گۆڤاری کوردی.

**جیهان عومەر:** ئیشەڵڵا تەمەندرێژتر و بەردەوام دەبن، بەڕاستی ڕامان گۆڤارێکی چاکە.

**ڕامان:** زۆر سپاس، هەوڵ دەدەین هەندێک لە ژمارەکانی ئەم دواییەش بخەینە بەردەستت، لەگەڵ هەندێک لە کتێبە چاپکراوەکانیشمانت بۆ دەنێرم.

**جیهان عومەر:** ئیشەڵڵا، منیش وێنەکانت بە ڤایبەردا بۆ دەنێرم.

# پێوەندی بنەماڵەی خادم السجادە لەگەڵ هەریەک لە مەولانا خالید و نالی و حاجی دا

**پ. د. عوسمان دەشتی**
**(زانکۆی کۆیە – فاکەڵتی پەروەردە/ بەشی زمانی کوردی)**
**( ۱- ۲ )**

لە برێک لە زانستەکاندا لە وێنەی مەنتیق و فەلسەفە و مێژوو، تەنانەت جەبر و ئەندازیاریش، توێژەر و باسکاری بابەتێکی تایبەت، لە سەرەتادا گریمانەیەک دەخاتە ڕوو، ئەوجا پاشان لە ڕێگەی گفتوگۆ و ڕاڤە و لێکدانەوەوە، بە پاڵپشتی سەنەد و بەڵگە و دەلیل، دەکەوێتە شەنوکەوی بابەتەکە تا دەگات بە هەمان سەردێڕ و گریمانە کە لە پێشەوەدا خستبوویە ڕوو. ئێمەش لێرەدا بە مەبەستی سەلماندنی بیر و بۆچوونەکان لە مەڕ ئەم بابەتەوە پێڕەوی لە هەمان ڕێچکە و ڕێبازی لێکۆڵینەوە دەکەین و هەر لە دەستپێکی دامەزراندنی پاسەکەدا گریمانەیەکی لەو جۆرە دەخەینە ڕوو کە پوختەکەی بەم جۆرەیە؛ ڕاستییەکەی مێژوو لە کۆن و تازەدا غەدری لەم بنەماڵەیە کردووە و وەک پێویست ئاوڕی لێ نەداونەتەوە و هەقی خۆی پێ نەداون! ئەوجا با بزانین چۆن.

**بنەماڵەی (خادم السجادة)**

وەک لە سەرچاوەکاندا هاتووە ئەم بنەماڵەیە کە لە کۆنەوە وەسف و ناسناوی (خادم السجادە/ واتە خزمەتکاری بەرماڵی پێغەمبەر - د.خ-)یان خراوەتە پاڵ، نەسەبیان ئەمەوییە و سەرچاوە و سەرجەلەکەیان بۆ سەر خەلیفەی سێیەمی موسڵمانان دەگەڕێتەوە، واتە حەزرەتی عوسمان کوڕی عەفان کە لە ساڵی (٦٥٦ز) لە دنیا دەرچووە و کۆچی دوایی کردووە، لە قۆناغی سەرەتایی بڵاوبوونەوەی ئایینی پیرۆزی ئیسلام، ئەوە ڕوون کراوەتەوە کە پێغەمبەری مەزن (د.خ) و یارانی، لە دەستپێکی بانگ و بڵاوکردنەوەی ئایینی تازەدا لە شاری مەککە، ڕووبەڕووی دژایەتی و بەربەرەکانێ و زوڵم و چەوسانەوە بوونەتەوە، بۆیە بە مەبەستی دەربازبوون لەو تەنگەژەیە حەزرەتی پێغەمبەر (د.خ) فەرمان بە یاوەرانی دەکات

کە کۆچ بکەن و ڕووبکەنە وڵاتی حەبەشە بەو پێیەی فەرمانڕەواکەی کەسێکی خواناس و خەڵکەکەیشی لەسەر ئایینی مەسیحی بوون، حەزرەتی عوسمانی کوڕی عەفان یەکێک بووە لەو دەستەیەی موسوڵمانانی بەرایی کە بۆ حەبەشە کۆچیان کردووە. لەدوای ماوەیەک مانەوە لەو وڵاتە بۆ زێدی خۆیان، بۆ شاری مەککە دەگەڕێنەوە، بەڵام دیسان تووشی هەمان تەنگژە و بەرهەڵستی و ئازاردان دەبنەوە، بۆیە لەسەر فەرمانی پێغەمبەر (د.خ) دووبارە حەزرەتی عوسمان و هاوڕێکانی کۆچ دەکەنەوە و ڕێگای حەبەشە دەگرنەوەبەر. ئەم سەفەرە لە حەبەشە دەمێننەوە تا ئەوەی پێغەمبەری مەزن (د.خ) خۆیشی لەگەڵ یاران و موسڵمانانی لە مەککەوە بۆ شاری مەدینە کۆچ دەکەن، ئەوسا داوا لە حەزرەتی عوسمان و هاوڕێکانی دەکەن کە ئەوانیش ڕووبکەنە شاری مەدینە و پێوەندی بە پێغەمبەر (د.خ) و یارانییەوە بکەن، دوای ئەوەی کۆڕی موسڵمانان لە هەواری تازەیاندا دادەمەزرێن، لێرەوە حەزرەتی عوسمان و هاوڕێکانی دەگەڕێنەوە و ڕوو دەکەنە شاری مەدینە، کاتێک پێغەمبەری مەزن (د.خ) لە گەیشتن و گەڕانەوەی ئەم دەستەیە لە موسوڵمانان کە حەزرەتی عوسمان سەرقافڵەیانە، ئاگادار دەکرێتەوە زۆر شاد و دڵخۆش دەبێت بەو هۆیەی:

- حەزرەتی عوسمان زاوای پێغەمبەر (د.خ) بووە، بۆیە گەڕانەوەی بەخۆی و بە خێزانییەوە بۆ لای پێغەمبەر (د.خ) و پێوەندی کردنیان بە موسوڵمانانەوە دەبێتە مایەی شادی و خۆشحاڵی لەلای هەمووان.
- حەزرەتی عوسمان خۆی کەسایەتییەکی بەرجەستە و خاوەنی هێز و توانایی و وەفادار بە پێغەمبەر و (د.خ) بە موسوڵمانان بووە.
- خاوەنی نفووز و دەسەڵات و خزم و خێڵ و عەشیرەتێکی گەورە بووە.



مەولانا خالیدی نەقشبەندی

کە ئەمانە هەموویان لەکۆدا لە خزمەت گەشەسەندنی ئایینی تازە و پتەوبوونی ڕیزەکانی موسوڵماناندا بووە. (مدرس، ١٩٨٤، ٦٠٤).

لەو سەروبەندەی کە حەزرەتی عوسمان دەچێت بۆ خزمەت و بۆ دەیدەنی پێغەمبەر (د.خ)، پێغەمبەری مەزن ئەو بەرماڵەی کە ڕۆژانی هەینی و ناوجەژنان نوێژی لەسەر دەکات، وەک خەڵات پێشکەش بە حەزرەتی عوسمان دەکات و دەڵێت: هەر پێغەمبەرێک هاوڕێیەکی هەیە، هاوڕێی منیش لە بەهەشتدا عوسمانە. کە حەزرەتی عوسمان دیارییەکە وەردەگرێت، وەک خەڵاتێکی موفەڕک و پیرۆز دەیخاتە سەر سەر و سەرچاو و بۆنوبەرامەکەی هەڵدەمژێت. دوای ئەوە حەزرەتی عوسمان لە کاتی نوێژکردندا بەرماڵێکی دیکەی لە شوێنی پێ دانانان لەسەر ڕادەخست و پێی خۆی لەسەر بەرماڵەکە دانەدەنا. بەم جۆرە بەرماڵەکە لای

حەزرەتی عوسمان دەمێنێتەوە، تا لە ساڵی (٣٥ک/ ٦٥٦ز) دەکوژرێت و شەهید دەکرێت. (خادم السجادة، ١٩٣٧، ٤).


دوای حەزرەتی عوسمان بەرماڵەکە دەکەوێتە لای (ئەبان)ی کوڕی، کە پیاوێکی گەورە و زانایەکی مەزنی سەردەمی خۆی بووە، هەروەها بۆ ماوەی دە ساڵیش والی شاری مەدینە بووە.

ئەبان لەبەر پیرۆزی نوێژی لەسەر بەرماڵەکە نەکردووە، بەرگێکی تێگرتووە و هەمیشە لەسەر کورسییەک دایناوە، ئەوجا دوا بە دوای کۆچی داویی ئەبان لە ساڵی (٨٦ک/ ٧٠٥ز) دا، ئەم بەرماڵە پشتاوپشت لە باوکەوە بۆ کوڕ دەستاودەست دەکات و دەگوێزرێتەوە، بە درێژایی ڕۆژگار و مێژوو بۆ ماوەی نزیک بە چوارده سەدە تا دەگاتە ڕۆژی ئەمڕۆ.

دوا زانیاری ئێستا ئەوەیە کە بەرماڵی گۆڕین لەگەڵ کۆمەڵێک لە نامە و بەڵگەنامە و دوکیۆمێنتی مێژوویی سەبارەت بە ئەسڵ و ڕابوردووی بەرماڵەکە و چۆنیەتی پاراستن و مانەوە و دەستاودەستکردنی لە (دار المخطوطات العراقیة/ خانەی دەستخەتنامەی عێراقی)دا لە بەغدا پارێزراوە، ئەمە بە پێی قسەی محەمەد عەلی قەرەداغی، کە لە ساڵی (٢٠٠٣) دا لەو شوێنە بە خۆیان دیویانە و چاویان پێی کەوتووە. (القرداغي، ٢٠٠٧، ٦٥).

### لە ئەبانی کوڕی عوسمانەوە بۆ پیرمیکائیل

خانەوادەیەکی ئایینی مەزن و پیرۆز لە نەوە و نەوەزاکانی ئەبانی کوڕی عوسمان، لە سەرەتای سەدەی حەوتەمی کۆچیدا (٦١٧ک/ ١٢٢٠ز)، لە جەنگی کوشتار و قەتڵوعامی عەباسییەکان ڕایان کردووە و پەنایان بۆ کوردستان هێناوە، سەرەنجام لە ناوچەکانی (قەڵای جوانڕۆ) و بەتایبەت لە



نالی

دێیەک بە ناوی (دەودان) نیشتەجێ بوون، کە ئێستا سەر بە شارستانی (پاوە)یە.

کەسایەتییەکی هەرە گەورە و دیار و ناوداری ئەو بنەماڵەیە کە لە سەدەکانی دواتر دەرکەوتووە، کەسێکە بەناوی (پیرمیکائیلی دەودانی). ئەم زاتە زانایەکی مەزن و ڕابەرێکی بەرز و پیرۆزی ڕێگای ئایین و خواناسی بووە، لە دێی دەودان ژیاوە و هەر لەوێش کۆچی دوایی کردووە و نێژراوە. گۆڕەکەی تا ئەمڕۆ مەزار و جێگای نزرگەی خەڵکی ناوچەکەیە لە دەڤەری شارەزوور و پاوە و جوانڕۆ.

بە پێی بۆچوونی مامۆستای مودەڕیس، پیرمیکائیل هاوچەرخی زانای ناوداری کورد (مەلا ئەبووبەکری موسەنیفی چۆڕی مەریوانی) بووە، کە لە بنەماڵەی (پیر خدری شاهۆیە) و لە ساڵی (٩٤٠ک/ ١٥٣٣ز) لە دایک بووە و لە ساڵی (١٦٠٥ز) لە دێی چۆڕدا کۆچی دوایی کردووە و هەر لەو شوێنەش نێژراوە. (مدرس، ١٩٨٤، ٤٩٦).

زیاتر لەوەیش مامۆستای مودەڕیس دەڵێت

کە مەلا ئەبووبەکری موسەنیف زاوای پیر میکائیلیش بووە. ئەویش کاتێک دوابەدوای تەواوکردنی دەورەی فێربوون و خوێندن لە کوردستان و شام و میسر و حیجاز گەڕاوەتەوە ناوچەکەی خۆی لە (قەڵای مەریوان)، ئەوجا (خاتوو جیهان)ی کچی پیر میکائیلی خواستووە. گۆیا مەلا ئەبووبەکر سێ کوڕی لەو ژنە بووە، مەلا عەبدولکەریم، مەلا یووسف جان و مەلا مەحموودجان. لەمانە مەلای یووسف جانی کوڕی ناوەنجی، دەچێتە ناوچەی (تاوگۆزی) و لەوێ نیشتەجێ دەبێت و هەر لەوێش کۆچی دوایی کردووە و نێژراوە. ئەم مەلا یووسف جانە، باپیری شاعیری شەیدا و عاریفی ناوداری کورد سەید عەبدولڕەحیمی مەولەوی تاوگۆزییە/ (١٨٠٦ - ١٨٨٢ز). (١)

یەکەمین کەسیش کە سەرجەلەی دەستاوەدەستکردنی بەرماڵەکەی حەزرەتی پێغەمبەری مەزنی (د.خ)، بە پشتبەستن بە تەواوتر و سەرچاوە و بەڵگە و سەنەد سەلماندبێت، ئەم زانا مەزنەی کوردە کە لە سەرچاوە ئیسلامییەکاندا بە (سەید هیدایەتوڵڵای حوسەینی گۆرانی کوردی مەریوانی) ناو دەبرێت.

دوای ئەوە بە درێژایی ڕۆژگار نەوە و نەوەزاکانی پیرمیکائیل لە ناوچەیەکەدا دەبن بە تایفەیەکی گەورە و لق و پەلیان لێ دەبێتەوە. لەو سەردەمانەدا ناوچەکانی زەهاو و قەڵای جوانڕۆ و مەریوان تا دەگاتە قەڵای حەسەناوای نزیک سنە، بەشێک بوون لە (ڕەشە خاکی عیراق/ ارض سواد العراق) و سەر بە ولایەتی شارەزوور بوون کە مەڵبەندەکەی شاری کەرکووک و لە ژێر فەرمان و قەڵەمڕەوی دەوڵەتی عوسمانیدا بووە.

شەڕ و پێکدادانی هەردوو دەوڵەتی عوسمانی و سەفەوی لەو ناوچەیە، هێرش و پەلاماری



**حاجی قادری کۆیی**

ئێرانییەکان بە مەبەستی سەپاندنی دەسەڵات و ئایینزای شیعە لەو دەڤەرە سنوورییانەدا بە درێژایی سەدەکانی حەڤدە و هەژدەی زایینی، کارێکی وای کردووە بەشێک لە هۆز و خێڵ و تیرەکانی ئەو ناوچانە، بەتایبەتیش خێزان و بنەماڵە و تایفە ئایینییەکان، لە زێد و ناوچەکانی خۆیان هەڵبکەنرێن و بەرەو ناوچەکانی ڕۆژئاوا کۆچ بکەن و بەرەو ناوچەکانی ژێر دەسەڵات و قەڵەمڕەوی عوسمانی بێن، بەتایبەتیش ئەو ناوچانەی کە ڕاستەوخۆ لە ژێر حوکم و فەرمانڕەوایی بابانەکاندا بوون.

بەو هۆیەوە تایفەی پیرمیکائیلیش لە کۆتایی سەدەی حەڤدە و سەرەتای سەدەی هەژدەدا، وەک بەشێک لە خێڵی جافی جوانڕۆیی (تیرەی میکائیلی)، بەرەو ڕۆژئاوا کۆچ دەکەن. ئەم تیرەیە لەم کۆچ و ڕەوەدا لە ناوچەکەدا بڵاوەی لێ دەکەن و پاش ماوەیەک نیشتەجێ دەبن، واتە لە جافی کۆچەرییەوە دەبن بە جافی بنەجێ. تایفەی جافی میکائیلی بەتایبەتیش (تیرەی ئالی بەگی)، کە یەکێک لە چوار

فیرقەکەی میکائیل پێک دەهێنن، لە ناوچەکانی کوردستانی بابانـدا نیشتەجێ دەبن (فەتاح بەگی جاف، ١٩٩٥، ١٢٧).

## جوگرافیای دابەشبوونی تیرەی ئالی بەگی لە دەڤەرەکەدا بەم شێوەیە بووە

١- بەشێکیان ڕوو دەکەنە قەرەداغ و لەوێ نیشتەجێ دەبن، (مەولانا خالیدی نەقشبەندیی شارەزووری / ١٧٧٩ - ١٨٢٧ز) لە مرۆڤە هەڵکەوتووەکانی ئەم لقەیانە.

٢- بەشێکی دیکەیان دەبنە دانیشتووی گوند و هەوارگەی ناوچەکانی دەشتی شارەزوور کە شاعیری پایە بەرز (مەلا خدری ئەحمەدی شاوەیسی ئالی بەگی میکائیلی/ نالی/ ١٧٩٧-١٨٧٧ز) کەسە دیار و ناودارەکەی ئەم لقەیانە.

٣- بەرەباب و بنەماڵەی خادم السجادە، کە لەسەر داوا و بە فەرمانی یەکێک لە میرەکانی بابان دێن و لە شاری کۆیە نیشتەجێ دەبن، کەسی دیار و ناوداری ئەم بنەماڵەیە لە ڕۆژگاری کۆندا، (مەلا سەعدی خادم السجادەی کۆییە/ ١٧٣٧- ١٨٧٥ز). وەک دیارە بەرماڵە پیرۆزەکەی پێغەمبەر (د.خ) هەر لە ڕۆژگاری دێرینەوە کەوتووەتە لای ئەم بنەماڵەیەوە و خزمەتکردنیشی لە ئەستۆی ئەواندا بووە، بۆیە ناسناوی خانەوادەکەشیان؛ (خادم السجادة النبویة)، هەر لەوەوە هاتووە.

٤- بەشێکی دیکە لە تایفەی جافی میکائیلی لە ناوچەی سەنگاو نیشتەجێ بوون، بەڵام لە سەرچاوەکاندا کەسێکی ناودار و هەڵکەوتەیان لێ نەناسراوە.

## بەدواداچوونی بنەماڵەکان

١- ئەو زانیارییانەی کە سەبارەت بە مەولانا خالید و ڕەچەڵەک و ڕشتەی بنەماڵەکەی لەبەر دەستن زۆر نین، لەگەڵ ئەوەشدا هەموویان جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە مەولانا ناوی خالیدە و کوڕی حوسەینە و لە تیرەی جافی میکائیلییە. دایکی ناوی فاتیمەیە و لە ساداتی پیر خدرییە.

میکائیلی وەک پێشتریش ئاماژەی بۆ کراوە، لە نەتەوەی پیر میکائیلن، کە بە (پیر میکائیلی شەش ئەنگوست) مەشهوورە. مەولانا لە ساڵی (١٧٧٩ز) لە دیمەشقی شام کۆچی دوایی کردووە. (مدرس، ١٩٧٩، ٧).

ڕەچەڵەکی مەولانا لە لایەنی دایکییەوە لەگەڵ مەلا ئەبووبەکری موسەنیفی چۆڕی یەک دەگرێتەوە کە لە نەوە و ڕەچەڵەکی پیر خدری شاهۆن. سەبارەت بە پێوەندی خزمایەتی لە نێوان حەزرەتی نالی و حەزرەتی مەولانادا، ئەوە هیچ شک و گومانێکی تێدا نییە، هەردوو لایان سەر بە هەمان خێڵ و هەمان تایفەن، تەنانەت هەمان تیرەشن. بنەماڵەی هەردوو لایان لە تیرەی ئالی بەگین، لە تایفەی میکائیلی هۆزی جاف (فەتاح بەگی جاف، ١٩٩٥، ١٢٧). لێرەدا چەند بەڵگە بۆ ئەو مەسەلەیە دێنینەوە، کە تیشک دەخەنە سەر پێوەندی و میانەی ئەم دوو زاتە لەگەڵ یەکتری:

١- مەلا ڕەئووفی خادم السجادە لەو پارچە شیعرەیدا کە باس لە ڕەچەڵەکی خۆی و بنەماڵەکەیان دەکات، (دواتر دەقەکەی دێنینەوە)، دەڵێت؛ نالی بنعامی مەلا سەعدی باپیرم بووە، مەولانا خالیدیش قەدەمێک دوورتر بوو لێمان، هەروەها دوا زانیاریش لەو بارەوە لە نووسینێکی (سینەم بەدرخان)دا هاتووە کە دەڵێت؛ مەولانا خالیدی نەقشبەندی بەرلەوەی بچێتە هیندستان علوومی دینی لە مزگەوتی خادم سوجادە

خوێندووە، لەلای عەللامە مەلا سەعدی خادم سەجادە کە باپیریان لەگەڵ یەک ئامۆزا بووە. (سەید برایم، ٢٠٢٣، ١١).

دیارە (نالی)یش لە کۆیە و لەلای مەلا سەعدی زانا و خزم و لە دواییشدا خەزووری خوێندوویەتی و پێوەندییەکی سێ لایەنە ئەم سێ زاتە: (مەلا سەعدی خادم السجادە لە لایەک و هەر یەک لە مەولانا و نالی لە لایەکی دیکەوە) بەیەکەوە کۆکردووەتەوە. لێرەدا بێ مەڵامەت نییە کە حەزرەتی نالی لە سلێمانی ئەو بنکە و بارەگایەی کە تێیدا ماوەتەوە و ئۆقرەی گرتووە و کۆڕ و مەجلیسی تێدا گرێ داوە و دەرس و دەور و گفتوگۆکانی تێدا بەڕێوە بردووە، حوجرەیەک بووە لە خانەقای مەولانای خزمی، وەک چۆن لە تاراوگەدا لە قەسیدە نامەکەیدا بۆ سالم و بۆ شاری سلێمانی، زۆر بە تاسە و پەرۆشەوە یادی دەکاتەوە.

٢- سەبارەت بە (نالی)یش گوتراوە کە ناوی مەلا خدری کوڕی ئەحمەدی کوڕی شاوەیسە و لە تیرەی ئالی بەگیی میکائیلی جافە و لە ساڵی (١٧٩٧ز) وەک سەجادی دەڵێت و (١٨٠٠ز) وەک لە سەرچاوەکانی تردا هاتووە، لە خاکوخۆڵی شارەزوور هاتووەتە دنیا و لە ڕێکەوتی (١٨٧٧/١١/٢٢ز) دا لە ئیستەنبوڵ کۆچی دوایی کردووە. ئەم زانیارییانەی کە لەم دوو سێ ساڵەدا خراونەتەڕوو ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە نالی بە ڕەچەڵەک زۆر لە بنەماڵەی خادم السجادەی کۆیەوە نزیک بووە، بە تایبەتیش زانا و ناوداری پایەبەرزی ئەو بنەماڵەیە مەلا سەعدی خادم السجادەی کۆیی (١٧٣٧- ١٨٥٧ز)، کە لەگەڵ نالی (ئامۆزا، یان ئامۆزازا)ی یەکتر بوون. (نالی)یش وەک مەولانا خالید لە کۆیە و لەلای مەلا سەعدی خوێندوویەتی، بەڵام بەهۆیەوە کە جیاوازی تەمەن لە نێوانیاندا زیاتر لە بیست ساڵ دەبێت، باوەڕ ناکرێت بە یەکەوە لەیەک قۆناغی خوێندندا بووبن.

٣- مەلا سەعد خادم السجادە: (بە مەلا سەعدی و مەلا سەعدەددین)یش ناوی هاتووە. لە ساڵی (١١٥٠ک/ ١٧٣٧ز) لە شاری کۆیە لە دایک بووە. لە دوای ئەوە خوێندن تەواودەکات، دەبێتە مەلا و زانایەکی مەزن و بلیمەت، ئەوەندەی کتێب و دانراو هەبوون، کە وەختێک لەسەریەکی هەڵچنیون و خۆیشی لە پاڵیاندا وەستاوە، کتێب و دانراوەکانی بە قەدەر باڵای خۆی بەرز بووەتەوە (مدرس، ١٩٨٤، ٦٠٧). هێشتا خۆی لە ژیاندا بووە کە زانایانی بەغدا زۆر پێی سەرسام بوون و گەلێک پەسن و تەقریزەیان لەسەر کتێب و دانراوەکانی ئەم زاتە نووسیوە و زۆر بە گرینگی باسیان لە ڕادەی عیلم و زانیاری ئەو کردووە. بەشێک لە کتێب و دانراوەکانی کەوتوونەتە لای مامۆستای مودەڕیس و لە کتێبخانە و ئەرشیفی ئەودا بوون. زۆر بە گرینگی باس لە هەندێک لەو کتێب و دانراوانەی مەلا سەعدی دەکات کە پایە و توانایی و دەسەڵاتی زانستی ئەم زاتە نیشان دەدەن (موفتی، ٢٠٢١، ١٣٤). ئەوجا هەر نووسەر لەو سەرچاوەی لە پێشەوە ئاماژەی بۆ کراوە، شایەدییەکی زانای پایەبەرز (شێخ محەمەدی خاڵ)مان بۆ دەگێڕێتەوە و دەڵێ: مەلا سەعد زانایەکی بەناوبانگ و عالمێکی هەرە بەرز و شارەزابووە، لە بوارەکانی تێگەیاندن و پەروەردەکردن و دەرس گوتنەوەی زانستە ئیسلامییەکاندا زۆر عالیم و فەقیهی پایە بەرزی پێگەیاندووە، زانایانی خاوەن فەزڵ لە سنە و شنۆ و مەریوان و سلێمانی و هەولێر و هەتا

مووسڵ و بەغداش لـەلای ئـەو عەللامـە گەورەیـە لـە هەمـوو بوارەکانیـان خوێنـدووە، وەک تەفسـیر و ئـەدەب و مێـژوو و نەحـوو و صـەرف و بەلاغـە و کـەلام و مەنتیـق و حیکمـەت و کیمیـا و ڕیازیـات و فەلەکناسـی و زانسـتەکانی تەصـەووف. نزیکـەی سـەد و یـازدە سـاڵ ژیـاوە، ئـەو تەمەنـەی هەمووی بـە عیلـم و بـە زوهـد خەریـک بـووە. عیلمـی ئـەو و نـاوی ئـەو لـەو سـەردەمەدا هێنـدە ڕۆیشـتبوو، لـە هەمـوو لایـەک زانایـەکان ڕوویـان لـە کۆیـە بـووە و نـاوی کۆیـەی گەیاندبـووە عالەمـی عـەرەب و حیجـاز و میسـر و هینـد و ئێـران و تورکیـا و شـام. (موفتـی، ٢٠٢١، ١٢٩). (٢)


## مەلا سەعدی خادم السجادە و نالی و مەولانا خزمایەتی؛ پێوەندی سێ لایەنە

کۆمەڵێـک بـاس و بەڵگـە و سـەرچاوە لەبـەر دەسـتدان کـە ئامـاژە بـۆ پێوەنـدی و خزمایەتـی لـە نێـوان نالـی و مەولانـا لـە لایـەک و پێوەنـدی خزمایەتـی و نزیکـی ئـەوان و مـەلا سـەعد خـادم السـجادە دەکـەن. جیـا لـەوەی کـە هەردووکیـان فەقـێ و خوێنـدکاری مـەلا سـەعدی بـوون و لـە مزگەوتـی خـادم السـجادە لـە کۆیـە خوێندوویانـە. شـێخی خـاڵ لـە درێـژەی قسـەکانیدا تیشـک دەخاتـە سـەر لایەنێکـی ئـەو مەسـەلەیە و دەڵێـت: حەزرەتـی مەولانـا خالیـدی نەقشـبەندی یەکێـک بـووە لـە قوتابـی و شـاگردەکانی مـەلا سـەعد، جگـە لـەوە خزمایەتییەکـی نزیکیشـیان هەبـووە و بـە چەنـد پشـتێک دەگەیشـتنەوە یـەک و لەیـەک تیرەبـوون، هەروەهـا لـە درێـژەی قسـەکانیدا پـەردە لەسـەر ڕاسـتییەکی دیکـەش لادەدات و دەڵێـت: مـەلا خـدری شـاعیر و خواناس ئەویشـیان فەقێـی مـەلا سـەعد بـووە، جگـە لـەوەش بەرلـەوەی بـۆ حیجـاز بـڕوات (خاتـوو زەینـەب)ی کچـی خۆشـی داوەتـێ. هۆکارەکەشـی وەک شـێخی خـاڵ بـۆی چـووە، یەکیـان ئەوەیـە کـە نالـی هـەم خـزم و هـەم خوێنـدکاری مـەلا سـەعد بـووە، دوای ئەوەش نالـی کەسـێکی گوێڕایـەڵ و گـوێ بـە فەرمانـی مـەلا سـەعد بـووە.

مامۆسـتا (مودەڕیس)یش لـەو بارەیـەوە بـە دوو سـێ ڕسـتە مەسـەلەکان دەبڕێنێتـەوە و دەڵێـت؛ هـەردوو پایـەدار مەولانـا خالیـدی نەقشـبەندی و مـەلا خـدری نالـی شـاعیر لـەلای ئـەم بەڕێزەیـان خوێنـدووە. جگـە لـەوەش هەردووکیـان خزمـی مـەلا سـەعد بـوون و لـە یـەک ڕشـتەن، دواتریش لەیـەک تیـرە و لـە نـەوەی پیرمیکائیلـن. (موفتـی، ٢٠٢١، ١٣٥). (٣)

لێرەدا بە پشت بەسـتن بە ڕشـتە و سەرجەلەکان و سـەرچاوە و ژێـدەرەکان، دەتوانیـن شـوێن پێـی نـەوەکان پشتاوپشـت بەم شـێوەیە هەڵبگرین:

مەلا سەعدی خادم السجادە و نالی و مەولانا خزمایەتی؛ پێوەندی سێ لایەنە




به نزیکی له نێوان سالانی (١٥٠٠ بۆ ١٦٠٠ز)دا ژیاوه.

**پەراوێزەکان:**

١ - مامۆستا و زانای مێژوونووس، پ.د. زرار سدیق تۆفیق، بابەتێکی لەمەڕ باپیران و ڕێ و ڕەچەڵەکی مەولانا خالیدی نەقشبەندی نووسیوە و تێیدا ڕووناکی خستووەتە سەر ژیان و سەردەمی پیرمیکائیل و باب و باپیرانی. بەپێی ئەو زانیارییانەی د. زرار لە سەرچاوەکانی بەردەستیدا هەڵیهێنجاون پیرمیکائیل لەسەرەتای سەدەی چواردەدا ژیاوە، ئەویش بەم جۆرە: ((ساڵی ٧١٠ك/ ١٣١٠ز چووەتە بەغدا و سەردان و هاتوچۆی مێژوونووسی شارەزا لە ئەنساب و بەرەبابەکان (ابن الفوطي)ی کردووە، ئەویش شەجەرەی بنەماڵەکەی بۆ نووسیوەتەوە و عوسمانی بوونی بۆ سەلماندووە و بە کورتی لە سەرخۆی و باوکی دواوە و هەردووکیانی بە پیری چیاکان (شێخ الجبال) وەسف کردووە)).

بەم پێیە بێت ماوەی ژیانی نێوان پیرمیکائیل و مەلا ئەبووبەکر (١٥٣٣ بۆ ١٦٠٥ز) زیاتر لە دوو سەدە دەبێت، واتە سەردەم و مێژووی ئەو ڕووداوەی کە لە وتارەکەی د. زراردا ئاماژەی بۆ کراوە، لەگەڵ ئەو زانیارییانەدا یەک ناگرێتەوە کە هەردوو زانای پایەدار؛ مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس و شێخ محەمەدی خاڵ هێناویانەتەوە، بەوەی کە ئەم دوو زاتە پیرمیکائیل و مەلا ئەبووبەکر موسەنیف هاوچەرخی بوون و لەسەدەی (١٦ز) دا ژیاون، تەنانەت پێوەندی زاوا و خەزوورایەتی لە نێوانیاندا هەبووە. زیاد لەوەش مامۆستا مودەڕیس، باسێک لەمەڕ کوڕەکانیانیشیان دادەمەزرێنیت و دەڵێت: بە گوێرەی هەندێ نامە و دەستنووسی مێژوویی کە دیومن و خوێندوومنەوە نووسراوە: کە مەلا یووسف جان لە چۆڕەوە چووە بۆ لای شێخ سەعدەددینی خاڵۆی (کوڕی بچووکی پیرمیکائیل) و بەیەکەوە چوون بۆ تورکیا و پاش ماوەیەک گەڕاونەتەوە بۆ وڵاتی خۆیان کە ناحیەی تاوگۆزییە و لەوێ کۆچی دواییان کردووە و گۆڕی هەردووکیان لەلای یەکدایە. لێرەدا پێویستە بگوترێت، تا ئێستا سەرچاوەی زۆر و زانیاری ورد و دروست لە مەڕ مێژووی لە دایکبوون و ژیان و مردنی پیرمیکائیل لەبەردەستدا نییە، بەو هیوایەی لە ئایندەدا دەروازەی تازە لەبەردەم ئەم مەسەلانەدا بخرێتە سەر پشت، چونکێ وەک لە بەشێک لە وتارەکەی د. زراردا دەردەکەوێت، ژیان و بەسەرهاتی ئەم زاتە، واتە پیرمیکائیلی دەودانی، بەهۆی لایەنی ئایینی و پیرۆزییەکەیەوە تێکەڵ بە خورافات و ئەفسانەش بووە. بگەڕێوە بۆ:

- تۆفیق، ٢٠٢١، ٢٠٩.
- مدرس، ١٩٨٤، ٦٠٥- ٦٠٧.

٢ - تا ئێستا بە وردی مێژووی کۆچکردنی ئەم بنەماڵەیە و جێگیربوونیان لە شاری کۆیە، هەروەها لە ڕۆژگار و سەردەم و لەسەر خواست و فەرمانی کام میر و پاشای بابانەکاندا بووە بە دروستی نازانرێت. ئەوەندە هەیە مەلا سەعد خۆی لە (١١٥٠ك/ ١٧٣٧ز) لە کۆیە لە دایکبووە و ژیاوە، ئەوجا بەپێی مامۆستای مودەڕیس، دوای ئەوەی سەد و دە ساڵی تەمەن کردووە، هەر لە کۆیە و لە ساڵی (١٢٦٠ك/ ١٨٤٤ز) کۆچی دوایی کردووە. لەسەرچاوەی دیکەدا هاتووە کە لە ساڵی (١٧٣٣ز) هاتووەتە دنیا و لە ساڵی (١٨٥٧ز) دا مردووە. دیارە جیاوازی لە هاوتاکردنی ساڵی کۆچی لەگەڵ زایینی دەوری هەبووە لە خەمڵاندنی تەمەنی مەلا سەعددا. بگەڕێوە بۆ:

- مدرس، ١٩٨٤، ٦٠٧- ٦٠٨.
- موفتی، ٢٠٢١، ١٣٣.
- جاف، ٢٠٢٣، ب٤، ١٢٨.


٣ - لە ڕۆمانی (شازادە و شاعیر)ی بەڕێز (خوسرەو جاف)دا باس لە ژیان و سەربردەی نالی دەکرێت. لە پێشەکی ڕۆمانەکەدا باسێک لە مەڕ بنەچە و ژیانی کۆمەڵایەتی نالی هاتووەتە گۆڕێ، هەروەها گۆیا چەند پشتێکیش لە ڕەچەڵەک و باوک و باپیرانی نالی بە هاوکاری خزم نەوەکانی بنەماڵەی نالی، ساغ کراوەتەوە کە بەم جۆرە

هاتــووە:

مەلا خدر (نالی) کوڕی ئەحمەد، کوڕی شاوەیسی کوڕی قەرەوەیسی کوڕی علی بەگی جاف.

هەروەهـا بەڕێـز سـەلاح سـالار لـە وتارێکدا کـە لـە ژمـارە (٣٤)ی گۆڤـاری (خـاڵ)دا بڵاوکراوەتـەوە، بـە پشت بەسـتن بـە چەنـد سـەرچاوەیەکی زارەکـی و نووسـینی فەیسـبووک بـەو ئەنجامـە گەیشـتووە، کـە مەولانـا خالید و نالیـش بـن ئامـۆزا، یـان ئامـۆزازای یەکتریـن. بـۆ سـەلماندنی بۆچوونەکەیشـی سـەرجەلەیەکی هاوبەشیشـی بـۆ نالـی و بـۆ مەولانـا هێناوەتـەوە. لێـرەدا نەخشـەی ئـەو سـەرجەلەیەی کاک سـەلاح سـالار لـە وتارەکەیـدا ئامـاژەی پـێ داوە، لـە تـەک ئـەو سـەرجەلەیەی کـە ئێمـە بەپێـی بەڵگـە و سـەرچاوە تۆمارکـراوە موعتەبـەرەکان پەیمـان پـێ بـردووە، دەخەینـەڕوو لەگـەڵ بـەراورد و سـەرنج و تێبینییـەکان لـەو بـارەوە.

**ژمـارە (١) سـتوونی خشـتە و سـەرجەلەی سـەرچاوەکانە و ژمـارەی (٢) سـتوونی خشـتە و سـەرجەلەی وتارەکـەی گۆڤـاری خاڵـە.**




ا- تێبینـی دەکرێـت لـە سـتوونی خشـتەی (١) دا نەوەی سـێیەم (شاوەیس و حوسـەین) ئامـۆزان و هەردوولایـان کوڕەکانیـان ناونـاوە ئەحمـەد، ئـەوە ڕێـی تێدەچێت ئەگەرچی زۆر زۆریـش ئاسـایی نییـە، کەچـی لـە سـتوونی خشـتەی ژمـارە (٢)دا نـەوەی سـێیەم (شاوەیس و حوسـەین) بـران، هەردوولاشـیان کوڕەکانیـان ئەحمـەدی نـاوە!، ئایـا ئەمـە شـتێکی ئاسـاییە؟ دوو بـرا کوڕەکانیـان بـە هەمـان نـاوەوە نـاو بنرێـن!.

ب- لـە نـەوەی چوارەمـەوە تـا هەشـتەم لـە هـەردوو سـتوونەکەدا نـەوەکان دەبوایـە یەکتـر بگرنـەوە، کەچـی لێـرەدا بـە هیـچ جۆرێـک یەکتـر ناخوێننـەوە.

ج- زنجیـرەی نـەوەکان لە سـتوونی یەکەمدا بـە گوێـرەی چـاوگ و سـەرچاوەکان هاتـووە، زنجیـرەی نـەوەکان لـە سـتوونی دووەمـدا بـە شـێوەی دەمـاودەم وەرگیـراوە.

د- کێشـە لـە سـتوونی یەکـەم لەوەدایـە نـاوی باوکـی باپیـری مەولانـا، واتـا پشـتی چوارەمـی، دیارنییـە!. (شـتێکی زۆر سـەیرە ڕەنگـە بـە هەرچـوار زمانـی کوردی و عەرەبـی و فارسـی و تورکـی زیـاد لـە پەنجـا کتێـب لـە بـارەی مەولانـاوە نووسـرابن، کەچـی لـە هیـچ کامێکیـان پێنـج پشـتی مەولانـا سـاغ نەکراوەتــەوە!).

# بەزاندنی بنەماکانی هاریکاری گرایس
# لە تەنزی کوردیدا

## «کۆچیرۆکی (تەنزستان) بە نموونە»


ئاشنا فەرزندە خدر
(زانکۆی سۆران - فاکەڵتی ئاداب)


(١ - ٢)

### پێشەکی

بنەمای هاریکاری یەکێکە لە بنەما سەرەکییەکانی زانستی پراگماتیک، ڕۆڵێکی گرنگی لە ڕەواندنەوەی لێڵی و تەمومژی ئاخاوتنی قسەکەراندا هەیە، گرایس وەک دۆزەرەوەی بنەماکانی هاریکاری، بنەماکانی (چەندیەتی و چۆنیەتی و شێواز و پێوەندی) خستەڕوو، کە پێی وابوو ئاخاوتنێکی دروست پەیڕەوکاری ئەم بنەمایانەیە، بەڵام بەزاندنی ئەم بنەمایانە دەبێتە هۆی تەمومژی لە ئاخاوتندا، بەمەش بەزاندن لە هەریەک لەم بنەمایانەی گرایس کۆمەڵێ جۆری بەزاندن دروست دەکات. دەتوانرێ بنەمای هاریکاری لە هەموو بوارەکانی ژیانی مرۆڤ کاری لەسەر بکرێت، تەنزیش وەک جۆرە ژانرێکی ئەدەبی، خاوەن زمانێکی تایبەتی خۆیەتی و تێیدا پەیڕەوی هەموو بنەماکان ناکرێ. لەم توێژینەوەیەدا لە ڕێگەی بەزاندنی بنەماکانی هاریکاری، سەرنج دەخەینە سەر زمانی تەنز لە کۆمەڵە چیرۆکی (تەنزستان)ی میقداد شاسواری.

لەم توێژینەوەیەدا بەپێی میتودی وەسفی ناوەرۆکی توێژینەوەکەم بەسەر دوو تەوەرەدا دابەش دەکەم، لە تەوەرەی یەکەمدا تیشک دەخەمە سەر (چەمک و پێناسەی تەنز، تەنز لە ئەدەبیاتی کوردیدا، تەنز و پراگماتیک). لە تەوەرەی دووەمدا، تیشک دەخەمە سەر ( (بنەمای هاریکاری لە ڕوانگەی گرایسەوە، بەزاندنی بنەمای هاریکاری گرایس لە وەحدەی یەکەمی کۆمەڵە چیرۆکی (تەنزستان)ی میقداد شاسواری))، سەرەنجام وەڵامی چەند پرسیارێک دەخەمەڕوو، کە تەنز چییە و پێوەندی بە پراگماتیکەوە چییە؟ کام بنەما و کام شێوەی بنەماکان زۆرترین بەزاندنی لە ئاخاوتنی تەنزدا هەیە؟ ئایا لە هەموو دۆخێک و شوێنێک بەزاندن لە بنەماکانی ئاخاوتن وەکوو یەکە؟

## تەوەرەی یەکەم
## چییەتی تەنز و ڕۆڵی لەنێو پراگماتیکدا

١- چەمک و زاراوەی تەنز satire

تەنز فۆڕمێکی ئەدەبییە، کە بە واتای دەربڕینێکی گاڵتەییانەی ڕەخنەگرانە دێت. تەنز وەک سەرچاوەیەک بۆ پاشخانی ئەوروپا دەگەڕێتەوە، «بنچینەی زاراوەکە لە satira، saturaی لاتینی هاتووە» (جەبار ئەحمەد حسێن، ٢٠١٢: ٤٥)، لەناو کوردیش زاراوەکانی (تەنز، تەوس و گاڵتە و گەپ)ی بۆ بەکارهاتووە، بەڵام بەربڵاوترینی زاراوەی تەنزە، «هەرچەندە وشەی تەنز وشەیەکی عەرەبییە، بەڵام عەرەب خۆی ئەم زاراوەیە بەکارناهێنێ» (هاوکار محەمەد ڕەشید، ٢٠٢٠: ٢)، بەڵکوو لە زمانی عەرەبی (اسخر؛ سخرية)ی بۆ بەکاردەهێنرێ، لە زمانی فارسیش (طنز)ی پێ دەوترێت.

تەنز وەک چەمکێک، پێناسەی جۆراوجۆری بۆ کراوە، بێهزاد سەروجێردی دەڵێت: «تەنز زاراوەیەکی ئەدەبییە، شێوازێکی تایبەتە بۆ دەربڕینی چەمکە توندەکانی کۆمەڵایەتی و ڕەخنەیی و سیاسییەکان و چۆنیەتی سەرهەڵدانی حەقیقەتی تاڵ و ڕقاوی لە گەندەڵی و بێئاگایی تاک، یان کۆمەڵگە، کە باسکردنیان تێدا نائاساییە، یان قەدەغەیە» (یاسین کریمی، ١٣٩٥: ب١). ئەحمەد شەوقی دەڵێت: «تەنز لەڕووی ناوەڕۆکەوە، یەکێکە لەو جۆرە ئەدەبانەی کە نووسەر و شاعیر تێیدا گوزارشت لە هۆکاری دواکەوتوویی و کەموکوڕییە خراپەکانی کۆمەڵگە دەکات، بە ئامانجی ڕاستکردنەوەی بە شێوەیەکی پێکەنین، لەگەڵ ئاماژەدان بە دۆخی ئاسایی ژیان» (یاسین کریمی، ١٣٩٥: ب١)، کەواتە دەتوانین لە کورتترین پێناسەدا بڵێین (تەنز پەیامێکی



میقداد شاسواری

توانجئامێزە بۆ نیشاندانی لایەنە ناشیرین و دزێوەکانی ژیانی واقیعی کۆمەڵگە، وەک دیوێکی ڕەخنەگرتن لە دابونەریت و خووی بۆماوەیی کۆمەڵگە، لەپێناو دەرخستنی لایەنی ڕێکارە خراپییەکانی کۆمەڵگە و ڕاستکردنەوەیان).

**١-١- تەنز لە ئەدەبیات بە گشتی و ئەدەبی کوردی بەتایبەتی**

تەنز فۆڕمێکە لە ژانرەکانی ئەدەبیات بە گشتی و ڕەخنەی کۆمەڵایەتی بە تایبەتی، «تەنز فۆڕمێکی گاڵتەوگەپ و پێکەنینێکی شیرینی لەخۆگداوەتەوە، بەڵام ناوەڕۆکەکەی پێکەنینێکی تاڵ و جددی و بە ئازارە» (یاسین کریمی، ١٣٩٥: ب١). ئامانجی تەنز خۆ خزاندنیەتی بۆ نێو هەموو ڕەهەندە کۆمەڵایەتییەکانی ژیانی مرۆڤ و نیشاندانی دیاردە دزێوەکانی ناو کۆمەڵگە، بە زمانێکی سادەی ژیانی ڕۆژانەی خەڵک. ئەرکی تەنزنووسیش بریتییە لە خستنەڕووی ناتەواوی و کەلێنەکانی پەیوەست بە کۆمەڵگە، بۆیە

فۆڕمی تەنز بووەتە ڕێگایەک بۆ نووسەران، تاوەکوو ناتەواوییەکانی نێو کۆمەڵگە بخەنە ڕوو و بەئاگایان بێنن بە مەبەستی چارەسەرکردنیان.

تەنز وەک فۆڕمێکی ئەدەبی تێکەڵ بە هەموو ژانرەکانی ئەدەبیات و زانستە کۆمەڵایەتی و مەعریفییەکانی دیکە دەبێت، بەپێی سەردەمەکانیش بەردەوام بە تەکنیک و شێوازی جۆراوجۆر و جیاواز لە بەرهەمەکاندا ڕەنگی داوەتەوە. تەنز لە ئەدەبیاتی کۆنی ڕۆژئاوادا یەکەم جار لە ڕێگەی شانۆنامەوە بوو، بەتایبەت شانۆنامە کۆمێدییەکان، لە ئەدەبی کۆنی کوردیشدا، چونکە ژانری شیعر باو بووە، بۆیە تەنز زیاتر لە شێوەی وێنە لە شیعری کوردی دەردەکەوت، وەک شیعرەکانی (نالی و حاجی قادر و مەولەوی) (هاوکار محەمەد ڕەشید، ٢٠٢٠: ٦)، لە قۆناغی نوێخوازیشدا، لە ئەدەبی کوردی خزایە نێو ژانری ڕۆمان و چیرۆک و ...تاد، بۆ یەکەم جاریش تەنز بە شێوەی نووسین لە لایەن عەلائەدین سەجادی لە کتێبی (ڕشتەی مرواری) بەکارهات» (هاوکار محەمەد ڕەشید، ٢٠٢٠: ٦).

لە قۆناغی هاوچەرخیشدا، بەهۆی گەشەسەندنی زانست و تەکنۆلۆجیا، تەنز لە ئەدەبیاتی کوردیدا گەشەسەندنێکی بەرچاوی بەخۆوە دیوە. ئێستا تەنز لە پاڵ ئەدەبیاتدا، تێکەڵ بە بوارە مەعریفییەکانی وەک (بەرنامە، کاریکاتێر، گۆڤار، ڕۆژنامە، ئەنیمی، فیلم و سۆشیالمیدیا ...تاد) بووە. نموونە گۆڤاری سیخورمەی سەرنووسەر شێرکۆ عەبدوڵڵا، ١٩٩٧، گۆڤاری مەلا مەشهووری سەرنووسەر حەیدەر قادر، ١٩٩٧، گۆڤاری تەنز، وێنەی شێخ ئەفراز ئەتروشی، ٢٠٠٦، ... تاد. (مەلا محەمەد، ٢٠١٤: ٢٠٨). بەم پێیەش دەتوانین بڵێین ئێستا تەنز لە ئەدەبی کوردی بەراورد بە سەردەمانی پێشوو، بەرەوپێشچوونێکی زۆری بەخۆوە دیوە، چونکە نووسینی تەنز لە پێشووتردا کارێکی ئاسان نەبوو، کە ڕەخنە لە کەلێنی چین و لایەنی گەورە بگیرێ، وەک شێرکۆ عەبدوڵڵاش لەسەر نووسینی تەنز دەڵێت: «ئازادی پێوەرێکی گرنگە بۆ ئەم ئەدەبە» (هاوکار محەمەد ڕەشید، ٢٠٢٠: ٧)، هەر پێویستیەتی ئەم بوێرییەش وای کردووە، کە تەنز لە ئەدەبی کوردیدا کەم بووبێت.

### ١-٢- پراگماتیک و تەنز

پراگماتیک تا ڕادەیەک زانستێکی نوێیە، ئاستێکە لە ئاستە سەرەکییەکانی زمان، تایبەتە بە واتا. زاراوەی پراگماتیک «لە لاتینی وشەی pragmaticus و لە گریکی pragmaticos ی بۆ بەکارهاتووە» (شێرزاد سەبری عەلی، ٢٠١٤: ٨). «بۆ یەکەم جار زاراوەی پراگماتیک لەلایەن چارلس مۆریس لە ساڵی ١٩٣٨ بەکارهێنرا، کە گرنگی بەلایەنی هێما و نیشانەکان دەدا» (ئەحمەد شەفیق خەتیب، ٢٠٢١: ١٥). ئامانجی پراگماتیک گرنگیدانە بە لایەنی بەکارهێنانی زمان و واتای وشەکان و بەستنەوەیان بە دەوروبەرەوە. جێنی تۆماس لە پێناسەی پراگماتیکدا دەڵێت: «بریتییە لە میکانیزمی وەسفکردنی شێواز قسەکردنی قسەکەرێک لە کۆمەڵدا» (غازی حەسەن، ٢٠٢٠: ١٤)، بەو واتایەی «پراگماتیک لە پێوەندی نیشانەکان بە ڕاڤەکەرەکانیان دەکۆڵێتەوە.» (محەمەد محەمەد عەلی، ٢٠١٠: ١٣)، بەمەش لێکدانەوەی واتای زمانی بەستۆتەوە بە (هێما و بەکارهێنەر و دەوروبەر)ـەوە. گرنگی ئەرکی پراگماتیک لە زمانەوانیدا ئەوەیە، بە پێی کەس لێڵی و ناڕوونییەکانی هێما زمانییەکان دەخاتەڕوو، کات، شوێن و بارودۆخە جیاوازەکان، لێکدانەوە

بۆ هەر دەربڕینێکی زمانی دەکات.

پراگماتیک هەمەچەشنانە مامەڵە لەگەڵ زمان دەکات و گرنگی بە یاسا و ڕێساکانی هونەری دەربڕین دەدات لە گشت بوارەکانی ژیانی مرۆڤدا، ئەدەبیاتیش بەهۆی زمانە تایبەتەکەیەوە بووەتە یەکێک لە بوارە گرنگەکانی نێو زانستی پراگماتیک، چونکە هەر فۆرم و ژانرێکی ئەدەبی بە شێواز و تەکنیکێکی تایبەت مامەڵە لەگەڵ زماندا دەکەن، یەکێک لە فۆرمە دیارەکانی نێو ژانرەکانی ئەدەبیاتیش تەنزە، کە زمانەکەی وەک بنەمایەکی جیاکەرەوەیەتی لە فۆرمەکانی دیکەی ئەدەبیات، چونکە زمانی تەنز زمانی خەڵک و ڕەخنەگرانەیە، بۆیە زمانەکەی پڕ لە لێڵی و تەمومژ و ڕەوانبێژییە. ئامانجی سەرەکی تەنزنووسیش ڕەخنەگرتنە بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ، کە مەبەستەکەی لە ڕێگەی تەمومژکردنی زمانەوە دەخاتەڕوو، بۆیە دەتوانین بڵێین تەنز وەک فۆرمێک دەچێتە نێو ئەدەبیاتەوە، بەڵام وەک بەکاربردنی زمانی خەڵک دەچێتە نێو زمانەوانییەوە، لەبەرئەوەی تەکنیکی زمانی خەڵک پڕە لە تەمومژ و لێڵی.

پراگماتیک مامەڵە لەگەڵ زمانی تەنز دەکات، بۆ لێکدانەوەی چۆنیەتی بەکارهێنانی شێوازی زمانەکەی و چۆنیەتی پەیوەست بوونی بە دەوروبەر و گشت بوارەکان، بەو واتایەی پراگماتیک ئاستی بەزاندن و شێوازی دەربڕینەکانی فۆرمی تەنزمان بۆ دەردەخات و ناتەواوییەکانی زمانی تەنز لێک دەداتەوە، بەمەش دروستی دەربڕینەکان دەخاتەڕوو.

پراگماتیک لە ڕێگەی بوارەکانی (کردە قسەییەکان، نیشانکارەکان، گریمانە پێشەکییەکان، لێکەوتەی ئاخاوتەیی، بنەمای هاریکاری) لێکۆڵینەوەکانی دەستەبەر دەکات، هەر بوارێکی پراگماتیکیش کۆمەڵێ بنەما و ئەرک و سیمای تایبەت بەخۆی هەیە، بنەمای هاریکاری یەکێک لەم بوارانەی، کە ڕادەی بەزاندنی یاساکانی ئاخاوتنی تەنزمان بۆ لێک دەداتەوە و ڕاستیودروستی ئاخاوتنەکانمان بۆ دەردەخات.

## تەوەرەی دووەم

## لێکەوتە و بنەماکانی هاریکاری گرایس

### ٢- لێکەوتەی ئاخاوتەیی

لێکەوتە یەکێک لە بنەما گرنگەکانی پراگماتیک، کە لە ئەنجامی گفتوگۆ لەنێوان قسەکەر و گوێگر دروست دەبێت، کاتێک قسەکەر لە کاتی قسەکردندا «ئەو واتایەی لە گوتنەکە هەڵدەهێنجرێت زۆر زیاترە لە خودی دەربڕینەکە خۆی، گوێگرەکە ئەمە دەبیستێت گریمانەی ئەوە دەکات، کە قسەکەر هاریکارە، دەیەوێت شتێک بگەیەنێت، ئەوەش ئەو واتا زیادەیەیە کە پێی دەوترێت لێکەوتە» (نەزیرە سابیر مستەفا، ٢٠٢١: ١١٤)، بەمەش دەتوانین بڵێین لێکەوتە و بریتییە لەو زانیارییە زیادەی کە بە شێوەیەکی شاراوە لەلای قسەکەرەوە دەچێتە سەر زانیارییەکانی گوێگر.

سەرەتای دەرکەوتنی لێکەوتەی ئاخاوتەیی بۆ گرایس دەگەڕێتەوە، کە «ئەوەی سەرنجی گرایسی ڕاکێشابوو ئەوەبوو، کە چۆن قسەکەر شتێک دەڵێت و مەبەستی شتێکی ترە، یان چۆن گوێگر گوێگری شتێک دەبێت و شتێکی تری لێ تێدەگات» (غازی حەسەن محیەدین، حاجی عەبدولڕەحمان، ٢٠٢٢: ١٤)، بۆیە گرایس ویستی واتای گوتراو و واتای شاراوەکە پێکەوە گرێ بدات، تا واتای ڕێزمانی دروست بکات، کێشەی ئەم تەمومژییەش چارەسەر بکات، کە

گرایس بە بنەمای هاریکاری ناوی برد.

### ٣- بنەمای هاریکاری

بنەمای هاریکاری یەکێکە لە بوارەکانی زانستی پراگماتیک، بە واتای هاوکاریکردن لە گفتوگۆی نێوان قسەکەر و گوێگر دێت، بە ئامانجی گفتوگۆیەکی ڕێکوپێک لەنێوانیاندا. ئەم بنەمایە لێکۆڵینەوە لە ئاخاوتن دەکات و گرنگی بە پێکهاتەی زمانی ئاخێوەر دەدات. دەتوانین لە پێناسەی بنەمای هاریکاریدا بڵێین «نەخشە کێشانێکە بۆ ئەوەی ئاخاوتن بە شێوەیەکی نموونەیی وەربگرێت» (عەبدولواحید مشیر دزەیی، ٢٠١٠: ٧٢)، ئەم بنەمایە ئاخاوتنی سەرکەوتوو لە نێوان قسەکەر و گوێگر لە کۆمەڵگەدا دەخاتە ڕوو و پێوەندی گفتوگۆی بەهێزمان بۆ دەردەخات.

بنەمای هاریکاری ڕەهەندێکی کۆمەڵایەتییە، تایبەتە بە مرۆڤ، پەیوەستە بە گشت چین و ئاست و تەمەن و کۆمەڵگەیەک، مرۆڤەکان لەپێناو پێوەندییەکی بەهێز و پاراستنی وزەیان لە ئاخاوتندا پێویستیان بە پەیڕەوکردنی بنەمای هاریکارییە، تاوەکوو بەپێی پێویستێتی ئاخاوتن و چوارچێوەی پرسیار وەڵام بدەنەوە. دەقی بنەمای هاریکاری بریتییە لە «با گوتنەکانت هێندە بێت و لەو کات و شوێنەدا بێت و بەو جۆرە بێت، کە پێویستی تێگەیشتن دەیەوێت» (نەوزاد ئەنوەر عومەر، ٢٠١٦: ٤٧)، بەم پێیە دەتوانین بڵێین پەیڕەوکردنی بنەمای هاریکاری، سەرچاوەیەکی بەهێزی دروستکردنی گفتوگۆکردنێکی دروستە لەنێوان قسەکەر و گوێگردا.

بناغەی سەرهەڵدانی بنەمای هاریکاری بۆ گرایسی زمانەوان دەگەڕێتەوە. «گرایس لە کۆی تیۆرەکەی (واتای ناسروشتی)دا، گەیشتە چەند یاسایەک بۆ گفتوگۆیەکی سەرکەوتووانە لەنێوان قسەکەر و گوێگر، ئەم یاسایانەشی بە بنەمای هاریکاری ناو برد. گرایس بە دامەزرێنەری یاسای ئاخاوتن دانانرێت، بەڵکوو بە دۆزەرەوەی یاسای ئاخاوتنێکی سەرکەوتوو و ڕەسەن دادەنرێت. گرایس پێی وابوو ئەم بنەمایانە لە گریمانەی هۆشەکییەوە سەریان هەڵداوە» (سروە فیصل عزیز، ٢٠١٠: ٣٥)، بەو واتایەی پێوەندییان بە سروشتی ئاخاوتنی مرۆڤەکانەوە هەیە، نەک یاسا بۆ داڕێژراو و داهێنراو بێت. گرایس توانی لە تیۆرەکەی چوار بنەمای گرنگ بۆ ئاخاوتنێکی سەرکەوتوو بخاتەڕوو، ئەوانیش بنەمای (چەندیەتی، چۆنیەتی، شێواز، پێوەندی). بنەمای هاریکاری بەپێی ئەم بنەمایانە توانی ئاسانکاری لە تێگەیشتنی نێوان قسەکەر و گوێگر بکات، کە هۆیەک بوو بۆ کەمکردنەوەی تەمومژی و لێڵ واتایی لەنێو ئاخێوەراندا.

### ٣-١- گرنگی بنەمای هاریکاری

١- بەهێزکردنی پێوەندی کۆمەڵایەتی: بنەمای هاریکاری هۆکارێکی گرنگە بۆ بەهێزکردنی پێوەندی کۆمەڵایەتی مرۆڤەکان لەناو کۆمەڵگەدا، نزیکبوونەوە و لێک تێگەیشتن و ڕێزگرتن زیاتر دەکات، بەم هۆیەش ئاسۆی نزیککردنەوەی پێوەندییەکان فراوانتر دەکات.

٢- لێک تێگەیشتن: بە پەیڕەوکاری بنەمای هاریکاری، قسەکەر و گوێگر لە چوارچێوەی کات و شوێن و مەبەستی بابەتەکان گفتوگۆ دەکەن، سنووری بابەتەکانیان نابەزێنن، بەم پێیەش لێک تێنەگەیشتن و ڕق و ئاژاوە لەنێوان مرۆڤەکان کەم دەبێتەوە، بۆیە ئەم بنەمایە

«بنەمایەکـی گرنگـە تاوەکـوو خەڵـک بـە هەڵـە لێکتـر تێنەگـەن» (شـێرزاد سـەبری عەلـی، ٢٠١٤: ١٨٣).

٣ - زانیـاری گۆڕینــەوە: بنەمـای هاریـکاری گلدانـەوەی بنەمـای کایـە گرتنـە، چونکـە بـوار بـە قسـەکەر و گوێگر دەدات، کە هاوسـەنگانە ئاڵوگۆڕی زانیارییـەکان بکـەن، لەپێنـاو گفتوگۆیەکـی بەهێـز، بۆیـە قسـەکەر و گوێگـر دەتوانن بیرۆکـە و بیروباوەڕ و زانیارییەکانیـان لـە نێوانیـان ئاڵوگـۆڕ بکـەن. ئـەم بنەمایـە ڕێگایەکـە بـۆ ئـەوەی «قسـەکەر و گوێگـر هـاوکاری یەکتـر بکـەن و بزانـن چـۆن و چەنـد و بـە چـی بەشـداری لـە گفتوگۆکـە دەکـەن» (شـەرمین ڕەسـوڵ ئەحمــەد، ٢٠١٧: ٣٣)، بەمــەش دەتوانــن فکـر و تێڕوانینەکانیـان باشـتر بـە یەکتـر بگەیەنـن و زیاتـر زانیارییەکانیـان لـە نێوانیانـدا ئاڵوگـۆڕ بکـەن.

٤ - دروسـتکردنی کاریگـەری ئەرێنـی: ئـەم بنەمایـە هۆیەکـی گرنگـی گفتوگۆیەکـی ئەرێنییـە، چونکـە «بـە پیادەکردنـی بنەمـای هاریـکاری لێڵـی و لێـک تێنەگەیشـتن کەمتـر دەبێتـەوە و بیرۆکـەکان بـە ڕوونـی بەپێـی ئاسـت و پێگـەی گوێگـر بخاتـە ڕوو» (ئەحمـەد، ٢٠١٧: ٣٢)، بەمـەش پێوەندییەکی بـاش و ئەرێنـی لـە نێوان قسـەکەر و گوێگر دروست دەبێت

٥- ڕێزگرتــن: بـە پەیڕەوکردنـی ئـەم بنەمایـە قسـەکەر و گوێگـر لەکاتـی گفتوگۆکردنیـان ڕێـز لـە کەسـایەتی و هەسـتی یەکتـر دەگرن. قسـەکردنیان لەچوارچێـوەی ئەخلاقیـدا دەبـن.

٦ - هۆشـیاری کۆمەڵگـە: بـە پەیڕەوکردنـی بنەمـای هاریـکاری سـنووری خـۆ خزاندنـە نێـو ژیانـی تاکـەکان کەمتـر دەکاتــەوە، بەمــەش کۆمەڵگـە هۆشـیارتر دەبێتــەوە، کـە ڕێـز لـە هەسـت و کەسـایەتی یەکتـر بگـرن و گفتوگۆکانیان سـنووردار بکـەن.

### ٣-٢- بنەماکانی هاریکاری

گرایـس لـە بنەمـای هاریـکاری چـوار جـۆری بنەمـای دارشـت، ١ - بنەمـای چەندیەتـی، ٢ - بنەمـای چۆنیەتـی، ٣- بنەمـای شـێواز، ٤- بنەمـای پێوەنـدی.

لـە تێڕوانینـی گرایـس بـە پیادەکردنـی ئـەم بنەمایانـە، قسـەکەران دەتوانـن لەنێـو خۆیـان گفتوگۆیەکـی نموونەیـی دروسـت بکـەن.

#### ٣-٢-١- بنەمای چەندیەتی

ئـەم بنەمایـە پەیوەسـتە بـە ڕادە و چەندیەتـی گوتـن لەلایـەن گوێگرەوە، بـەو واتایـەی سـنووری گوتـەکان و دەربڕینەکانـی گوێگـر لـە کاتـی وەڵامدانــەوە دیاریکـراو بێـت و بەپێـی پێویسـت قسـە بـکات، چەنـدی پێویسـتە بـۆ پەیـام و بیـر گەیاندنەکـەی بڵێـت، کەمتـر و زیاتـر زانیارییەکـەی نەگەیەنێـت. گرایس لـەم بنەمایـە دوو وردە بنەمـا دەخاتــە ڕوو

«یەکــەم: بـا گوتنەکــەت ئەوەنــدە زانیــاری بەخـش بێـت، کـە پێویسـتە.

دووەم: بـا گوتنەکــەت زیاتـر زانیـاری بەخـش نەبـێ لـەوەی پێویسـتە» (سـروە فیصـل عزیـز، ٢٠١٠: ٤٧). لـە کـۆی تێگەیشـتنی گرایـس دەتوانیـن بڵێیـن، (زانیـاری، بیـر، پەیام)ــەکەت ئەوەنـدە بـدە، کـە قسـەکەر پێویسـتیەتی و گوێگر دەتوانێـت بـەو وەڵامـە بـگات، کـە پرسـیاری لێـی کـردووە، یـان سـوودی بـۆی دەبێـت. نموونـە:

ا: لەماڵەوە چەند کەسن؟

ب: پێنج کەسین.

بەپێـی پەیـڕەوکاری ئـەم بنەمایـە، (ب) لـە چوارچێـوەی پرسـیاری (ا) وەڵامـی پرسـیارەکەی داوەتــەوە، بـێ دەرچـوون و کەمـی و زۆری لـە وەڵامـی پرسـیارەکەی، بەمـەش (ا)، توانیویەتـی

مەبەستی وەڵامی پرسیارەکەی بەپێی پێویست، لە (ب) وەربگرێتەوە.

**٣-٢-٢- بنەمای چۆنیەتی**

ئەم بنەمایە پەیوەستە بە ناوەرۆکی زانیارییەکانی ئەو قسەکەرەی، کە پرسیاری لێ دەکرێ، پێویستە وەڵامدانەوەکەی دڵنیایی و ڕاستیودروستی لەخۆ بگرێت، دوور بێت لە گومان و درۆ و تەمومژی لای گوێگر. لەسەر بنەمای چۆنیەتی، گرایس دوو وردە بنەمای خستووەتەڕوو «یەکەم: شتێک مەڵێ، کە بە باوەڕی تۆ هەڵە بێت. بنەمای دووەم: شتێک مەڵێ، کە بەڵگەی تەواو و ئاشکرات بۆی نەبێت» (سروە فیصل عزیز، ٢٠١٠: ٤٧). لە کۆی تێگەیشتنی بنەمای گرایس دەتوانین بڵێین، هەوڵ بدە لۆژیکانە وەڵام بدەیتەوە. ئەم تێگەیشتنەش لەسەر بنەمای هزری گومان و هەست و بیرکردنەوەکان ناوەستێت، بەڵکوو بەڵگەداری و ڕاستی لەخۆ دەگرێت. نموونە:

ا: کەش و هەوای بەیانی چۆنەبێت؟

ب: بەیانی بارانە.

لەم دەقەدا، کاتێک (ا) پرسیاری لە (ب) کردووە بۆ وەرگرتنی زانیاری بابەتێک، ئەوە (ب) توانیویەتی بە دڵنیایی و دوور لە ناڕاستی و هەست و تێڕوانین و بۆچوونی خودی و دوور لە دەربڕینەکانی (بە بۆچوونی من، وابزانم، لەوانەیە، وا بیردەکەمەوە، هەستەکەم، هەڵە نەبم)، وەڵامی پرسیارەکەی بداتەوە، بەمەش (ا) توانیویەتی وەڵامێکی دڵنیاکەرەوەی لە پرسیارەکەی (ب) دەست کەوێ.

**٣-٢-٣- بنەمای پێوەندی**

بنەمای پێوەندی بەیەکەوە گرێدانی گفتوگۆی نێوان قسەکەر و گوێگرە، گرایس لەسەر ئەم بنەمایە دەڵێت «با گوتنەکەت پێوەندیدار بێت»، بەو واتایەی با قسەکان و وەڵامدانەوەکانت پێوەندیدار بن لەگەڵ بابەتی بەرانبەرەکەت، دوور لە دروستکردنی ڕەمز و گۆڕینی بابەت و لێڵ واتایی لای بەرانبەر. بەپێی ئەم بنەمایە زانیارییەکان پەیوەستن بەو بابەتەی قسەکەر و گوێگر گفتوگۆی لەسەر دەکەن، بەمەش بنەمای پێوەندی هۆکارێکی گرنگە بۆ لێک تێگەیشتن و ڕێزگرتن لەنێوان ئاخێوەران. نموونە:

ا: حاڵی کوڕەکەت چۆنە؟

ب: شوکر بۆ خودا، حاڵی زۆر باشە.

بەپێی بنەمای پێوەندی (ا)، کاتێک پرسیار لە (ب) دەکا، (ب)، لەچوارچێوەی پرسیار و بابەتەکە، وەڵامی (ا) دەداتەوە، بەم پێیەش (ا) توانیویەتی، وەڵامی پرسیارەکەی پەیوەست بە بابەتی پرسیارەکەی لە (ب) دەست کەوێ، بێ ئەوەی (ب) بچێتە نێو بابەتێکی دیکە و وەڵامدانەوەی پرسیاری بابەتێکی دیکە، بەمەش لێک تێگەیشتن لە نێوانیان دروست بووە.

# فەلسەفەی ئیبن توفەیل

پ. د. حەمید عەزیز
(زانکۆی سەلاحەددین- کۆلێژی ئاداب)


١- کێشەیەکی سەرەکی کە بابەتی توێژینەوەی فەلسەفەی فەیلەسووفانی سەدەکانی ناوەڕاست بە گشتی (بە جوولەکە و مەسیحییەوە) و فەلسەفەی ئیسلام بە تایبەتی، پێوەندی نێوان سرووش (وەحی) و ژیرە، پێوەندی نێوان ئایین و فەلسەفە بووە. بوونی دوو ڕاستی (هەقیقەت) چۆن پێکەوە بگونجێنن و ساغی بکەنەوە کە هەردووکیان هەریەکن، بەڵام شێوازی پێگەیشتن و دەرک پێ بردنیان جیاوازە.

ئەو کێشەیە ئەگەرچی لە خۆیدا سەخت و دژوار هەستی پێ بکرێ، لە پرسیارێکی سادە و ساکارەوە کەوتووەتەوە:

- ئەگەر سرووش (وەحی) سەرچاوە و ڕێگای ڕاستی گەیشتن بەڕاستی بێ، بۆچی ژیر بە مرۆڤ بەخشراوە؟ ئەگەر ژیریش لەخۆیدا توانایی گەیشتن بەڕاستی هەبێ، دەکرێ دوو جۆر ڕاستی هەبێ؟!

فەیلەسووفی ئەندەلووسی ئەبوو بەکر ئیبن توفەیل (١١٠٠- ١١٨٥ز) کە لە سەردەمی (ئیبن ڕوشد)دا ژیاوە چووەتە ژێر باری وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارەوە.

- یەکەم فەیلەسووفە (دوای بووعەلی سینا) بەشێوازێکی ئەدەبی سەرنجراکێش جیهاندیدە فەلسەفەییەکەی خۆی ڕەنگ بڕێژێ. لە چیرۆکە ڕۆمانی فەلسەفەیی (حي بن يقظان)دا هەوڵی داوە ڕوونی بکاتەوە چۆن مرۆڤی بڕوا بوو بە یەک ڕەنگی، دەتوانێ بەبێ یارمەتی دەرەکی



ئیبن توفەیل

(سرووش- وەحی) خوا بناسێ و پەی بە جیهانی سەرووسروشت و نەمریی گیان- دەروون بەرێ، ئەمەش تاڕادەیەک کێشەی پێوەندی نێوان (ژیر - عەقڵ و نەقڵ) ڕوون دەکاتەوە.

- بووعەلی سینا چیرۆکێکی بەو ناوەوە نووسیوە، بەڵام جیاوازی لەنێوان مەبەست و بۆچوونی هەردووک فەیلەسووفدا هەیە، ئەگەرچی ئیبن توفەیل دانی پێدا ناوە کە ئەو بەرهەمەی شەیخی ڕەئیسی دیوە:

بووعەلی سینا لە چیرۆکەکەیدا پاڵەوانەکەی - حي بن يقظان -ی کردووە بە سیمبۆل و هێمای ژیری کارا (کاریگەر) بەڵام- حەی- لەلای ئیبن توفەیل ژیری مرۆڤە کە هەوڵی زانین و تەواوەتی (کامڵی) دەدات بۆ ئەوەی ڕۆشنایی ڕەبانی ڕۆشنی بکاتەوە (١). ئەو ڕۆمانە ڕەوشی مرۆڤ بەرجەستە دەکات. چۆن دەبێ ئەگەر سرووش (وەحی) ئاسمانی بۆ نەهاتبێ، یان نەیبیستبێ، ئەو بە تەنیا لەگەڵ ئاژەڵ و زیندەوەردا ژیاوە، بەڵام بەهۆی کۆشش و ڕامان و بیرکردنەوەوە زۆر شتی بۆ ڕوون بووەتەوە پەی بە بوونی ڕەب و دەروون و نەمریی بردووە. بەپێی سەرچاوەکان (حەی) بە تەنیا لەو دوورگەیەدا بەسەرهاتی منداڵی مووسا دێنێتەوە یاد. چۆن لە سەبەتەیەکی پووشدا دایکی بە ئاوی نیلی داداوە. دووریش نییە لە کولتووری فارس (بەهۆی بەرهەمەکەی بووعەلی سینا- دانایی ڕۆژهەڵاتی) سوودی وەرگرتبێ.

ئەو بەرهەمەی ئیبن توفەیل پرسیارە نیگەرانکەرەکە دەورووژێنێتەوە: ئەگەر ئەو بڕیارە بۆچوونەی ئەو فەیلەسووفە بە هەند وەربگیرێ کە مرۆڤ بەبێ سرووش (وەحی) بەهۆی ژیری خۆیەوە دەتوانێ ڕاستییەکانی هاوردەی سرووش و بنەماکانی بڕوا و باوەڕ (عەقیدە و ئیمان) بزانێ و پەیان پێ بەرێ، کەواتە پێویستی دەکرد وەحی بێتە خوارەوە؟! لەلایەکی ترەوە ئەو چیرۆکە ڕۆمانە چەند لێکدانەوەیەکی تر هەڵدەگرێ، بەڵام بە تێکڕایی لە چوارچێوەی گریمانە ناچنە دەرەوە:

**یەک:** دوور نییە ئایین و فەلسەفە، ژیر و سرووش پێکەوە بگونجێن و بە یەکەوەش نەیەنەوە، چونکە ئەگەر ڕاستیی (هەقیقەت) یەک شت بێ، ئەوە ئایین بە شێوەیەکی هەستەکی دەری دەبڕێ، بەڵام ژیر پەردەی لەسەر لادەدا و لە چوارچێوەیەکی ژیرەکیدا دایدەڕێژێ، بۆیە گوتراوە، جیاوازییەکە لەوەوەیە کە ئاستی زانین و پەی پێ بردن لەلای خەڵکی سادە (عەوام- بۆرە پیاوان) جیاوازە لە هی زانا و فەیلەسووفان.

**دوو:** ئایین بابەتی مرۆڤی سادە و ساکارە (عەوامی خەڵک)، چونکە ئەوان ئەو تواناییەیان نییە پەی بەوە بەرن کە پوختە و گەوهەری ئایین و خواناسین چییە و چی لەودیویانەوە هەیە (٢)، کەوابوو بەو پێیە دەبێ دوو جۆر ڕاستی هەبێ.

## پوختەی سەربوردەی حەی بن یەقەزان

١- ئەو چیرۆکە ڕۆمانەکە پتر لە سەربوردە دەچێ، لە سێ بەش پێکهاتووە:

**بەشی یەکەم:** چەند پێشەکییەکە تێیاندا ڕەخنە لە فەلسەفەی هەردوو فەیلەسووف فارابی

و غەزالی دەگرێ.

**بەشی دووەم:** سەربوردەی چیرۆکی حەی کوڕی یەقەزانە.

**بەشی سێیەم:** باسی دوو کەس دەکات بەناوی سلامان و ئەسال کە هاوڕێی حەیین(٣). سلامان نموونە و سیمبۆلی ئەو کەسانەیە کە بەهۆی پەیامبەرەوە ئایین (شەرع)یان بۆ هاتووە، بەڵام هەر لەڕووکەش و ڕوخسارەکەی تێگەیشتوون و پەیان بە پوختە و گەوهەر و ناوەرۆکەکەی نەبردووە.

ئەسال نموونەی ئەو کەسانەیە کە ئەو بە (ئەهلی جەدەل) ناوی بردوون. پاڵەوانی سەربوردەکە ناوی (حەیە) کە فەلسەفە و جیهاندیدی ئیبن توفەیل بەرجەستە دەکات.

- ئیبن توفەیل لە بەشی یەکەمی پێشەکییەکاندا باسی ئەو ڕەوشەی کردووە کە پێیاندا تێپەڕیوە و پێشتر شتی وەهای نەدیتوە، ئەوەندە بەلایەوە سەیر بووە، زمان نەیتوانیوە باسی بکات و توانایی ڕوونکردنەوەشی نییە (ل٩) بۆ پشتڕاست کردنەوەی ئەو بۆچوونەی خۆی، قسەی سۆفییەکان دەهێنێتەوە بەبێ ئەوەی ناویان بهێنێ، قسەیەکیان هی ئەبی یەزیدی بەستامیە و ئەوی دیکەیان هی مەنسووری حەللاجە.

دوای ئەوە پەنای بردووەتە بەر دێڕە هەڵبەستێکی غەزالی کە لە (منقذ)دا هاتووە و باسی ئەو ڕەوشەی کردووە کە پێیدا تێپەڕیوە: ئەوجا باسی ڕەوشەکەی ئیبن پاچە دەکات کە لەگەڵ هی خۆی جیاوازە. گوایە ئیبن پاچە بەهۆی زانستی تیۆری و توێژینەوەی هزری بەو دۆخە گەیشتووە! بۆ پشت ڕاستکردنەوەی قسەکەی خۆی، تێکستێکی شەیخی ڕەئیس بووعەلی سینای خواستووەتەوە کە ڕەوشی سوفێتی تاووتوو دەکات و دەڵێ دوای کۆشش و هەوڵێکی زۆر سۆفی بەو پلە و ڕەوشە دەگات کە ڕەوشی (کەشف) و پێوەندی کردنە بە خوا کە ئەوان بە (حەق)، واتە بوونەوەری ڕاستەقینە ناوی دەبەن. (ل١٢)

ئیبن توفەیل لەو پێشەکییەدا وا قسەی کردووە گوایە دوو پرسیاری لێ کراوە و کۆشاوە وەڵامی پرسیارەکان بداتەوە.

- باسی وڵاتەکەی خۆی ئەندەلووسی کردووە کە چۆن خەریکی بابەتی ئەزموون و ژیانی ڕۆژانە بوون، بۆیە گەیشتوونەتە ئەو ڕادەیەی دەربارەی ڕاستی بڵێن (پارچە هەڵبەستێکی چوار دێڕی هێناوەتەوە): کە

- دوو جۆرە ڕاستیی هەیە، یەکێکیان لە توانایيدا نییە مرۆڤ پەی پێ بەرێ و بیگاتێ، ئەوەی تریشیان (باطل)ــە و بەدەستهێنانی و پێگەیشتنی سوودی نییە!! (ل١٦)، ئیتر بەلای ئەو فەیلەسووفەوە ئەو فەلسەفەی بەهۆی کتێبەکانی ئەرستۆ و فارابی و ئیبن سیناوە پێ گەیشتووە، سوودیان بۆ ئەو مەبەست و ئامانجە نییە کە ئەو هەیەتی و خەڵکی ئەندەلووسیش بەپێی پێویست شتیان لە بارەیەوە نەنووسیوە.

٢- بەلای ئیبن توفەیلەوە، فارابی لە کتێبی (ئاکاردا) شتی گوتووە لەگەڵ بنەمای ئایینی ئیسلامدا نایەتەوە، گوایە فارابی گوتوویەتی:

**یەک:** گیانە بەدکارەکان دوای مردن ئازارێکی بەردەوامی بێ کۆتایی دەچێژن، کەچی لە کتێبی (سیاسەتی مەدەنی)دا وای داناوە کە ئەو گیانانە لەناو دەچن و دەبن بە هیچ (عەدەم) و گیانی چاکەکاری کامڵ دەمێنێتەوە!

**دوو:** بەختەوەریی مرۆڤ تەنیا هەر لێرە لەو دنیایەدا دەبێ، ئەوجا گوتوویەتی ئەوەی لەمە جیاوازتر بڵێ: (قسەکەی هەڵچوون و وڕێنەی پیر و پەککەوتەکانە). بەلای ئیبن توفەیلەوە ئەو بۆچوونەی فارابی ئەوەی لێ دەکەوێتەوە کە چاکەکار و بەدکار یەک پلەوپایەیان هەیە و گشت بەندەکانی ڕەب بێ ئومێد دەکات (ل١٧)، چونکە چارەنووسی هەموان بەرەو نەمانە، هەروەها گوایە فارابی نیاز و باوەڕی ناڕەوای بەرانبەر بە

پێغەمبەرایەتی هەبووە! وای داناوە ئەمە تایبەتە بە هێز و توانایی ئەندێشەوە نەک بە سرووش! گوایە فەلسەفەش لەمە چاکترە!

- شتێکی ئەوتۆ دەربارەی بووعەلی سینا ناڵێ لەوە بەولاوە کە لە نووسینەکانیدا ناوەڕۆکی بەرهەمەکانی ئەرستۆی دەربڕیوە و لە کتێبی (ئەلشیفا)دا پەیڕەوی ڕێبازی پیادەڕەوانی کردووە، بەڵام ئەوی بەدوای ڕاستیدا وێڵ بێ، دەبێ بگەڕێتەوە سەر کتێبی فەلسەفەی ڕۆژهەڵاتی (ئەل مەشریقیە).

- گازندەی غەزالی بەوە دەکات کە ڕووی گوفتاری کردووەتە خەڵکی سادە و ساکار و لێرە شتێک قەدەغە و (حەرام) دەکات و لەوێ هەر شتەکە خۆی پەسند و (حەڵاڵ) دەکات.

ئەوەی دەربارەی غەزالی گوتوویەتی و سەرنج ڕادەکێشێ بە شێوازێکی نەرم و دۆستانە و هێمن و لەسەرخۆ دوو شتی بۆ تۆمار کردووە:

**یەک:** غەزالی پەیڕەوی ڕێبازی گومانی کردووە و گوتوویەتی:

ئەوی گومان نەکات، تەماشا ناکات، ئەوی تەماشا نەکات نابینێ، ئەوی نەبینێ بە کوێریی و حەپەساوی دەمێنێتەوە.

**دوو:** پارچە هەڵبەستێکی غەزالی دەهێنێتەوە کە تێیدا گوتراوە ئەوەی بە چاوی خۆت نەیبینی باوەڕی پێ مەکە و شتی بیستراو بخە لاوە، ئەگەر ڕۆژ هەڵات، پێویستیت بە ئەستێرەی (زوحەل) نییە. (ل١٩)

بەڵام دیار نییە ئیبن توفەیل چۆن ئەو دوو هەڵوێستەی غەزالی هەڵسەنگاندووە.

٣- دەربارەی سەربوردەی (چیرۆکی) حەی بن یەقەزان، دەڵێ: باسی ئەو (ئەسال) و (سلامان) تان بۆ دەکەم کە شێخی ڕەئیس ئەو ناوەی ناون و ئەمانە چەند سەربوردەیەکن سوودیان لێ وەردەگیرێ (ل٢٢). یادگارێکن بۆ دڵخوازان.

- چیرۆکەکە بەو جۆرە دەستی پێ کردووە: ئیبن توفەیل لە سەرەتادا گوتوویەتی: دوورگەیەک لە دوورگەکانی هیندستان کە لەژێر هێڵی ئیستوایی دایە، لە ئەو دوورگەیەدا مرۆڤ بەبێ دایک و باوک پەیدا دەبێ، درەختێک هەر لەوێیە، لەجیاتی میوە ژنی لێ پەیدا دەبێ! گوایە مەسعوودی ئەو دوورگەیەی بە واقواق ناوبردووە.

دوای ئەوە نیگەرانە بە چ لایەکدا بیشکێنێ: مرۆڤ دایک و باوکی هەیە، یان بەبێ دایک و باوک پەیدا دەبێ، دەربارەی دیدی دووەم کە گوایە کەسانێک هەن بانگەشەی بۆ دەکەن ڕوونی دەکاتەوە چۆن ناوچەیەک لەو دوورگەیە هەیە ترشەڵۆک و هەوێنی لێ پەیدا دەبێ، ئەمەش چەند ساڵێکی پێویست بووە، ئیتر بە یەکسانی ساردوگەرم، وشک و تەڕی تێکەڵاوی یەکتری دەبن و جۆرە هاوسەنگییەکی هێز دەکەوێتەوە، بەو شێوەیە تاوەکوو دەگاتە ئەو ڕادەیەی ژیان پەیدا دەبێ (ل٣٠).

لەوە دەچێ ئەو فەیلەسووفە لە فەلسەفەی یۆنانی پێش سوکرات ئاگاداربووبێ، چونکە لەو قۆناغەی فەلسەفەدا بەشێوەیەکی تەمومژاویی ئەو جۆرە پەرەسەندنە سروشتییە قسەی لێوە کراوە، لەدواییدا فەیلەسووفی ئەندەلووسی بایداوەتەوە و چووەتەوە لای بۆچوونی یەکەم کە لە دایک بوونەکەیە:

- لە بەرانبەر ئەو دوورگەیەدا کە مرۆڤی تێدا نییە، دوورگەیەکی دیکە هەیە خەڵکی تێدا دەژی و مرۆڤێکی دەست ڕۆیشتوو بەڕێوەی دەبات و خوشکێکی شۆخوشەنگی هەیە و نایدات بە شوو، واتە بە مێردی نادات، گوایە کەسی شایستەی هاوسەری خوشکەکەی لەو دوورگەیەدا شک نەبردووە، خوشکەکەی بەدزییەوە، لە پشتی پەردەوە شوو بە مرۆڤێک دەکات بە ناوی یەقەزان و کوڕێکی لێ دەبێ ناوی دەنێن (حەی). لە ترسی برایەکەی، بۆ ئەوەی هیچی لێ نەکات، هەوڵی دوورخستنەوەی منداڵەکەی دەدات. لێرەدا دوو شت بەرچاو دەکەوێ:

**یەک:** چۆنێتی دوورخستنەوەی کۆرپەکەی کە خستوویەتییە تابووتێکی لە دار دروست کراو و داویەتییە دەست شەپۆلی دەریا، سەربوردەی مووسای بەنی ئیسرائیل دێنێتەوە یاد، چۆن دایکی لە ترسی پیاوانی فیرعەون بە هەمان شێوە مووسای کوڕی داوەتە دەست شەپۆلەکانی ئاوی نیل. وا پێدەچێ ئیبن توفەیل ئاگای لە تەوراتی جوولەکە هەبووبێ، تەنانەت باسکردنی دوورگەکەش لە بەهەشتی عەدەنی ئادەم دەچێ.

**دووەم:** ئیبن توفەیل دەڵێ مرۆڤێک حوکمداری دوورگەکە بووە، کەچی خوشکەکەی لە کاتی پاڕانەوە لە خوا و نزاکردن دەڵێ (شا)! ئەمە چۆن لێک دەدرێتەوە؟ (ل٢٨)

ئیتر دوای ئەوەی خوشکەکەی حەی کوڕی لە تابووتەکە دەداتە دەست شەپۆلەکان، لە قەراغ دوورگەکەی تر لەنگەر دەگرێ و شەپۆلەکان هێمن دەبنەوە، لەنێو دار و درەختەکاندا تابووتەکە جێگیر دەبێ، بەهۆی ئەو شەپۆلانەوە کە تابووتەکەیان هێناوە و بردووە بزمارەکانی تابووتەکە لە جێگای خۆیان هەڵکشاون و تەختەی سەرەوەشی کەلێنی تێکەوتووە. لەو دوورگەیەدا و لە نزیکەوە ئاسکێک تازە بە تازە بێچووەکەی مردووە، گوێی لە گریانی ئەو زارۆیە ساوایە دەبێ، بەدەنگییەوە دەچێ و هەڵیدەگرێ و بەشیری خۆی بەخێوی دەکات! حەی گەورە دەبێ، دایکی ئاسکەکە دەمرێ، دەحەپەسێ چی لە لاشەکەی بکات (وەک هابیل و قابیلی تەوراتی جوولەکە) دوو قەلە ڕەشە دەبینێ بەشەڕە دەنووک بە یەکتری هەڵدەپرژێن. یەکیان ئەوی تریان دەکوژێ و بکوژەکە کوژراوەکە دەنێژێ و حەی لێوەی فێر دەبێ و دەگەڕێتەوە ئاسکەکە دەنێژێ.

٤- دوای وردەکارییەکی ژیانی ڕۆژانەی پاڵەوانی سەربوردەکە لە تەوەری سێیەمی بەشی یەکەمدا ئیبن توفەیل قسە لەوە دەکات چۆن حەی بە سایەی تاقیکردنەوەی ژیانی ڕۆژانە لە قۆناغی زانینی هەستەکییەوە گەیشتووەتە قۆناغی زانینی ژیرەکیی پەیوەست بە ئەنجامگیریی لە جیهانی پەیدا بوون و لەناوچووندا.

- پەیدابوون و لەناوچوون، ناوونیشانی شاکارێکی مامۆستای یەکەم. لێرەدا وشەی پەیدابوون گۆڕانی شت لە ڕەوشێکی ژێرەوە بەرەو دۆخێکی باڵاتر وەک چۆن دەنگە قۆخ دەبێ بە درەختی قۆخ.

وشەی لەناوچوون، بە پێچەوانەوە، گۆڕانی شتە لە دۆخێکی باڵاوە بەرەو دۆخێکی نزم، وەک سووتانی تەختە و بوونی بە خۆڵەمێش.

- حەی سەرنجی ئەو شتانەی داوە کە جیهانی پەیدا بوون و لەناوچوون پێک دەهێنن، هەر لە گڵ و ئاو و بەرد و کانزا و ڕووەک تا دەگاتە ئاژەڵ و زیندەوەر، ئیتر بۆی دەرکەوتووە کە خەسڵەتی زۆر و زەبەندە و کار و کرداری جیاواز و جووڵان و بزاوتی وەک یەک و ناکۆکیان هەیە. دوای وردبوونەوە بۆی ساغ بووەتەوە کە ئەوان لە هەندێک خەسڵەت و تایبەتمەندیدا وەک یەکن و لە یەکتری دەچن و لە هەندێکی دیکەدا لە یەکتری جیاوازن. لەو لایەنەوە کە وەک یەکن و لە یەکتری دەچن یەک و یەک شتن. لەو ڕەهەندەشەوە کە لە یەکتری جیاوازن، هەمەڕەنگی و فرەیی دەکەوێتەوە. (ل٥١)، ئەمەیە کە باسی یەک ڕەنگی و هەمەڕەنگی و لە یەک چوون و جیاواز و وەک یەک و فرەیی لە جیهانی پەیدابوون و لەیەکچوون دەکرێ.

- دوای ئەمە (حەی) سەرنجی لەشە زیندووە بێ گیانەکان دەدات، جارێکیان بۆی دەردەکەوێ کە یەک شتن و جارێکی دیکە بێ سنوور و بێ کۆتایی زۆر و فرەن، ئیتر هەر یەکێک لەوان، وەک بۆی دەردەکەوێ، یان ئەوەتا بەرەو ژوور بەرەو باڵا دەجووڵێن وەک: دووکەڵ، هەوا، یان بە پێچەوانەوە بەرەو ژێر، بەرەو خوار تەکان دەدەن وەک: ئاو، زەوی (خاک) و چەند بەشێکی

زیندەوەر و ڕووەک، ئیتر هەر شتە، هەر لەشە لە جێگای شیاو و شایستەی خۆی دەگەڕێ و بۆی بەڕێ دەکەوێ و دەچێ (ل٥٦). هەر لەشێک لەو لەشانە قورسە، یان سووکە، بەڵام ئەو دووانە خۆیان لەشیی نین، بەڵکوو خەسڵەتن.

٥ - لە تەوەری چوارەمی بەشی دووەمدا ئیبن توفەیل دێتە سەر باسی ئەوەی کە حەی لە قۆناغی بیرکردنەوە لە جیهانی پەیدابوون و لەناوچووندا بەرز دەبێتەوە، حەی بۆی دەرکەوتووە کە ئاسمان و ئەستێرەکانی لەشن، چونکە لە سێ لاوە دەکشێن و درێژ دەبنەوە: درێژایی، پانایی و قووڵایی. لە خۆی دەپرسێ، دواتر، ئایا ئەو سێ خەسڵەتە بێ سنوور و بێ کۆتایی درێژ دەبنەوە، یان ئەوان ڕادەیەکیان هەیە؟ لە ئەنجامدا بڕیار دەدات کە ئەوان سنووردارن و کۆتاییان دێت (ل٦٧). ئەو بۆچوونە بڕیارەکەی ئەرستۆ دێنێتەوە یاد کە ئەڵقەی زنجیرەکە تا سەر درێژ نابێتەوە و دەبێ لە جێگایەکدا کۆتایی بێت.

کەوابوو هەموو لەشەکانی ئاسمان سنووردارن و کۆتاییان هەیە. (ل٦٩) ئەگەر گەردوون بە ئاسمانەوە سنووردار بێ و گەردوون و ئاسمان لەش بن، هەموو لەشێکیش لە درێژبوونەوە و پانایی و قووڵاییدا سنووردارە، کەوابوو هەموو گەردوونەکان سنووردارن، ئەمەش لە خۆیدا بەکارهێنانی بنەمای پێوانەی مامۆستای یەکەمە!

- هەر بەو پێوەرە ناکرێ هیچ شتێک هەر کۆن بێ و سەرەتای نەبێ، ئەو بوونە و لەشانە ناکرێ بێ دەستپێک بن، هەروەها ناکرێ لەپێش دەستپێکەکەوە بن، ئەوی نەشێ و نەکرێ لەپێش دەستپێکەوە بێت، دەبێ خۆیشی سەرەتای هەبێ. کەواتە بوون هەرە کۆن نییە و سەرەتای هەیە (ل٧٢).

- دەستپێک و سەرەتا توندوتۆڵ بەکاتەوە بەندن، کات لە جیهان دانابڕێ و جیاناکرێتەوە، کەواتە کاتیش کۆن نییە و سەرەتای هەیە، چەند ساڵێک دەربارەی ئەو کێشەیە کە بەم جۆرەیە، سەرگەردان بووە:

ئەگەر جیهان نوێ بێ، دەبێ داهێنەری هەبێ، باشە ئەو داهێنەرە بۆ ئێستا دایهێناوە و بۆ پێشتر ئەمەی نەکردووە؟ ئایا ئەمە مایەی ڕوودانی شتێک بووە؟ یان گۆڕان لە خودی خۆیدا ڕووی داوە، چونکە هەر خۆی هەیە و شتێکی تری لەو بەدەر بوونی نییە؟ ئەگەر ئەو گریمانەیە پەسند بکرێ چی ئەو گۆڕانەی بەرپا کردووە؟! چەند ساڵێک بیری لەو کێشەیە کردووەتەوە و بەڵگە جیاوازەکان لە بەهێزیدا یەکسان و وەک یەک بوون!

- ئەگەر وای دابنێ کە جیهان نوێیە، دەستپێکی هەیە و لە هیچەوە پەیدابووە، ناکرێ لە خۆیەوە ببێ بە بوون، ئیتر دەبێ بکەرێک هەبێ بۆ ئەو بوونەی دەستەبەر بووە، هەروەها ناکرێ ئەو بکەرە بە هەستەکان پەی بە شت بەرێ، ئەگەر وابوایە دەبوو لەش بێ، لەشیش نوێیە و زنجیرەیە بێ کۆتایی بڕ ناکات، دەبێ لە داهێنەر کۆتایی بێ کە هەرە کۆنە و داهێنەر و دەستپێکی نییە. (ل٧٣).

٦- دوای ئەو وردبوونەوە و بیرکردنەوە و ڕامانە گەیشتووەتە چەند ڕاستییەک:

- بوونی هەر لەشێک بەهۆی وێنەکەیەوەیە، ئەمەش هێز و توانایی بزووتنەوەکەیە کە هەیەتی. بوونی بەهۆی کەرەستەکەیەوە بوونێکی لاوازە.

لەبەر ئەوەی کەرەستە پێویستی بە وێنە هەیە. بۆ ئەوەی بوونە ڕاستەقینەکەی پشت ڕاست بکرێتەوە. ئەو وێنەیە کار و کرداری بکەرێکە کە ئەو بڕیارەی داوە (ڕەب)، ئیتر هەموو بوونەوەرێک بەو پێیە پێویستی بەو بکەرە هەیە. هەموو بوون و بوونەوەرێک ئەنجامە لەو بکەرە کەوتووەتەوە کە هۆکاری بێ هۆکارە، ئەوان کە نوێ بن و هیچ (نابوون- عەدەم) لە پێشیانەوە بووبێ، یان بێ سەرەتا و دەستپێک بوون لە ڕەهەندی

کاتـەوە و هیچ لـە پێشیانەوە نەبووە، لـە هـەردوو ڕەوش و دۆخەکـەدا ئەنجامـن کەوتوونەتـەوە و پێویستیان بـە بکـەر- هـۆکار هەیـە (ل٧٥). دوای ئـەوە ئیبـن توفەیـل بـۆ پشـت ڕاسـتکردنەوەی ئـەو بۆچوونـەی نموونەیـەک دەهێنێتـەوە و دەڵـێ: شـتێک بەدەسـتتەوە بگـرە و دەسـتت بجووڵێنـە، شـتەکە دوای جووڵانـەوەی دەسـتت دەبـزوێ، ئەگـەر ئـەو جووڵانـەی شـتەکە بـە کات لـە دوای جووڵانـەوەی دەستیشت نەبێ، ئـەوە ئەنجامـە و لـە جووڵانەوەکـەی دەسـتت کەوتووەتـەوە، هـەر بـەو پێیـە بـوون، جیهـان ئەنجامـی داهێنانـی ئـەو بکـەرە هۆکارەیـە بەبـێ ڕەگـەزی کات.

- (حـەی) چەنـد بەڵگەیەکـی تـری بوونـی ڕەب دەهێنێتـەوە کـە داهێنانێکـی ئەوتۆیـان پێـوە دیـار نییـە وەک:

- سـەرنجی دەوروبـەری خـۆی دا، ئـەو جوانـی و ڕێکوپێکییـە ناکـرێ لـە خۆیـەوە بـێ، دەبـێ داهێنەرێـک دایهێنابـێ.

- لـە شـتەکاندا کەموکووڕیـی هەیـە. ئەگـەر خۆیـان داهێنـەری خۆیـان بانایـە، بەبێ کەموکووڕی دەبـوون، ئیتـر دەبـێ داهێنەرێـک هەبـێ ئەوپـەڕی تـەواو و بـێ کەموکووڕییـە (کامڵـە) و ئەوانـی داهێنـاوە. (ل٧٧)

- لـە تـەوەری پێنجەمـی بەشـی دووەمـدا، ئیبـن توفەیـل لەسـەر زاری (حـەی) دەپرسـێ چۆن توانی ئـەو بوونـەوەرە باڵایـە بناسـێ کـە خـۆی هـۆکاری نییـە و هـۆکاری بوونـی هەمـوو شـتێکە؟ چـۆن پـەی بـەو بوونـە بـرد؟ لـە وەڵامـدا توانایـی هـەر پێنـج هەسـتەکە تاوتـوو دەکات و دەڵـێ ناکـرێ ئەمـە کاری ئـەم هەستانە بێت!! چونکە ئەمـە لـە تواناییانـدا نییـە ئـەوان تەنیـا هـەر شـتی لەشـیی دەزانـن و پـەی پـێ دەبـەن بـۆ نموونـە:

- گـوێ شـت دەبیسـتێ، چـاو ڕەنـگ دەبینـێ، چێـژ تـام دەکات، دەست لێدان هەست بـە ڕەقـی و نەرمـی و زبـری دەکات.

ناکـرێ ئـەو پـەی پـێ بردنـە بەهـۆی ئەندێشـەوە بـێ، چونکـە ئـەو هێـزە تەنیا پەی بەو شـتانە دەبات کـە درێژایـی و پانایـی و قووڵاییـان هەبـێ، ئەمانـە سـەرجەم خەسـڵەت و توانایـی و هێـزی شـمەکە لەشـییەکانن. (ل٧٩)، بـەڵام ئـەو بوونـەوەرە، بـوون ناچارییـە (واجب الوجـود) لـە هەمـوو خەسڵەتێکی شمەکە لەشـییەکان بـەدەر و دوورە! کەواتـە دەکـرێ بەهێزێـک بناسـرێ و پـەی پـێ ببـرێ کـە لەشـی نەبـێ! دەبـێ ئـەو هێـزە خـودی خـۆی (ذات) بـێ، چونکـە ئـەو خـودە لـەش نییـە و لـە لـەش جیـاوازە، بۆیـە پەیدابـوون و لەناوچـوون نایگرێتـەوە! دواتـر حـەی ویسـتوویەتی بزانـێ ئـەو خۆیـە بێگـەردە کـە لـە لـەش جیابـووەوە چـی لـێ دێـت؟ لـە چ ڕەوش و دۆخێکـدا دەبـێ؟ (ل٨١).

- جارێکـی دیکـە بـە هەسـتەکاندا چووەتـەوە. چاو کـە نووقانـدت، هێزەکـی شـت بـەدی دەکات کـە کردتـەوە کردەکـی شـت دەبینـێ، ئەمەش خەسـڵەتی شـتی لەشـییە، بـەڵام خـود (کـە مەبەسـتی ئیبـن توفەیـل دەروون- گیـان) بـە مردنـی لـەش لێـی جیادەبێتـەوە و نامـرێ.

- لـە تـەوەری شەشـەمی بەشـی دووەمـدا کـە دوا تـەوەری ئـەو بەشـەیە، حـەی وەک ئـەوەی گەشـتێک بـە جیهانـی سـەروو فەلەکـی مانگـدا بـکات، ئەمـەش ڕێـگای بـەرەو ژووری تیـۆری لەسـەرەوە ڕژانـی (فیـض)ی ئەفلوتینـە، فەلەکـی بـاڵا بـەدی دەکات کـە لەشـی نییـە و خۆیەکـی دوور لـە ماددەیـە، ئەوجـا ئـەو فەلەکـەی دیتـووە کـە لـەدوای ئـەوەوە دێـت، ئەویـش فەلەکـی ئەسـتێرە جێگیرەکانـە و دوورە لـە مـاددەوە، ئـەوەش وەک ئـەوی پێشـوو یەکتـای ڕاسـتەقینە نییـە، ئیتـر لـەوێ چەنـد خـود و گیانێکـی ڕەببانـی هەسـت پـێ دەکات کـە ئەمانـە بـە خـودی یەکتـای ڕاسـتەقینە بوونـەوەری بوونـی ناچارییـەوە بەنـدن کە بنەمـا و بنەڕەتییانـە و هـۆکاری بوونیانـە هـەر ئـەوە دەسـتەبەری بەردەوامـی بوونیـان دەبـێ، ئـەو پێویسـتی بـە

هیچ شتێک نییە، بەڵکوو هەموو شتێک و گشت لەشێک پێویستیان بەو هەیە، ئەگەر ئەو نەمێنی و ببێ بە هیچ، لەشەکانیش لەناو دەچن. (ل١٠٩).

دواتر حەی دێتەوە هۆش خۆی و وریا دەبێتەوە و دەگەڕێتەوە بۆ جیهانی هەستەکی! ئایا چەند تامەزرۆ بووە جارێکی تر بچێتەوە بۆ ئەو جێگایە! ئەو ڕەوشەی حەفت حەفتەی کێشاوە ئەوکاتە تەمەنی پەنجا ساڵ بووە و بووە بە هاوڕێی ئەسال کە سەربوردەکەیان بەو جۆرە بووە (ل١١٠):

- بەشی سێیەم و کۆتایی دەربارەی دیتنی سلامان و ئەساڵە کە لەگەڵ حەی هەرسێک بەرانبەر بە دوورگەکەی حەی دوو لاو دەردەکەون بەناوی سلامان و ئەسال، یەکەمیان سروشتێکی کردەکی هەبووە، بەڵام تەنیا لە ڕوخسار و ڕووکەشی ئایین تێگەیشتووە، ئەسال سۆفی بووە لە دوورگەکەدا دوور لە کۆمەڵگا دوورەپەرێز ژیاوە، دەچێتە دوورگەکەی حەی و وا دەزانێ کەسی تێدا نەدەژیا! چاوی بە حەی دەکەوێ، پاش ماوەیەک لە یەکتری تێ دەگەن. حەی هەست بەوە دەکات کە پێویستە ڕێگای ڕاست و ڕاستیان نیشان بدات، دەچێ بۆ لایان، بەڵام تاڕادەیەکی زۆر خەڵکەکە لێی تێ ناگەن، بۆیە هاتنەکەی بۆ ئەو دوورگەیە و قسەکردنی لەگەڵیان دەبێتە مایەی ئەوەی دووچاری گومان کردن ببن و بابەتەکە لەلایان تەمومژاوی ببێ، چونکە دانیشتوانی ئەو دوورگەیە ئەگەرچی تاڕادەیەک بەختەوەر ژیاون، بەڵام لە تواناییاندا نەبووە وەک حەی بەپێی بنەماکانی ژیر و ژیرەکی ژیان بەسەر بەرن، ئیتر بەدڵ شکاوی و بێ ئومێدی دەگەڕێتەوە دوورگەکەی خۆی و دڵنیا دەبێ لەوەی کە لە تواناییدا نییە وا لە خەڵکی سادە و ساکار بکرێ ناوەرۆکی ناوەوەی شەریعەت و ئایین تێ بگەن، بۆیە پێیان دەڵێ کێشە نییە کە لەسەر ئەو ڕەوش و ژیانەی خۆتان بەردەوام بن و تەنیا هەر لە ڕوخسار و ڕووکەشی شەرع تێ بگەن. (ل١٢٢).

## ئەنجام

ئیبن توفەیل یەکەم فەیلەسووفە (دوای کورتە چیرۆکەکەی بووعەلی سینای بوخارا) کە بە چیرۆکێکی نیمچە ڕۆمان، جیهاندیدی فەلسەفەی نووسیوەتەوە. تێیدا سەربوردەی مرۆڤێک دەگێڕێتەوە کە بەبێ ئەوەی ناوی (وەحی) سرووش و ئایینی بیستبێ بە وردبوونەوە و ڕامانی ژیر گەیشتووە بە ڕاستی و ڕاستەقینەی بڕوا و باوەڕ.

فەلسەفەکە کۆیەکی تێکەڵەی هەمەڕەنگی فەلسەفەی یۆنان (ئەرستۆ و ئەفلاتوون و ئەفلۆتین) و فارابی و ئیبن سینا و غەزالی و ئیبن ڕوشدە کە لە دواییدا سۆفیێتی تێکەڵ کراوە.

- پاڵەوانی سەربوردەکە مرۆڤێکە بە جۆرێکی سەرنجڕاکێش گەورە بووە! گۆشەگیرە بە تاقی تەنیا لە دوورگەیەکدا دەژیا. کاروباری دنیا لە ناخ و دڵ و مێشکیدا نییە، کات بە ڕامان و وردبوونەوە بەسەر دەبات، بەهۆیەوە دەتوانێ توانایی ژیری خۆی پلە بە پلە کارا و چالاک بکات تا ئەو ڕادەیەی دەتوانێ پەی بەو ڕاستییە ڕاستەقینە هەرە کۆنانە بەرێ کە لە ژیری چالاک و کارای یەکتای یەکڕەنگ دان.

- بەلای ئەو فەیلەسووفەوە خەڵکی سادە و ساکار بەگشتی لە پوختە و ڕاستیی و ناوەرۆک و گەوهەری ئایین تێنەگەیشتوون و بابەتەکەیان تەنیا هەروەک ڕواڵەت و ڕووکەش وەرگرتووە. هەر کۆششێک بۆ گۆڕینی ئەو ڕەوشە بکرێت، بێ سوود و مایەپووچ دەردەچێ و بێ ئومێدی بەدوادا دێت- وەک لە کۆتایی چیرۆکەکەدا هاتووە -. ئایین و شەریعەت دوو دیویان هەیە: دیوێکی دیار و بەرچاو، دیوەکەی دیکەی شاردراوەیە، هەموو کەسێک نایگاتێ!

– ئـەو بـە تەواوەتـی تێنەگەیشـتنە لـە ڕاسـتی و ڕاسـتەقینە (هەقیقـەت) بەگشـتی نەزانـی و نەزانینـە، ئەمـەش پەتایەکـی ترسـناکە تونـدڕەوی و دەمارگیـری و سـتەم و بـێ دادی و دواکەوتوویـی لـێ دەکەوێتـەوە! کەوابـوو ئاییـن بابەتـی خەڵکـی سـادە و سـاکارە، تەنیـا کەمایەتییەکـی دەسـت بژێـر لەتواناییـدا هەیـە لـە ڕاسـتی بـاڵا تـێ بـگات و پـەی بەڕاسـتی و (هەقیقەتـی) ڕەببانـی بەرێـت، ئەمـەش بـە پشـت کردنـە کاروبـاری جیهـان و ژیانـی هەسـتەکی و ئارامـی و خەڵـوەت و عـەوداڵ بـوون بـۆ گەیشـتن بـە ژیـری هەمەکـی دەسـتەبەر دەبـێ. پابەندبـوون و پەیڕەوکردنـی ئـەو ڕێگایـەی ئیبـن توفەیـل ڕەنگـی بـۆ ڕشـتووە و (حـەی) پەیـڕەوی کـردووە، پێوەنـدی کـردن بـە بوونـەوەری ڕەهـا، هـۆکاری بـێ هـۆکار، بنەمـای بنەمـاکان، بوونـەوەری ناچاریـی دابیـن دەکات.

– جیـاوازی لەنێـوان فەلسـەفە و ئاییـن، لەنێـوان ژیـر و سـرووش، لەنێـوان ژیـر و نەقڵـدا نییـە، بەڵکـوو ئـەو جیاوازییـە لـەوەوە سـەرئاودەکەوێ کـە پلـەو ڕادەی تێگەیشـتنی خەڵکـی سادە و ساکار لە هـی داناکان جیاوازتـرە. باوەڕ (عەقیـدە) و ئیمـان سـیمبۆلی ڕاسـتیی گیانیـن. ئـەوی پابەنـدی ژیانـی جیهانـی مـاددی هەسـتەکی بـێ، ئاسـتی پـەی پـێ بردنـی ناگاتـە ئـەو ڕادەیـەی ئـەو ڕاسـتییە بزانـێ. (ابـو ریـان: ل:٤٢٨)، بـەڵام دوو ڕێـگا لـە ئـارادان بۆ گەیشـتنە ڕاسـتیی سـەرنجدانی ژیرەکـی وەک لـەلای (حـەی) بـووە و ڕێـگای پەیڕەوکردنـی بنەماکانـی ئاییـن و سـۆفێتی وەک ئاسـاڵ کردوویەتـی، ئیتـر ئـەو ڕاسـتییەی بەهـۆی ژیرەوە پـەی پـێ دەبردرێ هـەر ئـەو ڕاسـتییەیە کـە سـرووش (وەحـی) هاوردوویەتـی.

– هەرچەنـد بەڵگـە بهێنرێتـەوە دەربـارەی بـوون و نابـوون یەکتـای یـەک ڕەنـگ، دەربارەی کۆن و نوێی دنیـا (ئـەزەل و ئەبـەد) و کۆتایـی هاتنی و نەهاتنی، نەمریـی گیـان و لەناوچوونـی، تاکـە گوڵێـک ناخرێتە سـەر خەرمانـی لاهـووت و فەلسـەفەی ڕەببانـی و هیچیشـی لـێ کـەم ناکرێتـەوە، چونکـە کێشـەکە بابەتـی بـڕوا و بـاوەڕە (عەقیـدە و ئیمـان). کێشـەی کـۆن و نوێـی جیهـان و داهێنانـە، یـان دروسـت کردنـە ئەگـەر لـە بەڵگـەی بوونـی هـۆکاری یەکەمـی جیهانیـش جیابکرێتـەوە، هـەردوو گریمانەکـە، جیهـان کۆنـە، یـان نوێیـە، بوونـی داهێنـەر دەکات بەپێـش مـەرج (٤).

– لـەش و دەروون (گیـان) لـە یەکتـری جیـاوازن، لـەش سـەر بـە جیهانـی پەیدابـوون و لەناوچوونـە، دەروون سـەر بـە جیهانـی گیانییـە. بەختـەوەری تەنیـا بـەش و چارەنووسـی گیانـە بـەوەی پـەی بـە پێوەنـدی خـۆی بـەرێ بـە بوونـی ناچاریـی و سـەرنجدانی ئـەو بوونـەوەرە بـێ وێنـە و بـێ نموونەیـە (ئـەو بـە مشـاهدە نـاوی دەبـات) دوا مەبەسـت و ئامانجـی ئـەو چالاکییـەی گیانـە.

سەرچاوە و پەراوێز:

١ – د. محمـد علـي أبـو ريـان: تأريـخ الفكـر الفلسـفي فـي الاسـلام، بيـروت، ١٩٧٣، ص٤٢٥.

٢ – ت.ج.دی بـور: تأريخ الفلسـفة في الإسـلام، ت: د. محمـد عبدالهـادي أبـو ريـده، بيـروت، بـلا، ص٣١٢.

٣ – أبـو بكـر محمـد بـن طفيـل: رسـالة حـي بـن يقظـان، منشـورات الجمـل، كولونيـا (المانيـا)، بغـداد، ٢٠٠٧، لەمـەودوا پشـت بـەو سـەرچاوە سـەرەکییە دەبەسـتین و سـوود لـە بیروبۆچوونی شـارەزایانی فەلسـەفەکەی وەردەگریـن.

– ئـەو سـەرچاوەیە جارێکـی دیکـە لێـرە نانووسـینەوە، بەڵکـوو لـە نووسـینەکەماندا تەنیـا هـەر ئاماژە بە لاپەڕەکانی ئەو شاکارە دەدەین.

٤ – د. ماجد فخري: تأريخ الفلسـفة في الاسـلام، ت: د. كمال اليازجي، بيروت، ٢٠٠٤، ص٣٦٦.

# ڕۆڵی باباتاهیری هەمەدانی لە نێو کۆمەڵی کوردەواریدا

هەیاس کاکەیی

لوڕستان بە دەرکەوتنی کەسایەتییەکی پایەبەرز و شاعیر و سۆفی و بیرمەندی زەمانی خۆی گەشایەوە، کە لە بواری ئەدەبیدا، چوارینەکانی بە دەسپێکی ئەدەبی کوردی دەژمێردرێت، هەرچەندە پێش ئەویش بزاڤی ئەدەبی کوردەواری هەبووە، بە تایبەت لە بواری ئایینی و ڕێبازە ئایینییەکاندا، نەخاسما لە نێو یارسانییەکاندا.

چوارینەکانی باباتاهیر لە بنەڕەتەوە فەلسەفەیەکی نهێنی ئامێزی تێدا بە دی دەکرێت، بە تایبەت لە بواری ئایینیدا، چونکە لەو سەردەمانەدا، درکاندنی نهێنییەکانی ئایینی، یان هەر ڕێبازیکی ئایینی قبووڵ نەدەکرا، لەلایەکی دیکەوە باباتاهیر وەک کەسایەتییەکی بەڕێز و ناسراو لە ناو کۆمەڵ و لە ئێران و کوردستان بەگشتی، لە زۆر لایەنەوە خەمخۆری نەتەوەکەی بوو، سەرەڕای ڕابەرایەتی ئایینی لە نێو یارسانییاندا، لە بواری کۆمەڵایەتی و ئەدەبی و سیاسی ئەو سەردەمەدا جێی پەنجەی دیار بووە.


م. عەلائەددین سەجادی باسی بابا تاهیر دەکات وەک فریشتەی چوارەمی بابا خۆشین (موبارەک شا) (مێژووی ئەدەبی کوردی چ٢)، کە لەو سەردەمەدا باباخۆشین بزوتنەوەیەکی ئایینی سەرتاسەری لە ئێران و کوردستان

دەست پێ کردبوو، کە سەرەتا لە لوڕستانەوە سەری هەڵدا، باباتاهیر یەکێک بوو لە یاران و هەوادارانی بابا خۆشین لە نێو یارسانییاندا. لەم بابەتەدا هەندێک ڕووناکی دەخەینە سەر ئەو بوارانەی ڕۆڵی تایبەتی تێدا بینیوە.

### (١) بواری کۆمەڵایەتی

لە دووتوێی شیعرەکانیدا ئامۆژگارییەکی زۆر بە دی دەکرێت، لە پەیڕەوکردنی ڕاستی و کاری چاکە و دوورکەوتنەوە لە خراپەکاری، ئەوە سەرەڕای ئاموژگارییە ئایینییەکان وەک ڕابەرێکی ئایینی، هەموو هەوڵ و تەقەللای خۆی بەگەڕ خستووە تا کۆمەڵی کوردەواری چاکسازی تێ بکەوێ، هەر لە لوڕستانەوە بۆ هەورامان و گەرمیان تا هەموو کوردستان و ئێران بە گشتی، ڕوویشی کردووەتە هەر ناوچەیەک جێی پەنجەی دیار و بەجێ ماوە.

باباتاهیر لە لوڕستان دەرکەوتووە، کە ئەهلی هەق بووە و ناسراوە بە عەلی ئیلاهی و سەرکردەی ئایینی گەورەیان شاعیری بە ناوبانگ بووە، شیعرەکانی پلەیەکی بەرزی لە کتیب و ئەدەبیاتی ئەهلی هەقدا هەبووە (گ.ک. زانیاری کوردی ی٢ ب٢. لا١١٠)، ئەهلی هەقەکان ڕێزی سۆفییە بەناوبانگەکانیان دەگرن و زۆربەی شوێنەکانیان بە ناوی ئەوانەوە ناو دەنێن، بە پێی بڕوایان، بەتایبەتی باباتاهیر کە زۆر ڕێزی شیعرەکانی دەگرن کە بە زمانی لوڕی نووسراوە (د.م . ا .ب٣ . لا٣٤٤)، باباتاهیر یەکێک بووە لە نێو بزوتنەوەکەی باباخۆشین و سەرپەرشتی و ڕابەرایەتی ئایینی یارسانی کردووە، لە بڵاوکردنەوەی ئایینەکە بە تایبەت لە کوردستان، کاریگەری بەهێزی هەبووە بە زۆریش بە هۆی توانایی بەرزی سۆفێتی و



باباتاهیری هەمەدانی

بەهرەی گەورە و بێ هاوتای لە بواری شیعر و ئەدەب و ڕەوشتی بێگەرد و خاوێن و دەروونێکی پاک و بێ هاوتایەوە، ئەم سیفەتانەی وایان کردووە زیاتر بەڕێز و پایەبەرز بێت و بچێتە دڵەوە و هەوادارانی زۆر بێت.

یەکێک لەو سیفەت و ڕەوشتە بێگەردانەی باباتاهیر کە لە بیروباوەڕەکە هەڵدەقوڵێت جیاوازی نەکردنە لە نێو ئایینەکان و ڕێبازەکاندا، چونکە لە بیروباوەری ئەودا هەموویان دەچنە سەر ئاواتەخوازی یەک ئامانج کە خواناسییە.

باباتاهیر هیچ جیاوازی لە نێوان کەعبە و کەڵێسا و دێر و جێگای بت پەرستیدا نەکردووە، چونکە هەموو ئەو شوێنانە بۆ پەرستنی خودا دانراون (گ.ک. زانیاری کورد ب٥ . لا٢٣)، ئەم سیفەتەی قبووڵ کردنی فرە ئایین و ڕێبازی ئایینییە، تەبایی و پێکەوە ژیانە، ڕێز گرتنە لە بیروباوەڕ و ڕێوڕەسمی یەکدی، بەڵکوو هاریکاری یەکدیش لە کۆمەڵێکی پوخت و بێ گیروگرفت، چەند نموونەیەک لە چوارینە ئامۆژگارییەکانی

دەخەینــە ڕوو و لێکدانەوەیــان بــۆ دەکەیــن:

**(١) خوشا ئانانکه پا ئەز سەر نەزونەند**
**میسال شوعلەی خوشک و تەر نەزونەند**
**کەنشت و کەعبە و پوتخانە و دێر**
**سەرانی خالی ئەز دولبەر نەزونەند**

ڕازی لە لا٦٧ دا کردوویەتی بە سۆرانی:

**خۆشە کاتێ کە دەستم سەر نەزانێ**
**گڕێ وەر بێ ماکە وشک و تەڕ نەزانێ**
**کەنیشت و کەعبە و بتخانە و دێر**
**هەموو خاڵی بکا و دوڵبەر نەزانێ**

شیخ محەمەد خاڵ لە لا٢٣دا لە باسی ئەم چوارینەیەدا دەڵێت: بابا تاهیر لەو دڵ بێدارانەیە کە هەمیشە دڵی ئاوەدان بووە بە یادی خواو یەک هەناسە خوای فەرامۆش نەکردووە، بۆیە لای بابا فەرقی کەعبە و کەنشتە و کلێسا و دێر نەبووە، چونکە هەموویان بۆ ئەوە چوون یەک جیلوەگاهی خوا بوون .

**(٢) خوشا ئانان ڕۆزی کە قەبرم میگرە تەنگ**
**بە باڵین سەرم خشت و گڵ و سەنگ**
**دوو پا دەر قیبلە و جان دەر بیابان**
**تەنم بە مار و مۆران میکرە جەنگ**

ئەحمەد تاقانە لەلا٤١دا کردوویە بە سۆرانی:

**وەی لەو ڕۆژەی لە گۆڕێکم دەنێن تەنگ**
**دەڕێژنە سەر سەرم خاک و گڵ و سەنگ**
**نەپێم ئەویانە، پێی هەڵبێم لە ماران**
**نەدەست ئەویانە وەل مۆور پێی بکەم جەنگ**

ئەم چوارینەیە بە بیر هێنانەوەیە، مرۆڤ کە دێتە دنیاوە تەمەنێک ڕادەبوێرێت، لە ئەنجامدا مردن لە ڕێیە، کە دەچێتە ژێر گڵەوە، لاشەی بە جێ دەمێنێت و دەبێتە خۆراکی مار و مۆر و ڕوح دەچێتە حزوور بۆ حیساب کردن و لێپرسینەوە، بە پێی کردەوەکانی کە لە ژیان بووە پاداشت دەکرێت، هەروەها بە بیر هێنانەوەیە کە ماڵ و سامان و پلە و پایە و هیچی دی بەداد نایەت، تەنیا کرداری چاکە نەبێت، کرداری چاکەش لە زیندووبوونەوەی ویژدان و خواپەرستییەوە ئەنجام دەدەرێت.

**(٣) زەمانی لالە زاروون هەفتەیی بی**
**کە فەسڵی نەوبەهاروون هەفتەیی بی**
**غەنیمەت دوون ویساڵی یاری جانی**
**کە فەسڵی ڕووی یاروون هەفتەیی بی**

دڵزار لە لا٥٢دا بەم شێوەیە کردوویە بە سۆرانی:

**زەمەنی لالەزاران هەفتەیەکە**
**کە فەسڵی بەهاران هەفتەیەکە**
**هەلێکە یاری گیانیت دەسکەوێ تۆ**
**گە فەسڵی ڕووی یاران هەفتەیەکە**

لەم چوارینەیەدا باباتاهیر ئەوە بە یاد دەهێنیتەوە کە ژیان زۆر کورتە، بەتەمەنی گوڵاڵە لە وەرزی بەهار لە گوڵزاراندا دەیشوبهێنێت، ئەو پێوەندییەی هەمانە لە کۆمەڵدا لە نێو دۆست و یاراندا زۆر کورتە نەیبچڕێنین و پارێزگاری لێ بکەین، ئەم هەلە لە ژیاندا دەسکەوتە بە ڕێکوپێکی بیپارێزە، خۆشەویستی و کرداری چاکە ئەنجام بدە، کە دەبێتە یادگارییەکی باش و لە پاش خۆت لە نێو کۆمەڵدا بەجێ دەمێنێت.

**(٤) ئەگەر شێری ئەگەر بەبری ئەگەر گوور**
**گوزەر بایەد کونی ئاخر لەب گوڕ**
**دڵا ڕەحمێ بەجان خووشتن کون**
**کە مورانت نەهەن خوان و کونەن سوور**

واتە:

**ئەگەر شێر بیت، یان پڵنگ، یان بەور**
**لە ئاخر هەر ئەبێت بچیتە گۆڕ**
**دڵە ڕەحمێ بەگیان خۆش تەنیم بکە**
**کە مار و مۆری تیایدا ئەکەن سوور**

باباتاهیر ئامۆژگارییەکە کە دەڵێت مرۆڤ لە

دنیادا هەرچی پلە و پایە، یان ماڵ و سامانی هەبێت، یان لە ئاستی شێر و پڵنگ و بەور بیت، بە دادت نایەت، چونکە تەمەنت هەرچەند بێت مردن لە ڕێیە گورێک پڕ دەبێتەوە، ئەوجا بەزەییت بە خۆتدا بێتەوە تا لە ژیاندایت ئاگات لە هەڵسوکەوت و کردەوەکانت بێت، لە خۆ بایی مەبە، سبەی لە ژێر خاکدا لاشەت دەبێتە خۆراکی مار و مۆر.

**(٥) بە گۆرستان گوزەر کەردم کەم و پێش**
**بدیدم حاڵی دەوڵتمەند و دەروێش**
**نە دەروێشی بێ کفن دەر خاک ڕەفتە**
**نە دەوڵەتمەند بەردە یەک کفن پێش**

واتە:

**بەگۆڕستانیکدا تێپەڕیم کەم و زۆر**
**بینیم باری دەوڵەمەند و دەروێش**
**نە دەروێشێک بێ کفن مایەوە**
**نە دەوڵەمەندێک کفنێ زیاتری برد**

باباتاهیر لەم چوارینەیەدا ئەوە بە یاد دەهێنیتەوە کە تەنیا مردن بۆ هەموو یەکسانە، دەوڵەمەند بیت، یان هەژار تەنیا بە یەک کفن دەچیتە گۆڕەوە، نە هەژارێک بێ کفن دەبێت و نە دەوڵەمەندیک کفنێکی زیاتر دەبات، جا ئەی مرۆڤ ئاگات لە خۆ بێت، پلە و پایە و سامان مەغروورت نەکات، لە ڕێگای خواناسیدا لە خشتەت نەبات، لە ڕێی ڕاست لا نەدەیت.

**(٢) لە بواری سیاسی**

ئایا باباتاهیر بیرۆکەی سیاسی، یان بیرۆکەی نوورانی سیاسی، یان فەلسەفەی بیرۆکەکانی توقیانی بیردۆزی بیرۆکەی سیاسین؟، ئەم پرسیارانە عەبدولڕەحمان دەروێش لە گۆڤاری لوڕ ژ٢ لە لا٢٣٦دا ورووژاندوونی .

باباتاهیری هەمەدانی هەرچەندە وەک کەسایەتییەکی سۆفی ئایینپەروەری ڕێبازیکی ئایین و شاعیر لە ناوچەکە دەرکەوتووە، بەڵام لە هەمان کاتدا، ڕۆڵی گرنگی لە سەقامگیری و ئارامی کۆمەڵەکەیدا، دوور لە گیروگرفت و دوور لە زەرەر و زیان هەبووە.

لەو سەردەمانەدا کە باباتاهیر ژیاوە نائارامی و گیروگرفتی زۆر هەبووە، بە تایبەت لە سەردەمی خەلافەتی عەباسییەکاندا.

باباتاهیر کەسێکی نەترس و بە بوێر بووە، بەرانبەر حوکمڕانان و دەسەڵاتداران وەستاوەتەوە، لە کاتێکدا مەغۆلەکان بە سەرکردایەتی توغرل بێگ بە داگیرکردن و شەڕوشۆر گەیشتوونەتە ناوچەکە، توغرل بێگ نەیتوانیوە بچێتە ناو شاری هەمەدانەوە تا ئیزنی لە باباتاهیر وەرنەگرتووە، کاتێک توغرل بیگ خۆی و لەشکرەکەی لە ساڵی (٤٤٧ک / ١٠٥٥ز)دا نزیکی شاری هەمەدان بووەتەوە، لەسەر کێوی خدر تووشی باباتاهیر و هاوڕێکانی بابا جەعفەر و حەمشا دەبێت، لە پێش چوونە ناو شار، لەشکرەکەی ڕادەگرێت و پیادە دەبێت، دێتە لای باباتاهیر، باباتاهیریش ئامۆژگاری دەکات و پێی دەڵێت، ئەی تورک تۆ ئەتەوێ چی بکەی بە خەڵقی خودا ؟ (د . م . ا، ب٣، لا٢٣٢)، توغرل بێگ لە وەڵامدا دەڵێت: هەرچی تۆ فەرمان بکەی...، باباش دەڵێت: خودا دەفەرموێت دادپەروەری و چاکە کردن، پاش ئەو گفتوگۆیە بابا ئەنگوستیلەیەکی پێشکەش دەکات پێی دەڵێت بڕۆ مەترسێ، (بۆرەکەیی لا٧٤) .

سەلجوقییەکان نەیانتوانیوە بچنە ناو شاری هەمەدانەوە و بیکەن بە پایتەختی خۆیان بە بێ ڕەزامەندی باباتاهیر، بە مەرجێک گوێ ڕایەڵی ببن (گ. لور ژ٢ .لا٢٢٥). باباتاهیر کاریگەری گەورەی لە سەر سەلجوقییەکان هەبووە، وەک ڕابەرێکی ڕوحی گەورە لە پایتەختی هەمەدان

و دۆستایەتییان لەگەڵ کوردان و زوڵم نەکردن، واتە باباتاهیر ڕوحێکی پێشکەوتووی بەرزی نەتەوەیی هەبووە بۆ تێکۆشانی میللەتەکەی (گ، لور، ژ٢،ل٢٣٦). باباتاهیر لە ناوچەیەک دەژیا چالاکی سیاسی گەیشبووە لووتکە، بۆیە تێکۆشانی باباتاهیر بۆ بەدیهێنانی دادپەروەری و یەکسانی بووە، دژی کۆیلایەتی بووە و لایەنگری فیکری نوێخوازی ئەو سەردەمە مێژووییە بووە (هەمان سەرچاوە).

جیهانی ئیسلامی لە ژێر دەسەڵاتی عەباسییەکاندا لە بارودۆخیکدا بوو، ڕێبازی سۆفیگەری گەیشبووە لووتکە، سەرەڕای عیرفانی و خواناسی ڕۆڵی کۆمەڵایەتی و سیاسیشیان هەبووە، زۆر بزووتنەوە سەریان هەڵدەدا، ئەو بزووتنەوانە بە زۆری لە ژێر کاریگەریی ڕێبازگەلی ئایینیدا بوون، بەڵام لە بناغەدا ڕۆڵی سیاسیشیان هەبووە، دەسەڵاتدارانی عەباسی لێیان دەترسان، زوو بە زو بزووتنەوەکانیان بە زەبروزەنگ دادەمرکاندەوە، سەرکردەکانیان و زۆربەی لایەنگرە چالاکەکانیان لە خاچ و سێدارە دەدان، هەوادارانیان دەکەوتنە ژێر دۆخێکی نالەبار و چاودێریکردن (کاکەیی ل٦٢).

باباتاهیر جگە لە بواری سیاسی، ڕوحێکی نەتەوەیی بەهێزی هەبووە، کە دەستی داوەتە نووسین و بڵاوکردنەوەی شیعرەکانی (چوارینەکان) بە زمانی کوردی شێوەزاری (لوڕ) و هەندێکیشی بە شێوەزاری (گۆران- هەورامی)، کە زمانی نەتەوەکەی خۆی زیندوو کردووەتەوە، لەو سەردەمانەدا چالاکی شیعر و ئەدەبی کوردی لە بارێکی ناهەمواردا بوو، هەرچەندە پێشتریش هەندێک بزووتنەوەی ئایینی و ئەدەبی ئایینی هەبوون، کە ڕێنمایی و ئامۆژگارییەکانیان بە زمانی کوردی شیرین بوو، ئەمەش خۆی لە خۆیدا شۆڕش بوو بە ڕووی داگیرکەراندا، کە گوشاری زۆریان خستبووە سەر نەتەوەی کورد و سەر زمان و ئەدەبی کوردی کە ماوەیەکی زۆر سڕ بووبوو.

سەرچاوەکان:


١- مێژووی ئەدەبی کوردی، ب١، علاء الدین سجادی، چ٢، ساڵی ١٩٧١ز، بەغدا .

٢- گ .ک . زانیاری کوردی، ب٢، ب٢، ١٩٨٥ز.

٣- دائرة المعارف الاسلامية، ب٣، ب٥.

٤ - باباتاهیری هەمەدانی و ڕاستکردنەوەی چوارینەکانی، هەیاس محمود کاکەیی،٢٠٢٢ز، چ. شاهانەی سوید.

٥- باباتاهیر هەمەدانی و چوارینەکان، هەیاس محمود کاکەیی، ٢٠١٠ز، چ. شەهاب، هەولێر.

٦- نام ئاوەران یارسان، د. سدیق سەفی زادە بورەکەیی، چ١، تەهران.

٧- گ. لوڕ، ژ٢، ٢٠١٠ز، سەنتەری لوڕ، سلێمانی.

٨- چوارینەکانی باباتاهیر عوریان، ڕازی، چ٢، ساڵی ١٩٧٦ز، بەغدا.

٩- باباتاهیر، مەشهور بە عوریان، شێخ محەمەد خاڵ، ١٩٧٧ز، بەغدا .

١٠- باباتاهیر ژیان و بەرهەمی، ٢٠٠٩ز .هەولێر.

١١- مێژووی کاکەیی (یارسان)، هاشم عاسی کاکەیی، ٢٠٢٠ز، چ. چوارچرا، سلێمانی.

١٢- گەنجینە، دڵزار، ١٩٦٠ز.

# کاریگەری بەرهەمەکانی سادق هیدایەت لە ئەدەبیاتی ئەوروپا

حەسەن قائیمیان (١)
لە فارسییەوە: هادی حەبیبی
(بۆکان)

وەرگێڕان و بڵاوکردنەوەی (بوف کور - کوندە کوێرە) لە لایەن ڕۆژێ لێسکۆ (نووسەر و ڕۆژهەڵاتناس)ی مەزنی فەڕەنسییەوە، لە ئەنجوومەن و کۆبوونەوە ئەدەبییەکانی فەڕانسەدا، هەرا و هۆریایەکی زۆری ساز کرد و پێشوازی زۆر باشی لێ کرا، ئاندرێ بریتۆن (سەردەستەی بزاڤی سوریالیستەکان) هیدایەتی لە نووسەرە باشەکانی جیهان پێناسە کرد و (بوف کور)یشی هێنایە ئاستی کارەکانی (ژێنسن) و (ژێرار دۆ نێروال)ـەوە. ئاندرێ ڕۆسۆ-ش هەر لەو نووسەر و خاوەن بەرهەمانەیە کە بە وردی لەسەر (بوف کور)ی هیدایەتی نووسیوە و بابەتی خوارەوە، وتارێکی ڕۆسۆیە کە کاتی خۆی لە حەوتەنامەیەکی پاریسدا چاپ و بڵاو بووەتەوە:

**«سادق هیدایەت» (٢) و شاکارەکەی:**


پێم وایە سادق هیدایەت (نووسەری ئێرانی) بۆ زۆربەی خوێنەران هەنووکەش ئاشکرا نەبووبێ. وەک چۆن بۆ خودی منیش تا ماوەیەک لەوەپێش هەر وابوو، بەڵام بە بڕوای من کاریگەری سرووش ئاسای (بوف کور(٣) — شاکاری هیدایەت) بە باشی بەسە بۆوەی کە لە ڕوانگەی ئێمەدا و لە هەنگاوی هەوەڵی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ئەودا، پێمان یەکێک لە پاراوترین و پڕ نێوەڕۆکترین نووسەرانی ئەم چاخە بێ. جەنابی ڕۆژێ لێسکۆ کە هیدایەتی

لە زمانی فەرەنسیدا پێ ناساندین، ئاشکرای کردووە کە: لە نێوان بەرهەمە پایەدارەکانی نیو سەدەی دواییی ئێراندا، (بوف کور) لەسەرەوەی هەموویانەوەیە.

من لەوەشی تێدەپەڕێنم، بە بڕوای من ئەو ڕۆمانە مێژووی ئەدەبیاتی هاوچەرخی ئێمەی بە شێوازێکی تایبەت هەڵکشاندووە، ڕێک وەک ڕۆمانی (دادخواست)ی کافکا، بەڵام بەو جیاوازییەی کە ئەوەی کافکا نەیتوانی وەدەستی بێنێ، هیدایەت توانی. واتا هیدایەت لەوەدا سەرکەوتوو بوو کە توانی هەموو نووسراوە چاپ نەکراوەکانی خۆی، بەر لە خۆکوشتنەکەی بسووتێنێ. ئەم نووسەرە کە لە دنیای ئێمە دابڕاوە و چووەتە نێو عالەمێکی دیکەوە، کە کاتی خۆی لە شاری پاریس کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا.

هیدایەت لە ١٧ی شوباتی ١٩٠٣دا لە شاری تاران هاتە دنیاوە. نەوەی ڕەزا قولی خانی هیدایەت (ئەدیب و وێژەوانی ناسراوی فارس) بوو، بەڵام ئەم میراتگرییە نەبووە هۆی ئەوەی کە هیدایەت بە بۆنەی وێژەوە، ئاوا بەناوبانگ و ناسراو بێ، ڕۆژێ لێسکۆ، هیدایەت ئاوا دەناسێنێ:

«سەربەخۆیی هزری، خاکەڕایی و بێ دەماری، هەروەها سەفای ڕوحیی هیدایەت بوو بە هۆی ئەوەی ژیانێکی بێ نێونیشان و ئازاری مرۆڤێکی هەڵکەوتە- کە لە هەر چەشنە پاشەکشە و پێکهاتنێک دووری دەکرد- بۆ خۆی هەڵبژێرێ. دڵناسکی لە ڕادەبەدەری و مەزاق و هەستێک کە هەموو کات لایەنی گاڵتەجاڕیی ڕووداوەکانی دەقۆستەوە، هەروەها لێبوردن دەرحەق بەو کەسانەی کە بە دڵ خۆشی دەویستن، نەفرەت و بێزاری ئەوی بەرانبەر بەو دنیایە کەم



سادق هیدایەت

دەکردەوە».

هیدایەت خوێندنی خۆی لە فەڕانسە دەست پێ کردووە و لەوێ هەر لە هەرەتی لاوییەوە بە تەمای خۆکوشتن بوو، ئاخۆ بڵێی ئەوە یەکێک لەو ڕۆژهەڵاتییانە نەبووبێ کە دەستی لە وڵاتی خۆی شتبێتەوە و شێت و شەیدای ڕۆژاوا بووبێ و بەو هۆیەوە لەمەڕ چارەنووسی خۆیدا نەکەوتبێتە گومانەوە؟ هیدایەت لەگەڵ نەریتەکانی زێدەکەی و فەرهەنگی جەماوەر و دابونەریتی ئێرانی، هەروەها لەگەڵ نهێنییەکانی ئاییینی نیشتمانەکەیدا ژیاوە کە هەندێک لە هزری کۆنەپەرستی و کاریگەری دەروونیی ئەو ئایینە لەگەڵ پاشماوەی بڕوا مەعنەوییەکانی ئێرانی کۆندا یەکیان دەگرتەوە، بەڵام سادق دڵەڕاوکە و دڵەخورپێی دنیای مۆدێرن و هیوابڕاوی شاعیرانی ڕەشبین و تووک لێکراوی لە ڕۆژاوا وەرگرتبوو، وەک ئەوان، هەروەها وەک خەییام- کە ئەو جۆرەی بە ئێمەیان

ڕاگەیاندووە، تەنیا شاعیرێکی ئێرانی بووە کە بە دڵ خۆشی ویستووە - ڕەشبینی خۆی بەرانبەر بەم جیهانە لە نووسراوەکانیدا دەردەبڕی. چیرۆکی سەیروسەمەرە و ڕۆمانی سەرسوڕهێنەری دەنووسی، بڵاوکردنەوەی ئەم نووسراوانە کە بوێری و بێ پەروایی پێوە دیار بوو، لە ئێرانی ئەو کاتدا هەرا و هەنگامەی لێ ساز دەبوو، نووسەر تەنیا چەند بەرگی لەم نووسراوانە چاپ دەکرد و ئەویشی بۆ دۆستانی هەڵکەوتووی خۆی دەنارد، هیدایەت ساڵیانێکی زۆر خەمناکی لە تاران تێپەڕاند. ساڵی ١٩٣٥ چووە هیندوستان و ئەم وڵاتە بە باشی سەرنجی ئەوی ڕاکێشا. (بوف کور) بۆ هەوەڵ جار لە ساڵی ١٩٣٦دا لە بەمبەیی و لە بەرگی کۆپیدا بڵاو بووەوە. کاریگەری هیند بەسەر ئەم کتێبەوە دیارە.

من لە مەودای ئەم ڕاڤە کورتەدا، وای بۆ دەچم کە هیدایەت بە دوای گەورەترین و مەزنترین ژیارەکانی جیهانەوە بوو، تا لەژێر سێبەری ئەودا سەرچاوەی ژیانێکی شیاو بدۆزێتەوە، هێندەی پاریس خۆش دەویست کە بەردەکانی ماچ دەکرد.

ئاخۆ نیشتمانی ئەویش یەکێک لە بێشکەکانی مرۆڤایەتی نەبوو؟ قسە لەوە بوو کە لە بەستێنی فەرهەنگی کۆن و مێژوودا، هیچ شتێک هیدایەتی نەدەهارووژاند و قەناعەتی پێ نەدێنا، بێگومان بابەتی گرنگ، چاخی ئێمە بوو کە ئەوی بە خۆیەوە سەرقاڵ کردبوو، بە واتایەکی دیکە ئەو هەقیقەتەی ئەوی سەرقاڵ کردبوو، لە بنەڕەتدا تەمای باشتر بوونی حاڵ و ژیانی مرۆڤ بوو، بە پێی ئەو ڕاستییە مرۆڤانەی کە سەرلەنوێ سەریان هەڵدابووەوە.

لەم ڕوانگەیەوە هیدایەت لەگەڵ شۆڕشگێڕە ڕەچەڵەکدارەکانی چاخی ئێمە، هەروەها لەگەڵ پێشەوا مەسیحییەکان و شاعیرە سوریالییەکاندا بیرێکی نزیکی هەبوو. هەڵبەت لە گومانی فریودەرانە و لەو هەموو ئاواتە پووچ و بێ بنەمایە، کە دەسکەوتی ئەو شەڕە جیهانییەی دوایی بوون، هەروەها لە ئاڵوگۆڕەکانیشیان هەر بێ بەهرە نەبوو. لەسەردەمێکدا بە ڕوودانی شۆڕشێکی کاریگەر و کارتێکەر لە وڵاتەکەیدا هیوادار بوو، بەڵام لە دوای تاقیکارییەکی ڕامیاری، هەر بە تەواوی بێزار بووبوو. تەنیا ڕێگایەکی بۆی مابووەوە، هەڵاتن بوو. هەڵاتنێ بە تەواوی؛ هەڵاتنێک کە هیوابڕاوییەکی قەتیسماو ئەوی بەرەو ئەو ڕاستییە هان دەدا، لە زۆر ساڵ لەوە پێشەوە بابەتی هەندێک لە بەرهەمەکانی- ئەو بەرهەمانەی کە ئاکامی ژیانی بەرەو پووچییەکی سەرشۆڕانە دەستنیشان دەکرد- هەر ئا ئەم هەڵاتنە بوو، بە وتەی خۆی هەڵاتن لە دنیای «رجالە»کان(٤) بوو.

لە پاریس هیدایەت بەرەو ئەو هەڵاتنە خۆی یەکلا کردەوە، دوای چەند مانگ مانەوە، لە ٩ی نیساندا بە کردنەوەی شێرە گازی ئەو ماڵە چکۆلەی کە لە کووچەی شامپیۆنە بە کرێی گرتبوو، بۆ هەمیشە کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا، خۆڵەمێشی نووسراوە چاپ نەکراوەکانیان لە تەنیشت تەرمەکەی دۆزییەوە.(٥) زەردەیەکی سەرلێشێواو بە ڕوخسارییەوە دیار بوو.

من لام وایە بە دەستەوەدانی ئەم زانیارییە کورتە لە ژیانی نووسەر پێویست بوو، بۆ ئەوەی بزانین ئا ئەم کتێبە تۆقێنەرە و لە هەمان حاڵ شایانی ستایشە، هەروا لەخۆڕا ساز نەبووە، ئەم خەیاڵپڵاوییە، سەرگەرمی و خۆخڵافاندنی ئەدەبی نییە و وەک دەیبینین زۆر وەستایانە ڕێک خراوە. (بوف کور) دەسکەوتی

هێزێکـی گوشـراوی ئەدەبـی چیرۆکنووسـییە کـە بۆ دەرباز بـوون لـە دنیایەکـی زینـدان ئاسـا وەک پەسـیو و پەناگایـەک کەڵکـی لـێ وەرگیـراوە.

ئەگـەر بینـای بـەرزی ئـەو خەیاڵانـە- خەیاڵێـک کـە جاروبـار لەگـەڵ ڕاپەڕینـی دەروونـدا دەبێتـە یـەک- دەبنـە کابووسـێکی مسـۆگەرکراو، ئـەوە هـۆی ئەوەیـە کـە هیوابڕاویـی هیدایـەت لـە هەقیقەتـدا دەردێکـی بـێ دەرمـان بـوو، ئەگەرچـی چاوەڕوانییەکـی لـەو ژیانـە نەبـوو، ئـەوە لـە ڕاسـتیدا بـە ژیانـی هیـچ دنیایەکـی دیکـەش هـەر دڵخـۆش نەبـوو. لـەو کاتەوەیـە کە دەرکـەی دنیای بێهـوودە و بێزارکـەری ئێمـە، بـەرەو جەغزگەلـی جـار لەگـەڵ جـار خەیاڵاویتـر دەکرێنـەوە، کـە لـەودا ڕەگەزگەلـی بـێ بەهرەیـی و بێـزاری بـە بۆنـەی دیمەنـی خەیـاڵاوی و پەرێشـانی هـزرەوە، خەریکـە دەمەلاسـکەی مـرۆڤ دەکەنـەوە.

دنیـای ژوورسـەری ئێمـە کە لە دنیـای نیوەمردووی خەونـەوە دەسـت پـێ دەکا، بـەردەوام دۆزەخـی ئـەم زەوییـە دەڕژێنێتـە نـاو دۆزەخێکـی بـێ کۆتایـی دیکـەوە، ئیتـر هـەر جـۆرە تێکۆشـانێکی خەیاڵـی، هەنـگاو هەڵێنانەوەیەکـی تـازە بـەرەو شـێتییە.

ئینسـان وەبیـر شـێتیی (ژێـرار دۆ نێـروال) (٦) دەکەوێتـەوە، هەرچەنـد ئـەو خـەون و خەیاڵانـەی نێـو (بـوف کـور) کـە یـەک بـە دوای یەکدا دێن، بێگومـان لەگـەڵ ئـەو ڕووداوە ڕوون و ئاشـکرایانەی کـە نووسـەری (اورلیـا) دەگەڵیـان ڕووبـەڕوو بووەتـەوە، بـە تـەواوی جیـاوازە. هێـزی خوڵقانـدن و سـازکردنی تەکنیکـی هونـەری لـە (بـوف کـور) دا پێگەیەکـی بەرچـاوی هەیـە و بەردەنـگ وەبیـر بەرهەمـی خەیـاڵاوی ڕۆمانتیکەکانـی ئەڵمـان و هەندێـک لـە چیرۆکەکانـی ئێـدگار ئـالان پـۆ دەخاتـەوە. بێجگـە لەوانـە ڕەنگـە ڕەخنەکـردن و کارتێکـەری لـەو چەشـنە، لـە لایـەن ڕۆژاواشـەوە کاریگـەری تایبەتـی لەسـەر بارهێنـان و پەروەردەکردنـی هزریـی هیدایـەت دانابـێ، بـەڵام ئـەو شـتەی کـە توانیویەتـی ئـەم کتێبـە بگەیەنێتە ئـەو ئاسـتەی کـە ئـا بـەم جـۆرە، هەسـتی سـتایش کردنـی ئێمـە بەرانبـەر بـە خـۆی بورووژێنـێ، لـە هەقیقەتـدا هەمـووی ئـەو ڕاسـتییانەن کـە پێوەندییـان بـە ئیلهاماتـی کەسـیی هیدایەتـەوە هەیـە.

هەڵقوڵان و سـەرڕێژبوونی خەیاڵی تریاک کێشـێک، گاڵتـە کـردن بـە کات و بـە شـوێن، تێپـەڕ کردنـی ڕێبـازی ژیانـی پێشـوو بە گەشـبینییەکی شـێتانەوە، لەگـەڵ گۆڕینـی کەسـایەتی خـۆت ڕووبەڕووبوونـەوە، بـە چەشـنێک کـە خـۆت پـێ کەسـێکی دیکـە بـێ و ... ئەوانـە هیچـی کاری نووسـەر نییـە، ڕەنگـە تەنیا و تەنیـا بـە لێهاتووییـەوە کەڵکـی لـێ وەرگرتبێتـن، هـەم هاڵۆزییـە، یاسـای بنەمایـی دنیایەکـە کـە ئێمـەی لـە دنیـای خۆمـان دابڕانـدووە و دەمانخاتـە نـاو دنیایەکـەوە کـە زایەڵـەی ناخـۆش و دڵتەزێنی جیهانـی ئێسـتامانە.

گۆرانـی و ئـاوازی ئەشـقی ئـەو مـردووەی کـە لـە زمـان کەسـایەتییەکی دوولایەنـەوە دەسـترێ و بەشـی هەوەڵـی کتێبەکـەی پێـک هێنـاوە، ناتوانـێ نـە ئەویـن و نە مـەرگ هەتاهەتایی بـکا. بێهوودەیە ئەگـەر دوو چـاوی ژنێـک وەک دوو ئەسـتێرە، بـە ڕوانینێکـی واوەی سروشـت لـە نێـوان خـەون و خەیاڵـی مەرگاویـدا دەدرەوشـێنەوە، ڕەنگـە ئـەم ڕوانینـە بیتوانیبایـە ببێتـە هەتـاو بۆ دنیایەکی تر، بـەو مەرجـەی کە کەسـەکە لـەو دنیایـەی دیکـەدا سـەبارەت بـە ڕووبەڕووبوونـەوە لەگـەڵ ڕازگەلـی مەرگاویـدا، لـە دەروونـی خۆیـدا هەسـتی بـە لاڵـی و هەناسەسـواری نەکردبایـە، ئـەم ڕازگەلـە کە هەر لە هەنـگاوی هەوەڵـدا بـۆ ئێمـە هـەروا نائاشـکران، لـە جیهانێکـی درۆییـندا کـە جوانییەکـی ئەفسـانەییان

پێ بەخشراوە، بەردەوام لە نیگای ئێمەدا هەر شەپۆل دەدەن، تەنانەت بەشە نگریسەکانی ئەم کتێبەش هەر بە هۆی پێوەندی بە جیهانی ماوەراییەوە کە نووسەر بە خەون و خەیاڵی خۆی سازی کردوون، دیسان لەوپەڕی جوانی و کەماڵدان. کاتێک کە حەسانەوەیەک بوونی نییە، جیهانی تارمایی و تاپۆ دەکرێ بۆ دەروونی هاڵۆز و پەشێو پەناگایەک بێ، بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە کە بابەتەکە پێوەندی بە ڕوحێکی ژەهراوییەوە هەیە، هەر ئەو شتەی کە لە درێژەی چیرۆکدا زیاتر بۆمان ئاشکرا دەبێ.

ئێستا دەبێ هەوڵ بدەم بچمە ناو هونەری سیحراوی و پڕ لە لوتفی دنیای نووسەرەوە، پێشتر ئاماژەم بەوە کردووە کە (بوف کور) لە ڕوانگەی مندا تا چ ڕادەیەک پێوەندی لەگەڵ بەرهەمی خەیاڵاوی مامۆستایانی ڕۆژاواوە هەیە، بەڵام ئەم کتێبە ڕشتەبابەتێکی هاڵۆز و سیحراوییە کە لە ڕەهەندی چیرۆکێکی تەواو ڕۆژهەڵاتییەوە لێک کراوەتەوە، نووسەر خۆی ئێرانی بوو و شارەزایی تەواویشی لە فەرهەنگ و دابونەریتی خەڵکی ئێران هەبوو. ڕێوڕەسم و داب و دەستووری ئایینی، ناساندنی شوێنەوارە تایبەتەکان، خۆراگری لە بەرانبەر ئەو دیمەنە خەمبار و لە هەمان کاتیشدا پێکەنیناوییەی ژیانی ڕۆژانە، زمانێکی شیرین کە بە مەتەڵۆک و دەستەواژەی ڕەسەنەوە ڕازاوەتەوە، دەتکوت ئەمەگناسی بە ئێرانی کۆن پێویست بوو بۆوەی ئۆقرە لە دەروونی هیدایەت ببڕێ و ئامادەی بکا بۆوەی ڕوو بنێتە جیهانی نادیارەوە، وڵاتی هیند بناسێ و بایەخ و ئەفسوونەکانی ئەم وڵاتە، لەگەڵ حیکمەتی ئێرانی کۆن تێکەڵ بکاتەوە و بە کورتی لە دەروونی خۆیدا سادق هیدایەتێکی بە تەواو مانا، هەروەها توونییەکی پاراو نەکراو بۆ دنیای نادیار و جیهانی ئاوات و خۆزگە بەدی بێنێ، هەر بۆیەش چیرۆکەکانی هیدایەت کە لە ژێر کاریگەری مادە سڕکەرەکاندان، سەرمەستی و بێ خەبەری لەگەڵ خۆیاندا دێنن و بەردەوام دەبن بە خەونێکی شیرین و خۆش.

هیدایەت بە ئاهەنگ و ڕاوێژێکی نەرم کە تایبەت بە حەکایەت خوێنەکانی ڕۆژهەڵاتە، چیرۆکمان بۆ دەگێڕێتەوە. هەندێک لە داڕشتە و پێکهاتە لە ڕاوێژیدا بە شێوازێکی سروشتی دووپات دەبنەوە کە ئەو دووپات بوونەوانە زۆر بە نرخن و جار لەگەڵ جاریش بایەخی شاعیرانەیان زۆرتر دەبێ، بەم جۆرەیە کە لە نووسراوە ئەدەبییەکانی ئەودا ڕووداوەکان دەگێڕێتەوە، وشەگەلێک بە کار دەهێنرێن کە دووپات بوونەوەیان هێزێکی یادەوەری یەگجار بەرز بۆ بەردەنگ ئاشکرا دەکەن، تەنانەت برێک جار بەردەنگ چاوەڕوانی ئەو شتەی نەدەکرد، کە ڕووی داوە و ئەوە وشەی بەکارهێنراوە کە ئەم ڕووداوەی خۆیا کردووە. لە چیرۆکێکی ئاساییدا ئەوەی دەکوترێ ڕاستییەکەی تەنیا بۆ یەک جار و بۆ یەک شێوازە، بەڵام هەر ئا ئەم فورمولە گوتراوە لێرەدا جۆرێک زایەڵە دەداتەوە، کە دەڵێی قەتمان نەبیستووە. کتوپڕ ساتێک وەبیر ئینسان دێتەوە کە لەگەڵ ساتی ڕابوردوودا هەم جیاوازە و لە هەمان حاڵیشدا وەک یەک دەچن. ئەوەیە کە بە دۆخێکی سەیروسەمەرە (سات) دەگۆڕدرێ. لە بەینی ئەو شتەی کتوپڕە و ئەوەی کتوپڕ بووە و ئەوەی بڕیارە لەپڕدا بێ، پێوەندییەک ساز دەبێ کە لەودا یەکگرتووییەکی ڕەمزاوی دێتە ئاراوە. خوێنەر جاری وایە لە بەینی نەخۆشی و خەو، هەروەها لە بەینی ڕەوتی ژیان و ئاشکرا بوونی مەرگدا، ڕووناکییەک دەبینێ کە وێنەی یەکێک

لەو پێوەندییە ناخۆش و پڕ لە دڵەخورپانەی پێ دەکێشێتەوە.

لە ڕۆمانی (سادق هیدایەت)دا خەبەرێک لەم تیشکە نادیارانەی کە چنین و پێکهاتی زەمەن تێدەپەڕێنن، نییە. ئەم بەسەرهاتە دەڵێی لە تیشک و ڕووناکی موکاشەفە، کە ڕۆژانی زۆر و پڕ لە پەرێشانی لە نێوان مەرگ و ژیاندا ئەزموون دەکەن هوڵۆڵ بووە. دووپات بوونەوەیەکی سەرسوڕهێنەری لەفزی لە شوێنێکی تازە و لە کاتێکی نوێی خۆیا بوونی نائاسایی ڕووداوێکدا، دەبێتە هۆی ئەوەی هەرکام لەو تیشکانە ڕووناکی بدەن و بدرەوشێنەوە.

بەشی دووەمی ئەو کتێبە نەختێکی تر لە ژیانی نووسەرە، کە لە پێش بەشی هەوەڵدایە و بە شێوازێکی گەلێک بەرچاو مەودای لەگەڵیدا هەیە، بە هەمان ئەندازە کە یادەوەری هەوەڵ گومانـاوی بوو، ڕاڤەی دوایی دەرداوی و هەقیقەتخوازە و بە ڕاوێژێکی ڕقاوی و تووڕانەوە بەرانبەر بە بارودۆخی تووک لێکراوانەی مرۆڤ نووسراوەتەوە. هەر ئا لێرەدایە کە زایەڵە دەست پێ دەکا و هەستی چەشنێک بیرەوەری ئەبەدی دەبزوێ. ئێمە دەتوانین بە ڕاشکاوی بڵێین (بوف کور) لە زمانی فارسیدا لە سیحری بەیان و جوانی لەفزدا شاکارە، بەڵام سەرنج و لێهاتوویی ڕۆژێ لێسکۆ لە وەرگێڕانەکەیدا، توانیویەتی ئەو سیحر و جوانییە ڕابگوێزێتە نێو شاکارێکی دیکەوە، هەر بۆیە ئەو وشانەی کە پێشتر بیستوومانن، کاریگەریمان لەسەر دادەنێن و بەو هەست و ئیحساسەی کە ئێمەی داگرتووە، بە ترسەوە بە پێشوازی ئەو وشە ئاشنایانەوە دەچین: (نیلوفر کبود)، (طعم تلخ خیار)، یان (منظرەی خانەی هندسی شکل) کە بێ خاوەن دیارە وەک تابلۆکەی ژان پیر کاپرۆن ...

ئاخۆ مردوویەک کە هەوڵ دەدرێ هاوجێیی کردنێکی سڕ لە دنیایەکی دیکەدا وەدەست بێنێ، ئەوە هەمان زایەڵەی خەیاڵاوی ئەشق بە لەشێکی دڵڕفێن نییە کە بێچارەیەکی خەمبار پێی نەگەیشتووە؟ ئاخۆ ئەو هەموو خەونە مەرگاوی و تۆقێنەرە، ئەو لەشە لەتوکوت کراوە و ئەو ئەسپە لاشەکێشانە، هەمووی هەر لە هەست و ئیحساساتێکی شاراوە و هیچوپووچ هەڵنەقوڵیوە کە لە شەقام و کۆڵان و لەبەر دەرکی دووکانی قەسسابیدا دەست دەداتەوە؟ بەڵام جیهانی شەڵاڵی کرم کە لە گێرە و کێشەی ئەو ئیحساساتەدا لەشی ئەوی توند لە ئامێز گرتووە، نوێنەری هەموو ئەو بێزاری و ناهومێدییانەیە کە بەوانە جەغزی خەیاڵاوی نووسەر بە تەواوی دەبەسترێ.

خۆزگەم بەو پەشێوانەی کە دەچنە عالەمێکی دیکەوە. لێرە جیهانی خەون، هەرێم و مەرگی کەسێکی ترە، ئاخر جیلوەی ئەو پەرێشانییە، نیگەرانی لە جەستەیەکە کە خوێنی لەبەر دەڕژێ و دەگیرسێتەوە و کرم تێی داوە. ئاخۆ خەونی ئەو ئەوینە سەرلێشێواوەی کە دەسپێکی ڕۆمانە، هەوڵ بۆ سەرجێیی لەگەڵ کەسێکی غەیری مردووەکەدا نەبوو؟ بێگومان نا! ئەوە مردووەکەیە کە زیندوو بەرەو مەرگ و ساردبوونەوە ڕادەکێشێ، هەر بەو جۆرەی کە مەرگ، ژیانێکی لە سادق هیدایەت دزی کە هیچ هیوایەک توانایی ڕزگار کردن و نەجاتدانی ئەوی نەبوو!!

**پەراوێزەکان:**

١- ڕاستییەکەی دەقی ئەم نووسراوەیە ڕەخنە و لێدوانێکە، کە بە قەڵەمی ئاندرێ ڕۆسۆ (ڕەخنەگری بەناوبانگی فەڕەنسی) لە ژمارە ١٨ی حەوتەنامەی فیگارۆ و ئەدەبی بە ناوی Le Figaro Litterair چاپ و بڵاوبووەتەوە، دواتر لە لایەن (حەسەنی قائیمیان) نووسەری ئێرانییەوە وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی فارسی.

٢- سادق هیدایەت (١٩٠٣-١٩٥١) نووسەری بەنێوبانگی ئێرانی، لە ساڵی ١٩٥١ی زایینیدا و لە شاری پاریس، بە گاز کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا و هەر لە فەڕانسە و لە گۆڕستانی پێرلاشێزی ئەو وڵاتە، بە خاک سپێردرا. هیدایەتی ڕووناکبیر بە هۆی داهێنانی ئەدەبی و ڕۆشنبیریی ڕۆژهەڵاتییەوە، بەردەوام سەرنجی نووسەر و ڕۆژهەڵاتناسی وەک ژان ڕیشار بلووک، ڕۆژێ لێسکۆ و پرۆفیسۆر هانری ماسە...ی بۆ لای خۆی ڕاکێشاوە.

٣- (کوندە کوێرە) ناوی شاکاری سادق هیدایەتە کە بۆ یەکەم جار لە ساڵی ١٩٣٦دا لە بەمبەئی نووسراوە.

٤- رجالە: بە هەر مرۆڤێکی بێ سەروپا و خوێڕی دەکوترێ.

٥- بێجگە لە (قضیەی توپ مرواری) و (البعثة الاسلامية في بلاد الافرنجية) کە پێشتر نوسخەی لە دەست خەڵکیدا بوو، ئەوەی کە نوسیبووی هەمووی لە ناو برد.

٦- (ژێرار دۆ نێروال) شاعیر و شانۆنامەنووس و ڕۆماننووسی سەدەی نۆزدەی زایینی وڵاتی فەڕانسەیە و کتێبی (اورلیا) بەرهەمێکی سوریال و چەشنێک سەفەرنامەی ڕوحی و دەروونی بۆ ڕۆژهەڵاتە.

**سەرچاوە:**

**دانائی برومند، مریم، صادق هدایت در بوتەی نقد و نظر (گردآوری) تهران، انتشارات بوم، چاپ اول، صفحات١٠٧-١١٦**

# هاملێت لە نێوان بێهوودەیی و پێویستی کرداردا

جەبرا ئیبراهیم جەبرا
لە عەرەبییەوە: د. عوسمان یاسین

**تێبینی**: زۆر باس و لێکۆڵینەوە، بە چەندان زمانی جیهان لەسەر شانۆگەری (هاملێت - Hamlet)ی ولیەم شکسپیر William Shakespeare (١٥٦٤-١٦١٦) نووسراوە، کە هەژمار ناکرێن، بەڵام پێم وایە ئەم نووسینەی (جەبرا ئیبراهیم جەبرا) پوختترین نووسینێکە کە من بە زمانی عەرەبی لەسەر ئەم شانۆگەرییە خوێندبێتمەوە، کە نووسەر وەک پێشەکی وەرگێڕانی شانۆگەرییەکە بۆ زمانی عەرەبی نووسیویەتی. ماوەیەکە وەرم گێڕاوە، هەوڵیشم داوە لە هەندێ شوێندا سوود لە وەرگێڕانی کوردی شانۆگەری هاملێت وەربگرم، کە لە لایەن د. ئازاد حەمەشەریف لە ئینگلیزییەوە وەرگێڕدراوە، کە چاپی یەکەمی لە ساڵی ٢٠٠٨ لە دەزگای ئاراس بڵاوکراوەتەوە.

**(وەرگێڕی کوردی)**

کەسایەتییەک کە لە بەنێوبانگترین کەسایەتی بێت، هەر لەو کاتەی کە بۆ یەکەم جار زیاتر لە سێ سەدە و نیو پێش ئێستا لە سەر تەختەی شانۆ لە لەندەن بینرا، کە کەسایەتییەکی واقیعی نەبێت، بەڵکوو کەسایەتییەک کە خەیاڵی شاعیر دروستی کردبێت، لە خەیاڵی شارستانیەتێکدا بەرجەستە بووبێت، زیاتر لە بەرجەستەبوونی هەر پیاوێک کە لە مێژوودا ژیابێت و مێژووی دروست کردبێت. ئەو کەسایەتییە کەسایەتی (هاملێت)ـە، کە بە

کۆتا نایەت و تەواو نابێت، هەرچەندە لێی وردبییتەوە و تێی ڕابینێی. بە زیندوویەتی دەمێنێتەوە و ختووکەی لێوردبوونەوەی زیاتر دەکات، وەک بڵێی (سینۆر)ەکە، ئەو قەڵایەی کە هاملێت بە مەرگەسات تێیدا ژیاوە، هەموو سونبۆلەکانی شارستانی بەخۆوەگرتووە، شارستانیەتێک کە هزر و پرسیارکردن بە گەورە و مەزنیان دادەنێت، هەست بە شەنگی دنیا و جوانی مرۆڤ دەکات، بەڵام هەستیش بەو نەهامەتییانەش دەکات کە ژیانیان داگیر کردووە، هەروەها بەو تەمومژاوییە ترسێنەرانەی کە مرۆڤ بەخۆوەیانی گرتووە.

لە مێژووی ئەدەب و نواندندا، جێگای سەرسوڕمان نییە کە شانۆگەری هاملێت خۆشەویستترین شانۆگەرییە بۆ خەڵک، کە پوختترین مەرگەساتی سەقڵکراوی شکسپیرە. لە ڕووی شێوازیشەوە کامڵترین شانۆگەرییە، لە هەموو شانۆگەرییەکانی تری زیاتر هەمەجۆر و شت تێئاخنراوە.

ئەم شانۆگەرییە لە ڕووکەشدا پشت بەو بیرۆکە سادە و ڕوون و ئاشکرایە دەبەستێت: ئایا هاملێت تۆڵە لە باوکی دەکاتەوە؟ بەڵام شانۆگەرییەکە بە تاریکییەکی نیوەشەو دەست پێ دەکات و بە نێو تاریکییەکانی نەفس و تاریکییەکانی عەقڵدا گوزەر دەکات، تا خۆشەویستییەکی پڕ لە بەرائەتمان بۆ ئاشکرا بکات کە بە شێتی و نغرۆبوون کۆتایی دێت، خۆشەویستییەکی فاسقانە لە میانەی کوشتن و تەڵەکەبازی ڕێگا دەبڕێت تا دەگات بە دەسەڵات، دواتر بە خوێن لەو دەسەڵاتە دەکەوێت، گەنجێکی پڕ لە هەست و هزر بەرەو دوا مەرگەساتێک هەنگاو دەنێت، کە لە تۆڵەسەندنەوەی تۆڵەسێنەر دەبێتە هۆی مەرگی خۆی و کەسانی تر.

ئەمانە تەنیا بەرچاوەکانی شانۆگەرییەکەن،



**شکسپیر**

کە جووڵەیە بە سەر کۆمەڵە سونبۆلێک و مانایەکدا گوزەردەکات، ئەفسووناوی هەمیشەیی شانۆگەرییەکەش لەو سونبۆل و مانایانەدایە.

کۆلریدج (١) دەڵێت: (دیارە شکسپیر ویستوویەتی ئەو پەندە لە هاملێت بخاتە ڕوو کە پێویستە ئادەمیزاد هاوسەنگی نێوان ئەوەی بە هەستەکانمان دەرکی پێ دەکەین، لەگەڵ تێڕوانینەکانمان کە لە هزرماندا دەگوزەرێن بێتە دی. هاوسەنگی نێوان جیهانی ڕاستەقینە و جیهانی خەیاڵی. ئەم هاوسەنگییە لە هاملێتدا تیکچڕژاوە، هزر و خەیاڵەکانی لای ئەو زۆر ڕوونترن لە دەرک پێکراوە ڕاستەقینەکان، خودی ئەو دەرک پێکراوانە بە نێو تێڕامانەکانیدا تێدەپەڕن، لەمیانەی پەڕینەوەیاندا شێوە و ڕەنگی وا بەخۆوە دەگرن کە لە واقیعدا پێیان نامۆیە).

لێرەدا شاعیر و ڕەخنەگری ڕۆمانسی گرفتی هاملێت دەستنیشان دەکات، هەرچەندە لە هەمان کاتیشدا دیاریکردنی گرفتێکە لە گرەفتەکانی دەروونی ڕۆمانسیزم لە سەدەی نۆزدەمدا، بەڵام کۆلریدج دەستی خستووەتە سەر کلیلی

مەرگەساتەکە، ڕێگای بۆ ئەوە خۆش کردووە کە لە چەند گۆشەیەکەوە سەیری گرفتی هاملێت بکرێت، کە ڕەخنەگران و هزرمەندان و زانایانی دەروونی بیر و بۆچوونی جیاوازیان لەربارەیەوە هەیە.

لە بۆچوونەکانی کۆلریدج وا دەردەکەوێت کە تراژیدیای هاملێت تراژیدیای هزرە، یان تراژیدیای ناکۆکییە لە نێوان هزر و کرداردا. تراژیدیای پیاوێکی ئازا و زیرەکە لێوردبوونەوەکانی ڕێگری ئەوەی لێ دەکەن کە دەیەویت ئەو کارە بکات کە مەبەستیەتی، بەڵام ئایا ئەم بۆچوونە ڕاڤەی زیاتر لە یەک دیاردەی گرفتی هاملێت دەکات؟ چۆن توانایی کردارێک لە دەست دەدرێت بە هۆی بیرکردنەوە لە بارەیەوە؟

پێویستی کردار لە لای هاملێت ئەو کاتە دەردەکەوێت کاتێک تارمایی پاشای باوکی، دوای مەرگی بە نزیکەی دوو مانگ دەردەکەوێت، کە پێی دەڵێت (کلۆدیۆس) براکەی (برای پاشا) و مامی هاملێت ئەوی کوشتووە و شاژنی لە خۆی مارە کردووە، دەستی بەسەر عەرشی پادشایەتیدا گرتووە، ئەم قسانە هاملێت هان دەدا تۆڵە بکاتەوە. هاملێتیش پلان بۆ ئەم تۆڵەکردنەوەیە دادەنێت، بەڵام هاملێت ئەم ویستەی تارمایی باوکی جێبەجێ ناکات، لێرەدا ڕووداوەکانی چیرۆکەکە دەست پێ دەکەن و تەمومژاوییەکانی دەروونی هاملێت دەردەکەون.

پێویستە سەرەتا ئەوە بزانین هۆکاری جێبەجێ نەکردنی کارەکە بە هۆی دڵنەرمی و سروشتی تێکچووی باری ویژدانی هاملێتەوە نییە، چونکە ئێمە وای دەبینین هاملێت لە کاتی پێویستدا دەتوانێت ئەو کردارە ترسێنەرە بکات. لەبەر ئەوەی هەمیشە بە شێوەیەکی ڕیسوا پێ کردنەوە قسە لەگەڵ پاشا دەکات، هەروەها بە گاڵتەجاڕییەوە لەگەڵ پۆلۆنیۆس و وەزیرەکەی قسە دەکات و بەشێوەیەکی زۆر توندوتیژانە و بریندارکەرانە ڕووبەڕووی ئۆفیلیای خۆشەویستی دەبێتەوە. کاتێک لە پشت پەردە لە ژووری دایکی گوێی لە دەنگێک دەبێت، شمشێرەکەی دەردەهێنێت و دەیکێشێت بە (پۆلۆنیۆس) کە لە پشت پەردەکەوە خۆی مەڵاس داوە. کاتێک بە فەرمانی پاشا و هاوڕێیەکەی (ڕۆزنکرانتز) و (گلدنسترن) دەیانەوێت هاملێت ببەنە لای ئەو کەسەی کە دەیەوێت بیکوژێت، زۆر دلێرانە لە کۆڵ خۆیانی دەکاتەوە، لە جیاتی خۆی هەردووکیان دەکوژێت. هاملێت یەکەم کەس دەبێ دەست بە سەر ئەو کەشتییەی چەتەکانی دەریادا دەگرێت، کە بەرەو ئینگلتەرا دەچوو. لە دوا شەڕیشدا لرتیس بە شمشێرەکەی دەکوژێت و دواتر پاشاش دەکوژێت.

ئەوەی ئەم هەموو کردارانە بکات، توانایی جێبەجێکردنی کرداری لە دەست نەداوە. عەزیمەتی ناپاکی لێ ناکات، کاتێک بیەوێت وا بکات کە مەبەستیەتی، بەڵام هاملێت لە جێبەجێکردنی تۆڵەکردنەوەدا پەلە ناکات، بەڵکوو سەرقاڵی لێوردبوونەوە و بیرکردنەوە و گفتوگۆ دەبێت. شلیگل (٢) کە بۆچوونەکەی لە بۆچوونەکەی کۆلریدج نزیکە، گوتوویەتی: شانۆگەری هاملێت هەوڵ دەدات ئەوەمان پێ نیشان بدات کە هاملێت لە بەرانبەر نەفسی خۆیدا دوو ڕووە، هەموو گومان و دڵەڕاوکێیەکانی بەڵگەهێنانەوەیە کە بۆ شاردنەوەی پێویستی ئەو بۆ جێبەجێکردنی پیلانەکەی. ئەو بڕوایەکی پتەوی بە خۆی نییە، بڕوای بە هیچ شتی دیکە نییە، ئەو خۆی لە مۆڵگەی هزردا ون کردووە.

بێگومان کە شکسپیر دەیەوێت هاملێت لە بەرانبەر دوو پیاو دابنێت کە پێچەوانەی ئەون، بۆ پێداگرتن لەسەر خەسڵەتی دوودڵی لای ئەو،

ئەم دوو پیاوەش لرتیس و فرتنبراسە، لرتیس کە بە هەواڵی کوشتنی پۆلۆنیۆسی باوکی دەزانێت، شۆڕش دژی پاشا هەڵدەگیرسێنێت، هەرچەندە لە پێناو تۆیکڵی هێلکەش بێت. بە هەمان شێوە پاشاش لەوانەیە بۆچوونی شکسپیر بڵێتەوە، کاتێک قسە لەگەڵ (لرتیس دەکات)، هانی دەدات کە دژی هاملێت بوەستێت:

ئەوەی دەمانەوێت بیکەین، دەبێت بیکەین کاتێک دەمانەوێت، چونکە ئەو (دەمانەوێتە)، بەپێی زمانی خەڵک و دەست و ڕێکەوتەکان گۆڕانکاری بەسەردادێت...

کاتێک دەبینین ئەو (دەبێتە) ختووکەیەکی هەوەس و دەروون ئارام دەکات، بەڵام ئازاری جەستە دەدات زمانی خەڵک و دەست و ڕێکەوتەکان ڕۆڵی خۆیان لە دەستەوەستانی هاملێت و ساردوسڕی بەجێ گەیاندنی کارەکەی دەبینن، بەڵام پێویستی ئەوەیە پلان دانان و دوودڵی لە کارەکە وردبوونەوەکانی، نابنە دڵخۆشکردنی، هەروەک چۆن بەڵگەش نییە کە ئەو باوەڕی بەخۆی نییە، بەو مانایەی کە (شلیگل) مەبەستیەتی، هاملێت لەوە دەترسێت کە ئەو تارماییەی دەیبینێت تارمایی باوکی نەبێت، بەڵکوو وێنەی شەیتان بێت کە بیەوێت بەرەو دەردەسەری و لەناوچوونی ببات، چونکە دڵنیایە تووشی نیگەرانییەکی قووڵ بووە، کە وا لە مرۆڤ دەکات لە بەرانبەر واقیعدا هەڵە بکات. لەبەر ئەوە هاملێت دەیەوێت بەڵگەیەکی دەست کەوێت کە بیسەلمێنێت مامی بەکوشتنی باوکی تاوانبارە، ئەویش لە ڕێگای نواندنێکەوە هەوڵی ئەمە دەدات، گومانێکی لەو جۆرە بیانووەی ئەو نییە کە ناتوانێت کارەکەی جێبەجێ بکات، بە قەد ئەوەی حاڵەتێکە ئەم گومانە لە حاڵەتەکانی مەینەتی دەروونی خۆی کە تێیدا دەژیت.

لێوردبوونەوەکانی و پێویستی بە پلاندانانی هۆکاری ڕاستەوخۆی دواکەوتنی تۆڵەسەندنەوەکە نییە، بەڵکوو ئەمانەش ئاکامی هۆکاری دیکەی لە پشتەوەیە.

ئەمانە دیاردەی حاڵەتێکی نیگەرانی و بێ ئومێدییە، لەوانەیە لە باری سروشتی تێپەڕاندووە، کە هاملێت لە دەرەوەی خۆی پێی دەزانی، لە سەرەتای شانۆگەرییەکەدا تا کۆتایی ئەوە دووپات دەکاتەوە کە هەست دەکات سروشتی ئاسایی خۆی لە بەردەم هەڕەشە و لەدەستداندایە. لەوە دەترسێت کە ناڕێک و نائاسایی بێت و لە سروشتی خۆی دەربچێت، تاکوو ئەوەی پێوەندی بە ڕاسپاردەی تارماییەکەوە هەیە بۆی. ئەو هۆشداری داوەتە خۆی لەوکاتەی کە لە ڕێگادایە بەرەو ژووری دایکی دەچێت، دوای ئەو دیمەنەی کە تێیدا ویستی پاشا ڕیسوا بکات؛

سوێند بە ژیانم ئێستا دەتوانم خوێنە گەرمەکەم بنۆشم، کە ڕۆژ بە تەماشاکردنی لەرز بیگرێت، ئێستا دەچمە لای دایکم، ئەی دڵ، سروشتی خۆت لەدەست نەدەیت، هەرگیز لێ مەگەڕێ ڕوحی (نیرۆ) بخزێتە ناو ئەو سینە قایمەت، با من دلێر بم، بەڵام ناسروشتی نەبم (٣) .

خۆنیشاندانی هاملێت وەکوو شێتێک، هەوڵێکی پۆزەتیڤانەیە بۆ دوورخستنەوەی شێتی لە خۆی، دوای خۆشی و لە زەتێکی زۆری هاملێت لەو دنیادا. ئەو دنیای پڕ لە شەڕ و گەندەڵی دەبینی، کە پێش دەرکەوتنی تارماییەکە، دنیا لە بەر چاویدا وا نەبوو، بەڵام تارماییەکە باسی تاوانی دایک و مامی بۆ دەکات و وێنەی دنیا لەبەر چاوی دەگۆڕێت، دوای مەرگی باوکی، کە زۆری خۆش دەویست، خەمێکی زۆر دەخوات، ئەو خەمەی ئەو هەستەی لا ورووژاند کە ڕۆژگار پڕ ئاژاوەیە، دنیا پڕیەتی لە گەندەڵی

و بۆگەنی، لەبەر ئەوە دەبینین هاملێت بووەتە نێچیری خەمۆکی.

پاشا: وادەبینم هێشتا کە خەمباری باڵی بەسەرتدا کێشاوە؟

هاملێت: نەخێر گەورەم، بەڵکوو زیاد لە پێویست لەبەر خۆرم.

ئەوجا کاتێک پاشا و دایکی سەرکۆنەی دەکەن کە خەمبارییەکەی لە مەڕ مەرگی باوکی تاکەی کۆتایی نایەت، ئەوە دوو مانگ بەسەر مەرگی تێپەڕیوە، لەو کاتەدا هاملێت دان بەوەدا دەنێت، کە ئەوەی لە دەروونیدایە لە خەمێکی ڕووت قووڵترە.

شووکردنی دایکی هاملێت بە مامی، دوای مانگێک لە مردنی باوکی، نموونەیەکی بەرچاوە لە سەر ئەم جۆرە دنیایە کە وەکوو باخچەیەکی بێ گژ و گیا و وێران دەبینێت. ئەوەی دایکی کردوویەتی خۆشەویستی نییە، بەڵکوو بێ ئابڕووییە....

تەنانەت خۆشەویستی هاملێت بۆ ئۆفیلیا (کچێکی ناسکۆڵەیە و وا دەردەکەوێت کە وەکوو گوڵێک وایە کە بەدەستییەوەیە و پەڕەکانی بڵاو دەکاتەوە و نامێنێت) لە بۆچوونی خۆیدا دەگۆڕێت بۆ ئەو عادەتەی کە ئافرەت تێیدا خراپەکار و بێ ئابڕووە.

دوای ئەوەی تارماییەکە هاملێت هان دەدات کە تۆڵەی کوشتنی باوکی بکاتەوە، تووڕەبوونێکی شێتانە باڵ بە سەریدا دەکێشێت و بڕیار دەدات کە تۆڵەی کوشتنی باوکی بکاتەوە. دوو شت لای هاملێت تێکەڵ بە یەکتر دەبن. هەستی تۆڵەکردنەوە لە مامی خراپەکار و سەرخۆش و هەستکردن بەوەی کە هەموو شتێک لە ژیاندا بووەتە خراپەکاری، هەموو شتێک لە ئاساییەوە بووەتە نائاسایی. هەستکردنی دووەم زۆر لای هاملێت بەهێزە، بەسەر هەستکردنی یەکەمدا زاڵە، چونکە جۆرێک لە نائومێدی وای لێ دەکات کە لەو باوەڕەدا بێت ژیان بێهوودەیە. هەموو کارێک کە خەڵک لەسەری ڕاهاتووە جێبەجێی بکەن، دەستی پێوە دەگرن، ئەوانە هەمووی بێ هوودەن.

مەرگەساتی هاملێت ململانێی نێوان ئەم دوو هەستکردنەیە، ململانێی نێوان دەرەوە و ناوەوە، ململانێی نێوان پێویستی کۆمەڵایەتی و خود، کە ڕق و کینەی بەرانبەر دیاردە کۆمەڵایەتییەکان هەیە. لەبەر ئەوە هاملێت لە هەوڵ و کۆششەکانیدا هەستی بێهوودەیی بەسەر هەوڵی تۆڵەکردنەوەدا زاڵ دەبێت، بێهوودەیی سەرقاڵی دەکات و ناپەرژێتە سەر تۆڵەسەندنەوە.

تارماییەکە قسەیەکی پێ دەڵێت، کە لەوانەیە زۆر ترسا بێ لە کەسێکی تر گوێی لێ بێت: ئەگەر ئاسایی و تەواوی ڕاپەڕە.

هاملێت وەڵامەکەشی ئەوە دەبێت: بەڵێ هەموو شتێکی پڕوپووچ لە بیرەوەریمدا دەسڕمەوە، هەموو حیکمەتەکانی کتێب، هیچ شتێک لە مێشکم نامێنێتەوە، جگە لە فەرمانی تۆ.

بەڵام هاملێت ئەمەش ناکات.

ئەم نائومێدییە چی لێ دەکەوێتەوە، جگە لە هەستکردن بە بێهوودەیی هەر کردارێک، ئەوجا چ ئامانجێکی هەبێت؟ بەڵام سروشتی ئاسایی هاملێت وا دەخوازێت کە تۆڵەی کوشتنی باوکی بکاتەوە، لەناکاو ئەم بیرۆکەیە بە مێشکی هاملێتدا دێتەوە. لە کاتێکدا ئەو لە بارێکی دەروونی بێ هوودەدا دەژێت.

چیرۆکی (هیکۆبە و فریام) کە بە هۆنراوەیەکی جۆش و پڕ خرۆش بۆ هاملێتی دەگێڕنەوە، ئازارە خەفەکراوەکان و سروشتی ئاسایی هاملێت دەردەکەونەوە، بۆیە لۆمەی خۆی دەکات کە کەمتەرخەمە لە جێبەجێ کردنی بڕیارەکەی، خۆی بە تەنبەڵ و سارد و سڕ و ترسنۆک تاوانبار

دەکات. بڕیارەکەی خۆی دووپات دەکاتەوە کە تۆڵە بکاتەوە، بەڵام دواتر هاملێت کە دەبینێت ئۆفیلیا چاوەڕوانی دەکات و قسە لەگەڵ یەکتردا دەکەن. هاملێت باسی تۆڵەسەندنەوە ناکات، بەڵکوو قسە بەنێوبانگەکەی دەکات کە دەڵێت:

من هەم یان نیم؟ ئەمەیە پرسیارەکە! کێشەکە!

هاملێت بە دوای خۆکوشتندا دەگەڕێت، بە دوایدا ناگەڕێت، چونکە ئەو بیر لە کوشتنی کەسێک دەکاتەوە، بەڵکوو ئەو هەستی کێشەی ژیان و مەرگی هەیە، ئەو جێبەجێکردنەی کە لێرەدا باسی لێوە کراوە، جێبەکردنی تۆڵە سەندنەوە نییە، بەڵکوو خۆکوشتنە، بەڵام ئەو پرسیاری ئەوە دەکات کە ئاخۆ خۆکوشتن هەوڵێک نییە بۆ دەرباز بوون لە بێهوودەیی ژیانی تاڵ بەرەو نادیارییەک کە لەوانەیە بێهوودەیی تێدا لە ژیان تاڵتر بێت؟

هاملێت لە بەردەوامبوون لە خودی ژیانیشدا بە ژنهێنان و لەدایکبوون، هەر ئەو بێهودەیی دەبینێت، جا کاتێک هاملێت دەبینێت ئۆفیلیا نوێژ دەکات، هەست و سۆزی بۆی دەبزوێت، خەریکە بە شێوەیەکی سۆزدارانە قسەی لەگەڵ بکات، بەڵام لە ناکاو بە سەریدا هاوار دەکات؛ ئایا تۆ پاکیزەی؟

جوانی لە پاکیزەیی بە هێزترە، پاکیزەیی لە ڕێڕەوی خۆی وەردەچەرخێنێت، ئەوجا چون هاملێت دەتوانێت ئۆفیلیای خۆش بوێت، فەزیلەت لە سروشتی مرۆڤدا نییە؟ کەواتە لە سەریەتی ببێتە ڕاهیبە: بڕۆ دێرێک و ببە ڕاهیبە، بۆچی دەتەوێت گوناحبار بیت؟ هەموومان هەرچەندە بانگەشەی فەزیلەت بکەین، بەڵام دڵمان پڕیەتی لە خراپە و خراپەکاری و تاوانکاری، هەموومان تاوانبار و چەقۆکێشین.

لە دواییدا هاملێت دەڵێت: با هاوسەرگیری نەکەین، بەمەش وەک ئەوەی بیەوێت ئەو زنجیرە شەڕانگێزییەی مرۆڤ بنبڕ بکات، کە بەردەوامی بە ژیان دەدات.

هاملێت لە پێوەندی لەگەڵ ئۆفیلیادا هەمان ئەو پێوەندییە بێ هوودەییەی باوکی بە دایکییەوە دەبینێت، ئەو باوکەی کە دایکی خۆش دەویست، دواتر لەو پێوەندییە خۆشەویستییە چێ بوو؟

یەکێک لە ترسناکترین دیمەنەکانی شانۆگەری هاملێت ئەو دیمەنەیە (لە بەشی سێیەم، دیمەنی چوارەم) کاتێک دایکی شاژن بە دوای هاملێتدا دەنێرێت تاوەکوو سەرکۆنەی بکات لەو هەڵسوکەوت و قسانەی لە پێشکەشکردنی شانۆگەری (کوشتنی گونزاگۆ) کردوویەتی، دەبینین هاملێت شڵەژاوە و لەکاتی قسەکردنی دایکی پۆلۆنیۆس خۆی لە پشت پەردە شاردووەتەوە، هاملێت شێرەکەی دەردەهێنێت و دەیکوژێت و وا دەزانێت پاشایە- مامیەتی - گرنگی بەوەش نادات کە کردوویەتی، دایکی پێی دەڵێت: ئەو کردارە خوێناوییە تاوانکارییە چی بوو کردت؟!

هاملێت وەڵامی دایکی دەداتەوە و دەڵێت: ئەو کردارە خوێناوییە لە خراپەکاریدا لەگەڵ کوشتنی پاشا و هێنانی ژنی برای هاوتایە.

جارێکی دیکەش هاملێت لە هەڵچووندایە و بیر لەوە دەکاتەوە کە پێویستە تۆڵە بکاتەوە، لەناکاو دیسان تارمایی باوکی دەردەکەوێت، یەکسەر دەرک بەوە دەکات کە هەڵچوونە دەروونییەکەی ئەو ئەرکەی لە بیر بردووەتەوە کە لەسەریەتی.

دواتر شانۆگەرییەکە پەرەدەستێنێت و ململانێیەکە قووڵ دەبێتەوە و پاشا هاملێت بۆ ئینگلتەرا دوور دەخاتەوە، تاوەکوو لەوێندەر بیکوژێت، بەڵام هاملێت لەوێ ڕادەکات و دەگەڕێتەوە وڵاتی خۆی، لەو کاتەدا ئۆفیلیا لە بەر کوژرانی (پۆلۆنیۆس) باوکی شێت دەبێت.

دواتریش بە خنکاوی لە ئاوی دەریادا دەیدۆزنەوە، هەواڵ بە براکەی (لیرتس) دەدەن (٤).
دوای ڕاکردن و گەڕانەوەی هاملێت لەگەڵ هۆراشیۆی هاوڕێی بە تەنیشت گۆڕستانەوە تێدەپەڕن. دەبینن گۆڕهەڵکەنەکان خەریکی هەڵکەندنی گۆڕێکن، یەکێکیان گۆرانی دەڵێت. کەللەسەرێک لە گۆڕەکە هەڵدەداتە دەرەوە، لەو کاتەدا هاملێت دووبارە لە بێهوودەیی ژیان ورد دەبێتەوە.
هاملێت: ئەم کەللەسەرە زمانێکی تێدا بوو، جاران دەیتوانی گۆرانی بڵێت، بڕوانە ئەم خوێڕییە چۆن بەزەویدا دەدات، وەک ئەوەی ئێسکی شەویلاگی (قابیل) بێت، ئەوەی یەکەم تاوانی کوشتنی کرد. ڕەنگە ئەمە سەری سیاسەتوانێک بێت، کە ئێستا ئەم کەرەپیاوە بەسەریدا زاڵە... (٥)
دوای گفتوگۆی هاملێت لەگەڵ گۆڕهەڵکەنەکان، گۆڕهەڵکەنێک کەللەسەرێک هەڵدەگرێت بە هاملێت دەڵێت: ئەم کەللەسەرە بچکۆلەیە هی (یۆرک)ی گاڵتەبازی شایە.
هاملێت: ڕێم بدە با ببینم (کەللەسەرەکە دەبات) مخابن، ئەی (یۆرک)ی بەستەزمان، من ئەوم دەناسی، هۆراشیۆ، ئەو کەسیک بوو نوکتەکانی بێ کۆتایی و خەیاڵێکی هەرە نایابی هەبوو، هەزاران جار منی لە پشتی خۆی کردووە، کەچی ئێستا لە ئەندیشەمدا چەند قیزەونە، دڵم پێی هەڵدەچێت... (٦)
دواتر هەر لەسەر گۆڕەکاندا دەبینن تەرمێک بەرەو گۆڕستانەکە دێت، پاشا و شاژن لە پێشەوەی ئاپۆرای تەرمەکەدان، پاشان دەردەکەوێت تەرمی (ئۆفیلیایە و لرتیس)ی براشی لەگەڵدایە، کە خۆی دەخاتە ناو قەبرەکەی تا دوا ماڵئاوایی لە خوشکی بکات، لەم کاتەدا بیرکردنەوە بێهودەییەکانی هاملێت نامێنێت، خۆشەویستی لە دڵیدا پەنگ دەخواتەوە و بازدەداتە ناو گۆڕەکەی ئۆفیلیا و هاواردەکات: من ئۆفیلیام خۆش دەوێت چل هەزار برا بە هەموو خۆشەویستی خۆیانەوە ناتوانن بەقەد من ئەویان خۆش بوێت (٧).
دواتر پاشا لەگەڵ لرتیس پیلانی کوشتنی هاملێت دادەڕێژن و لە شمشێربازییەکی نێوان هاملێت و لرتیس، هەردووکیان زامدار دەبن. لەو کاتەدا شاژن لە لایەن پاشاوە ژەهر خوارد دەکرێت. هاملێت کە ئەمە دەزانێت، شمشێرێک لە پاشا دەدات و دەیکوژێت (٨) .
دواتریش هاملێت بە خۆشی دەمرێت (٩)
کاتێک شکسپیر لە دەوروبەری ساڵانی ١٦٠٦ مەرگەساتی هاملێتی نووسی، وا دەرکەوت کە پەیڕەوی ئەو شێوازەی شانۆگەری دەکرد کە لە سەردەمی ئەلیزابێسیدا باو بووە، ئەویش شێوازی (مەرگەساتی تۆڵەکردنەوە — تۆڵەسەندنەوە). لە پێش و لە دوای هاملێتدا چەندان شانۆگەری مەرگەسات ئامێز نووسرابوون، بەڵام شکسپیر بە بلیمەتی خۆی بابەتێکی کۆن (کە پێشتر چیرۆکی هاملێت بووبووە بابەتی شانۆگەری) دەکاتە ئەرگۆمێنتێک بۆ بابەتێکی گەورەی وا کە کەس پێشتر پەی پێ نەبردووە. زۆر کەس لەو سەردەمەدا وایان دەزانی (هاملێت)ی شکسپیر، هەمان مەرگەساتی تۆڵەسەندنەوەیە، بەڵام لەبەرچی پاڵەوانەکەی شکسپیر لە کردەی ئەم تۆڵە کردنەوەیەدا ئەوەندە زۆر دوادەکەوێت؟ تاکوو بە ڕێکەوت و بێ پلانێکی پێش وەختە جێبەجێ دەکات؟
بە شێوەیەکی گشتی مەرگەساتی تۆڵەسەندنەوە، پشت بەوە دەبەستێت کە هەمیشە پاڵەوانەکەی هەوڵی ئەوە دەدات بە دوژمنەکەی بگات، تاوەکوو تۆڵەی لێ بکاتەوە و بیکوژێت. هەموو جووڵەیەک لە شانۆگەرییەکەدا بەو ئاراستەیەدا دەڕوات بۆ ئەوەی پاڵەوانەکە بەسەر هۆکارە دەرەکییەکان

و ڕێگرییەکانـدا زاڵ ببێـت، تـا بـە ئامانجـی خـۆی دەگات و کۆتایی بـە دوژمنەکـەی دەهێنێت، تەنانەت ئەگـەر پاڵەوانەکـە خۆشـی بمرێـت.

بـەڵام شکسـپیر لـە شـانۆگەری هاملێتـدا بـە ئاراسـتەیەکی پێچەوانـەی هەموو ئەوانـەدا دەڕوات. لـە مەرگەسـاتەکەی هاملێتـدا هـۆکاری دەرەکـی و ڕێگرییـەکان لـە جێبەجێکردنـی تۆڵەسـەندنەوەکەدا کەمتریـن ڕۆڵیـان هەیە، بەڵکوو پاشا لە زۆر کاتدا لـە ژێـر ڕەحمـی هاملێتدایـە. سـەرەڕای هەبوونـی پاسـەوانی تایبـەت، هاملێـت خۆشەویسـتی گـەل و هەمـووان بـوو، سـەربازێکی ئـازا و نیشانەشـکێن بـوو، سـەرەڕای ئەمانـەش ئـەو کـوڕی پاشـای پێشـوو بـوو، گـەل دوودڵیـان لێـی نەدەکـرد لـە پشـتگیری کردنـی ئەگـەر ئـەو داوای عەرشـی پاشـایەتی کردبووایـە .

جارێکیـان وا ڕێـک دەکەوێـت هاملێـت پاشـای مامـی دەبینێـت بـە تەنیـا لـە کڕنووشـدایە و خەریکی نوێژکردنـە، شمشێرەکەی دەردەهێنـێ و دەڵێـت: ئێسـتاکە دەتوانـم تۆڵـە بسـێنمەوە، لـەو کاتـەدا کـە نوێـژ دەکات، ئێسـتاکە بـە ئەنجامـی دەگەیەنـم.

هاملێـت تۆڵـە سـەندنەوەکە جێبەجـێ نـاکات، چونکـە ڕەتـی دەکاتـەوە لـەو کاتـەدا پاشـا بکوژێـت کـە نوێـژ دەکات و لـە خـودا دەپاڕێتـەوە، پاشـان هاملێـت لەخـۆی دەپرسـێت، بۆچـی ناڵێـم دەبێـت ئـەو کارە بکـەم، بـۆ ئـەو کارە پاڵنـەرم هەیـە، توانایـی و هێـز و هـۆکارم هەیـە؟

شکسـپیر کـە کاتـی تۆڵەسـەندنەوە دوادەخـات و هاملێـت دەخاتـە نـاو جەرگـەی بێهوودەیـی. لـەوە دووردەکەوێتـەوە کـە شـانۆکارانی سـەردەمی ئـەو پێـی سـەرقاڵ بووبـوون، کـە مەرگەسـاتەکانیان پـڕ بـوو لـە ئاگـر و خوێـن، بـەڵام ئـەوەی لێـرەدا لای شکسـپیر بەرجەسـتە دەبێـت، شـتێکی زۆر لـە بیرۆکـەی کوشـتن گەورەتـرە، وەک ئـەوەی بیەوێت بڵێت مەسـەلەکە هـەر بەتەنیا مەسـەلەی پاڵنـەر و توانایـی و هێـز و هـۆکار نییـە. کرداری مەترسـیدار (ئایا لـە کوشـتنی پاشا مەترسـیدارتر هەیـە، کـە ملیۆنـان خەڵـک وەڵامیـان بـۆی هەیـە، هەرچەنـدە بـە تـاوان و دوژمنکارییانـە عەرشـی پاشـایەتی دەسـت کەوتـووە) بـۆ ئـەوەی بـە مەترسـیداری بمێنێتـەوە، دەبێـت هەمـوو ئـەو مەترسـییانە بـۆ خاوەنەکـەی بورووژێنێـت کـە پەیوەسـتە بـە هەڵوێسـتی دەربـارەی مـرۆڤ و شارسـتانی.

شکسـپیر ئەمـە دەکات، کەسـایەتییەکی ئاڵـۆز دروسـت دەکات، کـە بەسـەر هەمـوو چیرۆکەکـەدا زاڵـە، کەشـوهەوایەک بـارگاوی دەکات بـە نیگەرانی دەربـارەی مـرۆڤ و چارەنووسـی، ئەو کەسـایەتییە لـە هاملێـت دەردەکەوێـت کـە پیـاوی سـەردەمی ڕێنسانسـە، سـەرەڕای چەندایەتـی لایەنەکانـی کەسـایەتی ئـەو مرۆڤـە، تاکـوو ئێسـتاکەش نموونەیەکـە لـە شارسـتانی خورئاواییـدا.

شکسـپیر ویسـتوویەتی بلیمەتێـک (کـە گومانـی تێدا نییـە خـودی شکسـپیرە بـە بیـر و بۆچـوون و ئەندێشـەکانی لـە مەترسـیدارترین قۆناغـی ژیانـی) کـە بیرتیـژ و نوکتەچـی و هۆشـیار بـە مەرگەسـاتی ژیـان، بـە شـێوەیەکی فـراوان بـە ناکۆکـی نێـوان بێهوودەیـی و پێویسـتی کرداریشـەوە، بخاتـە مۆڵگەیـەک بارودۆخێکی پڕ لە چاوچنۆکی و خەون و خولیـا و گەندەڵـی و تەڵەدانانـەوە و سـیخوڕی کـردن (هەروەکـوو چـۆن دەبینیـن پۆلۆنیـۆس سـیخوڕی لـە سـەر کوڕەکـەی و ئۆفیلیـای کچـی دەکات، پاشـان لـە سـەر هاملێتیـش سـیخوڕی دەکات، بـە هەمـان شـێوە هـەردوو کەسـایەتی ڕۆزنکرانتـر و گلدسـتیرن) تاوەکـوو ببینێـت لـەم بارودۆخـەدا کاردانـەوەی ئـەو کەسـە چییـە. کارێکـی حەتمـی بـوو کـە کاردانـەوەی ئـەو کەسـە (هاملێـت) تەنیـا پەرچەکـرداری پێچەوانـە نییـە،

بەڵکوو کردارێکە پەیوەستە بە هزر و دەروون و هەست و سۆزەکان و چارەنووسی ژیان.

بلیمەتی هاملێت ئاشکرا و ڕوونە لە هەموو ئەو قسانەی دەیکات، تەنانەت لەو ساتانەی کەوا خۆی دەردەخات شێتە، ئەمەش بلیمەتی کەسێکی خەوبینی دوور لە واقیع نییە، چونکە کاردانەوەکانی ڕووداوەکان لەسەریدا زۆر لەوە دوورترە کە وەک خەوبین ڕەفتاربکات. لە دەرککردنێکی قووڵیدا ئەو تواناییەی لەلا دروست دەبێت گاڵتەجاڕێکی بریندارکار بێت، کە حەقیقەتی پێ دەپێکێنێت، کە بە شێوەیەک پێشبینی ناکرێت، ئەمەش هەر کاتێک کە هاملێت بەشداری گفتوگۆ و دەمەتەقێیەکان دەکات.

هاملێتی شکسپیر بەوە ڕازی نابێت کە خەڵک لەسەری ڕێک دەکەون، تەنانەت باوەڕ بە ڕاستییە کۆنەکانیش ناکات، بەڵکوو ئەو دەیەوێت سەرلەنوێ خۆی ئەو ڕاستییانە بدۆزێتەوە.

پەراوێزەکان:

(١) سامۆیل تایلر کۆلریدج (Samuel Taylor Coleridge – ١٧٧٢- ١٨٣٤) شاعیر و ڕەخنەگرێکی ئینگلیزییە، یەکێکە لە دامەزرێنەرانی ڕێبازی ڕۆمانسیزم لە ئینگلتەرادا.

(٢) فریدریک شلیگل ١٧٧٢_١٨٢٩ Friedrich Schlegel، نووسەر و شاعیر و ڕەخنەگرێکی ئەڵمانییە. لەساڵی ١٧٧٢ لە شاری هانۆڤەر لە دایک بووە و لە ساڵی ١٧٢٩ لە شاری درسن کۆچی دوایی کردووە، زانستی ماف و زمانە کۆنەکانی خوێندووە. تیۆرستێکی ڕۆمانسیزمە لەسەرەتای سەرهەڵدانییەوە لە ئەڵمانیادا.

(٣) شانۆنامەی هاملێت، وەرگێڕانی د. ئازاد حەمەشەریف دەزگای ئاراس، چاپی یەکەم، ٢٠٠٨، لاپەڕە ١٥٩.

(٤) شانۆنامەی هاملێت، وەرگیڕانی د. ئازاد حەمەشەریف، سەرچاوەی پێشوو، پەردەی چوارەم، لاپەڕە ٢١٢.

(٥) شانۆنامەی هاملێت، سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە ٢٢١.

(٦) شانۆنامەی هاملێت، سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە ٢٢٦.

(٧) شانۆنامەی هاملێت، سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە ٢٣٠.

(٨) شانۆنامەی هاملێت، سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە ٢٤٩).

(٩) شانۆنامەی هاملێت، سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە ٢٥١.

سەرچاوە:

١- پێشەکی وەرگێڕانی شانۆگەری هاملێت: شکسبیر، ترجمة جبرا ابراهیم جبرا، دار المأمون، بغداد، ١٩٨٦.

٢ - شانۆنامەی هاملێت، وەرگێڕانی د. ئازاد حەمەشەریف، دەزگای ئاراس، چاپی یەکەم، ٢٠٠٨.

# واتاكانی وشەی (ڤەدان)ی ك. سەروو و هاوواتاكانی بە ك. ناوەڕاست

ناسح حوسێن سلێمان

( ٢- ٢ )

٣٣. دەستوچاو شووشتن: دەستڕووڤەدان (دەستلمێژگرتن؛ دەستمێژگرتن؛ دەستنمێژ گرتن؛ دەستوڕووڤەگرتن؛ دەستنڤێژگرتن؛ دەستنمێژ شووشتن؛ دەستڕێڤەدان؛ دەستڕووبهارتن؛ دەستڕێوەدان).

- دەچم دەستوچاوی خۆم دەشۆم، پاشان دێمەوە: ئەزێ چم دەستڕوویێ خوە ڤەدەم، پاشی دێ ێمەڤە. ئەزێ دەستنمێژێ بشۆم.

- دەچم دەستوچاوم دەشۆم: ئەزێ چم دەستڕوو ڤەدەم. ئەزێ دەستوڕو/ دەستڕوو ڤەدەم. ئەز دچم دەستڕوو/ دەست و ڕوو ڤەددم.

٣٤. دروستكردن: ڤەدان.

- كەپر دروستكردن: هۆلڤەدان؛ هۆلكڤەدان.

- چووینە ناو كۆزی بەرخان، لە گەرما كەپرمان دروست كرد: ئەم چوونە بەرخدانكێ، مە لبەر گەرمێ هۆل ڤەدان.

- كۆلیت دروستكردن: كۆخكڤەدان؛ كۆخڤەدان.

- مە دەوسا كۆخێ مریشكا ڤەدا.

٣٥. دیاركردن: ڤەدان.

- دیاركردن؛ نیشانكردن؛ دەستنیشانكردن: ڤەدان.

- ئامانج دیاركردن؛ نیشانكردن: ئارمانجڤەدان.

- كاتێك سوارەكان ئامانجەكەیان دەستنیشان كرد، پاشان هێرشیان كردە سەر نەیاران: گاڤا كو سواران ئارمانج ڤەدان، دوڕا هێرش كرن سەر نەیاران.

٣٧. دروێنە (دروێنەی گیا؛ گیاكردن): ڤەدان.

- دروێنەی گیا؛ گیاكردن: گیاڤەدان.

- گیادروون بۆ مەڕومالات؛ گیاكردن بۆ مەڕومالات: گیاڤەدان ژ بۆ سەوالان.

- گیاكەمان دوورییەوە؛ گیامان كرد: مە گیایێ خوە ڤەدا.

٣٨. دوواخستن؛ دانانەپاش: پاشڤەدان.

- ئەمڕۆ كۆبوونەوەكە دوواخرا: ئیرۆ جڤین پاش ڤەدان/ هات پاشڤەدان.

٣٨. ڕاخستن: ڤەدان.

- نوین ڕاخستن: نڤین ڕاخستن.

- نوین ڕابخەن: نڤین ڕاخن/ ڤەدن. نڤینا/ ن دەینن/ مووش.

- بەسێ نوێنەکانی خۆی لە سەر تەختەکە ڕاخست: بەسێ نڤینێ خوە لسەر تەخت ڤەدان.

٣٩. ڕاماڵین: ڤەدان.

- هەڵسن، ئەم خۆڵ و بەردانە لێرە ڕاماڵن: ڕابن ڤێ بەر و ئاخەی ژ ڤێرە ڤەدەن.

٤٠. ڕێگادان: ڕێڤەدان

٤١. سەرمەقولات کردن؛ سەرمەقولاتانێ؛ قەلا قووچکەخواردنەوە:پسقولیڤەدان.

- ئازاد سەرمەقولاتانێ دەکات: ئازاد پسقوليان ڤەددە .

٤٢. شووشتن؛ هەڵگرتن: ڤەدان/ ورمێ.

- دەستنوێژشووشتن/ هەڵگرتن: دەستپووڤەدان.

- دەموچاوی خۆم شووشت: من دەستپوویێ خوە ڤەدا.

٤٣. قۆڵ هەڵکردن؛ باسک هەڵکردن؛ قۆڵ هەڵماڵین؛ قۆڵ لێ هەڵماڵین: ملڤەدان؛ ڤەمشتن.

- کراسی خۆی هەڵماڵی: کراسێ خوە مل ڤەدا./ چکێ خوە ڤەمشت.

- سەردەستی کراسەکەی خۆم هەڵماڵم: دەڤملێ کراسێ خوە ڤەدم/ هلدم.

٤٤. قەرەبووکردنەوە: زیانڤەدان؛ زرارڤەدان.

- زیانەکەم قەرەبوو کردەوە؛ زیانەکەم دایەوە: من زیان/ زرارا خوە ڤەدا.

٤٥. کردن: ڤەدان:

- بەڕووکردن/ پشدەر: بەڕووڤەدان:

- بۆ بەڕووکردن دەچینەوە گوند: سەبا بەڕووڤەدانێ ئەمێ بچن گوند.

- قرقێنەکردن؛ قرپکردن؛ قرقێنەهاتن: قولپکڤەدان.

- زۆر نانمان خوارد تا قرقێنە/ قرپمان هاتێ: مە گەلەک خوار تا کو قولپکا مە ڤەدا/ هلات.

- گۆپکەکردن: گوپکڤەدان.

- دار بەهاران گۆپکە دەکات: ١. بهارێ دار گوپک ڤەددە. ٢. وێ بهارێ دار گوپک ڤەبدە.

- ڕەنگکردن: ڕەنگڤەدان.

- ڕەنگی سووری لە دەرگای خۆی دا: ڕەنگێ سۆر لسەر دەرییێ خوە ڤەدا.

٤٦. کردنەوە: ڤەدان:

- باڵکردنەوە: باسکڤەدان؛ پەڕڤەدان؛ باڵڤەگرتن؛ چەنگڤەدان.

- باڵندەکە باڵەکانی خۆی کردەوە: تەیرێ باسکێن خوە ڤەدا.

٤٧. کولانەوە: ڤەدان.

- برینەکەم کولایەوە؛ برینەکەم سەری هەڵدایەوە: برینا من ڤەدا.

٤٨. کۆکردنەوە: ڤەدان

- دەغڵەکەمان کۆکردەوە: مە دەخلێ خوە ڤەدا.

- پووشەکەمان کۆکردەوە: مە پووشێ خوە ڤەدا.

٤٩. کردنەوە: ڤەدان؛ ڤەکرن.

- ئاگرکردنەوە: ئاگرڤەدان.

- ئاگرمان کردەوە: مە ئاگر ڤەدا.

- بیرکردنەوە: هشڤەدان.

- بیرکردنەوە بۆ ئێمە پێویستە: هشڤەدان ب مە پێتڤیە .

- جلەکانیان لەخۆ کردەوە: کنج سەرخوە ڤەدان.

- ئارەقکردنەوە؛ ئارەقدەردان: خویدانڤەدان.

- ئارەقەم کردەوە: من خویدان ڤەدا.

- ئارەقەم دەردا: من خویدان ڤەدا.

- جل لەخۆکردنەوە: سەرخوەڤەدان؛ ڤەکرن.

- منداڵان جلەکانیان لەسەر خۆ کردەوە/ جلەکانیان لەخۆ کردەوە: زارۆکان جل سەر خوە ڤەدان/ ڤەکرن.

٥٠. کۆکردنەوە؛ خڕکردنەوە؛ داکردن: ڤەدان.

- بەرخەکان بڵاوبوونەتەوە، بڕۆ کۆیان بکەوە:

بەرخ بەلاڤ بوونە، هەرە لێ ڤەدن.
- بڕۆ بەرخەکان دابکە: هەرە بەرخان لێ ڤەدەن.
٥١. کێشان: ڤەدان.
- مەلۆکێشان: مەلووڤەدان.
- مەلۆکانمان کێشایەوە؛ مەلۆکانی خۆمان کێشایەوە: مە مەلۆییێن خوە ڤەدان.
٥٢. کۆلان؛ کۆلین؛ هەلکۆلین: ڤەدان.
- عەردکۆلین؛ عەرددانەوە: عەردڤەدان.
- چاللێدان؛ چالکۆلان: کۆخکڤەدان.
- چالەکەمان کۆلی: مە چال ڤەدا.
- ئەمڕۆ قۆلکە/ قۆرتەکانم کۆلی، بەیانیش ڕەزی خۆم دادەنێم: ئیرۆ کۆخکێن خوە ڤەدان، ئەزێ سبێ ڕەزێ خوە دەینم.
٥٣. گەشبوونەوە؛ کرانەوە؛ بوونەوە: ڤەدان.
- ئەمڕۆ ڕەنگم گەشاوەتەوە: ئیرۆ ڕەنگێ من ڤەدایە.
٥٤. گرتن: ڤەدان.
- نزگرەگرتن؛ هەنیسکدان: نەقریسکڤەدان؛ نقریسکڤەدان؛ ئیسکڤەدان؛ ئیسکنگڤەدان/ عفر.
- بە کوڵ نزگرەی دەگرت: ب حەنوونی نقریسک ڤەددا.
- کاتێک منداڵ دەگرین، پاش گریان نزگرە دەگرن: گاڤا کو زارۆک دگرین، د پەی گریڕا نقریسکا ڤەددن.
- دایە دەگریان، فرمێسکی دەباراند، نزگرەی دەگرت: دایێ دگریا، هێسر دباران، نقریسک ڤەددان.
- باڵندە لەنگەری گرتووە./ داوەستاوە.: تەیر مەنج ڤەدایە./ ورمێ.
٥٥. گرتنەوە: ڤەدان.
- نەخۆشیگرتنەوە: ئێشڤەدان:
- تۆقەکردن و هەناسەوەرگرتن و هەناسەدانەوە

لە کەسێکی نەخۆش، دوو هۆکاری سەرەکین بۆ نەخۆشیگرتنەوە: سلاڤدانا ب دەستهەژاندنێ و بێهنستاندن و بێهنکێشان ژ کەسەکی نەخوەش دوو سەدەمێن سەرەکەنە ژ ئێشڤەدانێڕە.
٥٦. گلدانەوە (دەرخستن؛ جیاکردنەوە): ڤەدان.
- گوتی بەرخی ڕەشت دەوێ، یان سپی؟ من ڕەشەکەم گلدایەوە: گۆت: بەرخێ ڕەش، یان سپی، کیژان دخوازی؟: من یا ڕەش ڤەدا.
٥٧. گێچەڵپێکردن: بەلاڤەدان.
- گێچەڵم پێ مەکە: بەلا خوە ژ من ڤەنەدە.
٥٨. لادان (ڕێگادان؛ بەلایەکەوەنان؛ لاچوون): ڤەدان؛ دان ئالیەکی؛ دان ڕەخەکی؛ بڕەخەکی خستن؛ لاچۆن.
- هەکە ڕوژەکا سار بیت، ئەڤ گوتنە دهێتە گوتن: تا بگریت با بگریت، عەیدا حەجییا زوی بمریت، هەچییێ خو ل بەر تاڤا من نەڤەدەت. [ڤەدەت: لا نەچێت].
- خۆتان لەسەر ڕێگام لادەن/ ڕێگام بدەن/ ڕێگام بدەنێ، لەسەر ڕێگاکەم لادەن/ لاچۆن: خوە ژ ڕێیا من ڤەدن.
- کاتێک دەسماڵ و قژی خۆی لادا، خاڵی سەر ڕوومەتیم دیت: دەما دەستمال و پۆرێ خوە ڤەدا، من خالا سەر ڕوویێ وی دیت.
- خۆت لەسەر ڕێم لا بدە: خوە ژ ڕێیا من ڤەدە.
- خۆت وەلانێ، خۆت بدە لایەکی: خوە ڤەدە.
- خۆلێلادان: خوەژێڤەدان.
- خۆی لێ لادا: خوە ژێ ڤەدا.
- لەسەرخۆلادان/ هەڵدانەوە: ل سەرخوەڤەدان.
- لەسەر خۆی هەڵدایەوە، ئەوجا نووست: سەر خوە ڤەدا؛ ل سەر خوە ڤەدا.
- درکەکەی لەسەر ڕێگا لادا: وی ستری ژ ڕێکێ ڤەدا.

- لێلادان؛ دوورکەوتنەوە: ژێڤەدان؛ دوورکەتن.
- خۆ لێ لادان: خوە ژێ ڤەدان.
- گوڕی ئاگر ترسناکە، خۆتی لێ لادە: گوڕییا ئێگر دژوارە، خوە ژێ ڤەدە.
- خۆم لە ڕێگات لادا: من خوە ژ ڕێیا تە ڤەدا.
- خۆت لا بدە: خوە ڤەبدە؛ خوە ڤەدە.
- خۆت لێی لا بدە: خوە ژێ ڤەبدە
- لەسەرخۆلادان: سەرخوەڤەدان.
- لەسەر خۆیان لادا: سەر خوە ڤەدان.
- لەسەر خۆت لامەدە: سەر خوە ڤەمەدە.
- منداڵەکان جلەکانیان لەسەر خۆیان لادا: زارۆکان جل سەرخوە ڤەدان.
- جلەکانیان لەخۆ کردەوە: کنج سەرخوە ڤەدان.
٥٩. لێچوونەوە؛ دانەوە؛ چوونەوە: لێڤەدان.
- ساقۆیە ڕەشەکەم بە شووشتن ڕەنگەکەی لێ چووەوە/ لێچووەوە: ساقۆیێ منێ/ یێ ڕەش، ب شووشتنێ ڕەنگ لێ ڤەدا.
٦٠. لێدان: ڤەدان؛ لێدان؛ لێخستن؛ پێڤەدان.
- زللەیەکم لێدا: من سیلەک پێ ڤەدا.
- ئازاد چەند زللەیەکی لە کوڕەکەی خۆی دا: ئازاد چەند سیل/ شەقام ب کوڕێ خوە ڤەدا.
- چاولێدان (نەزەر): چاڤپێڤەدان.
- بناغەلێدان: هیمڤەدان؛ چاللێدان: چالڤەدان. (قۆرتلێدان: کۆرت/ کۆخکڤەدان؛ کۆخڤەدان).
- بناغەی خانووەکەمان/ خانووەکەی خۆمان لێ دا: مە هیمێ خانییا خوە ڤەدا.
- هەی قورئان لێت بدات: هەی قوران ب تە ڤەدا.
- سەلەوات لێدان: سەلەوات ڤەدان.
- دە یەمان یەمان... مـن بـالا خـوە دایێ لرۆژا، لنیڤرو، عەدلێ گری مەجلیس و دیوانا، مێر و ملیاکەتا لسەر خاترا تێلی عەیشانێ سەلەوات ڤەدانە. [بەیان، ژ ٦٣ ل٧١، سالی ١٩٨٠].

- دەستلێدان: دەستڤەدان؛ سلکین؛ هەڕمین.
- دەستت لە هێلکە کەوە دا، تۆرا: تە دەست ل هێکێ کەوێ دا و دەستڤەدایی بوو.
- دەستلێدراو: دەستڤەدایی.
- فیکەلێدان: فیتکڤەدان/ بەرواری، کویتاندن؛ فیتاندن؛ فیتکلێدان.
- فیتە لێ دەدەن، دەفیکێنن: فیتکا ڤەددن.
٦١. لێککردنەوە؛ کردنەوە: ڤەدان.
- باڵ لێک کردنەوە: باسک ڤەدان.
- هەڵۆ باڵەکانی لێک کردووەتەوە و لەسەر سەرمان لەنگەری گرتووە/ داوەستاوە: تەیرێ باز باسکێ خوە ڤەدانە و د سەر سەرێ مەڕە دڕێسە.
٦٢. نیشتنەوە: ڤەدان؛ ڤەدانین؛ دادان.
- دەنیشێتەوە: دڤەدانیت.
- نیشتەوە: ڤەدانی.
- چۆلەکە نیشتەوە: چووک ڤەدا.
- کۆترەکە لەسەر دارەکە نیشتەوە: کەڤۆکێ ڤەدانی سەر دارێ.
- فڕۆکەکە دەنیشێتەوە: وێ بالەفڕ ڤەبدە. بالەفڕ ڤەددە.
٦٣. وەردان؛ تێوەردان: ڤەدان؛ تەڤدان؛ خەپراندن؛ خەپارە؛ پەخراندن.
- چیلکەدار لە عەرد وەردان: شڤک ل عەردڤەدان.
- چیلکەداری لە عەرد وەردەدات: ب شڤکێ عەرد ڤەددە/ تەڤددە.
- عەرد وەردەدا: ئاخێ تڤددە.
- دەست لە لووتوەردان: پۆزڤەدان.
- دەست لە لووتی وەر دەدا: پۆزێ خوە ڤەددە.
- دەستی لە لووتی وەر دا: پۆزێ خوە ڤەدا.
- لەخۆڵوەردان: دئاخێڤەدان.
- لە خۆڵی/ خۆڵێی وەردا: د ئاخێ ڤەدا.
- وەردراو/ وەردای: ڤەدایی.

٦٥. هاتنەوەبەر: ڤەدان.
- ڕەنگهاتنەوەبەر؛ ڕەنگهاتنەوە؛ ڕەنگگەڕانەوە: ڕەنگڤەدان.
- ڕەنگی هاتۆتەوەبەر/ێ: ڕەنگ ڤەدایە.
- پاش نەخۆشییەکە ڕەنگی هاتووەتەوە بەر: پشتی نەخوەشیێ، وی ڕەنگ ڤەدا.
٦٦. هاوێشتن: ڤەدان.
- پەلهاوێشتن: قۆلڤەدان.
- بڕکە شووتی پەلی هاوێشتووە: متێ زەبەش قۆل ڤەدایە.
- برووسکهاوێشتن: برووسکڤەدان.
- هەور برووسک/ی داوێژێ/ت: ئەور برووسکێ ڤەددە.
٦٧. هەڵاتن: ڤەدان.
- ئەستێرەهەڵاتن: ستێرڤەدان.
- ئەستێرەی بەیانیمان لێ هەڵێت: ستێرا سبێ ل مە ڤەدە.
- شەڤکا نیڤا شەڤێ ڕابە، وەرە، دەستێ خوە باڤێ خال و نیشانا گەردەنێ، سینگ و بەرێ، تو بەرنەدە... حەیانی سەحەرا سەرێ سبێ، مەلایێ ئازانێ، ستێرا سبێ ل مە ڤەدە.
٦٨. هەڵدان: ڤەدان؛ ڤەگرتن؛ دانین.
- خێوەت هەڵدان؛ هەڵدانی خێوەت؛ هەڵدانی خیوەت؛ تاوڵ هەڵدان: خیڤەت ڤەدان؛ خیڤەت ڤەگرتن.
- چادرهەڵدان؛ هەڵدانی چادر: چادرڤەدان؛ چادرڤەگرتن؛ ڤەدانا چادر؛ ڤەگرتنا چادر.
- ڕەشماڵ هەڵدان؛ هەڵدانی ڕەشماڵ/ ڕەشمار): کۆنڤەدان؛ کۆن ڤەگرتن؛ ڕەشکۆنڤەدان/ ڤەگرتن.
- خیوەتەکانی خۆمان هەڵدا: مە خێڤەتێن خوە ڤەدان.
- خێوەتەکەی خۆمان هەڵدا: مە خیوەتا خوە/ خۆ ڤەدا.
- ئێمە ڕەشماڵەکەی خۆمان هەڵدەدەین: ئەم کۆنێ خوە ڤەددن.
- نە ڕست، نە با دا، کۆنێ خوە یێ ڕەش ل سەر ڤەدا. (بوێژ).
- هەڵدراو: ڤەدایی.
- بەژن هەڵدان؛ بەژن هەڵچوون: بەژن ڤەدان؛ بەژن ئاڤێتن.
٦٩. هەڵدان؛ هەراشبوون؛ گەورەبوون: ڤەدان.
- ئەم گۆلکە هەر هەڵ دەدات: ئەڤ گۆلکە هەر ڤەددە/ ڤەددەت.
- ئەم بزنە زگی خۆی بەرداوەتەوە و هەڵی داوە: ئەڤ بزنە زکێ خۆ بەردایە و ڤەدایە.
٧٠. هەڵدانەوە: ڤەدان.
- گۆڕهەڵدانەوە: گۆڕڤەدان.
- مە ژی ڤەدا ئەو بەرپەڕێ قرش و کەفێ. (عەشیرا مزوری).
- ئەم گەڵاوشکانە هەڵدەوە، دەبینیەوە: وێ گلگلەی ڤەدە، دێ بینی.
- سەرهەڵدانەوە: سەرڤەدان.
- سەر خۆڵەکەی هەڵدەوە: سەر ئاخێ ڤەدە.
- لێفەکەی لەسەر خۆی هەڵداوە: لحێفێ ژ سەر خوە ڤەدا.
- دوێنێ چوومە چەند کتێبخانەیەک، لاپەڕەی پتر لە سی کتێبانم هەڵدایەوە: ئەز دوهێ چۆمە چەند کتێبخانەیان و من بەرپەڕێت پتر ژ ٣٠ کتێبان ڤەدان.
٧١. هەڵدڕین: ڤەدان.
- بەراز کەوتووەتە ناو زەوی، هەمووی هەڵدڕیوە: بەراز کەتییە زەڤییێ و تەڤدە ڤەدانە.
- کوا سەر دەموچاوی حتۆ هەڵدەنەوە با نەخنکێ: کا سەر دەستوپوویێ حتۆ ڤەدن/ ڤەکن ژ بۆ نەفتسە.
٧٢. هەڵگەڕانەوە: ڤەدان.

- باری هێسترەکە لە بەرد گیر بوو و هەڵگەڕایەوە: باری هێستری ژ کەڤری گرت و ڤەدا.

٧٣. هەڵپاچین: ڤەدان.

- دار هەڵپاچین؛ داپاچین؛ پاچین؛ هەڵپەرتاوتن: دارڤەدان.

- پاش ئەوەی دارزەیتوون دەچێنن، دارەکانیان دادەپاچن، پاشان دەیکێڵن: پشتی زێتوونان دچینن، دارێن خوە ڤەددن و پاشێ داژۆن.

- باوکم لە دارهەڵپاچین بوو میوانەکانمان هاتن: باڤێ من ل دارڤەدانێ بوو، مێڤانێ مە هاتن.

- کوڕە مامەکەمان داری هەڵدەپەرتاوت، لەسەر دار کەوت: پسمامێ مە دار ڤەددان، ژ سەر سەر دارێدە کەت.

- داری خۆمان هەڵدەپاچین: ئەم دارێ خوە ڤەددن.

٧٤. هەڵاوسان؛ هەڵمسان؛ پەنمان؛ پەنمانی زک: ڤەدان.

- شەوی ڕابوردوو/ شەوێ دی رووبار چەند هەڵاوسا: ئاڤا ڕووباری، شەڤێ دی چەند ڤەدایە.!

- ئەم بزنە سکی خۆی بەرداوەتەوە و هەڵاوساوە: ئەڤ بزنە سکێ خوە بەردایە و ڤەدایە.

- سک پەنمان/ هەڵاوسان: زکڤەدان.

٧٥. هاوێر: ڤەدان.

- مەڕەکانمان/ مەڕەکانی خۆمان هاوێر کرد: مە پەزێ خوە ڤەدا.

٧٦. تەیکردن: ڤەدان.

- چیا تەیکردن: چیاڤەدان.

- ئێمە، پێکەوە گەلەک/ گەلێک چیامان تەی کرد: مە بهەڤرا گەلەک چیا ڤەدا.

٧٧. گرتنەوە: ڤەدان.

- پەردەگرتنەوە: پەری ڤەدان؛ پەری بەرهەڤکرن.

- پەردەی بووک: پەرییا بوویک: لە کوردەواریدا ئەو ژوورەی بۆ بووک دەڕازێنرێتەوە پەردەیەکی تێدا دەگیرێتەوە پێی دەڵێن پەردەی بووک، لە بەنرخترین قوماش وەک حەوت ڕەنگ، یا جاجمی بە نرخ و نایاب دەبێ، بۆ ماوەی حەفتەیەک، یا چل ڕۆژ پەردەکە دەمێنێتەوە، ئەمە لەوانەیە لەوەوە هاتبێت کە هەر ماڵێک لە کۆندا ژووریکیان هەبووە بۆ نووستن، ئەو پەردەیە لە ژوور گیراوەتەوە بۆ بووک و زاوا، بۆ ئەوەی لە ئەندامەکانی ماڵەکە جیاببنەوە. [ل١٣٢، ف. شێخانی].

پەر؛ پەری؛ پالی؛ پاڵی؛ هێشی؛ (پەلهە/ گولی، باتیفا)؛ پەردی/ دەڤەرا شێروان (پەردییا بووک و زاڤای): پارچەکا قوماشیە، یان وەکی بەتەنییەکا تەنک، یان چارچەڤەکا ستویر تشت تێڕا دیار نەبیت. بەرێ بیک دانا د بنڤە کەسێ نەدیت، (هێشی) د ناڤبەرا بووک و زاڤە د کۆندە هلداویستن.

- مەزن دبێژن: بیک ل بن پەرینە، کەس نزانیت ڕسقێ کییە/ بویک ل پشت پەریێ ژی نە ڕزقێ خودانییە/ بووکا ل پشت پاڵییێ ژی نە ڕزقێ خودانییە.

- بەرێ هەر مالەکێ گەلەک مرۆڤ تێدا بوون و خانی د تێر مەزەل نەبوون، دا هەر ژنەک و مێرەکا داننە جهەکی بەلێ د بوش بوون و کێم جهـ. ژ بەر هندێ هەموو ل مەزەلەکێ ئان دووا دنڤستن، ئەگەر کوڕێ وان ببا زاڤا، دا وێ پەریێ ڤەدەن، بووک و زاڤا چنە پشت و ئێ دی ل ڕەخێ دی نڤن. پەرییا بووکێ دڤیت ژنکێد ب دای ساخ ڤەدەن. بابمری ئان دایمری چێ نابیت. [ل ٤٤، ژیان و ڤیان، ئـ. ئۆسمان].

- داوەتی هاتنە بەر دەرێ مالا زاڤای، د ژوورڤە پەرییا بووکێ یا ڤەدایە، پارچەکا پەردێ یا پەڕوکەکێ ب خەمل ژ ڤێ لای مەزەلێ هەتا یێ

دی یا هەلاویستیە، ئانکو ناڤبرە بۆ جهێ. زاڤا و بووک دچنە پشت پەریێ جهێ وایە کەس نابینیت، ل وێرێ دنڤن ژی.

- کانێ دایکا زاڤای، پا، کانێ خویشکا زاڤای، پا، کا تەختێ تە دانی، بوویک هات و ڕاوەستای، کا پەرییا تە ڤەدای. [ل٤٥، ئـ. ئۆسمان].

- بووکا ل پشت پەریێ.

- دەیکا زاڤای پەرییا بویکێ ڤەدا .

٧٨. داهاتن: ڤەدان.

- تاریکداهاتن: تاریڤەدان:

- تاریک داهات: تاری ڤەدا.

- ستەمکار تاریکی بەسەر وڵاتماندا هێنا: ستەمکار تاری ب سەر وەلاتێ مە ڤەدا.

٧٩. شەبەقدان: پەردەڤەدان.

- ڕۆژ شەبەقدان: ڕۆژ پەردەڤەدان.

- ڕۆژ شەبەقی داوە: ڕۆژێ پەردە ڤەدا.

- ڕۆژێ پەردە ڤەدایە. ژ پاش چیایێ دەرکەتییە.

٨٠. فیشکاندن: کیفیڤەدان.

- وەکوو ماری ڕەش دەفیشکێنێت: وەکی ماری ڕەش کیفییا ڤەدەت. [کیفی: کفکف. دەکیفێنێ].

٨١. هەڵێنان: ڤەدان.

- هەنگاوهەڵێنان/ەوە؛ هەنگاوهاوێشتن: گاڤڤەدان.

- پێش ئەوەی هەنگاو هەڵێنیت، پێویستە هێزێک وەبەر خۆت بدەیت: بەری گاڤان کو تو ڤەدی، دڤێ هێزێ تو ب خوە دی.

**چاوەکان:**


١. سیابەندۆڤ سەمەند، سیابەند و خەجێ، ئاراس، چاپی دووەم، ٢٠١٠.

٢. دەنگبێژ و چیرۆکبێژێن ئامەدێ، حیلمی ئاکیۆل، وەشانێن ژ و ژ، چاپا یەکەم، ئامەد، ٢٠١٧.

٣. فەرهەنگ، کوردی- ترکی، ترکی- کوردی، د. ئیزۆلی، وەشانێن دەنگ؛ دیاربەکر، چاپا پێنجەم، ٢٠٠٧.

٤. فیریکێ ئوسڤ، پامپا من، چاپا یەکەمین، ئانکارا، ٢٠١٢.

٥. هەژار، هەنبانەبۆرینە، سروش، تەهران، سال؟

٦. مەلا خەلیل مشەختی، فەرهەنگی مەرگ و ژی، دەزگای ئاراس، هەولێر، چاپی یەکەم، ٢٠٠٦.

٧. خالید محەمەد سندی، فەرهەنگا سندی، پشکا دووی، چاپا ئێکێ، دهۆک؛ ٢٠١٠.

٨. فەرهەنگ، کوردی- کوردی، کامەران بۆتی، چاپا یەکەم، ئیستانبول، ٢٠٠٧.

٩. ق. کوردۆ، فەرهەنگا کوردی- ڕووسی، مۆسکڤا، ١٩٦٠.

١٠. ئەحمەدێ ئیبۆیێ بەکۆ، فەرهەنگا زمانێ کوردی، دهۆک، ٢٠١٤.

١١. جەگەرخوین، فەرهەنگا کوردی، بەغدا، ١٩٦٢.

١٢. عەلی سەیدۆ گەورانی، فەرهەنگا کوردی نووژەن، چاپا دودیان، عمان، ١٩٨٥.

١٣. ڕەحمان جەوان، فەرهەنگ، کۆلکەزێڕینە، بەرگی ٢، سنە، ٢٠٢١.

١٤. میشێل ل. چیت، فەرهەنگا کورمانجی ئینگلیزی، ٢٠٠٣.

١٥. گۆڤاری کورد، ژمارە ١٥، ٢٠٠٢.

١٦. گۆڤاری بەیان، ژمارە ٦٣، ١٩٨٠.

١٧. گۆڤاری سروە، ژمارە ١٢، ساڵی ٣.

١٨. نورەدین سەعید مستەفا، حەیرانۆک زمانێ ئەڤیندارا، سەعید مستەفا، بەغدا، ١٩٨٨.

١٩. ئەمینێ ئۆسمان، گۆڤەندا دلێ من، ژ بەلاڤکرنا ئەمینداریەتا گشتییا ڕۆشنبیری و لاوان، هەولێر، سال؟.

٢٠. بلال حەسەن، پەند و پەنگ، ٢٠٠٨.

٢١. ضیاءالدین باشا الخالدي المقدسي، الهدیة الحمیدیة فی اللغە الکردیة، بیروت، ١٩٧٥.

٢٢. زۆربەی سایتە کوردییەکانی ئینتەرنێت.

٢٣. لێکۆلینەوەی مەیدانی نووسەر.

# ڕەچەڵەکی کورد

## «توێژینەوەی زانستیی فرەپسپۆڕیی»

پرۆفیسۆڕ فێردیناند هەنەربەشلەر
لە ئینگلیزییەوە: هەڵکەوت محەمەد پشدەری

گریمانە وابووە، کورد میللەتێکی سەر بە میللەتانی بە ناو ئێرانییەکانە و ڕەچەڵەکی بۆ ئێرانییەکان دەگەڕێتەوە، بۆیە بە هیندۆ-ئەورووپی هەژمار کراون، چونکە زمانی کوردی بە زمانێکی خێزانی ئێرانییەکان دانراوە. ئەو گریمانەیە لەلایەن زمانەوانەکانەوە دانراوە و پەیوەستی لێکچوونەکانی زمانی کوردی و زمانەکانی دیکەی خێزانی زمانە ئێرانییەکان بووە، بەڵام بە پێچەوانەی ئەو گریمانە هەڵەیە، توێژینەوەی نوێی DNA سەبارەت بە زانستی مرۆڤ (ئەنترۆپۆلۆجی) دەری دەخات لە چاخی بەردینی نوێدا، باپیرەی کوردەکان لە خەڵکە ڕەسەنەکانی زەوییە بە پیتەکانی کەوانۆکەی باکوور بوون.

جوگرافیای ئەو ناوچەیە بە شێوەیەکی گشتی لە دەرەوە و باکووری ڕۆژئاوای ئێرانی ئێستەیە، دەکاتە ڕۆژهەڵاتی نزیک و ناوچەی یورۆئاسیا. زمانی باپیرە گەورەی کوردەکان دوای هەزار ساڵ بە چەند شەپۆلێکی هێرشی سەربازی کۆمەڵە کۆچبەرەکانی (R1a1)ی ناوچەی ناوەڕاستی ئاسیا، بە ئێرانی کراوە. ئەو دۆزینەوە نوێیانە دەمانگەیەنێتە ئەوەی کوردەکانی یۆرۆئاسیای دانیشتووی کەوانۆکەی بەپیتی باکوور لەگەڵ کۆچبەرانی (R1a1)ی زمان ئێرانی-کۆن یەک گەل/ نەتەوە نەبوون

و کـوردەکان لەوانـە نیـن بـە زمانـی کۆچبەرانـی (R1a1) دواون کـە دواتـر لـە ئاسـیاوە بـەرەو خۆرئـاوا هاتـوون و زمانەکەیـان باڵـی بەسـەر زمانـی ئێرانیـی کۆنـدا کێشـاوە، ڕەچەڵەکـی کـوردەکان بـۆ ئـەو کۆچەرانـە ناگەڕێتـەوە، بەڵکوو باپیرانی کوردەکان دەچنەوە سەر چەند کۆمەڵ و چینێکی تەواو جیاواز، هەر کۆمەڵێک خەسڵەتی جینی جیا، نەژادی جیا، شێوەزاری ئاخاوتنی جیا و کولتووری جیای هەبووە. ئەم تێڕوانینە تازانە یەکەمین توێژینەوەی زانستیی فرەپسپۆڕییە بە هاوکاری پێشەنگی زانایانی هەر بوارێک لە دوو دامەزراوەدا، کراوە. هەردوو زانای ئێرانناس گێرنۆت ویندفوهەر و ئان ئاربەر؛ لەگەڵ زانای جینناسی ئەناتۆلی کلیۆسۆڤ لە زانکۆی بۆستنی ئەمەریکا، تێیدا بەشداربوون.

## پێشینەیەک

بۆ دوو جار، پێشەنگی لێکۆڵینەوە لە ڕەچەڵەکی کورد، ئیتاڵییەکان بوون. لە کۆتایی سەدەی ١٨دا دوو نێردەی ڤاتیکان مەوریزیۆ گارزۆنی (١٧٣٤-١٨٠٤) لەگەڵ گوسێپ کامپەنیلی (١٧٦٢-١٨٣٥) هاتوونەتە کوردستان تا خەڵکی کوردستان بکەنە پەیڕەوانی ئایینی مەسیح. ئەو دوو نێردەیە لە شارستانیەت و زمانی کوردییان کۆڵیوەتەوە. لە سەرەتای ١٩٩٠ـەکانیشدا، لویجی لوکا کاڤالی-سفۆرزا لە دایکبووی ١٩٢٢ لە جێنۆوا بە هاوکاری یاریدەدەرانی ئیتاڵیا لە پرۆژەی مەزنی (مێژوو و جوگرافیای جینی مرۆڤ) کە ئەنجامەکانی لە ١٩٩٤ بڵاوکرایەوە، بۆ یەکەم جار لە زانستی مرۆڤناسیی هاوچەرخدا زانیاری نوێی سەبارەت بە ڕەچەڵەک، کۆچ و جینی کوردەکان و تێگەیشتنی نوێی بۆ سەرەتای کوردەکان خستە بەردەست. وردەکارییەکان دوایی باس دەکەین. پێشتر زمانەوانەکان ژمارەیەک بیردۆزی دژ بەیەکیان لەسەر ڕەچەڵەکی کورد، بەرهەمهێناوە، لە ڕووی جوگرافیاوە لە نێوان ڕۆژهەڵات بۆ باکووری ڕۆژئاوا و لە باشووری ڕۆژئاوای ئێرانی ئێستەدایە.

## بیردۆزی ڕەچەڵەکی باکووری ڕۆژئاوای-ئێران:

لەبەر لێکچوونی زمان، هەوڵ دەدات کوردەکان لەگەڵ ئێرانی زمانەکانی وەک مادەکان گرێ بدات، بەڵام ئەوەیان هێشتا نەچەسپاوە. تا ئێستە تەنیا بەڵگەی چەند وشەیەکی مادی ڕەسەن هەن، ئەوەیش وەک بەڵگە بۆ گریمانەی گشتگیر، زۆر کەمە. سەرەتای ئەو گریمانەیەی دەڵێ کورد نەوەی مادەکانن بۆ ناوەڕاستی سەدەی ١٩ دەگەڕێتەوە کاتێک زانایانی دیاری ئەو کاتەی ئەڵمانیا وەک جۆرج نێیبور (١٧٧٦-١٨٣١) مێژوونووسی ئەڵمانیایی لە بڵاوکراوەی "Vorträge über alte Geschichte" لە بەرلین ساڵی ١٨٤٧ بڵاوکراوەتەوە، کوردی بە نەوەی ئارامییەکان و مادە - فارسییەکان داناوە، سەرچاوەی گرتووە. دواتر مینۆرسکی (١٨٧٧-١٩٦٦)، ڕۆژهەڵاتناسی ڕووسیا ئەو بیرۆکەیەی بە جیهاندا بڵاوکردەوە.

## بیردۆزی ڕەچەڵەکی باکووری ڕۆژهەڵاتی ئێران:

ئەوەیان لە ساڵی ١٩٠٣وە بڵاوبووەتەوە کاتێک ڕۆژهەڵاتناسی سویسرا ئەلبێرت سۆچین (١٨٤٤-١٨٩٩) لە کتێبە سەنگینەکەی بە ناوی "Grundriss der Iranischen Philologie" لە ستراسبۆرگ ساڵی ١٩٠٣ بڵاوکراوەتەوە، تێیدا کۆچی کوردەکانی لە باکووری ڕۆژهەڵاتی ئێرانەوە بە ئەگەرێکی بەهێز داناوە، دوایی لە

مـادەوە بـەرەو ڕۆژئـاوا کۆچیـان کـردووە.

ئـەو بیردۆزەیـش هــەر پشـتی بـە لێکچوونـی زمانەکانـی فارسـی، بلووچـی و کـوردی لـە سـەردەمی ناوەڕاسـتی ئێرانـدا (٤٠٠ سـاڵ پ. ز تـا سـەدەی ٩ی زایینـی)، بەسـتووە. لەوەیانـدا بانگەشـەی ١. خزمایەتیـی زۆر نزیکـی فـارس، بلـووچ و کـورد دەکـرێ و دەبـێ ڕەچەڵەکیـان یـەک بێـت، بـە گریمانـەی ئـەوەی لـە باشـووری ڕۆژهەڵاتـی ئێرانـی ئێسـتە، بـوون. ٢. بـەو پێیـە، کـورد دەبـێ ڕەچەڵەکـی بـۆ باشـووری ڕۆژهەڵاتـی ئێـران بگەڕێتـەوە. ئـەو بیـردۆزە پـڕ ناکۆکییـە لـە سـاڵی ٢٠٠٩ لـە شـیکارییەکی نوێـی ئارمینیـان گارنیـک ئاسـاتریان لـە دایکبـووی تـاران (١٩٥٣) کـە لـە سـاڵی ١٩٦٨ بـۆ یەریڤـان کۆچـی کـردووە، دووبارەکراوەتـەوە. شـیکارییەکە پشـتی بـە لێکچوونـی زمانـەکان بەسـتووە و لـە بەرانبـەر دژبەریکردنـی پێشـەنگی ئێرانناسـانی جیهـان زانـای ئەڵمانـی گێرنـۆت ویندفوهـەر کـە گوتبـووی «هیـچ بەڵگەیـەک لەبەردەسـتدا نییـە، لـە هیـچ سـەردەمێکدا ناوچـەی کـوردی زمـان، نزیکـی فـارس بووبێـت». ئاسـاتریان دەڵـێ «زمانـی کوردی لـە ژینگـەی باشـووری ڕۆژهەڵاتـی ئێرانـدا دەرکەوتـووە؛ گونجاوتریـن شـوێنی بڵاوبوونـەوەی کـورد لـە باکـووری فـارس لـە ئێـران بـووە» (سـەرچاوە: ئێـران و قەوقـاز ١٣ {بریـل: لیـدن ٢٠٠٩}، ١-٥٨، ٣٨).

لەگـەڵ ئەو بیردۆزانەی بۆ دیاریکردنی ڕەچەڵەک پشـت بـە زمـان دەبەسـتن، هەنـدێ هەوڵـی دیکەی ڕەگ قـووڵ کـە بـۆ سـەدەی ١٩ دەگەڕێتـەوە و تـا ئەمـڕۆ هـەر مـاوە، ئەوەیـە ڕەچەڵەکـی کـورد بـە پـەت و تـۆڕی گریمانەکانـی زمـان، مەزهـەب و هەبوونـی «نـەژاد» وەک جیاکـەرەوەی مـرۆڤ، دەبەسـتێتەوە. ئـەو گریمانانـە بـە تـەواوی چەنـد جارێـک لەلایـەن کۆمەڵـەی مرۆڤناسـیی ئەمەریکاوە ڕەت کراوەتـەوە (بـۆ نموونـە گۆڤـاری زانسـتی مرۆڤناسـیی جەسـتەیی ئەمەریـکا، ژمـارە ١٠١ سـاڵی ١٩٩٦، ٥٦٩-٥٧٠)، چونکـە هەمـوو تاقیکردنـەوە بڵاوکراوەکان بـۆ هەوڵدانـی سـەلماندنی نەژادێکـی هاوبەشـی کـوردەکان بـە تـەواوی بـێ ئەنجـام بـوون، ئەوجـا ئـەوەی چەنـد جێـی متمانەیـە و لـە ڕاسـتییەوە نزیکـە، لەلایەکـی دیکـە دانێ، بۆیـە ئـەو گریمانانـە لـەم توێژینەوەیـەدا بەهەنـد وەرناگیریـن و تیشـکیان ناخەینـە سـەر.

بـۆ کورتکردنـەوەی ئـەم پێشـینەیە سـەبارەت بـەو بابەتانـەی پێوەندییـان بـەم توێژینـەوە زانسـتییەوە هەیـە، لـە ڕابوردوودا هەنـدێ نموونەی کەمـی دیکـەی زانایانـی نـاوداری زمانناسـی هەبـوون، لـە کاتـی خۆیانـدا بیرۆکـەی هەبوونـی کورد پێـش دەرکەوتنـی هینـدۆ ئەوروپاییەکانیـان خسـتووەتە ڕوو، واتـا پێـش گەلـە ئێرانییـەکان، لایەنگرانـی ئـەو بیرۆکەیـە وەک مێژوونـووس و زمانەوانـی گورجسـتان نیکـۆلای یاکۆڤلیڤیـچ مـار (١٨٦٤-١٩٣٤)، ڕۆژهەڵاتنـاس ئیفرایـم ئەڤیگدۆر سپیسـەر (١٩٠٢-١٩٦٥) خەڵکـی گالیاسـیای ئیسـپانیا و ماوەیەکـی درێـژ لـە نێـوان ١٩٤٧-١٩٦٥ لـە زانکـۆی پێنسـیلڤینیای ئەمەریـکا سـەرۆکی بەشـی توێژینەوەکانـی ڕۆژهـەڵات بـووە. هەردووکیـان کـورد وەک نـەوەی گۆتییـەکان و لۆلۆبییـەکان دەبینـن، ئەوانیـش دانیشـتووی هـەرە ڕەسـەنی چیاکانـی زاگـرۆس و دەوروبـەری بـوون (سـەرچاوە: سپیسـەر، ڕەچەڵەکەکانـی میزۆپۆتامیـا، ١٩٣٠، ١١٠-١١٩).

## چوارچێوەی فرە شارەزایی (پسپۆڕی)

ئاسـتەنگ و سـنوورەکانی بـەردەم سـەلماندنی

نەژاد و ڕەچەڵەکی کورد بە بەکارهێنانی ئامراز و پێوەرە زمانەوانییەکان، هەر لە سەرەتای توێژینەوەکانی لە ساڵەکانی ١٩٦٠دا، وای لە زانای ئێرانناسیی بەریتانیایی دەیڤد نیل ماکنزی (١٩٢٦-٢٠٠١) لە زانکۆی گۆتینگنی ئەڵمانیا کرد، بڵێ «بۆ چارەسەری کێشەی ڕەچەڵەکی کوردەکان دەبێ واز لە بەڵگەکانی زمان بهێنین» (ڕەچەڵەکەکانی کوردی. کارەکانی کۆمەڵەی زمانەوانی ١٩٦١، لاپەڕە ٨٦). دوای سی ساڵ کاڤالی-سفۆرزا و تیمێک لەگەڵیدا وەک داهێنانێکی بە نرخ لە چوارچێوەی فرەپسپۆڕیدا، چاوێکی دیکەیان بە گرفتەکاندا خشاندەوە، لەو توێژینەوەیەی پێشتر ئاماژەی پێ کرا (مێژوو و جوگرافیای جینی مرۆڤ، پرینستن ١٩٩٤) بەشیکی تێدایە باس لە دوور و نزیکی ١٨ لە نەتەوەکانی ڕۆژئاوای ئاسیا دەکات. زانیارییەکان نیشانی دەدەن لێکچوون لە نێوان جینەکانی کوردەکان لەگەڵ نەتەوەی دیکەی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەیە. نووسەر دەڵێ «سەرەڕای مێژووی ئاڵۆز و مۆزایکی کولتوور و زمانیش»، هاوشێوەن.

پاش چەند ساڵێک، پێشەنگی ئێرانناسانی جیهان گێرنۆت ویندفوهەر، پرۆفیسۆڕی شاناز لە زانکۆی میشیگانی ئەمەریکا، لە وتارێکدا لە ٢٠٠٦ باسی باری نائاسایی DNA کوردەکان دەکات و نیشانی دەدات کوردزمانەکان وەک ئەوەی کاڤالی-سفۆرزا و تیمەکەی دەڵێن، جیاوازییان لەگەڵ ئەوانی دیکەدا هەیە. ویندفوهەر سەبارەت بە «کۆمەڵە زمانە ئێرانییەکان» گەیشتە «ئەنجامێکی زۆر سەرسوڕهێنەر»، بەپێی جین و DNA هەر گرووپێک، زمانە ئێرانییەکانی بەسەر سێ هێشووە زماندا دابەش کرد. ١. کوردی و زمانە کاسپییەکان (ئەوانەی دەوروبەری دەریاچەی قەزوین) لە ڕۆژئاوا ٢. ئێرانی، واتا سەنتەری ئێران ٣. تاجیک، ئەوانەی بە فارسی دەدوێن و پشتوو (ئەوانەی بە زمانی پشتوو دەدوێن) لە ڕۆژهەڵات. (سەرچاوە: هینەربیشلەر ٢٠١١، ٣٢٤-٣٢٦). کاڤالی-سفۆرزا کوردەکانی وەک چینێکی جیا و خەڵکی ڕەسەنی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نزیک لە قەڵەم داوە، زمانی کوردییشی وەک زمانێکی باکووری ئێران دەستنیشان کردووە و لە زمانەکانی دانیشتووانی ڕۆژئاوای دەریای کاسپی (قەزوین) نزیکترن وەک لە زمانی ئێرانییەکانی سەنتەر و ڕۆژهەڵات. پێش ١٩٩٤ ئەنجام و لێکدانەوەی ئاوا فرەپسپۆڕی سەبارەت بە کوردەکان، بڵاو نەکراوەتەوە.

ئەنجامەکان لەگەڵ بیرۆکە باوەکاندا یەکی نەدەگرتەوە، دژی گریمانەکان بوو، لە ناویاندا گریمانەی جوگرافی کە بۆ دۆزینەوەی ڕەچەڵەکی کوردەکان پشت بە زمانەوانی دەبەستێ. کوردەکان ڕەگی قووڵیان لە ناو چینێکی ڕەسەنی فرە کولتوور و نەژاددا لە باکووری ڕۆژئاوای ئێران، یان ڕۆژئاوای ئاسیادا هەیە. زۆر لە گەلانی ناوەڕاست و ڕۆژهەڵاتی ئێرانیش جیاوازە و تەواو لەوانەی باشووری ڕۆژهەڵاتیشەوە دوورە.

## کورتەی پشکنینی mtDNA و Y-DNA ی کوردەکان

دوای ئەنجامەکانی کاڤالی-سفۆرزا لە ١٩٩٤، کۆمەڵێک توێژینەوەی دیکە لە جیهاندا لەسەر DNA، کوردەکان، دەستی پێ کرد. ٣ لەوانە پشکنینی وردیان بۆ زنجیرەی mtDNA کردبوو و لە ساڵانی ٢٠٠٠-٢٠٠٤ بڵاوکرانەوە (کۆماس و تیمەکەی، ساڵی ٢٠٠٠، ڕیچارد و

تیمەکـەی سـاڵی ٢٠٠٠ و کوینتانـا -مورسـی و تیمەکـەی، سـاڵی ٢٠٠٤). توێژینەوەیەکـی دیکـەی Y-DNA (دڵـی خاکی یورۆئاسـیا: ڕوانگەیەکـی کیشـوەرانە بـۆ فرەیـی کرۆمۆسـۆمی Y) لـە لایـەن وێلـز و تیمەکـەی لـە سـاڵی ٢٠٠١ ئەنجـام دراوە و هەنـدێ نموونـەی وەرگیـراوی لـە کوردەکانـی تورکمانسـتان شـی کردووەتـەوە. نیبیـل و تیمەکـەی لـە سـاڵی ٢٠٠١ و ٢٠٠٧ دوو ئەنجامـی سەرسـوڕهێنەریان نیشـان دا، تێیـدا دەرکـەوت جینەکانـی کـوردەکان و جوولەکـە زۆر لەیـەک نزیکـن. ناسـیدزێ و تیمەکـەی لـە پەیمانگـەی ماکس پلانک لە لایپزیگی ئەڵمانیا بـۆ زانسـتی مرۆڤناسـی پێشـکەوتنی کاوەخۆیـی (تطـور) لـە سـاڵی ٢٠٠٥، یەکـەم توێژینـەوەی سـەرەکی تەنیا لـە کوردەکانـدا کـرد (جیایـی، یـان جیـاوازی mtDNA و Y-Chromosome لـە کۆمەڵـەی کوردەکانـدا). دوای پێنـج سـاڵ نووسـەری ئـەو رووماڵـە کورتـە، یەکەمیـن ڕاپۆرتـی توێژینـەوەی زانسـتیی فرەپسـپۆڕی بۆ دیاریکردنی ڕەچەڵەکـی کـوردەکان، خسـتە بەردەسـت. ئـەم توێژینەوەیـە لەلایـەن گێرنـۆت ویندفوهـەر، ئـان ئاربـەر و ئەناتۆلـی کلیۆسـۆڤ هـاوکاری کـرا و پاڵپشـتیی لـێ کـرا. بـەر لـە هەمـوو شـتێک کلیۆسـۆڤ کۆمەڵێـک زانیاریـی زۆر نوێـی ئاشـکرا کرد تێیـدا ڕەچەڵەکـی خەملێنـراو و کۆچـی خێڵەکانـی R1a1 لـە ئاسـیاوە گەڕانـدەوە شـوێنی خـۆی و بـە شـیکاریی جینـەکان، تێگەیشـتنی زۆر ورد و نایابی لەسـەر ڕەچەڵەکی کـوردەکان نیشـان دا.

## ئامانجی سەرەکی توێژینەوە


ئامانـج ئەوەیـە بـە بەکارهێنانی فرەپسـپۆڕی و ئـەو ڕێوشـوێنە زانسـتییەی باس کرا، بیسـەلمێنین بـاب و باپیرانـی کـورد زمـان (ئەوانـەی بـە زمانەکانـی کـوردی دەدوێـن) بـەر لـە زاییـن لـەو ناوچانـە بـوون و پێـش مێـژوو هەبـوون و لەسـەر خاکی بـاب و باپیرانیانـن (بـە شـێوەیەکی سـەرەکی لـە دەرەوە و ڕۆژئـاوای ئێرانـی ئێسـتە).

## سەرچاوەکان/ ڕێڕەو

بـاری ئێسـتای توێژینـەوە لەسـەر بنەمـای دۆزینەوەکانـی بەکارهێنانـی/ خسـتنەگەڕی فرەپسـپۆڕیی شوێنەوارناسـیی مێـژووی دێریـن (بـە شـێوەیەکی سـەرەکی ئەوانـەی لـە DNA وەرگیـراوی کەللەسـەر دەکرێـن)، زانسـتی مرۆڤناسـیی پێشـکەوتنی کاوەخۆیی (علم الأنسان التطـوري) -جیناسـیی DNA (بـۆ ئەوانـەی ئێسـتە دەژیـن)، زاراوە مێژووییـەکان (بـە تایبەتـی کیونـی فـۆرم- واتـا ئـەو جـۆرە نووسـینەی لەسـەر تەختـە قـوڕەکان بـە جێمـاون، پیتـەکان وەک شـێوەی پـەت و داو بەیـەک بەستراونەتەوە) شـوێنی بڵاوبوونـەوە و بەکارهێنانـی زمانـەکان (بە تایبەتـی دووبـارە دروسـتکردنەوەی زمانـی ئێرانـی کـۆن، بـە بەکارهێنانـی نموونـەی ئـەو فرمانانـەی دەکرێ باسـیان لەگەڵـدا بـێ، یان باسـیان لەگەڵدا نەبـێ (ergative verbs) و زانسـتی مێـژوو، دەکەیـن. سـەبارەت بـە گونجانـی زانیارییەکانـی DNA مـرۆڤ و بایەخەکـەی لـە چوارچێـوەی زانسـتی مێـژوودا: هەمـوو زانیارییەکانـی لـەو توێژینـەوە فرەپسـپۆڕییەدا بەردەسـت بـووە، لێـرەدا بـە شـێوەی دوو چیـن و بەراوردکـردن لـە نێوانیانـدا، بەکارهاتـووە. ئەنجامـی پشـکنینەکانی DNA دەرهاتـوو لـە پاشـماوەکانی زۆر کۆنـی مـرۆڤ وەک پەیکـەری ئێسـقانەکان وەک بنەمـا سـەیر کـراوە، ئەوجـا لـە دواییـدا لەگـەڵ نموونەکانـی DNA خەڵکـی کوردزمانـی ئێسـتە کـە لەژیانـدان، بەسـترانەوە. بـە هیـچ شـێوەیەک

ئەو زانیارییانەی لە DNAی خەڵکی ئێستە وەرگیراوە، لەم توێژینەوەیەدا نەبووەتە بنەمای دەرئەنجامەکان بۆ ئەوەی لەگەڵ زانیارییەکانی DNA پاشماوە و شوێنەوارەکانی مرۆڤی کۆن ببەسترێنەوە و لەبەر چاو بگیرێن.

لەبەر ئەوە، لەم توێژینەوە فرەپسپۆڕییەدا هیچ هەوڵێک نەدراوە بە تەنیا پشت بە زانیارییەکانی ئێستە، مێژووی کۆن دروست بکرێتەوە، یان بسەلمێنرێ. زانیاری DNA ئەوانەی ئێستە دەژین، لە چوارچێوەی ئەو زانیارییانەی لە شوێنەوارە کۆنەکانەوە بەدەست هاتوون، تەنیا بە مەبەستی لێکدانەوە و هێماکاریی پرۆسەی مێژووییە. بۆ ئەم مەبەستە، گرووپ/ جۆری هێڵی باوان گیراوەتەبەر، ئەو هێڵە نەک تەنیا نەژاد دیاری دەکات، بەڵکوو بۆ دۆزینەوەی بازە جینەکانی کۆمەڵە و کۆمەڵگەکان بەکاردێت. هەوڵی دوور و قووڵ بۆ دۆزینەوەی نەژادی کورد نەدراوە، چونکە دوای لێکدانەوەی زانستیی ورد لە لایەن کۆمەڵەی ئەمەریکایی زانایانی مرۆڤناسی، نەژاد بۆ پۆلێنکردنی مرۆڤ لە رووی زانستییەوە ناکرێت، چونکە نەژادی بێگەرد (واتا هەردەم باوان لە یەک کۆمەڵە، یەک خێڵ، یەک نەتەوە بووبن)، هەرگیز نەبووە، بۆیە ئەو رێگە و رێڕەوە فرەپسپۆڕییانەی نووسەر پەیرەویان دەکات، بێ هیچ جیاکارییەک پشت بە بەها و رێگەی زانستی مێژوو دەبەستێت، دەکرێ هەمیشە جار لە دوای جار سەرنج لە ئەنجامەکان بدرێتەوە و گومان لە راستیودروستییان بڕەوێنرێتەوە و ویست نییە لە چوارچێوە زانراو و باوەڕپێکراوەکانی زانستی مێژوو، دەربچێ. لەو ڕووەوە زانستی مێژوو شەبەنگێکی والاتری پسپۆڕی لەخۆ دەگرێت، لەوانە زانستەکانی شوێنەوارناسی و مرۆڤناسی تا دەگاتە مێژووی هاوچەرخ.




**شێوە ١ — ناوچەی دانیشتوانی کوردی زمان ئەمڕۆ (هەنەر بیشلەر ٢٠١١ — لاپەڕە ٥٦**

## پێناسەکان

زاراوەی «کورد» لەم توێژینەوە فرە پسپۆڕییەدا بە واتای ئەوانەی بە زمانی کوردی دەدوێن و بە کورد ناودەبرێن (بڕوانە شێوە ١). بە پێی پێناسەی پرۆفیسۆر گێرنۆت ویندفوهەر (سەرچاوە: هینەربیشلەر ٢٠١١: لاپەڕە ١٢): ١- ا. کوردی باکوور، ب. کوردی ناوەڕاست، ج. کوردی باشوور (لەوانە لوڕی، بەختیاری، بۆیر ئەحمەدی، کوهگولیە ...تاد لە باشووری زاگرۆس؛ ٢- زازایی، ٣- گۆرانی، ا- هەورامانی، ب- شێوە زمانەکانی دیکەی گۆرانی لە ناوچەکانی خوار کرماشان ج) باجەلانی «ڕۆژهەلاتی مووسڵ». ئەوانە هەموویان لە ناو زمانە ئێرانییەکاندا لە ژێر یەک چەتردا بە «زمانی کوردی» ئاماژەیان پێ دەکرێت.

## دۆزینەوە سەرەکییەکان؛ توێژینەوەکانی DNA


زانیارییەکانی باب و باپیرانی کوردەکان، خەڵکی ڕەسەنی هیلالی بە پیتی باکوور:
**داپیرەگەورەی کوردەکان، هێڵی DNA مایتۆکۆندریا (mtDNA)**

**ژمـارەی نموونـەی بەکارهاتـوو:** کۆمـاس و تیمەکـەی، سـاڵی ٢٠٠٠: ٢٩ لـە گورجسـتان (جۆرجیا)؛ ڕیچاردس و تیمەکەی، ساڵی ٢٠٠٠: ٥٣ لە ڕۆژهەڵاتـی تورکیـا؛ کوینتانا-مورسـی و تیمەکـەی، سـاڵی ٢٠٠٤: ٢٠ لـە ڕۆژئـاوای ئێـران و ٣٢ لـە تورکمانسـتان. کـۆی گشـتی ١٣٤ نموونـەی mtDNA لـە دایکانـی کـورد وەرگیـراوە و ئەنجامـەکان بڵاوکراونەتـەوە.

**دۆزینـەوەکان:** mtDNA دایکانی کورد بۆ خێڵە هـەرە ڕەسـەنەکانی ڕۆژهەڵاتـی نزیـک/ ڕۆژئـاوای ئاسیا و ئەوروپا دەگەڕێنەوە، کـە گەلانـی ئـەو ناوچانەیـان پێـک هێنـاوە. کۆمـاس و تیمەکـەی بـۆ ئـەم مەبەسـتە نووسـیویانە «نزیکـەی هەمـوو DNA مایتۆکۆندریـای دایکانـی (mtDNA) کـوردەکان سـەر بـە کۆمەڵـەی هاوچەشـنی mtDNA ئەوروپاییـەکان و ئاسـیاییەکانی ڕۆژئـاوان». ڕیچـاردس و تیمەکـەی هێڵێکـی زۆر کۆنـی جینـی U5یـان دۆزییـەوە، «هەرچەنـدە هێڵـی U5 لـە مرۆڤەکانـی (دایکانـی) ڕۆژهەڵاتـی نزیکدا زۆر کەمـە، کەچـی بـە تایبەتـی لـە کـورد، ئەرمەنی و ئازەرییەکانـدا بـە چڕی هەیـە» لەگەڵ ئەوانـەی «لـە ئەوروپـاوە کۆچـی پێچەوانەیـان بـەرەو ڕۆژهەڵاتـی نزیـک کـردووە». کۆمـاس و تیمەکـەی گەیشـتنە دەرئەنجامـی ئـەوەی «لەوانەیـە کـوردەکان نـەوەی یەکەمیـن کۆمەڵـە شـوانەکانی بەرزاییەکانـی کوردسـتان لـە چاخـی بەردینـی یەکـەم بـن (٤ تـا ١٠ هـەزار سـاڵ پێـش زاییـن).

**باپیرەگەورەی کوردەکان، هێڵی Y-DNA**

ژمـارەی نموونـەی بەکارهاتـوو: وێڵـس و تیمەکـەی، سـاڵی ٢٠٠١: ١٧ لـە کوردەکانـی تورکمانسـتان (لە خشـتەکاندا بە Ku-Tm نیشـان دراون)؛ نیبیـل و تیمەکـەی، سـاڵی ٢٠٠١ و ٢٠٠٧: ٩٥ کـوردی موسـوڵمان بـە زۆری لـە باکـووری عێـراق ( لـە خشـتەکاندا بـە MK نیشـان دراون)؛ ناسـیدزە و تیمەکـەی، سـاڵی ٢٠٠٥: ١٣٩ (لەگەڵ ١٧ی وێڵـس و تیمەکـەی)، لـەوان ٨٧ لـە تورکیـا بـە زاراوەی کرمانجـی دەدوێـن (لـە خشـتەکاندا بـە Ku-Tk نیشـان دراون)، ٢٧ لـەوان لـە تورکیـا بـە زاراوەی زازایـی دەدوێـن (لـە خشـتەکاندا بـە Za-Tk نیشـان دراون) و ٢٥ لـە گورجسـتان بـە زاراوەی کرمانجـی دەدوێـن (لـە خشـتەکاندا بـە Ku-G نیشـان دراون)، کـۆی هەمـووی ٢٥١ نموونـەی بـاوکان لـە Y-DNA وەرگیـراوە و شـیکارییان بـۆ کـراوە (بڕوانـە خشـتەی ١ و شـێوەی ٢) لـە ناویانـدا ئـەو ڕاسـتکردنەوانەی ئەناتۆلی کلیۆسـۆڤ لـە R1a1 دا کردوویەتـی، هەیـە.




**شێوە ٢ – هێڵی بڵاوبوونەوەی کوردی زمانەکان بە پێی Y-DNA، سەرچاوە: هەنەر بیشلەر ٢٠١١ – لاپەڕە ٣٣**

**ئەنجامەکان:** ناسیدزە و تیمەکەی، ساڵی ٢٠٠٥؛ وێلس و تیمەکەی، ساڵی ٢٠٠١ و ٢٠٠٧: ١٢ جینی باوکانەی Y-DNA و لێکچوونی ئەندامانی جەستەی کوردی ئێستە.

| کۆمەڵ و لێکچوونی ئەندامی جاستە | کرمانجی دەدوێن تورکیا Ku-Tk | زازایی دەدوێن تورکیا Za-Tk | کرمانجی دەدوێن گورجستان | کوردی تورکمانستان Ku-Tm | کوردی موسوڵمان، باکوری عێراق MK |
|---|---|---|---|---|---|
| C-RPS4Y-M130 | 1.1% Ku-Tk | 3.7% Za-Tk | نییە | نییە | نییە |
| E-YAP-M96 | 11.5% Ku-Tk | 11.1% Za-Tk | نییە | نییە | 7.4% MK Iraq |
| F-M89 | 11.5% Ku-Tk | 7.4% Za-Tk | 12.0% Ku-G | 41.0% Ku-Tm | نییە |
| G-M201 | 2.3% Ku-Tk | 3.7% Za-Tk | نییە | نییە | نییە |
| I-M170* | 16.1% Ku-Tk | 33.3% Za-Tk | نییە | نییە | 11.6% MK Iraq |
| J1-M267** | نییە | نییە | نییە | نییە | 11.6% MK Iraq |
| J2-M172 | 13.8% Ku-Tk | نییە | 32.0% Ku-G | 18% Ku-Tm | 28.4% MK Iraq |
| K-M9 | 12.7% Ku-Tk | نییە | 8% Ku-G | نییە | نییە |
| P-M45 | 5.7% Ku-Tk | 3.7% Za-Tk | 4% Ku-G | نییە | نییە |
| R1-M173 | 4.6% Ku-Tk | 11.1% Za-Tk | نییە | 29.0% Ku-Tm | 16.8% MK Iraq |
| R1a1-M17*** | 12.7% Ku-Tk | 25.9% Za-Tk | نییە | 12.0% Ku-Tm | 11.6% MK Iraq |
| R2 (former P1)-M124**** | 8.0% Ku-Tk | نییە | 44.0% Ku-G | نییە | نییە |


### زانینی قووڵایی کات تا دەگاتە باپیرە گەورەی هاوبەش، لە جینی پاشماوەکانی مرۆڤی کۆن

بە وەرگرتن لە (پرۆژەی جوگرافیای جینەکان) ی سپێنسەر وێلس رۆژی ٧ی/ کانوونی دووەمی ٢٠١٢ دەستمان پێی گەیشت: C-M130 (بەر لە ٥٠ هەزار ساڵ بۆ یەکەم جار دەرکەوتووە)، E-M96 (بەر لە ٣٠ تا ٤٠ هەزار ساڵ دەرکەوتووە)، F-M89 (پێش ٤٥ هەزار ساڵ دەرکەوتووە)، G-M201 (پێش ٣٠ هەزار ساڵ دەرکەوتووە)، I-M170* (پێش ٢٠ هەزار ساڵ دەرکەوتووە)، J1-M267** (نزیکەی ١٠ هەزار ساڵ پێش ئێستە دەرکەوتووە)، J2-M172 (پێش ١٥ بۆ ١٠ هەزار ساڵ دەرکەوتووە)، K-M9 (پێش ٤٠ هەزار ساڵ دەرکەوتووە)، P-M45 (پێش ٣٥ بۆ ٤٠ هەزار ساڵ دەرکەوتووە)، R1-M173 (پێش ٣٥ هەزار ساڵ دەرکەوتووە)، R1a1-M17*** (بەر لە ١٠ هەزار ساڵ دەرکەوتووە)، R2- M124**** (پێشتر ناوی P1-M124 بوو) (نزیکەی ٢٥ هەزار ساڵ پێش ئێستە دەرکەوتووە). (بڕوانە خشتەی سەرەوە بۆ بینینی هەر جینێک و رێژەی لە هەر کۆمەڵێکی کوردەکان).

### ئەناتۆلی کلیۆسۆڤ و شیکاریی زانیارییەکانی DNA

*I-M170: کلیۆسۆڤ گومان دەکات ئەو زانیاریانەی سەبارەت بە "I" لەلایەن ناسیدزە و تیمەکەی بڵاوکراونەتەوە لەگەڵ ئەوانەی زووتر هەر ناسیدزە و تیمەکەی لە بارەی "I" لە ناوچەی قەوقاز و ئێران بڵاویان کردووەتەوە، هێشتا دڵنیا نەکراوەتەوە. بەشێکی کەم لە "I" لە دەرەوەی ئەورووپا و هەندێکیش لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەن، (هەمان هاپلۆتایپیان هەیە)، واتە هەمان جۆری باوان نیشان دەدەن و لەگەڵ ئەوانەی ئەسکەندەناڤیا یەکن، ئەوانە لە ناو کرۆمۆسۆمەکانیاندا تازەن (رەگی کۆنیان نییە)، بە واتای ئەوەی وەک «گەشتیار» دەرکەوتوون. بێگومانیش، هەردەم هەندێ جینی "I" (یان هەر جینێکی دیکە) لەوانەیە لێرە و لەوێ وەک گەشتیار دەرکەون.

**J1-M267 زانیارییەکانی بڵاوکراوەتەوە، راست نین. J1 زۆر لەوە کۆنترە. من تا ١٩ هەزار ساڵ کۆن، هێڵی ئەو جینەم لا هەیە (مەبەستم لەوە ئەوەیە نموونەی دیکە هەیە ئەو جینەیان تێدا بووە و کۆنترە لەوەی بڵاوکراوەتەوە).



***R1a1- M17 زانیاریی تازەتر لەسەر ئەو جینە هەیە، هەندێ توێژینەوەی ساڵانی ٢٠٠٠-٢٠٠٣ بە تایبەتی سەبارەت بە R1a1 ئێستە تەواو کۆنن و دەبوایە بڵاونەکرێنەوە. ئەگەری زۆر لە ئارادایە چەقی سەرهەڵدانی جینی R1a1 بەر لە ٢١ هەزار ساڵ لە ناو ئۆیگورەکانی هەرێمی زینژیانگ لە چین «ئەودیوی هیندستان» بووبێت، بەرەو ڕۆژهەڵات لە نێوان مۆنگۆلیا، ڕووسیا، قیرغیزستان و چین ، نەک بەر لە ١٠ بۆ ١٥ هەزار ساڵ لە نێوان ئۆکراینا و باشووری ڕووسیا.

R2- M124****: هیچ زانیارییەک نییە بیسەلمێنێ گرووپی R2 بووەتە هۆی دەرکەوتنی هیندۆئەورووپی، یان R2 لە ناو کۆمەڵە خەڵکی گەلانی بەناو کولتووری ئەندرۆنۆڤۆ هەبووبێت (کولتووری ئەندرۆنۆڤۆ لە نێوان ساڵی ٢٠٠٠ بۆ ٩٠٠ ساڵ پێش زایین لە ناوچەی ڕۆژئاوای سایبیریا و ناوڕاستی ئاسیادا دەرکەوتووە). هەڵسەنگاندنی کلیۆسۆڤ لە هەنەر بیشلەر ٢٠١١، لاپەڕەکانی ١٥ ٣٦، ٦٠، ٧٥، ٨٩، ٩٠، ٩٢، ١١٤ تا ١١٨، ١٣٩ تا ١٤٢، ١٨٨ و ٣٣٤، وەرگیراوە.

## ئەنجامەکانی ناسیدزە/ وێڵس/ نیبیل و تیمەکانیان ساڵانی ٢٠٠١ تا ٢٠٠٧

### کورتە لێکدانەوە

### کۆڵەگەی جینەکانی هیلالی بەپیتی باکوور


هەندێ جینی کرۆمۆسۆمی Y هەن زۆر کۆنن بەڵام وەک ڕێژەی سەدی کەمن وەک C-RP-M130 = S4Y ڕێژەی (١.١٪ - ٣.٧٪)، E-YAP M96 = ڕێژەی (١١.١٪ - ١١.٥٪)، G-M201 ڕێژەی (٢.٣٪ - ٣.٦٪)، F-M89 ڕێژەی (٧.٤٪ - ١٢٪ ، کوردانی تورکمانستان Ku-Tm لەو ڕێژەیە زۆر بەدەرن و دەگاتە ٤١٪) ئەو جیاوازییە زۆرە نە بە باشی و تەواوی لێکدراوەتەوە و نە بە وردیش لێی کۆڵراوەتەوە. جینی I-M170 لە ناوچەی قەوقاز بۆ (باکووری) ئێران ناکۆکی لەسەرە.

## زاڵبوونی هێڵەکانی J

(شێوە ٤ : پاراگرووپی J ئێستە بە M304 ناسراوە): «پاراگرووپ زاراوەیەکە بۆ ناساندنی هێڵی جینی کۆمەڵە خەڵکێک بەکاردێت، کە بە هیچ شێوەیەکی دیکە لێک جیاناکرێنەوە» : زۆرترین ڕێژەی دۆزراوە ٥٩٪ J1+J2 لە J-p12f2 لە ناوچەی شاخاوییەکانی زاگرۆسە (کوینتانا مورسی و تیمەکەی ٢٠٠١). کوردی موسوڵمان لە باکووری عێراق ٤٠٪ J1+J2 (نیبیل و تیمەکەی ٢٠٠١ و ٢٠٠٧). ٤٠٪ J2-M172 لە ڕۆژهەڵاتی ئەناتۆلیا (سەمینۆ و تیمەکەی ٢٠٠٠). ٣٢٪ J2-M172 کوردەکانی گورجستان (ناسیدزە و تیمەکەی ٢٠٠٥). J-men (J پیاوانە) بۆ یەکەمین جووتیار و شوانی سەردەمی چاخی بەردین لە کەوانۆکەی (هیلال) بەپیتی باکوور دەگەڕێتەوە، کوردەکانی ئێستە نەوەی ئەوانن. لەهەمان کاتدا زۆرترین نزیکی و خزمایەتی تا ئێستە پێورابێ، لە نێوان کوردەکان و جوولەکە نیشان دەدات (لە نیگایەکی واڵاترەوە خزمایەتیی لەگەڵ ئەرمەنەکانیش نیشان دەدات)، وردەکارییەکان دوایی شی دەکرێنەوە.

## هێڵە بنەڕەتییەکانی R


R1-M173 تا ڕێژەی ٢٩٪ لە ناو کوردەکانی تورکمانستان دۆزراونەتەوە، R1a1- M17 (شێوە ٥) تا ٢٥.٩٪ لە ناو زازایی زمانەکانەوە لە تورکیا دۆزراوەتەوە، P1-M124 جاران ناوی R2-M124 بوو تا ڕێژەی ٤٤٪ لە کوردەکانی




**شێوە ٤: زاڵبوونی هێڵەکانی J لە ناو باب و باپیرە ڕەسەنەکانی کوردەکان لە ڕۆژهەڵاتی نزیک و یۆرئاسیا (هەنەر بیشلەر، ٢٠١١، لاپەڕە: ٨٦)**

گورجستان دۆزراوەتەوە. هەموو ئەوانە نیشاندەری کۆچکردنن لە ئاسیاوە. لەگەڵ ئەوەیشدا، ڕێژەیەکی بەرچاوی R1-M173 لە ناو کوردەکانی تورکماستاندا و R2-M124 لە ناو کوردەکانی گورجستاندا جارێ بە تەواوی، شی نەکراونەتەوە. ئەوەی R2-M124 لە کولتووری ئەندرۆنۆڤۆوە هاتبێ، یان کاریگەری هیندۆ-ئەورووپی لەسەر هەبووبێت، جارێ یەکلا نەکراوەتەوە (ئەناتۆلی کلیۆسۆڤ). لە پاڵ ئەوەدا، ئەو کاریگەرییە زمانەوانییەی R1a1 لەسەر گۆڕانکارییەکانی زمانی کوردی کەوانۆکەی (هیلال) بەپیتی باکووری هەبووە بۆ بە هیندۆ-ئەوروپایی کردنی ئەو زمانە، بە یەکلاکەرەوە (جوهەری) لەقەڵەم دەدرێت.

«تیری ڕەنگ پرتەقاڵی لە ئاسیاوە بە ئاسیای بچووک و بەڵکاندا دەگاتە ئەورووپا، ئەوجا لەوێوە بەرەو چەند شوێنێکی دیکەی ئەورووپا (تیری شینی کاڵ)؛ لە ئەڵمانیا و بەلکانەوە بەرەو دەشتایی رووسیا و ناوچەی دەریای بەڵتیک (تیری مۆر)؛ هەر لەوێوە بەرەو چیاکانی




**شێوە ٥: ڕێڕەوەکانی کۆچی هێڵی R لە ئاسیاوە (هەنەر بیشلەر، ٢٠١١، لاپەڕە ١١٦)**

ئۆراڵ و پشت ئەویش تا باشووری سایبیریا، مەنگۆلیا و باکووری چین (تیری سەوز). هەر لە ئۆراڵەوە بەرەو باشووری هیندستان (تیری پەمەیی)، لە کۆتاییدا لە دەشتایی ڕوسیاوە بەرەو ئەناتۆلیا و خوار ئەوێش (تیری شینی تۆخ)، لە باشووری ئۆراڵیشەوە بۆ ناوەڕاستی ئاسیا و تەختاییەکانی ئێران (تیری زەرد)» ئەناتۆلی کلیۆسۆڤ.

## هەبوونی باپیرەی کوردەکان لە ڕۆژهەڵاتی ئەناتۆلیا تا ڕۆژهەڵاتی زاگرۆس، لە یەک کاتدا

زانیارییەکانی هەڵێنجراو لە DNA کە ئێستە بەردەستن، بە ڕوونی ئەوە نیشان دەدەن باپیرە گەورەی کوردەکان لە زۆر زووەوە لە هەمان کاتدا لە ناوچەکانی زۆر باکوور (ڕۆژهەڵاتی ئەناتۆلیا، باکووری میزۆپۆتامیا) و باکووری ڕۆژهەڵات (زاگرۆس و تەختاییەکانی ڕۆژهەڵاتی باکووری ڕۆژئاوای ئێرانی ئێستە)، ژیاون. هیچ ئاماژەیەکی جین نەژادی نییە ڕەچەڵەکی کوردەکان بۆ ئەناتۆلیا، یان ناوچەکانی زاگرۆس بگەڕێنێتەوە (زاگرۆس لە ڕۆژهەڵاتەوە بۆ باکووری ڕۆژئاوای ئێرانی ئێستە دەکشێ)،

بەڵکوو لە دواییدا بەرەو ئەو ناوچانە کۆچیان کردووە. ئەو دۆزینەوەیە بە تایبەتی کە دەڵێ کوردەکان لە یەک کاتدا لە ڕۆژهەڵاتی ئەناتۆلیا و ناوچەکانی زاگرۆسدا هەبوون، زۆر بە باشی لە ناو DNA باب و باپیرانی خێڵەکانی هەڵگری جینی J لە کوردەکانی یورئاسیادا هەڵگیراوە. لەگەڵ ئەوەیشدا، تەنانەت ئەگەر زاراوەکانی زمان وا نیشان بدەن، کەچی کوردەکان بۆ یەک باوک، باوان، یان یەک خێڵ ناگەڕێنەوە. بە هەمان شێوە دەرکەوتنی کوردەکان بۆ یەک ناوچەی جوگرافی، کاتێکی دیاریکراو، یان شوێنێک ناگەڕێنەوە. ئەو دۆزینەوانە پێچەوانەی گریمانەکانی زمانناسانی وەک ڕودیگەر شمیت (بڕوانە کاردۆخییەکان — Kardakes) و محەمەد دانداماییێڤن (بڕوانە کاردوخییەکان-Carduchi). بەڵگەکانی دابەشبوونی J-Clan یان خێڵەکانی هەڵگری جینی J دەیسەلمێنن ناوچەی ژیانی باب و باپیرانی کوردەکان ناوچەی گرد و شاخ بووە، بۆیە لە تەختە قوڕینەکانی میزۆپۆتامیادا، نووسەران بە ناوێکی گشتی و جیاکراوە ناویان هێناون، بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ زاراوەی (ئەناتۆلیا، باکووری میزۆپۆتامیا/ زاگرۆس)، یان دانیشتوانی چیاکان (پێهەڵگەڕاوانی چیاکان)، چیاییەکان/شاخییەکان لە باکوور و باکووری ڕۆژهەڵات، ناویان هێناون.

## باری گرووپەکانی کورد (هاپلۆتایپ)

کوردەکان لەسەر جینی J2-M172 تایبەت لە لێکچوونی ئەندامانی جەستەیان وەک یەک ڕەگەز، تۆماری جیاوازی جینیان بۆ خۆیان کردووە ناوی نراوە «باری گرووپەکانی کورد» (KMH یان MKMH بۆ کوردە موسوڵمانەکان) لە شوێنەکانی: ١٤-١٥-٢٣-١٠-١١-١٢ (ئەوانە لە ٦ نیشانەکەری جوولەکەکانی کۆهێن وەرگیراون، CMH- 6 CMH . جینی J2- M172ی کوردەکان لە ناو جوولەکە و ئەرمەنەکاندا دۆزراوەتەوە. زۆرترین ڕێژەی ئەو جینە تا ئێستا دەستنیشان کرابێ لە ناو ئێزیدییەکانی ئەرمەنستان و کوردە موسوڵمانەکانی باکووری عێراق (MKMH) بووە. ئێزدی ئەرمەنستان ١١.٩٪، کوردی موسوڵمان (MK) لە باکووری عێراق ٩.٥٪، ئەرمەنەکان (Frc/Ø) ٥.٧٪ و زۆرترین ٧.٤٪، جوولەکەکانی سیفارد (SJ) ٢.٦٪، کوردی جوولەکە (KJ) ٢٪، عەرەبی فەلەستین ١.٤٪، جوولەکەی ئەشکەنازی (AJ) ١.٣٪. سەرچاوەکان: نیبیل و تیمەکەی، ٢٠٠١ و ٢٠٠٧؛ یاپیسکۆپۆسیان ٢٠٠٧ (زانیاری پەرت و بڵاوی بڵاونەکراوە). لە ویئال و تیمەکەی ٢٠٠١، وەرگیراوە.

## باری گرووپەکانی جوولەکە

باری گرووپەکانی کورد KMH: ١٤، ١٥، ٢٣، ١٠، ١١، ١٢ بە بەراورد لەگەڵ ئەوانەی جوولەکە (باری گرووپەکانی جوولەکە) لە شەش شوێندا جیاوازن، بەراوردی یەک بە یەکەی ١٥/١٦ (لە جێگەی دووەمیاندا) لەگەڵ (باری جوولەکەی کۆهین) CMH:١٤، ١٦، ٢٣، ١٠، ١١، ١٢ کە لەسەر کۆمەڵە جینی J1e*P58 دەرکەوتوون. CMH بۆ پیاوانی ئایینی جوولەکە، کە لە تەوراتدا بە ناوی کۆهانیم (ناوی تاک دەبێتە کۆهین، یان کۆهانی)، بەکاردێت. باپیرە گەورەی هاوبەشی هەڵگرانی جینەکانی J1e* CMH بەر لە ١٠٧٥ ساڵ (بە زیادە و کەمی ١٣٠ ساڵ) ژیاون. بارێکی دیکەی گرووپەکانی جوولەکە بەو دواییە لەسەر کۆمەڵی جینی J٢-M١٧٢ (J24*) دۆزراوەتەوە، هەر شەش

نیشانکەرەکەی سەر گرووپی J1 یان هەیە (بەڵام بە پێی قسەی ئەناتۆلی کلیۆسۆڤ «ئەوە پێوەندی بە کۆهینەوە نییە»، تەنیا ڕووداوێکی هەڕەمەکییە). وردەکاری لە هەنەر بیشلەر ٢٠١١، لاپەڕە ٩٢ بخوێنەوە.

کۆمەڵە جینی CMH J1e*P58 لە کۆمەڵە خەڵکی نا جوولەکەیش هەیە وەک کوردەکان و ئەرمەنەکان: کوردی جوولەکە KJ ١٠.١٪، جوولەکەی ئەشکەنازی AJ: ٧.٦٪، جوولەکەی سێفارد SJ: ٦.٤٪، ئەرمەنەکان: Frc/Ø ٢٪، زۆرترین ڕێژە ٣٪، عەرەبی فەلەستین PA: ٢.١٪، کوردی موسوڵمان MK: ١.١٪ (سەرچاوە: نیبیل و تیمەکەی ٢٠٠١ و ٢٠٠٧؛ ویئالی و تیمەکەی ٢٠٠١).

**دەرئەنجام لە خواستراوی نووسەرەکان:** نیبیل و تیمەکەی لە ساڵی ٢٠٠١ «بۆمان دەرکەوت جوولەکەکان زۆرتر لە کۆمەڵەکانی باکووری کەوانۆکەی (هیلال)ی بەپیتی باکوور نزیکن وەک (کورد، تورک و ئەرمەنەکان) نەک لە هاوسێ عەرەبەکانیان» (تورک = دانیشتوانی ئەناتۆلیا لە تورکیای ئێستە). زانای جینیۆلۆجی ئەرمەنستان لیڤۆن یەپیسکۆپۆسیان هاوڕایە لەگەڵ ئەوەی دەڵێ «زانیارییەکانمان لە ئەنجامی توێژینەوەکانی دیکە دڵنیامان دەکەنەوە و دەمانگەیەننە ئەوەی جوولەکە، ئەرمەن و کوردەکان دانیشتوانی ڕەسەنی ڕۆژهەڵاتی نزیک و ناوچەی ئەناتۆلیا بوون، ئەوان دامەزرێنەری شارستانیەتەکانی ئەورووپا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بوون» (سەرچاوە: ئاڵوگۆڕی نامە لەگەڵ نووسەردا لە ئایاری ٢٠٠٧، بۆ زیاتر زانیاری کتێبی هەنەر بیشلەر، ٢٠١٠، لاپەڕە ٢٤٧-٢٦٠ ببینە).


## جینی R1a1 و «بە هیندۆئەورووپی کردن»ی باپیرانی کورد

## بەڵگەی جین لە پاشماوەکاندا

ئەناتۆلی کلیۆسۆڤ (٢٠٠٨ و ٢٠٠٩) لە نووسەرانی دیکە وەک کادێناس و تیمەکەی (٢٠٠٩) دەخوازێتەوە و دوو شەپۆلی کۆچکردنی هەڵگرانی جینی R1a1 بەرەو خاکی باپیرەگەورەکانی کوردەکان لە ڕۆژهەڵاتی ئەناتۆلیا/ باکووری میزۆپۆتامیا و ڕۆژهەڵاتی زاگرۆس (باکووری ڕۆژئاوای ئێرانی ئێستە)، تۆماردەکات. سەیری شێوە ٦ بکە.

کلیۆسۆڤ ماوەی کۆچی هەڵگرانی جینی R1a1 (ئارياييەکان) لە باشووری ڕووسیاوە بە ناو ئەرمەنستاندا بەرەو ئەناتۆلیا، بەشیکی باکووری ڕۆژهەڵاتی ئێران و عەرەبستان لە نێوان ٣٦٠٠-٤٠٠٠ ساڵ لەمەوبەر، دیاری دەکات، ئەگەریش هەیە ٣٣٠٠ -٤٢٠٠ ساڵ لەمەوبەر بووبێت.

بەپێی ئەوە بێت، پیاوانی R1a1 (وەک کلیۆسۆڤ ناویان دەهێنێت «ئارياييەکان») بەر لە ٤٧٥٠ ساڵ ±٥٠٠ ساڵ لە ناوچەکانی ئۆکراین




**شێوە ٦: کۆچی ئارياييەکان (هەڵگری جینی R1a1) بەرەو خاکی باپیرانی کوردەکان**

و باشـووری ڕووسـیا ژیـاون و لـه ناوچەکانـی ئەناتۆلیا بـەر لـه ٣٧٠٠ ± ٥٥٠ سـاڵ و باکووری نیمچە دوورگـەی عەرەبی، قەتـەر و ئیمارات بـەر لـه ٣٧٥٠ ±٨٢٥ سـاڵ، بڵاوبوونەتـەوە.

## باکووری ڕۆژئاوای ئێران

بە بۆچوونـی کلیۆسـۆڤ، یەکەم شـەپۆلی کۆچی خێڵەکانی هەڵگری جینـی R1a1 (ئارياییـەکان) لـه باکوور و باکـووری ڕۆژئـاوای ئێرانـی ئێسـتەدا لـه نێوان سـاڵانی ٤٠٠٠، یـان ٤٢٠٠ بۆ ٣٦٠٠ بـەر لـه زاییـن هاتـوون. دووەمیـن کۆچیـش بـەرەو باکـووری ڕۆژئـاوای لـه تەختاییەکانـی ئێرانـەوە بەر لـه ٦٠٠ – ٧٠٠- ٨٠٠ سـاڵ لـه زاییـن بـووە.

لـه سـەدەی نـۆی پێـش زاییـنـەوە، ئارياییـەکان (هەڵگرانـی جینـی R1a1) بـه زمانـی ئێرانـی کۆن دەدوان لـه تەختاییەکانی ئێرانـەوە بـه ناوچەکانی باکووری ڕۆژئاوای ئێرانـی ئیستەدا (ناوچـەی ماد و پارسـوا)دا بڵاوبوونـەوە. بـه هەمـان شـێوە، لـه باکوورەوە بەشـێکی سـیتياييەکان لـه سـەدەی ٧ و ٨ی پێش زاییـن بـەرەو هەمـان ناوچـه هاتـوون، بـەڵام کلیۆسـۆڤ جەخـت دەکاتـەوە و دەڵـێ: «ئـەوە دوای کۆچـی ئاریاییـەکان بـۆ باکـووری ڕۆژهەڵاتـی ئێـران لـه سـاڵی ٣٥٠٠ پێـش زاییـن، بـووە و لـەوێ ماونەتـەوە». سـەرچاوە: لەهەنـەر بیشـلەر ٢٠٠١، لاپەڕەکانـی ١١٢، ١١٨، ١٢١، ١٣٤ بـۆ ١٣٨، ٢٨٧، ٣٤٠-٣٤٢، ٣٤٤ بـۆ ٣٤٦.

## زانستی جینناسیی (جینیۆلۆجی) DNA کوردەکانی ئێستە

دابەشـبوونی جینـی R1a1 ی کرۆمۆسـۆمی پیـاو Y-DNA لـه ڕۆژهەڵاتـی نزیـک و یۆرئاسـیا: زانیاریی بەکارهاتـوو لـه سـەرچاوەکانی خـوارەوە خواسـتراون. ڕێـژەی R1a1 لـه «ئۆکراینـەکان ٥٠ بـۆ ٦٥٪، زازایـی زمانـەکان ٢٥.٩٠٪، کرمانجـی زمـان لـه تورکیـا ١٢.٧٪، کـوردی موسـوڵمان باکووری عێـراق ١١.٦٪، ئەرمەنسـتان ٩٪، تـاران ٢ بۆ ٤٪، سـوورییەکان ١٠٪، لبنانییـەکان ٩.٧٪، جوولەکـەی ئەشـکەنازی ١٢.٧٪، بەدەوییـەکان ٩.٤٪» ن. هەمـوو زانیارییـەکان لـه سـەمینۆ و تیمەکـەی، سـاڵی ٢٠٠٠، وێلـس و تیمەکـەی، سـاڵی ٢٠٠١، نیبیـل و تیمەکـەی، سـاڵی ٢٠٠١، ٢٠٠٧، ئەلزاهیـری و تیمەکـەی، سـاڵی ٢٠٠٣، جیننیۆگڵـو و تیمەکـەی سـاڵی ٢٠٠٤، ناسـیدزە و تیمەکـەی سـاڵی، ٢٠٠٤ و ٢٠٠٥، ئۆندەرهیـڵ و تیمەکەی، سـاڵی ٢٠٠٩، وەرگیـراون. بـۆ زانیـاری زۆرتـر بڕوانـە هەنـەر بیشـلەر سـاڵی ٢٠١٠، لاپـەڕە ٢٤٧ تـا ٢٦٠.

ئـەو زانیارییانـەی سـەرەوە ئـەوە دەردەخـەن، نـەوەی کـوردەکان (ئەوانـەی ئێسـتە بـە زمانـی کـوردی دەدوێـن) تـا ئێسـتەیش زۆر بـە بـڵاوی لەسـەر خاکـی دێرینـی هورییـەکان-میتانییـەکان دەژیـن، زۆرتریـن جینـی بـۆ ماویـی گرووپـی R1a1 یۆرئاسـیایان تێدایـە. ئەگـەر وابـێ، هەڵبژاردەیـەک لـه کۆچبەرەکانـی باشـووری ڕووسـیا (بە شـێوازی سـەربازیی ڕێکخـراو بـوون) لە سـاڵانی نیـوان ١١٤٠ -٢٢٤٠ پێـش زاییـن کاریگەرییـان لەسـەر گۆڕانـی زمـان و بـە (هیندۆئەورووپاییکـردن)ی زمـان لـە ناوچەکانـی ئەناتۆلیـا و هـوری- میتانـی هەبـووە. لەوانەیـە باپیرەگـەورەی کـوردەکان (ئەوانـەی بـە زمانـی کـوردی دەدوێـن) زۆریـان لـەو کاریگەرییـە بەرکەوتبـێ.

## زاراوەی مێژوویی ئومان-ماندا ٢١٠٠-٥٠٠ ساڵ بەر لە زایین

زاراوەی میزۆپۆتامیـای کـۆن ئومـان -مانـدا سـەلمێنەری هەبوونی کۆچبەری کۆمەڵە سـەربازی


چەند نەژادێکی جیاوازە لە سەدەی ٢١ی پێش زایین وەک لە شێوەی ٧ دیارە.

ئومان لە زمانی ئەکادی بۆ ئێرین-مێش (جۆرێک سەربازی ئەکاد بوون) وەک ئاماژە بۆ سەربازی چەکدار بەکارهاتووە (جەنگاوەر). هاوڕاییەکی تەواو لەسەر بەشی دووەم «ماندا» نییە، بۆ نموونە لای بابلییەکان «ماندوم» واتای سەرباز بووە؛ یان سۆمەرییەکان «ما – (ن) دوو (م)» بۆ زەوی و شاخەکانی ڕۆژهەڵاتی دوور بەکارهاتووە. بەلای زۆری دیکەوە ئومان-ماندا، زاراوەیەکی گشتی بووە بۆ ئاماژە بە هەر کۆمەڵێکی نەژاد و پێکهاتەی سەربازی و/ یان خەڵکی بیانی لە گەلانی یوروئاسیا و ڕۆژهەڵاتی نزیک.

لە ناو ٥١ سەرچاوەی نێوان ٢١٠٠ بۆ ٦٠٠ ساڵ پێش زایین و لەسەردەمی ئیشبی-ئیرا دامەزرێنەری خێزانی دەسەڵاتداری ئیسین (١٩٨٥ تا ٢٩١٧) پێش زایین تا خشتە قورینەکانی سپارتۆلی سەردەمی ئەخمیدییەکانی فارس (٤٠٠-٦٠٠ ساڵ پێش زایین) نزیکترین سەرچاوەی نوێ ئەوەی توێژەری لاوی تورک سەلیم فێروح عەدالییە (ئومان-ماندا و بایەخەکەی لە هەزارەی یەکەمی پێش زایین، ساڵی ٢٠٠٩ لە زانکۆی سیدنی ئوسترالیا). عەدالی لەناو ٥١ سەرچاوەدا، ٢٨یان بۆ ئەفسانەکانی میزۆپۆتامیا دەگەڕێنێتەوە، ٢٣شیان دەکرێ وەک دەقی مێژوویی نێوان سەدەکانی ١٨ بۆ ٦ی پێش زایین تەماشا بکرێن.

لە نێوان ئەو دوو کاتەدا ئومان-ماندا وەک کۆمەڵە سەربازی کۆچبەری ڕیکخراو/ دەسەڵاتدار/ کۆمەڵ/ یەکە/ خێڵ و بەکرێگیراو لە ناوچەی جیاجیاوە، نەژادی جیا و کولتووری جیا، وێنای بۆ کراوە. لە ڕووی مێژووییەوە زاراوەی ئوم-مان-ماندا لە باکووری ڕۆژئاوا لە نێوان سەدەی ١٨ و ١٧ی پێش زایین بۆ گەلانی سامی بەکارهاتووە (لەوانەیش ئەکادییەکان/ ئەمۆریت {ماندو} سەرباز {بەکرێگیراو} لە باکووری ڕۆژئاوای ئێران (کوردستانی ئێستە).

لە نووسراوەکانی هیتیت لە سەدەی ١٧ی پێش زاییندا، ئومان-ماندا بۆ دەستەبژێری سەربازانی کۆچبەر لە ناوچەکانی فوراتەوە کە ڕەچەڵەکیان نەناسراو بووە (هورییەکان، یان هیندۆئەورووپاییەکان) بوون. لە سەدەی ١٥ی پێش زایینیشدا بۆ ئەوانەی لەسەر خاکی هوری – میتانییەکان بوون، لە سەدەی ١٣ی پێش زایین بۆ ئەوانەی لە ئوگاریت. ئەمورو بوون، بەکارهاتووە.




**شێوە ٧ – شوێن و مێژووی ئومان-ماندا لە هیتیت، هورییەکان- میتانییەکان و سامییەکان لە باکوور، باکووری ڕۆژئاوا و ڕۆژئاوا و باکووری ڕۆژئاوای ئێرانی ئێستە**

**سەرچاوە: (هەنەر بیشلەر ٢٠١١، لاپەڕە ١٨٥)**

لـه باکـووری ڕۆژهەڵاتـی ئاشـوورییەکان (ئیسەرحەدوون ٦٦٩-٦٨٠، ئاشوور پانیپاڵ ٦٢٦-٦٦٩ پێش زاییـن) نـاوی پاشـای سـمیرییەکان، یـان کەمیرییـەکان (ڕەچەڵەکیـان دیـار نەبـووە) بـە ئومـان-مانـدا هێنـاوە. بابلییەکانیـش (دواییـن پاشایان نابۆنیدۆس ٥٣٩-٥٥٦ پێش زاییـن) بـۆ یەکـەم جـار نـاوی ئومـان-مانـدای بـۆ پاشـای مـادەکان بـە کارهێنـاوە، هەرچـی سـتوونی کۆرشیشـە ئومـان-مانـدای بـۆ ئـەو گەلانـەی لـە نێوان گوتییـەکان و شاری ئەنشـان لـە باشـووری زاگـرۆس، بەکارهاتـووە. بڕوانـە هەنـەر بیشـلەر ٢٠٠١، ١٥١س ف.

**ئومان- ماندا و جینی R1a1 و R1b1:**

لـە ڕووی جوگرافیـاوە، ئـەو ناوچانـەی یورۆئاسـیا لـە مێـژوودا بـە ئومـان-مانـدا ناویـان بـراوە دوو تـەوەری سـەرەکییان تێدایـە و هەردووکیـان بـۆ باپیرەگەورەکانـی کـورد دەگەڕێنـەوە: ناوەرۆکـی بەشـی هـەرەزۆری سـەرچاوەکانی ئۆمـان-مانـدا ئاماژە بـۆ باکـوور و باکـووری ڕۆژئـاوای میزۆپۆتامیا دەکات، لـەو شـوێنانە کوردەکان زۆرتریـن هەڵگـری پاشـماوەی جینـی R1a1ن. بـە ڕێژەیەکـی کەمتریـش لـە باکـووری ڕۆژهـەڵات، لـە ناوچـەی دێر ئـەو شـوێنەی سـەربازانی (مانـدو)ی بیانـی لـێ بـووە، دەکەوێتـە باشـووری میزۆپۆتامیـا، ئەوەیـش واتـای ئەوەیـە دەسـتەبژێری سـەربازانی سـامی کۆچیـان بـەرەو ناوچەکانـی زاگـرۆس، خاکـی کۆنـی گوتییـەکان، کـردووە.

نووسـراوی سـەر تەختـە قوڕینـە مێژووییەکانـی نـاوی ئومـان-ماندایـان تێدایـە هاوکاتـن لەگـەڵ لێکدانـەوەی ئەناتۆلـی کلیۆسـۆڤ بـۆ کاتـی کۆچـی هەڵگرانـی جینـی R1a1 و بڵاوبوونەوەیـان (بڕوانە لـە خـوارەوە پێشـنیازی جێگـرەوە R1b هەیـە) بـۆ ناوچەکانـی یۆرئاسـیا. کلیۆسـۆڤ لـەوەوە دوو دەرئەنجـام هەڵدەهێنجێـت:

# بیناسازیی دراماتورگیی مییرهولد له نمایشدا

د. فازڵ جاف
(سوێد)

سیستمی ڕێژیسۆریی مییرهولد لە بیناسازی دراماتورگی بە دەقی ئەدەبی نمایش دەست پێ دەکات، واتە ئەو دەقەی کە بۆ نمایش ئامادە دەکرێ، بۆیە گەلێک ئەستەمە لەو سیستەمە بگەین، یان بتوانین بەپێی ئەو سیستەمە کار بکەین، ئەگەر بە وردی و بەقووڵی لە جۆری کاری دراماتورگیی مییرهولد تێ نەگەین، واتە باش لەوە نەگەین کە مییرهولد چۆن ڕەفتاری لەگەڵ دەقی نووسەری شانۆنامەکە کردووە. ئەم تێگەیشتنە بە خوێندنەوەیەکی شیکارییانەی قووڵی نمایشەکانی دەڕەخسێ، ئەمەش پسپۆڕێتی و پیشەمەندێتی دەخوازێ، بەتایبەتیش چەند نمایشێکی ئەو کە بە ئەندازەیەکی باڵاتر لەوانی دی، شەقڵی کاری دراماتورگیانە دەگرنە خۆ، ئەو نمایشانە، وەک نموونە کەرەستەی بنچینەیی ئەم بابەتەن.

دەبێ ئەوەش بڵێم کە خوێندنەوەی قووڵی نمایشەکانی مییرهولد بە مەبەستی تێگەیشتن لە کاری ئەو، وەک ڕێژیسۆرێکی دراماتورگ، کارێکی ئاسان نییە، بگرە ئەرکێکی سەختە بە بەراورد لەگەڵ ڕێژیسۆرانی سەردەمی خۆی.

خوێندنەوەی وردی ڕەوتی هونەری مییرهولد وەک ڕێژیسۆر، هەروەها شارەزایی تەواومان دەربارەی نمایشەکانی، باشترین و کورتترین ڕێگایە کە لە سیستەمی دراماتورگی مییرهولدمان نزیک دەکاتەوە، هاوکات گەلێک مەسەلەی تەکنیکی و ئیستێتیکی ئاڵۆزی سیستەمە شانۆییەکەیمان بۆ ئاسان دەکات، بەڵام سەرەڕای ئەوەش هەندێک وردەکاری و لایەنی شاراوە و نهێنی ڕێبازەکەی، پاش سەت ساڵ، هەر بە ئاڵۆزی و تەلیسماوی دەمێنێتەوە، بەتایبەتیش لە ڕووی چۆنیەتی ڕەفتارکردنی لەگەڵ دەقی نووسەردا کە نهێنی کاری داهێنەرانەی ئەم شانۆکارە بلیمەتە دەگرێتە خۆ، ئەمەش بێگومان لە جیهانی هونەر و داهێناندا سەیر و ناوازە نییە، چونکە داهێنەرە بلیمەتەکان، هەر بۆ نموونە کەسانی وەکوو شەکسپیر و پێکاسۆ و باخ، پاش خۆیان وەک ئەفسوون و تەلیسم دەمێننەوە، مییرهولدیش وەک ڕێژیسۆر و دراماتورگ، یەکێکە لەو داهێنەرە بلیمەتانەی کە پەیبردن بە هەموو لایەنەکانی داهێنانەکانیان جۆرێکە لە مەحاڵ.


## نمایشە گرنگەکانی مییرهولد لە پرۆسەی دراماتورگیدا

نمایشـە بەرچاوەکانـی میـیرهولـد، ئەوانـەی کـە لـە هەموویـان زێدەتـر کاری دراماتورگییـان لەسـەر کـراوە، ئـەم نمایشـانەن: (قۆچـداری دڵ گـەورە، ئینتیـداب، مامۆسـتا بوبـووس، ئەوروپامـان پـێ بـدە).

زۆربـەی توێـژەران و ڕەخنەگرانـی شـانۆی ڕووسـی کۆکن لەسـەر ئـەوەی کـە لـە نـاو هەمـوو نمایشـەکانی میـیرهولـددا، سـێ نمایش لـە هەمووان زێدەتـر ئاوێنـەی کاری دراماتورگی میـیرهولـد پێک دێنن، ئـەو سـێ نمایشـەش ئەمانـەن: (دارسـتان) ئۆسترۆڤسـکی، (پشـکنەر)ی گۆگـۆل و (کەسـی ئاقـڵ بەشـی مەینەتییـە)ی گریبۆدییـڤ. لـە نـاو ئـەم سـێ نمایشەشـدا، دەوڵەمەندترینیـان لـەم ڕووەوە، شـانۆگەری پشـکنەرە، کـە لـە هەمـوو نمایشـێک وەسـتایانەتر و هونەریانەتـر دیدگـەی دراماتورگیانـەی میـیرهولـد و جیهانـی گۆگۆلـی بەرجەسـتە کـردووە، تاکوو ئێسـتاش بـە یەکێـک لـە نمایشـە شاکارەکانی سـەدەی بیسـتەم هەژمـار دەکـرێ ، کـە پاشـتر دەگەڕێمـەوە سـەر باسـی تەکنیکـی دراماتورگـی لـەو نمایشـەدا.

## دراماتورگی میرهولد و چەمکە ئیستێتیکییەکانی سیمبۆلیزم

شـێوازی کارکردنـی میـیرهولـد لەگـەڵ دەقـی نووسـەراندا، هـەر لـە سـەرەتای سـەدەی ڕابـووردووەوە، پشـت بـە ڕێبـازی سـیمبۆلێزم دەبەسـتێ. واتـە میـیرهولـد هـەر لـە سـەرەتای جیابوونـەوەی لـە شـانۆی هونـەری موسـکۆ و دەرکەوتنـی وەک یاخییەکـی سەرسـەختی دژ بـە شـانۆی ناتورالیـزم بـڕوای بـەوە بـوو کـە ئەرکـی نمایـش ئەرکێکـی هێماگەرایـە. ئـەم سـەردەمەش سـەرەتای سـۆراخ و پشـکنینی میـیرهولـد لـە



میرهولد

چوارچێـوەی چەمکـی شـانۆی سـیمبۆلێزم و داهێنـان و دۆزینـەوەی فۆرمـی نـوێ بـۆ شـانۆی مۆدێـرن، ئـەو فـۆرم و چەمکانـەی کـە پاشـتر دەبنـە هەوێـن و بنەمـای گۆڕانکاری بنچینەیـی بـۆ شـانۆی مۆدێـرن و پۆسـت مۆدێـرن.

خاڵێکـی تـر کـە ئەزموونـی دراماتورگییانـەی میـیرهولـدی دەوڵەمەنـد کـرد و فرەڕەهەندییەکـی جیـاوازی ئەوتـۆی پـێ بەخشـی، ئەوەیـە کـە ئـەو کاری لەسـەر بەرهەمـی کۆمەڵێـک نووسـەری گـەورە و جیـاواز دەکـرد، کـە هـەر یەکیـان لـەوی تـر، چ لـە ڕووی ڕێبـاز، چ لـە ڕووی تەکنیـک و شـێوازی داڕشـتنەوە،جیاواز بـوو. میـیرهولـد توانـی ئـەم تایبەتمەندێتـی و جیاوازییـە بـە دیدگـەی داهێنەرانـەی خـۆی بەرجەسـتە بـکات، هـەر بۆیـە ڕەنگـە زۆرڕۆیـی نەبـێ، ئەگـەر بڵێیـن ئـەو، وەک ڕێژیسـۆرێکی دراماتـورگ، پێشـەنگ و سـەرقافڵەی ڕێژیسـۆرانە. ئەگـەر سـەرەتاییترین بەرهەمـی میـیرهولـد، شـانۆیی هێـدا گابلـەری ئیبسـین، بـە نموونـە وەربگریـن و سـەرنجی شـێوازی گونجاندنـی شـانۆنامەکە بدەیـن بەپێـی چەمکـی سـیمبۆلێزم،

بەئاشکرا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، کە مییرهولد هەر لە ساڵی ١٩٠٥ دەرهێنەرێکی دراماتورگ بووە، هەر لەو دەمەوە هەوڵ و سۆراخی ئەو پشتی بە چەمکێکی ئیستێتیکی پتەو بووە، کە لەو قۆناغەدا چەمکی سیمبۆلێزم بناغەی پتەوی جیهانبینی ئەو بوو. مێژووی گەشە و گۆڕانکارییەکانی شانۆی مودێرن تا دەگاتە شانۆی هاوچەرخ و پۆست مۆدێرنیزم، ئەوەمان بۆ دەردەخات کە مییرهولد سەبارەت بە چەمکی سیمبۆلێزم بە کردەیی لە نمایشدا، یەکەم کەس بوو کە بە کردەوە شانۆی سیمبۆلێزمی لە ڕێبازێکی ئەدەبییەوە گواستەوە بۆ سەر شانۆ. ڕاستیی و دروستی ئەم بۆچوونە لە نمایشەکانی ئیبسین و مەتیرلینکدا دەردەکەوێت. ئەوانەی کە لەگەڵ ئەم بۆچوونەدا کۆک نین، واتە باوەڕ بەوە ناهێنن کە مییرهولد لە ئەنجامدانی ئەم دەستکەوتە بۆ شانۆ یەکەم ڕێژیسۆر و پێشەنگ بوویێت، گۆردن کەرەیگ بە نموونە دێننەوە. بەڵێ ڕاستە کە دەکرێ کرەیگ یەکەم کەس بێ کە لە شانۆدا باسی لە چەمکی سیمبۆلێزم کردبێت، بەڵام باسکردنی ئەو چوارچێوەی تیۆری نەبەزاندووە، بەڵام لە نمایشدا، تا ئەو کاتەی مییرهولد ئەم ڕێبازەی بە کردەیی نەسەلماندبوو، کرەیگ هەر بە نووسین باسی لە سیمبۆلێزم دەکرد.

ستانیسلاڤسکی لە کتێبەکەیدا ( ژیانم لە هونەردا) باس لەم دەستپێشخەرییەی مییرهولد دەکات، کە چۆن لە بەرجەستەکردنی شانۆنامە سیمبۆلیستەکانی مەتیرلینکدا سەرکەوتوو بوو، کە چۆن توانیویەتی زمانێکی نوێ و شێوازێکی گونجاو بۆ ئەم ڕێبازە نوێیە دابهێنێ، ئەمەش ئاماژەیەکی ڕوون و ڕاستەوخۆیە دەیسەلمێنێت کە مییرهولد، ڕێگەی بۆ ڕێژیسۆرانی ئەو سەردەمە و سەردەمی پاش خۆی ئاسان کرد، کە بۆ بەرجەستەکردنی ئەدەبی سیمبۆلیست، دەکرێ زمانێکی هونەرییانەی نوێ بەکار بێنن، کە پێشتر شێوازی ڕیالیزم و ناتورالیزمە و کلێشەکانی شانۆی کلاسیک باڵادەست بوون.

ئەم زمانە هونەرییە نوێیەی کە مییرهولد دایهێنا، زمانی دراماتورگی دەرهێنەرە، کە دیدگە و هێماگەرێتی نیشانەکانی سەر شانۆ، چ هونەری ئەکتەر بێت، چ هونەرەکانی دیکەی ناو نمایشەکە بێ، لە دید و شێوازی چارەسەرکردنی ڕێژیسۆری دراماتورگەوە سەرچاوە دەگرێت. مییرهولد بۆ یەکەم جار لە نمایشکردنی شانۆنامەکانی ئیبسین و مەتیرلینکدا، ڕاستیودروستی ئەم دراماتورگییە نوێیەی سەلماند. ئەو هەر لە سەرەتاوە ئەوەی سەلماند کە هەموو مامەڵەکردنێکی ڕێژیسۆر لەگەڵ دەقی نووسەردا، دەبێ لە دیدگەی ئیستێتیکی و فیکری دەرهێنەرەوە هەڵبقوڵێ، واتە جیهانبینین، تێگەیشتن و تێڕوانینی ڕێژیسۆر بۆ کەرەستە ئەدەبییەکەی نمایشی و دەستکاریکردنی، پێویستە لە چەمکەکانی ئیستێتیکای ڕێژیسۆرەوە سەرچاوە بگرێ، نەک هەر بە شێوەیەکی هەڕەمەکی، بە مەبەستی کورتکردنەوەی شانۆنامەکە بێ، یان بە مەبەستی گونجاندنێکی ڕووکەشانە، ئەنجام بدرێ.

نموونە سەرەتاییەکانی ئەرکی دراماتورگ، لە ڕەوتی هونەریی مییرهولددا گەلێک زۆرن، بەڵام لێرەدا تەنیا ئاماژە بە دووانیان دەکەم، کە دەکرێ وێنەیەکی ڕوونمان بۆ سەرەتای ئەرکی ڕێژیسۆری دراماتورگ لە ئەزموونەکانی مییرهولددا لەلا دروست بکات.

## بنیادی سیمبۆلیستانەی نمایش لە هێدا گابلەردا

مییرهولد لە سەرەتای دەستبەکاربوونیدا لە شانۆی کۆمیسارژڤیسکی، بەڕێوەبەری شانۆکە، ئەکتەریسی بەناوبانگ ڤێرا کۆمیسارژێڤسکایا،

کە هەر خۆی ڕۆڵی هێدای دەنواند، داوای لە میرهولد کرد دەرهێنانێکی نوێ بۆ شانۆنامەکە بکات، واتە نمایشی هێدا گابلەر ماوەیەک بوو لە ڕێپێرتوار (بەرنامە)ی شانۆکەدا نمایش دەکرا، بەڵام ڤێرا لەبەر هەر هۆکارێک بێ، دەیویست نمایشەکە نوێ بکرێتەوە، ئەم نوێکردنەوەیەش میرهولد بیکات. ئێ دەبی کێ لە میرهولد بۆ ئەم ئەرکە باشتر بێ؟

کە میرهولد ئەم ئەرکەی گرتە ئەستۆی، گۆڕانکارییەکی ڕیشەیی لە نمایشەکەدا کرد. ئەم گۆڕانکارییە لە دەستکاریکردنی دەقەکەوە دەستی پێ کرد، تا گەیشتە گۆڕانکاری لە ستیل و شێوازی سینۆگرافیا و هونەری نواندنی ئەکتەرەکان.

سەبارەت بە دەستکاری شانۆنامەکە، میرهولد لە دیدگەیەکی سیمبۆلیستانەوە، هەنگاوی یەکەمی خۆی نا، وەک ڕیژیسۆرێک کە پشتی بە دیدگەیەکی دراماتورگییانە دەبەست. دەکرێ لەم خاڵانەدا ئەرکی دراماتورگیی میرهولد چڕ بکەینەوە:

**یەکەم:** جەختکردن لە سەر وشە، لە ڕووی ئەرک و بایەخی سیمۆلۆژیانە و هێماگەریانەوە، نەک تەنیا بایەخ و گرنگییان لە گرێچنی و چوارچێوەی پێکهاتی شانۆنامەکەوە، واتە میرهولد لەو سەرەتایەوە، لە ڕووی مانا و مەغزاوە، کاری بۆ چڕکردنەوەی دیالۆگ و وشەسازی دەکرد، کە ئەم تەکنیکە پاشتر لە نمایشەکانی قۆناغی کۆتایی کارەکانیدا زۆر دامەزراوتر و کامڵتر خۆیان دەنواند.

**دووەم:** لەتلەتکردنی بەش و دیمەنەکانی شانۆنامەکە بە شێوەیەک کە لەگەڵ ستروکتوری هێماگەرییانەی نمایشەکە بگونجێ. ئەم تەکنیکە، تەکنیکی دابەشکردنی دیمەنەکان بۆ یەکەی کورتتر، لەو سێ نمایشەدا، کە لە سەرەتاوە ئاماژەم پێ کرد، باشتر و وەستایانەتر دەردەکەون.

**سێیەم:** جێگۆرکێکردن بە دیالۆگەکان، بە شێوازێک کە بگونجێ لەگەڵ زمانی هونەریی نمایشەکە و ئەرکە سیمبۆلیستانەکەی. ئەم جێگۆڕکێیە بە پلەی یەکەم مۆنۆلۆگەکانی گرتبووەوە.

**چوارەم:** هاوتەریبکردنی دیمەنەکان لە یەک کاتدا، بە پێچەوانەی ئەو ڕیزبەندییەی کە ئیبسین لە شانۆنامەکەدا پێڕەوی کردووە، لەمەشدا میرهولد، وەک ڕەخنەگرانی ئەو سەردەمە نووسیویانە، سوودی لە ستیلی شانۆی ئاسیایی وەرگرتووە، بەتایبەتی لە ستیلی شانۆی کابوکی جاپانی کە دیمەنەکان و میزانسینەکان، بە پانایی شانۆکە، نەک بە قووڵایی، لە تەنیشت یەکتر نمایش دەکرێن.

**پێنجەم:** فۆرمی نواندن بە پێی ئەم دراماتورگییە نوێیە، بۆ یەکەم جار لە شانۆی ڕووسیدا، دەکرێ بڵێم تەنانەت لە شانۆی ڕۆژئاواییشدا بەگشتی، گۆڕانکارییەکی ڕیشەیی بە سەردا هات. لەم نمایشەدا میرهولد بۆ یەکەم جار، چەمکی شێوازگەرێتی و مەرجئامێزی و شانۆنواندنی (التمسرح) لە شانۆمەیەکی ئیبسیندا و لەگەڵ ئەکتەرانی شانۆیەکی گەورەدا پیادەکرد، کە تەواو لە شانۆی سیمبۆلیزم، یان شانۆی ئاسیاییەوە سەرچاوەی دەگرت. ئەم خاڵەش بۆ ئەو سەردەمە بە ئەندازەیەک نوێ و ناوازە و شۆک بوو، کە ئاسان نەبوو لەلایەن زۆربەی شانۆکارانی ئەو سەردەمەوە پەسەند بکرێ، لە سەرووی هەمووانەوە لەلایەن ڤێرا کۆمیسارژێڤسکایا خۆیەوە، کە بەڕێوەبەری شانۆکە بوو، ڕۆڵی سەرەکی (هێدا)ی دەبینی. هەر لەم سەرەتایەشەوە، نیگەرانی ڤێرا بەرانبەر تەکنیکی ئەزموونگەریانەی میرهولد

دەستی پێ کرد. تاکوو بەوە کۆتایی هات، کە ڤێرا پاش یەک ساڵ چیدی گرێبەستی بەردەوامبوونی بۆ میرهولد نوێ نەکردەوە. ڤیرا لە شێوازی کارکردنی میرهولددا وەک ئەوەی خۆی دەیویست، باش دەرنەدەکەوت، وەک لە شێوازێکی ریالستی، یان لە شێوازێکی ناتورالیستدا. ڤێرا بەگشتی ئەکتریسێکی دەروونی بوو، هەڵچوون و داچوون و زۆرڕۆیی لە دەربڕینی هەست و سۆز پانتاییەکی گەورەی لە شێوازی نواندنیدا داگیر کردبوو. شێوازی هێماگەرییانەی مەرجئامێزانەی نمایشەکانی میرهولد کەمتر خزمەتی خواستی هونەری ئەویان دەکرد. نمایشەکە هەرچۆنێک بێ، جێگەی تایبەتی و پێگەی گرنگی لە ڕەوتی نوێگەراییدا تۆمار کرد.

## دراماتورگیای میرهولد لە شانۆنامەی (ژیانی مرۆڤێک)دا

کە لە شانۆی ئەم سەردەمەدا باس لە دراماتورگی ڕووناکی دەکرێ، ئەم باسە دەمگەڕێنێتەوە بۆ نمایشی ژیانی مرۆڤێک کە میرهولد ساڵی ١٩٠٦ لە شانۆی کۆمیسارژێڤسکیدا نمایشی کرد. لیۆنید ئەندرێیڤ، نووسەری شانۆنامەکە، هاوکات شانۆنامەکەی بۆ ستانیسلاڤسکی و میرهولد نارد، کە هەر یەکەیان بیخوێنێتەوە و کاری لەسەر بکات، یەکەمیان لە مۆسکۆ و دووەمیان لە پیتەربورگ (پیترۆگرادی ئەو دەم).

ئەزموونە نوێیەکەی میرهولد لەم نمایشەدا، وەک پێشەنگی ئەزموونگەرێتی، بە پلەی یەکەم بواری ڕووناکی گرتەوە. دابەشکردنی دیمەنەکان و جیاکردنەوەیان لە یەکتر، هەر یەکەیان لە سنووری خۆیدا، هەموو دیمەنەکان بە ڕووناکی، نەک بە دیکۆر، جێبەجێ کرابوون.

وەک دەردەکەوێ میرهولد ڕێنماییەکانی ئەدۆڵف ئاپیای، تیۆرزانی بواری ڕووناکی، بە کردەوە جێبەجێ کردبێ، بێ ئەوەی ئاپیای خوێندبێتەوە، یان هەرنەبێ تاکوو ئێستا هیچ بەڵگەیەکمان لەبەر دەست نییە کە میرهولد ئاگاداری نووسینەکانی ئاپیا بووبێت.

هەرچۆنێک بێ، لێرەدا قسەمان لەسەر دەستکاریکردنی شانۆنامەکەی ئەندرێیڤە، کە میرهولد لە هەندێک دیمەندا چەند دێڕێکی لێ لابردبوو.

ئەندرێیڤ پاش بینینی نمایشەکەی ستانیسلاڤسکی لە مۆسکۆ، لە پیتەربورگ نمایشەکەی میرهولد دەبینێ و زۆریشی بە دڵ دەبێ، هەر بە قسەی خۆی، زۆرتر بە دەرهێنانەکەی ستانیسلاڤسکی سەرسام بووە، بەڵام ڕەخنە لە میرهولد دەگرێ کە دەستکاری شانۆنامەکەی کردووە و کورتی کردووەتەوە، چەند دیالۆگێکی لێ قرتاندووە. میرهولد لە وەڵامدا پێی دەڵێ: ئەوەی تۆ بە وشە دەرتبڕیوە، من بە کەرەستەی شانۆیی و بە شێوازێکی هونەری و بە کەرەستەیەکی شانۆیی بەرجەستەم کردووە.

گوزارەکردن لە مەبەستی نووسەر و لە ئەدەبە شانۆییەکەی، لە ڕێگەی کەرەستەکانی شانۆوە، واتە لە ڕێگای سینۆگرافیا و ڕووناکی و جلوبەرگ و ئێکسسوارەوە، لە سەرووی هەموو ئەمانەشەوە، لە ڕێگەی جەستەی ئەکتەر و جووڵە و ئاماژە و دەنگییەوە، یەکێکە لە بنەماکانی دراماتورگی میرهولد، کە لە نمایشەکانی دواتریدا باشتر ڕەنگ دەداتەوە.

# ئارام تیگران

## هونەرمەندێک کولتووری کوردی بەسەریدا زاڵ بووە

**دلێر سەلیم**

ئـارام تیگـران مەلیکیـان، لـە ١٩٣٤/١/١٥ لـە شـاری قامیشـلۆ لەدایـک بـووە. بنەماڵەکـەی لـە کاتـی کۆمەڵکوژیـی ئەرمەنییـەکان لـە دیاربەکـر ئـاوارە بـوون.

خێزانـی (تیگـران مەلیکیـان) یەکێـک بـوو لـەو خێزانـە ئەرمەنییانـەی کـە بـە هاوکاریـی خێزانێکـی کـوردی ناوچـەی ساسـۆن لـەو کۆمەڵکوژییـەی عوسـمانییەکان ڕزگاریـان بـوو. باوکـی ئـارام لـە گونـدی باعەمـدای ساسـۆن لـە دایـک بـووە. ساڵی ١٩٢٨ هـەر بـە هاوکاریـی ئـەو خێزانـە کـوردە، ڕوویـان کـردە ڕۆژئـاوای کوردسـتان و لـە شـاری قامیشـلۆ جێگیـر بـوون. زۆر جـار تورکـەکان بـەو خێزانـە کوردەیـان گوتـووە، تۆ ماڵێکـی ئەرمەنیـت شـاردووەتەوە! دەبـێ ڕادەسـتمانی بکـەی، هەندێـک جـار نکوڵـی لـەوە کـردووە کـە هیـچ بنەماڵەیەکـی ئەرمەنیـی حەشـار دابێـت، هەندێـک جاریـش ناچـار دەبـوو بەرتیلیـان پـێ بـدات تا دەسـتگیریان نەکەن. تیگـران مەلیکیـان لـە قامیشـلۆ هاوسـەرگیریی دەکات، شـەش منداڵـی هەبـووە، ئـارام یەکێـک لـەو منداڵانـە دەبێـت.

بنەماڵـە کـوردەکان بـەردەوام ئـاگاداری و پارێزگارییـان لـە بنەماڵـەی تیگـران کـردووە، هـەر بۆیـە ئـارام تیگـران لـە بنەماڵەیەکـدا گـەورە بـوو کـە کولتـوور و نەریتـی کـوردی بەسـەریدا زاڵ بـووە، هـەر لەوێشـەوە فێـرە زمانـی کـوردی دەبێـت، ئەمـەش وای لـە ئـارام کـرد تـا کۆتایـی ژیانـی بەرانبـەر بـە کـورد وەفـادار بێـت و خزمەتـی بـکات.

سـەبارەت بـە زمـان و کولتـووری کـوردی، ئـارام تیگـران لـە دیمانەیەکـدا دەڵێـت: دراوسـێکانمان سێ بەشـیان کورد بوون، ئەوانەی هەڵسـوکەوتمان لەگـەڵ دەکـردن زۆربەیـان کـورد بـوون، لـە هەموویشـی کاریگەرتـر وەرگرتنـی زمانەکـە لـە دایـک و باوکمانـەوە بـووە. بەهـۆی ئـەوەی بـە ڕەچەڵـەک ئەرمەنـی بـوون، دایـک و باوکـی ئـارام، بـە ئەرمەنـی لەگەڵیـان قسـە دەکـەن بـۆ ئـەوەی زمانـی ئەرمەنـی لـە بیـر نەکـەن، کەچـی تیگرانـی باوکـی لەگـەڵ دایکـی ئـارام بـە کـوردی قسـە دەکات. ئـارام تیگران دەڵێت: بە باوکم دەگوت، باشـە ئێـوە لەگـەڵ ئێمـە بـە ئەرمەنـی قسـە دەکـەن، بۆچـی کـە تەنیـا دەبـن لەگـەڵ دایکـم هـەر بـە کـوردی قسـە دەکـەن؟! باوکـی دەڵێـت،

ئەوەی من دەیزانم جارێ تۆ نایزانی!

تیگران، هاندەرێکی سەرەکی ئارام بووە تا بێتە نێو دنیای هونەری، بەهۆی ئەوەی بلوێرژەن بووە، حەزی کردووە کوڕەکەی لە هونەردا کار بکات، بۆیە داوا لە ئارام دەکات کە دەست بە گۆرانیگوتن بکات! ئارامیش گوتوویەتی: باشە گۆرانیگوتن بێ ئامێر دەبێ؟!

بەهرەی هونەری، لای ئارام تیگران لە مێردمنداڵییەوە دەرکەوتووە، کاتێک تەمەنی لە نێوان (١٤-١٥) ساڵان بووە لەگەڵ گرووپی قوتابخانەکەیدا گۆرانیی گوتووە، هەندێک جاریش چووەتە کڵێسا لەگەڵ گرووپی کڵێسادا سروودە ئاینییەکانی گوتووە. لە تەمەنی (١٦) ساڵی، باوکی عوودێکی بۆ دەکڕێت و دەیباتە لای مامۆستایەک کە نابینا بووە، بەڵام لە ژەنیندا باش بووە، شەش مانگ لای ئەو مامۆستایە وانە دەخوێنێ، دواتر وردە وردە دەچێتە شەوە ئاهەنگەکان؛ کاتێک تەمەنی دەبێتە (١٨) ساڵ، باوکی پێی دەڵێت: حەز ناکەم خۆت بە هیچ کارێکی ترەوە سەرقاڵ بکەی، دەمەوێت لە هونەردا کار بکەی، چونکە حەزم لێیە وەک خۆم هونەرمەندت لێ دەربچێت.

ئەو سەردەمە ئامێرەکانی وەک مایکرۆفۆن و بڵندگۆ لە هەموو شوێنێک نەبوون، ئەگەر هەبووبن، نەیانتوانیوە بیکڕن، بۆیە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ هەم میوزیکی ژەندووە، هەم گۆرانیی گوتووە، زۆر جار؛ دوای ئاهەنگەکان نەخۆش کەوتووە، چونکە زیاد لە پێویست دەنگی بەرز کردووەتەوە تاوەکوو هەمووان گوێیان لێ بێت.

ڕۆژێک دەچێتە ماڵێک کە گرووپێک لە ئامەدەوە هاتبوون، لەوێ ئامێری جونبوش دەبینێ، تەماشا دەکات لەگەڵ عوود زۆر نزیکن دەنگی لە عوودیش بەرزترە، بۆیە پرسیاری ئەو ئامێرە دەکات و هەر دوای ئەوە داوا دەکات



ئارام تیگران

لە تورکیاوە جونبوشێکی بۆ دروست بکرێت. لە دوای ساڵێک لە عوودژەنین، ئیتر ئامێری جونبوش دەبێتە ئامێری سەرەکی ئارام تیگران، چونکە پێی وایە عوود دەنگی نزمە و جونبوش دەنگی بەرزترە.

باوکی ئارام جیا لەوەی بلوێرژەن بووە شیعریشی نووسیوە کە ئارام بەشێکیانی کردووەتە گۆرانی وەک (بلبلۆ، بەحەسرەتا یەریڤانێ، دچم دچم و چەندانی دیکە).

لە شەوی نەورۆزی ساڵی (١٩٥٣)، واتە لە تەمەنی (١٩) ساڵیدا یەکەم کۆنسێرتی تایبەت بە خۆی پێشکەش دەکات.

دوای ئەوەی دەبێتە بیست ساڵ، ئاستی ژەنینی باشتر دەبێت، ئیتر شەوان دەچێتە ئاهەنگەکان و گۆرانیی دەڵێت، بە سێ زمان گۆرانیی دەگوت، (کوردی، عەرەبی، ئەرمەنی).

ئارام وەک خۆی دەڵێت، لە ئاهەنگەکانی قامیشلۆ زیاتر گۆرانییەکانمان بە عەرەبی بوون، چونکە هەرکاتێک بە کوردی گۆرانیم دەگوت، یەکسەر دەیانگوت بیبڕە بیکە عەرەبی! هەر بۆیە زۆر کات نەمدەتوانی گۆرانیی کوردی بڵێم، ئازادیمان نەبوو ئەمەیش زۆر بێتاقەتی دەکردم.

لە ساڵی (١٩٥٧)، لە تەمەنی (٢٣) ساڵیدا هاوسەرگیری لەگەڵ (سیروارت) دەکات کە

ئەویش ئەرمەنییە و هاوشێوەی ئارام ئاوارەی قامیشلۆ بووە.
ساڵی (١٩٦٥) یەکەم گۆرانیی خۆی بە ناوی (شەڤ چوو) دەڵێ کە شیعری شاعیر (جگەرخوین)ـە، لە نزیکەوە جگەرخوین دەبینێ کە ئەوکات لە عاموودا بووە، بە ئارام دەڵێت: دەتوانی بە دوو شێواز بیڵێیت، یەکێکیان نیشتیمانی و ئەوەی تر بۆ خۆشەویستی کچێک. کاتێک ئاوازی ئەو شیعرە دادەنێت، ئەو ڕۆژە نانی نەخواردووە، هەر کاتێک هاتوون پێیان گوتووە نان بخۆ، گوتوویەتی برسیم نییە، ئارام دەڵێت: بیرم نەدەکەوتەوە کە نان بخۆم، هونەر بۆ من هەم خۆراک بوو، هەمیش دەرمان بووە.
هەر ساڵی (١٩٦٥) لە ئەرمەنستانەوە دێن بەو بنەماڵە ئەرمەنییانە دەڵێن کە لە سووریا بوون، ئایا پێیان خۆشە بگەڕێنەوە ئەرمینیا؟ بە پێی ئەوەی ئەرمینیا خاکی باو و باپیرانیان بووە، پێیان خۆش بووە بگەڕێنەوە خاکی خۆیان، بەڵام ئەو ساڵە بەدەم داواکەوە ناچن. ساڵی (١٩٦٦) بڕیار دەدەن بگەڕێنەوە ئەرمینیا. ئارام سێ برای تری هەبوون کە دووانیان ژنیاری کەمان و دەربووک بوون، براکەی تریان لە قامیشلۆ دەمێنێتەوە و لەگەڵیان نایەت. هەموویان بە کەشتی لە سووریاوە دەگوێزرێنەوە ئەرمینیا، لە کاتی گەیشتنیان کە لە کەشتییەکە دادەبەزن، هەریەکە و پرسیاری لێ دەکرێت کە لە چ بوارێک شارەزایە، ئەمەش بۆ ئەوە بووە بە پێی پسپۆڕی کارەکانیان بیانگوێزنەوە بۆ شار و شارۆچکەکان. ئارام و بنەماڵەکەی لە شارۆچکەیەک دادەنێن (٤٠کم) لە شاری یەریڤانەوە دوور بووە، باوکی دەڵێت پێویستە بچینە ڕادیۆی یەریڤان و لەوێ کارێکت دەست بکەوێت، چونکە تۆ هونەرمەندی، دەبێ لەوێ شوێنێت بۆ بکرێتەوە. کاتێک دەچنە ناو باڵەخانەی ڕادیۆکەوە، چەندان ژووری لێ بووە کە هەر یەکە و ناوێکی لەسەر بووە (بەشی ئەرمەنی، ڕووسی، ئازەری، کوردی) لەگەڵ چەند بەشێکی دیکە، دەچنە بەشی ئەرمەنی، لە دەرگا دەدەن و فەرموویان لێ دەکەن، مەبەستەکەی خۆیان ڕوون دەکەنەوە کە ئەرمەنین و تازە لە سووریا گەڕاونەتەوە، داوای لێ دەکەن گۆرانییەک بڵێت، ئارامیش سەرەتا بە ئەرمەنی و دواتر بە کوردی و عەرەبی گۆرانی دەڵێت و جونبوشیش لێ دەدات. پێی دەڵێن، تۆ کەسێکی هەڵکەوتووی، بەڵام مەرجی سەرەکی ئێمە ئەوەیە دەبێت لە دبلۆم کەمتر نەبێت! بۆیە ناچار ژوورەکە بە جێ دەهێڵن و ئیتر ئارام تەواو بێتاقەت دەبێت، باوکی پێی دەڵێت سەبر بگرێت و خۆی بێتاقەت نەکات. پێی دەڵێت: با بچینە لای بەشی کوردی، لە دەرگا دەدەن و دەرگایان لێ دەکەنەوە، دادەنیشن، کەسیان یەکتر ناناسن، بەهۆی ئەوەی بەشە کوردییەکە خەڵکی زۆر دەچوونە لایان و تاقی دەکرانەوە و دواتر دەچوونە شوێنێکی تر، یان نەدەگەڕانەوە، بێتاقەتی بە بەڕێوەبەرانی بەشەکەوە دیار بوو، هەر بۆیە سەرەتا لەگەڵیان زۆر گەرموگوڕ نابن، باوکی دەڵێت: ئێمە لە سووریا هاتووینەوە و ئەرمەنین، لە ئارام دەپرسن ئەوە چییە بە دەستتەوە؟ ئارامیش دەڵێت ئەوە جەنبوشە، هەڵبەت یەکەم جاریان بووە ئەو ئامێرە ببینن، بە ڕوویەکی ساردەوە داوای لێ دەکەن شتێک بڵێت، نزیکەی حەوت کەس بەرانبەری دادەنیشن، هەر یەکەیان قەڵەم و کاغەز بە دەستییەوە و تەماشای ئارام دەکەن و دەنووسن، بە پێی ئەوەی تازە لە سووریاوە هاتبوو و گۆرانی (شەڤ چوو)ی تازە دانابوو، ئەو گۆرانییە دەڵێت، دێڕی یەکەم دەڵێت،

له دێڕی دووەم دەڵێن بەس! ئارام ترس دایدەگرێت دەڵێت، چی بوو؟! دەڵێن بەسە تێگەیشتین، تۆمان پێویستە! ئارام دەڵێت، چووینە بەشی ئەرمەنی گوتیان دەبێ دبلۆمت هەبێ، ئەوانیش دەڵێن (ئێمە دبلۆم و شت نازانین تۆ ئاستت باشە)، بەرپرسی بەشی کوردی (خەلیل مورادۆڤ) بووە کە ساسۆنی بووە، ئارامیش هەر ساسۆنی و بەڕێوەبەری ڕادیۆکەش بە هەمان شێوە ساسۆنی بووە، دەڵێن بزانین ڕێگەچارەیەک نادۆزینەوە تا ڕازی بکەین وەرت بگرێت، ئیتر بەرپرسی بەشی کوردی دەیباتە لای بەڕێوەبەری ڕادیۆ، لە بەرانبەر بەڕێوەبەر چەند گۆرانییەک دەڵێت، سەرەتا بە ئەرمەنی و دواتر کوردی، دەیەوێ عەرەبیش بڵێ بەڕێوەبەر دەڵێت بەسە، ئێمە ئەو دوو زمانەمان بۆ گرنگە، کاتێک بەڕێوەبەری ڕادیۆ دەزانێ بڕوانامەی دیبلۆمی نییە، دەڵێت ناتوانم وەری بگرم، بەرپرسی بەشی کوردی بە بەڕێوەبەر دەڵێت: (قوربان ئەو ئاستی زۆر باشە دیبلۆمی بۆ چییە؟)، ئیتر ئارام و باوکی لە ژووی بەڕێوەبەر دێنە دەر و بەرپرسی بەشی کوردی و بەڕێوەبەر دەمێننەوە، بەرپرسی بەشی کوردی بە بەڕێوەبەر دەڵێت کە ئارام کەسێکی ڕۆشنبیرە و دەنگیشی خۆشە، باوکیشی شیعر دەنووسێت، ئیتر بەڕێوەبەری ڕادیۆ ڕازی دەکات.

ئەو سەردەمە ڕادیۆی یەریڤان نزیکەی (١٣) کەس بوون، کە زۆربەیان ئێزیدی بوون، کارکردن لە ڕادیۆی یەریڤان سیستمێکی هەبووە، هەموو گۆرانییەک دەبوو بە نۆتە بنووسرایە، واتە هیچ ئاواز و گۆرانییەک بێ نۆتە قبووڵ نەدەکرا؛ بەرپرسی چاند و هونەر ئەوکات (جەمیلە جاسم) بووە، کە پیانۆژەن بووە و نۆتەکانیشی دەنووسی.

ڕادیۆی یەریڤان بۆ ئارام دەبێتە ئەو شوێنەی کە هونەرەکەی تێدا دەردەکەوێت، بۆ خۆی دەڵێت: لە ڕادیۆ کەسانی زۆر بەسەلیقە هەبوون وەک (ئامادەکار، میوزیکژەن، دەنگبێژ)، بۆیە لەوێ زۆر پێش کەوتم. ئەوکات بەشە کوردییەکەی لە ڕۆژێکدا کاتژمێر و نیوێک بووە، کاتژمێرێک هەواڵ و نیو کاتژمێر میوزیک و گۆرانی. هاوکارییەکانی هەریەکە لە (خەلیل مورادۆڤ، ئەحمەدێ گۆگێ) وای کرد هونەری ئارام چرۆ بکات و بە هاوکاریی ڕادیۆ توانی چەندان گۆرانی تۆمار بکات، وەک چۆن ڕادیۆ خزمەتی بە تیگران کرد، بەهەمان شێوە ئارامیش خزمەتێکی زۆری بە ڕادیۆی یەریڤان کرد. ئارام تیگران لە ساڵی ١٩٦٦ تا ١٩٨٥ لە ڕادیۆی یەریڤان کاری کرد.

جیا لە جونبوش، ئامێری ئۆکۆردیۆنیشی ژەنیوە، واتە شارەزایی لێ هەبووە.

کاتێک گوێ لە گۆرانییەکانی ئارام تیگران دەگریت، هەست بە خەمێکی قووڵ دەکەی کە سەرچاوەکەی بۆ دەربەدەری و دووری لە وڵات دەگەڕێتەوە، وەک خۆی دەڵێت: (بۆ ئازارەکانی کورد و ئەرمەن گۆرانیم دەگوت، حەسرەتەکانم لەو ڕێگەیەوە دەردەبڕی). ئارام تیگران هەر کاتێک شیعری بۆ گۆرانییەکی دابنایە بە سکێکی برسی و لە دوای (١٢) ی شەو دادەنیشت بۆ ئەوەی تەواو هەست بە مەینەت و ئازاری خەڵکی بکات. ساڵی (١٩٩٠) برادەرێکی لە سووریاوە دێتە لای، باسی دەربەدەری و پەنابەریی خۆی بۆ دەکات، بە ئارام دەڵێت: حەز دەکەم چیرۆکەکەم بنووسیت و بیکەیتە گۆرانییەک، ئارامیش دوای ئەوە گۆرانیی (پەنابەر) ڕێک دەخات.

کاکشار ئۆرەمار کە هاوڕێیەکی نزیکی ئارام تیگران بووە، دەڵێت: (ساڵی ١٩٩٠ ڕوو دەکەنە ئەوروپا و لە وڵاتی هۆڵەندا ماوەیەک دەمێننەوە، بەڵام بەهۆی ئەوەی مافی

پەنابەرییـان نییـە، ناتوانـن بمێننـەوە، بۆیـە بـە ناچـاری دەگەڕێنـەوە ئەرمینیـا، سـاڵی ١٩٩٥ لـە ڕێگـەی پارتـی سۆسیالیسـتیی کوردسـتان ڤیـزای یۆنانیـان بـۆ وەردەگـرن، ئیتـر بـە بەیەکجـاری لەگـەڵ خێزانەکـەی ئەرمینیـا جـێ دەهێڵـن، دواتـر بەلژیـک بـۆ نیشـتەجێبوون هەڵدەبژێـرن).

ئـارام تیگـران بـەردەوام دەبێـت لـە ڕێکخسـتنی کۆنسـێرێت و بەرنامـە و بڵاوکردنـەوەی چەنـدان بەرهـەم بـە شـێوەی سـیدی.

ئـارام تیگـران سـەبارەت بـە گۆرانییەکانـی دەڵێـت: هـەر کاتێـک گۆرانییەکی ئەرمەنیم گوتبێ لـە مەقامێکـی کوردییـەوە گوتوومـە، بـە هەمـان شـێوە ئەگـەر بـە کوردیـش گوتبێتـم لـە مەقامێکـی ئەرمەنییـەوە گوتوومـە، چونکـە ئـەو دوو زمانـە لـە ڕووی ڕوحییـەوە زۆر نزیکـن. گۆرانییەکانـی (دلبـەرێ، بلبلـۆ، ئـەز تـە کال کـرم، شـەڤ چـوو، لـۆ لـۆ پسـمامۆ) لـە خۆشـترین گۆرانییـەکان لای خـۆی بـوون.

وەسـیەتی تیگرانی باوکی بـۆ ئـارام ئەوەبوو: کە بەرانبـەر بـە کـورد دڵسـۆز بێـت و گۆرانـی بـۆ ئـەو نەتەوەیـە بڵێـت، لـە خـەم و شـادییەکاندا بەشـدار بێـت و خزمەتیـان بـکات. هونەرمەنـد ئـارام تیگران نزیکـەی (١٥) ئەلبوومـی گۆرانیی بـڵاو کردووەتەوە، جیا لـەوەش لـە سـەردەمی ڕادیـۆی یەریڤـان زیاتـر لـە (٦٥) گۆرانـی تۆمـار کـردووە. خاوەنـی زیاتـر لە (٢٣٠) گۆرانیـی کـوردی و نزیکـەی (١٥٠) گۆرانـی بـە زمانـی ئەرمەنـی و لەگـەڵ چەنـدان گۆرانیـی بـە زمانـی یۆنانـی، سـریانی، عەرەبـی. تیگـران نـاوی سـەرجەم ئەلبوومەکانـی کوردیـن.

لەنێـو کایـەی سیاسـی و خەباتـی کوردیـدا و لـە بـواری زمـان و هونـەری کوردیـدا، ئـارام تیگران ڕۆڵـی بەرچـاوی هەبـووە کـە هەمیشـە بـۆ خزمەتکـردن لـەو بوارانـەدا لـە خەباتـدا بـوو.

ئـارام تیگـران سـێ منداڵـی هەیـە، کوڕێـک و دوو کـچ بـە ناوەکانـی، هاگـۆپ، ئایجەمیـک و سـێڤان.

ئـارام تیگـران بـە هـۆی ئـەوەی نەخۆشـی دڵـی هەبوو لـە ئامـەد (دیاربەکـر) لـە ژێـر چاودێـری باشـترین لـە پزیشـکەکان نەشـتەرگەری بـۆ دەکرێـت و ئاگادار دەکرێتـەوە کـە ئـاگای لـە خـۆی بێـت، دوای ئـەوەی دەچێتـە یۆنـان دەرمانەکانـی دەگۆڕێـت، بەمـەش خوێنـی ڕوون دەبێتـەوە، هەربۆیـە لە (٨-٨-٢٠٠٩) دڵـی دەوەسـتێت و لە نەخۆشـخانەی (ئێڤانگلیسـمۆ) لـە ئەسـینای پایتەختـی یۆنـان کۆچـی دوایـی دەکات. ئـارام تیگـران وەسـیەتی کردبـوو ئەگـەر مـرد، لـە قامیشـلۆ بینێـژن، بـەڵام کاتێـک دەچێتـە ئامـەد لـەوێ پێشـوازی و خۆشەویسـتییەکی زۆری بـۆ دەردەبـڕن، بۆیـە لـە پـای ئـەو خۆشەویسـتییە وەسـیەت دەکاتـەوە ئەگـەر مـرد دەبـێ لـە ئامـەد بنێـژرێ، حکوومەتـی تورکیـا بـە بەهانـەی ئـەوەی هاووڵاتـی تورکـی نییـە، ڕازی نەبـوو لـەوێ بنێژرێت، حکوومەتـی سـووریاش بەهەمـان شـێوە، ڕێگـەی نـەدا تەرمەکـەی بگەڕێننـەوە شـوێنی لەدایکبوونـی کـە قامیشـلۆ بـوو، ناچار لـە وڵاتـی بەلژیـک و لـە گۆڕسـتانی شـارۆچکەی (ژێتـە)ی نزیـک برۆکسـل بـە خـاک دەسـپێررێت، (سـیروارت)ی خێزانـی ئـارام تیگرانیـش لـە (٣- ٥-٢٠٢٢) کۆچـی دوایـی دەکات و هـەر لـە یـەک گـۆڕدا لەگـەڵ هاوسـەرەکەی کـە ئـارام تیگـران بـوو بـە خـاک دەسـپێردرێت.


**سەرچاوەکان:**

**١. نەجاتی گەزەن، بەرنامەی ناسکرن،**
www.kusca.com

**٢. Görüntü Ambarı لەگـەڵ ئـارام تیگـران لـە فیسـتیڤاڵی فەرهەنـگ و هونـەری دیاربەکـر ٢٠٠٨.**

**٣. دیمانـە لەگـەڵ کاکشـار ئۆرەمـار، دلێـر سـەلیم، هەولێـر، ١٠-٥-٢٠٢٣**

٤. Cewad Merwanî, Stranên asrşîva radyoya erîvanê, elmaniya, kmk, 2020

**٥. هەناسـەکانی ڕۆژان، دۆکیۆمێنتـەری ئـارام تیگـران، کوردسـتان٢٤، ٢٠٢٠**

# ژارەبا، یەکەمین بڵاوکراوەی تایبەت بە کارەساتی کیمیابارانی هەڵەبجە، پاش ڕاپەڕین!

خدر ئیبراهیم خدر
(قەڵادزێ)

**هەلومەرجەکانی لەدایکبوونی (ژارەبا)**

مانگەکانی پاش ڕاپەڕینی ١٩٩١ هەلومەرجێک بوون، هەمووان لەو مانگانەدا هەستیان بە کرانەوەی دەروازەکانی ئومێد دەکرد و هەناسەی ئازادی و شادمانییان هەڵدەکیشا. ئەو هەستە زیندووەش وای کردبوو هەریەکێک لە جێی خۆیەوە بکەوێتە خۆ و کۆتی بێدەنگی و سستی بپسێنێت و لە پێناوی خزمەتکردن بە بیر و ئایدیاکانی نەتەوە و نیشتماندا کارێک بکات.

لەو دەمەدا کە ئێمەمانان وەک ژمارەیەک فێرخوازی بە ئومێد و دڵ پڕ لە هەستی مرۆڤدۆرستی کە لە هەر یەکێکمان لە شار و ئاوەدانییەکەوە هاتبووین، لە بەشە جیاوازەکانی کۆلێژی ئادابی زانکۆی سەلاحەددین دەمانخوێند، هەر زوو بیرمان لەوە کردەوە کە لەو پێناوەدا بکەوینە بزاوت و لە ئاراستەیەکی ئەدەبی و هونەرییەوە خزمەت بکەین. هەر لەو پێناوەشدا لە سەرەتای ساڵی ١٩٩٢دا یەکەمین دەستەی ڕووناکبیریمان لە کۆلیژ دروست کرد کە سەرناوی (هۆڵی ڕۆشنبیری) هەڵگرتبوو.

ئەرکی ئەندامانی (هۆڵی ڕۆشنبیری) بریتی بوو لە سازکردنی کۆڕ و سیمینار لە چوارچێوەی کۆلێژی ئاداب و شان بەشانی ئەوەش هاندانی مامۆستا و فێرخوازە بەڕێزەکان بوو بۆ پێشکەشکردنی بابەتگەلێکی زیندوو و ئەکادیمی کە لەگەڵ واقیعی سەردەم و بەرەوپێشبردنی چۆنایەتی پرۆسەی فێربووندا هاوتابێتەوە. ئەو کۆڕ و سیمینارانەش بە شێوەیەکی هەفتانە لە هۆڵی (کامەران موکری) کە لە ناوەڕاستی کۆلیژی ئادابدا هەڵکەوتبوو، پێشکەش دەکران.

لە ساتەوەختی نزیکبوونەوەی یادی کیمیابارانی هەڵەبجەدا کە بە یەکەم یادکردنەوەی ئەو کارەساتە دادەنرا کە لە زانکۆدا، لە فەزایەکی ئازاد و دوور لە هەژموونی بەعس بەڕێوەبچێت، بیرمان لەوە کردەوە جگە لەبەرزڕاگرتنی شکۆی ئەو شارە شەهیدە و قوربانییەکانی کە لەو کارەساتەدا گیانیان سپارد، هاوکات کارێکی تریش لەپێناوی ئەو شارە شەهیدەدا بکەین

کـە وەک تۆمارێکـی بەڵگەنامەیـی لـە داهاتـوودا کۆمـەک بـە مێـژووی ئـەو شـارە بـکات. ئەگـەر ئـەو کۆمەکـە بـە شـێوەیەکی کـەم و سـنووردارییش بێـت.


بـۆ ئـەوەش، بڕیامـان دا بڵاوکراوەیەکـی سـەربەخۆ چـاپ بکەیـن و تێیـدا کۆبەندێـک لـە بابەتـی جۆراوجـۆر سـەبارەت بـەو کارەسـاتە و زیـان و مەترسـییەکانی چەکـی کیمیایـی بخەینـە بەرچـاوی هەمـووان، هەروەهـا بڕیارمـان دا بـە شـێوەیەکی ڕێکوپێـک ئـەو بڵاوکراوەیـە بگەیەنینـە دەسـتی مامۆسـتایان و فێرخوازانـی کۆلێـژی ئـاداب و بـەش و کۆلێژەکانـی تـری زانکـۆی سـەلاحەددین. شـان بەشـانی ئـەوەش، لـە دەرەوەی زانکـۆدا، بیگەیەنینـە ئەرشـیڤخانە و کتێبخانـە گشـتییەکان و بـارەگای ئەو پـارت و ناوەندانـەی لەسـەر گۆڕەپانـی کوردسـتان هەبـوون، جگـە لـە گەیاندنـی بـە ژمارەیـەک لـە نووسـەر و خامەبەدەسـتە دیـار و ناسـراوەکان لـە شـاری هەولێـر.

بـۆ ئـەو مەبەسـتە، لـە سـەرەتای مانگـی شـوباتەوە، هەوڵێکـی بـە کۆمەڵمـان بـەڕێ خسـت، خەمخۆرانـە لـەو پێنـاوەدا کەوتینـە کار تـا چەنـد ڕۆژێـک پێـش هاتنـی ساڵڕۆژی کارەسـاتەکە، کاری کۆکرنـەوەی بابەتـەکان و نەخشەسـازی بـەرگ و نـاوەڕۆک و کۆپیکردنـی بڵاوکراوەکـە تەواوبکرێـت و بەبـێ هیـچ گیروگرفتێـک لـە ڕۆژی ١٩٩٢/٣/١٦ دا بڵاوبکرێتـەوە. لەپـاش نیـو کاتژمێـر لـە وتووێـژ و بیروڕاگۆڕینـەوە سـەبارەت بـە نـاوی بڵاوکراوەکە، دوواجـار بڕیـار درا بڵاوکراوەکـە لەژێـر نـاوی (ژارەبـا)دا دەربچێـت و بڵاوبکرێتـەوە.

### (ژارەبا) لە واتادا

ژارەبـا، لـە واتـادا بـە مانـای (بـای ژاراوی) دێـت، کـە لـە بنچینـەدا دەربڕینێکـی درێـژی لەخـۆ گرتـووە و بـە هـۆی قورسـی لـە فۆنەتیـک و نەگونجانـی وەک سـەرناوی بڵاوکراوەیـەک، هەروەهـا لـە پێنـاوی داهێنانـی ناوێکـی نـاوازە و سـەرنجڕاکیش بـۆ ناسـنامەی بڵاوکراوەکـە، بڕیـار درا بـەم شـێوەیە ناوەکـە کـورت بکرێتـەوە. پـاش ئـەوەی بڵاوکراوەکـە کەوتـە بەرچـاوی مامۆسـتایان و فێرخـوازان و کەسـانی تـری دەرەوەی زانکـۆ، سـەرباری بەهەنـد وەرگرتنـی بڵاوکراوەکـە لە ڕووی نـاوەڕۆک و بابەتەکانییـەوە و دەربڕینـی سـپاس و پێزانین لە ئاست هەوڵ و ماندووبوونماندا. هاوکات لـە بەرانبـەر هەڵبـژاردن و دەستنیشـانکردنی نـاوی بڵاوکراوەکـەدا، دەستخۆشـیمان لـێ کـرا.

ئـەو سـپاس و دەستخۆشـییەش بـۆ ئێمـە کـە تینـووی وشـە و زمـان و دیرۆکـی کـوردی بوویـن، تاڕادەیەکـی زۆر شاگەشـکەی کردیـن و ئەوەنـدەی تـر هانیدایـن پـەرە بـە کار و چالاکییـە ئەدەبـی و



فەرهەنگییەکانی خۆمان بدەین.

### کارکردنەکانی پشت نیازی بڵاوکردنەوە

ئەگەرچی لە هەلومەرجی تایبەتی ئەو سەردەمەدا کە هێشتا ئەوەندە نەبوو تارمایی بەعس بەسەر کوردستانەوە ڕەوییبووەوە، کارکردنی ڕەها و ئاشکرا بۆ ئێمەی خوێندکاری زانکۆ بەو هێندە ئاسان نەبوو. زۆریش هەبوون بە ئاماژە دەیانویست خۆمان لە کارێکی لەو شێوەیە ببوێرین، گوایە لەگەڵ مەترسیدا هاوتا دێتەوە، بەڵام توانیمان هەموو ئەو سەرنج و قسە و گفتارانە تێبپەڕێنین کە لەڕووی دەروونی و مەعنەوییەوە دەبوونە بەربەست لەبەردەم کارەکەماندا، بۆیە بە هەرەوەزی قۆڵمان لێ هەڵماڵی و بە کۆشش و خەمخۆرییەکی نەبڕاوەوە، توانیمان لە یەکەمین ساڵڕۆژی بۆردوومانی کیمیابارانی شاری هەڵەبجە لە سایەی ئازادیدا، ژمارەیەکی بڵاوکراوەی (ژارەبا) بە تیراژی (٢٠٠) دانە بڵاوبکەینەوە.

لێرەدا پێمخۆشە ئاماژە بۆ ڕاستییەک بکەم، ئەویش ئەوەیە کە لە پەنای ئەو بڕە پارەیەی لە گیرفانی خۆمان بۆ خزمەتی بڵاوکراوەکە تەرخانمان کرد، بە سپاسەوە بەرپرسانی (چاپخانەی پەروەردە) حەقی تێچوونی بەرگەکەیان خستە سەر شانی خۆیان و لەگیرفانی خۆیان چاپیان کرد، ئەوەش بۆ ئێمەی فێرخواز، لەڕووی ماددی و مەعنەوییەوە، وەک پشتگیرییەکی گەورە سەیر کرا.

### نەخشەسازی و دەرهێنانی هونەری لە (ژارەبا)دا

بەو پێیەی من سەروکارێکم لەگەڵ نەخشەسازی کتێب و گۆڤاردا هەبوو، بۆیە کاری نەخشەسازی بەرگ و پەیداکردنی فۆتۆی سەر بەرگ و ناوەوەی بڵاوکراوەکەم خستە سەر شانی خۆم.

هەموو ئەو کەرەستانەی لە کاری نەخشەسازی بڵاوکراوەکەدا سوودم لێوەرگرتن و بەکارمهێنان، جگە لە بەستەیەک کاغەزی ئەی فۆر و ڕاستەیەک و کابیسەیەک و تیپێک و مقەستێک و دوو قەڵەم جافی ڕەش و دوو پارچە لەزگەی ئێرانی کە پیتەکانی لەسەر بوو، هیچی تر نەبوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، توانیم بەو کەرەستە هەرزان و سەرەتاییانە، قۆناغی نەخشەسازی بڵاوکراوەکە تێبپەڕێنم.

### فۆرم و ناوەرۆک لە (ژارەبا)دا

بڵاوکراوەی ژارەبا بە قەبارەی نیو (A4) و بە (٣٦) لاپەڕە دەرچوو، کە کاری فۆتۆکۆپیکردنی لاپەڕەکانی لە نووسینگەی (سامی) لە شاری هەولێر جێبەجێ کرا. بەشێک لە بابەتەکان بە تایپ، بەشێکی تریشیان بە دەست نووسرابوونەوە. هۆکاری ئەمەش، هەروەک پێشتر ئاماژەم بۆ کرد، دەگەڕایەوە بۆ نەبوونی توانایی ماددی پێویست لەلای ئەو چەند فێرخوازەی ئەرکی بڵاوکردنەوەی (ژارەبا)یان لە ئەستۆگرتبوو.

هەموو هەوڵەکان بۆ ئەوەبوون هەرچۆنێک بێت ئەو بڵاوکراوەیە لەو ساڵیادەدا ڕووناکی ببینێت و بکەوێتە بەرچاوی خەمخۆران و دڵسۆزانی نەتەوە و نیشتمان. خۆشبەختانە ئەو هەوڵانەش بەئەنجام گەیشتن و توانرا لەسەر ئەرزی واقیع بەدی بهێنرێت.

### بەشداران لە تاقانەی (ژارەبا)دا

بڵاوکراوەکە، هەم لەسەر بەرگی پێشەوە و هەم لەلاپەڕەی یەکەمیدا، ئەو پەرەگرافەی وەک خۆناساندن، نوسیبوو: (بڵاوکراوەیەکی ئەدەبی ڕۆشنبیری ساڵانەیە، هۆڵی ڕۆشنبیری کۆلێژی ئەدەبیات — زانکۆی سەلاحەددین لە ساڵڕۆژی

هەڵەبجەدا دەری دەکات). ئەوانەی لەو ژمارە تاقانەیەدا، نووسین و بابەتیان بڵاوکردبووەوە، بەسەر دوو گرووپدا دابەش بووبوون، کە بەو شێوەیە بوو:

ئەوانەی ئەندامی (هۆڵی ڕۆشنبیری کۆلێژی ئەدەبیات) بوون، کە ئەمانەبوون:

بەختیار ئیبراهیم عەزیز، لە بەشی عەرەبی

خدر ئیبراهیم خدر، لە بەشی مێژوو

حەسەن عەبدوڵڵا، لە بەشی ئینگلیزی

ئەوانەی لە دەرەوەی (هۆڵی ڕۆشنبیری) هاوکار و پشتیوانی بڵاوکراوەکە بوون، یان لە باکگراوەندی پەیوەستبوونی بابەت و نووسینەکانیان بەکارەساتی کیمابارانی هەڵەبجەوە، سوود لە بابەت و نووسینەکانیان وەرگیرابوو، ئەمانەبوون:

جەوهەر شێخانی، حەمە عەباس، چیا، ڕەفیق سابیر، ڕێباز _ م، محدث.

## ناوەرۆکی (ژارەبا) لە ڕووی بابەتەکانییەوە

بە شێوەیەکی گشتگیر بابەتەکانی بڵاوکراوەی (ژارەبا) تەعبیریان لە کارەساتی کیمابارانی هەڵەبجە دەکرد و لە ژمارەیەک وتار و شیعر و بابەت پێکهاتبوو، هەروەها لە میانی وتارێکدا زانیاری پێویست سەبارەت بە چەکی کیمیایی و پێکهاتە و جۆرەکانی و مەترسی و زیانەکانی خرابووە بەرچاو. جگە لەوە، دوو بابەتیش سەبارەت بە شاری (هیرۆشیما) بڵاوکراوبوونەوە کە لە شیعرێکی وەرگێڕدراو و کورتە وتارێک پێک هاتبوو. لە چوارچێوەی ئەو دوو بابەتەشەوە، ئاماژە بۆ گەورەیی کارەسات و دەرەنجامە ترسناکەکانی بۆردوومانی ئەتۆمی ئەو شارەی وڵاتی ژاپۆن کرابوو. وەک دەستەخوشکی شاری هەڵەبجە کە ئەویش لە مودەتێکی زەمەنی کەمدا بووبووە قوربانی و لەیەک کاتدا (خەڵک و شار) لەناو تیشکە بکوژەکانی چەکی ئەتۆم و بۆنی ژاراویدا خنکێنرابوون، ئەمەش بەرەنجامی ئەو جەنگ و ململانێ ترسناکە بوو کە لایەنە ناکۆکەکان لە چوارچێوەی دووەمین جەنگی جیهانیدا، لە ڕووی سیاسی و سەربازییەوە، کۆمەڵگەی مرۆڤایەتییان پێوە گیرۆدە کردبوو.

ئەم بابەتانەی لەو ژمارەیەدا بڵاوکرابوونەوە ئەمانەبوون کە لە خوارەوە بە شێوەی ڕیزبەند دانراون و تێیدا ئاماژە بە ناوونیشانی بابەت و نووسەر و ئەو لاپەڕەیە کراوە کە تێیدا بڵاوکراوەتەوە:

- سەروتاری ژارەبا، ل (٢)، نووسینی: ستافی هۆڵی ڕۆشنبیری.
- چەکی کیمیایی (لیکۆڵینەوە)، ل (٥)، ئامادەکردنی: بەختیار ئیبراهیم عەزیز.
- هەڵەبجە و شەڕی عێراق — ئێران، ل (١١)، نووسینی: چیا.
- هەڵەبجە لە سێ هەناسە شیعردا، ل (١٥)، شیعری: حەمە عەباس.
- هێرۆشیما، ل (١٧)، شیعری: ئومێد یەشار، وەرگێڕانی: خدر ئیبراهیم خدر.
- بەراورد، ل (٢٠)، شیعری: جەوهەر شێخانی.
- بەراورد، ل (٢٠)، شیعری: چواس ئیبراهیم. (شیعرێکی کورتی خۆم - خدر ئیبراهیم خدر - بوو، بە هۆی ئەوەی بابەتێکی تریشم بە ناوی خۆمەوە لە بڵاوکراوەکەدا هەبوو، وام بە پەسەندزانی ئەو شیعرە کورتە بەو نازناوەوە بڵاوبکەمەوە.)
- بەیانی ویژدانی مرۆڤ لە خاچ دەدرێت، ل (٢٢)، پەخشان، نووسینی: حەسەن عەبدوڵڵا.
- خەونی... چیا، ل (٢٥)، پەخشان، نووسینی: ڕێباز- م.
- من احاديث... هيروشيما الجديدة، ل (٢٨)،

پەخشان بە زمانی عەرەبی، نووسینی: محدث.
- لە هێرۆشیماوە...، ل (٣٢)، ئامادەکردنی: ستافی هۆڵی ڕۆشنبیری.
- لاوکی هەڵەبجە...، ل (٣٣)، شیعری: ڕەفیق سابیر.
- سپاس و پێزانین، ل (٣٥)

## خەمەکانی پشت وەستانی (ژارەبا)

ئەگەرچی بە شێوەیەکی گشتی ئەو بڵاوکراوەیە بەرهەمی ماندووبوون و خەمخۆری و لەخۆبووردوویی ستافی (هۆڵی ڕۆشنبیری) بوو. بەڵام چاوەڕێ بووین زیاتر لەوەی کە هەیە، پشتگیری لێ بکرێت و دەستی یارمەتی بۆ درێژ بکرێت. بەتایبەتی لەلایەن مامۆستا بەڕێزەکانی زانکۆوە کە لە پەنای موحازەرەکانی ئەواندا، ئەو کارە نەتەوەیی و نیشتمانییەمان لە ئەستۆ گرتبوو، بەڵام لە ڕووی کردارییەوە ئەو چاوەڕوانییەمان بەرەنجامێکی دڵخۆشکەری لێ نەکەوتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا، نەمانهێشت ئەو بەدەنگەوە نەهاتنەی ئەوان، ببێتە بەربەست لەبەردەم نییەتەکەماندا کە لە هەستێکی مرۆڤانە و نەتەوەییەوە سەرچاوەی گرتبوو، بۆیە مکوڕتربووین لەسەر ئەوەی چەندی بۆمان بکرێت بە وشە و نووسین کار بۆ ئەو مرۆڤانە بکەین کە لەیەککاتدا زمان و مێژوو و ئایین و چارەنووسی هاوبەش، لەسەر خاکێکدا پێکەوە کۆی کردووینەتەوە.

ئێمە لەوەدا دووربین بووین کە بزانین چی لەپێناوی نیشتماندا بڵێین و بنووسین، بۆیە بە گوێرەی کات و هەلومەرجی ڕەخساو، هەوڵمان دەدا ئەوەی لە نییەت و بیر و زەینماندایە و بە جۆرێک لە جۆرەکان لە سوودی نیشتماندایە، لەسەر ئەرزی واقیع جیبەجێی بکەین.

# نانۆی نانانۆ...!

عەباس عەبدوڵڵا یووسف

وتارێکــەو لەبــۆ ســوودی خوێنــەران و نووســەر خــۆی، وەڵامــی چەوتییەکانــی دەدەمــەوە. کاوە عەلــی مــەردان، لــە ژمــارە ٣٠٥ / ٣٠٦ی گۆڤــاری ڕامــان بــڵاوی کردووەتــەوە و لــە ئەنجامــی بەدبەراوردێــک، تاکدێڕییەکانــی منی بە (نانۆ شیعر)ــەوە بەندکردووە.

**دەبا نەختێ ڕۆشنایی و ڕۆنایی بۆ بدەم:**

١- نووســەر بــە پێناســەیەکی درێــژ، زاراوەی نانــۆی لێکداوەتــەوە، بــەس لــە خــۆی نەپرســیوە ئــەم نانۆیــە بــەم (پێوانە)یــە، ئایــا لەنــاو قــەوارەی خــۆی، (نانۆپیــت)ی هەیــە؟ تــا ئــەم کورتەشــیعرانەی پــێ بنووســرێنەوە. خــۆ ئەگــەر بــۆ (نموونــە) شــیعرێکی درێــژی (گەلەدرێــژ) بنووسرێ، دەکرێ بڵێیــن ئەمــەش مەترەشیعرە؟!

٢- هۆنراوەکانم تاکدێڕینە و ناچنەبەر کەچناوەی (نانۆشیعر)ــەوە، دیوانەکەشــم ناوونیشــانی (نانــۆ تاتــۆ دەکــەم) و تێیەکــەی ٨٦٠ هۆنراوەیــە. بــە مەزنــدەی خــۆم پێکهاتــەی هــەر هۆنراوەیەکــی تاکدێــڕی، لــە (چڕاتــی) بــەرەو (زێداتــی) ببرێــت، لــە ٧ دێــڕەوە تــا ٢٥ دێــڕ فراوانتــر دەبــێ.

بــۆ ناولێنانــی کتێبەکــە، ســێ ناوونیشــانی هەڵبژێــرەم پێشــنیارکرد، دووەکــەی تــر ئەمانــەن:

١- بنووسە دوو کەسین: خۆم و لۆریەکەم...!

٢- زوهــا حەدیــد بــێ و کاموسەکانم بۆ بیناســاز بکات.

(نانــۆ تاتــۆ دەکەم)یش، خــۆی دانــە تاکدێڕییەکە و لــە نــاو ٣٠ هۆنراوەیــە، لــە ژمــارە ١٩٨ ڕۆژی ٢٠١٠/١/٢٥ی (ڕەخنــەی چاودێــر) پەخــش کــراون.

٣- ڕەخنەگــری نانۆژمێــر، لــە یەکــەم خاڵــی لاپــەڕە ٧٢ دەنووســێ:

لای عەبــاس عەبدوڵــڵا یووسف ژمــارەی وشــەکان لــە نێــوان ســێ بــۆ بیســت دان.

لــەوێ (واتــە لــە دیوانەکــە) دیقەتــی ئــەم شــەش هۆنــراوەی نــەداوە، هــەر یەکەیــان بــە (دوو وشــە) ڕۆنــراون و ماناشــیان تــەواوە:

* ئاوێنەش خاپینۆکە./ ل ٦
* شاعیرانیش کانیبالن./ ل ١٩
* چاوەنۆڕی خۆمم. / ل ٢٤
* ئاسیا ئاسیایە! / ل ٦١

* جیوەش دیالکتیکە./ ل ٦٣

* با ئیکسسوارمە. / ل ٦٦

٤- کۆی تاکدێڕییەکانی ناو دیوانەکە، لە نێوان ساڵانی ٢٠٠٧ تا ٢٠١١ بڵاوکراونەتەوە، کە دەبوو لە هەمان ساڵی ٢٠١١ بێنە چاپ، دواتر پاش دوو ساڵ، بە کۆشش و یارمەتی نووسەرێکی ژێر هاتنە چاپ.

٥- بۆ ناوونیشانی دیوانەکەم، صورمانەکانی بەلاغەتی فۆلکلۆری کوردی، هەمیشە حەیرانی کردوومە. لە سەردەمی قوتابیەتیم لە پۆلی یەکی ناوەندی، لە ناو خەڵکی سادەی شارەواری، ئەژنەفتەی ئیدیۆمێک بووم، دەڵێ: (چەن مەعلانە...! کورتان لۆ کێچی دەکات). لەوساوە ئەم وێنەدەنگە لە بنهۆشەی ڕۆشەنبیریم تەقەت کراوە، پاش دەیانێک ساڵ، کە بەدوای هاوئدیۆمەکی زانستانە دەگەڕام، بیرم کەوتەوە و هاتە بەردەست، ناوونیشانێکی پێ دام (نانۆ تانۆ دەکەم). ئەلەوەیدا، لە (فەنتازیای فۆلکلۆر)ەوە بە هەڵگۆزە، چوومە سەر (فەنتازیای زانست)، لەم جۆری بابەتەی زانست، لە دیوانەکە چەند دانەیەکی تر هەیە، وەک:

- ئەهێو...ترهێو...مرۆڤ بە ON و Off ئیش دەکات!
- لە خوانێکی ڕازاوەدا، بە پێی ئاماژەی (+ ×-) خۆراکم دەخوارد.
- خۆی کردە ئامێر، بە لالووتی O هەڵدەمژێ و بە لایەکەی تر $CO_2$ دەردەدات.
- لەگەڵ Big bang دا، بەق پەقی و چوار ملیار کەفەتۆپی لێکەوتەوە.

٦- لە برگەیەکی سادە و بێسوود بۆ ئەمڕۆی هۆنراوەی کوردی، دەنووسێ:

دەکرێ بە زمانێ دابنرێت دوور لە زمانی (هەست و سۆز) و (وشەی ناسک).

- لە مێژووی جیاجیا و زنجیرەداری قۆناغەکانی ئەزموون، ئەم شاعیرە کەوا (منم) بڕوای بە وەرگۆڕانی هیراکلیتانەی ئاوی شێواز و زمان و فرەدیدەیی بابەت، (ئەو)یش لە چەقبەستەی خۆی، دەیەوێ ئەم فامینەی خۆی، بەسەر زمانی شیعرییم داسەپێنێ!.

- زیاتر دەنووسێ: لە هەمبەردا زمانێکی (زبر) و وشەگەلێکی تێدا بەکارهاتوون (نامۆ)ن بە شیعر و زمانی شیعری. (دەربینی: کەوانەدارکردنی ئەم دوو وشەیە، کێشانی خۆمە، تا خوێنەر هەڵوەستەیان لەسەر بکات).

بەلامەوە ئەم بۆچوونەی عەنبارەسۆتە و لەگەڵ ناتۆخوازییەکەی ناگونجێ، بۆ منیش (بێ خۆمەتحکردن) لە ئاست وشەی (زبر و نامۆ و دەگمەن) خەریکەدارم، بۆ ناسینێکی سەرەتا، چەند نۆرەیەک فیتەبەدەورەی بۆ دەکەم، جا قەپێلکی نامۆی (نانامۆ) هەڵدەدەمەوە و بۆ ناو قووڵایی شۆڕدەبمەوە، دواترەی تێی دەفامێم و دەیخەمە ناو بەرڕەوێکی (سیاق- context) ئیستێتیکەدار و خۆشهزرەوە. شادبیستەی خوێنەرانم، کە یەکسەر دەچنە سەر فەرهەنگچە و دەئاشنێن بە وشەی (دەگمەن) و (نامۆ) و (زبری ناجنێو)، هەروەها بە وشەی (فەرهەنگنەدیو)، جا دەگەڕێنەوە سەر خوێندنەوەی دەق و لێی نووسوود دەبن، خوێنەران هەر بە زەین، پرسانێی زمانئەفرێنەی لێ دەکەن و پێی چێژگۆڕکێی دەبن.

٧- لە برگەی دووەم ل ٧١ دەنووسێ: وشەگەلێکی تێدا بە کارهاتوون نامۆن بە شیعر و زمانی شیعری، بۆ وێنە ئەم وشانە (بەڵغەمەت، ڕشیانەوە، پیرەمێردێکی کەلۆس، چڵکاو، جرت و زرت، گوومیز، چڵم، هەی خۆڕی، لیکاوی شێتان، تانکی گوو، ئاودەست، وەک ئافرەت ناتوانێ بحەپێ).

من لای خۆم زۆر لێی گەڕام، وشەی

(ڕشیانەوە)م نەدۆزییەوە، دیارە هەروا تێی هەڵکێشاوە، وشەی (بەڵغەمەت) ئەویش مانا نادات، چونکە هەڵپیچڕیوە، ڕاستەکەی (بەڵغەم)ە و تاکڕاناوی ئاراستەی پێوەلکاوە. ئەلێرە دوو هەڵوەستەم هەیە:

**ئەلف:** ئەو، ئەم وشە و دەستەواژانە، لە ڕێرەوی تاکدێڕییەوە ترازاندووە، لێ نەگەڕایە خوێنەر بە تەواوەتی ئاگاداری ڕستەی داهێنراو بێ.

**ئەمەش دەقی تەواوی چەند تاکدێڕییەک:**

- کابان.... کابان بە مانگی تابان، چڵکاو بە پشیلان دامەکە./ ١٣
- هەنارێکی قەڵشتەی دنکسوور، بانگی پیرەمێردێکی کەلۆس دەکات./ ١٨
- ئەرستۆ خۆی بە لیکاوی شێتان دەشوات و بیر لە گۆڕینی نەسێ دەکات./ ٦٠

بۆ دوا تاکدێڕی، زاراوەی (نەسێ) داتاشاو لە جیاتی (الثالث المرفوع) بەکارهاتووە، لە ناوەڕاستی هەشتاکان، بەش بەش هەندێک لە دەسنووسی (زاراوەی فەلسەفی)م لە گۆڤار و ڕۆژنامە بڵاودەکردەوە. نەسێ یا نەنێوەند: یاسایەکی لۆژیکە، ئەرستۆی فەیلەسووف یەکەمین کەس بووە، دایڕشتووە و بەکاری هێناوە، شێوەی دەربڕینەکەی: دوو کێشەی لێکدژی لۆژیکە، ئەوهایە:

- ئەگەر یەکەمیان ڕاستە، دووەمیان ناڕاستە.
- ئەگەریش دووەمیان ڕاستە، ئەوا یەکەمیان ناڕاستە.

ئەم زاراوەیە لە ل ١١٢ی فەرهەنگۆکی کتێبەکەش ڕاڤەکراوە. بە شاعیراتی ئەرستۆیاتی من، لەوە دایە: فەلسەفە دەفەنتازێنێ، جووتبنجەی (پۆپشێتی و پۆپژیری) لە ناو دەق بە کردەی دژە و گژە دەخێوێنێ، تا دەراوێژەکی لێکعەوداڵ ببەخشن !

- شار تێکڕا هەڵات، ئەوەی هێرشی بۆ هێنا، تانک نەبوو تانکی گوو بوو! / ٦٦

ئەم تاکدێڕییە دوو وشەی (تانک)ی تێدایە، یەکەمیان: تانک (دەببابە) tank .

دووەمیان: ترومبێلی (تانک)ی گووەدەردان. بەرجەستەبوونی وێنەکە، شیعرێتی (قەومان)ێک نیشان دەدات، لەوانەیە ڕەشەکۆمدیاکە، ڕاڕاسازەی پێکەنینێکی گریناوی بێت.

- زەلام خۆشت بکوژی، وەک ئافرەت ناتوانی بحەپی!/٦٨

نووسەر تەواو شارەزای شیعری من نییە، نەشیتوانیوە پەی پێ ببات، لەناو دیوانی باسکراوەی بەردەست، هەر ئاوڕێکی لە (ئافرەت و ژن و کچ) بدایەوە، وای نەدەگۆت، هەر ئاوڕی لە (سەگ و گوجیلە و لاسی) بدایەوە، بە جیهانی شیعریم شارەزا دەبوو، لە گشتەی شتێکی لێ هەڵدەکڕاند، ئاشنای ئیستێتیکای دەنگی (حەپین و عەوین و وەڕین) دەبوو.

لەبارەی هۆنراوەیەکم زیاتر لە بیست و دوو ساڵ، تۆژینەوەر ئیسماعیل تەنیا، دەنووسێ: (گوجیلەکانی شەو) شیعرێکی تازە بۆچوون و تازەوێنە و تازە ئاقاربەزێنە... دەسەیری (بووکەمانگ، هەورەژەنگ، دان ئیسفەنج، پێڵاوی ترساو، لیکاوی زێڕین) بکەن، دەبزانن ئەم وێنانە تازە و نوو نینە؟!

هەروەها ئاوڕێ، لەبۆ ئیستێتیکای فرەبارەی سێکس و جوانیی ئافرەت.

- لێرە وا پێدەچێ نووسەر لە ئاستی تێگەیشتنی ئەمانە، بۆچوونەکەی کورتەی کردووە و بە سواوەڕێی ڕەخنە هاتووە، وتوویەتی: (نامۆن بە شیعر و زمانی شیعری).

بۆ دامەزراندنی شێواز و نووسینێک، شیاوی

کەسانەی خۆم بێ، نزیک بە نیو سەدەیەک، لەگەڵ چاپکردنی دیوانی (ئاو ١٩٧٤)، تۆبەرەی نوونووسینم ئاشکرابوو، (ئاو) خۆی مانیفستۆیە، لەبەر هەرای ڕوانگە و زاڵبوونی بە سەر ئاسمانەی (فضاء) ڕاگەیاندن، کەم بەرباسەکراوە.

لەو دیوانە بچووکە، دەگمەنیی وشە و وێنە و داڕشتە و فۆرمالیزم (شکلانییەت) و هزر پەیڕەو کراوە.

بێ: نووسەری وتار خۆی بە موڵکداری وشەی شیعری دەزانێت، وەلحال کە بەردیدەی بۆ دەکەم، دەبینم: کەمزانە (ئەم وشەیە بۆ ئێرەیە، هیوادارم پاشان لێی ببینم و بڵێم: پترزانە) لەبۆ من خۆی کردووەتە ڕەقیبچی و قەدەغەکار، ئەگەرچی مەبەستم بەراورد نییە، بەڵام هەقمە بپرسم: بۆ (فەرهەنگچەی زبرەکانی) شێخ ڕەزای شاعیر چ دەڵێت، من لە مێژە گوتوومە: شێخ ڕەزای بە دەرباوی گوفتار، نوێخوازی هێنا نێو شیعری کوردییەوە.

٨- نووسەر ئەم دوو تاکدێرییەی وەرگرتووە و خستوونیە بەر ڕاڤەی خۆی:

- زێڕ حەسادەت بە تەنەکە دەبات و زێدە ئێرەییشی بە ژەنگەکەیەتی!

- لە زەویلەرزە مەپرسە بۆ واتکرد!

ڕۆشناکرنی بەر تیۆرەکانی خوێندنەوە، خوێنەر ئازادە، چۆن هەردوو تاکدێرییەکە بخوێنێتەوە، من ناو لەم جۆرە دەنێم (لاخوێنی) بۆ هەر کەسێ ئەوەندەی پێ دەکرێ، لە بنەڕەتا هەر تاکدێرییەک (فرەخوێنی) هەڵدەگرێت. لێکدانەوەی (زەویلەرزە) من دەباتە لای ناهۆیی کە ئەویش بریتییە لە فرەهۆ و ئەگەریش.

٩- لەدوا خاڵی ژمارە ٦ وتارنووس خۆی کردووە بە زمانزانێک، بە کەچتەرازووی خۆی دەکەوێتە هەڵسەنگاندنی دوو شاعیری هەرەدیار و ئەزموونذار، پێیوایە بە پارسەنگی پەسندکاریی (... تر) بۆی ئاسانە بنووسێ (وردتر) و (لێزانانەتر)، لە هەمانێکا، خۆی زمانەکەی کلێشەدارە، من ئەلێرە لە ئەمڕۆییدا، پێشبینییەکی بۆ دەکەم و دەرفەتی (ئایندایەتی) بۆ دەرەخسێنم و دەڵێم: (تێورد بە) و (تێزان بە) تا بگەیتە ئاستێکی شیاو.

١٠- وتارنووس ڕەچاوەی ڕێنووسی ناوی باوکمی نەکردووە، من نوسیومە (عەبدوڵڵا) بە لامێک سووک، ئەودا لامێکی قەڵەو، ئەو، ئەم بە دوو حەوتیلە جووتلامەی قەڵەو کردووە، ئەمەش (هەڵەیەکی باوە) و پێموایە فۆنەتیک و دەمودووی کوردانە نایەژێ، لەم جێیە دراوسێتی جووتلامی سەر بە حەوتیلە نابێ، فۆنۆتیک تووشی پفدان و داپەستان دەبێ، بۆ هارمۆنی دەنگبێژە و دەنگرێژە: یەک لەو دوو لامەی ناوەکە، سووک دەکرێت (لامی بێ حەوتیلە / لامی حەوتیلە بە سەر) ئەبەم شێوەیە: عەبدولڵا / عەبدوڵلا. پاشوپێشەی ئەمیش هەر ڕاستە.

١١- کە دیوانی (نانۆ تاتۆ دەکەم) چاپ کرا، نووشیعری کوردی کەوتە نوودەمێک، خۆم لێرە دەبمە ڕەخنەگری خۆم و لەکنم وایە: سەنعەتی (تەکنیک و چنیک+ ژیریک) لەو تاکدێرانە ئاسانە و ئاسان نییە، تێدا: وشەی نەدیار دەدۆزرێنەوە و کپکراو ئازاد دەکردێنەوە.

**سەرچاوە و فەرهەگچە و لێدەرچە:**

- چەند پووشێک بۆ هێلانەیەکی تر. کۆمەڵە بابەتێکی ئەدەبی و ڕەخنەیی یە، ئیسماعیل تەنیا، هەولێر، چاپخانەی منارە، ٢٠٠٠.

- **ئاوی هیراکلیتۆسانە:** هیراکلیتۆس و کورتەناوەکەی

(هیراکلیت)ـــە، فەیلەســووفێکی یۆنانییــە، لــە دەوروبــەری (٥٤٤- ٤٨٤ پ- ز) ژیــاوە، (نموونــەی ئاو)ــەکەی زۆر بەناوبانگــە، دەڵــێ: (تــۆ ناتوانــی دوو جــار بچیــەوە نــاو هەمــان ئــاوی ڕووبــار، چونکــە لــە جــاری دووەمــت، ئاوەکــە گــۆڕاوە و دەگــۆڕێ) لەمــەوە ڕاگواســتەی نووســین کــراوە، واتــە بــەردەوام گۆڕکێــی وشــە و شــێواز پەیڕەومــە.

- **ئەودا:** ئەوجا.

- **ئەهێــو... ترهێــو:** ترحێــو، بێژەیەکــی صوڕمانــە و تایبــەت بــە زەلامانــی دێ و بنــدێ، کەســێ لەنــاو ئاخاوتــن گوێــی لــە شــتێ دەبــێ کــە بــە دڵــی نەبــێ، بــە نیوەبڵندایــی دەنــگ دەیڵــێ.

- **پۆپشــێتی و پۆپژێــری:** لووتکــەی شــێتی و ژیــری.

- **تێیەی:** ناواخنەکەی.

- **چنیک:** گرێچن / حبكة plot.

- **حەوتیلە:** نیشانەی حەوتی سەر و ژێر پیت.

- **خەریکدار:** مژوولدارەی کارێکە.

- **دەئاشنێن:** ئاشنادەبن.

- **دەدووری:** دەدروێ.

- **دەراوێژە:** دەرهاوێشتە.

- **دەریاو:** دەرەوەی کارپێکراو.

- **دەنگرێژە:** مەبەست پیترپسمەی دەنگە.

- **دواترەی:** پاش ئەوانەش

- **ڕەشــەکۆمدیا:** کورتکــراوەی ڕەشــەکۆمیدیا، خەنیــن بــە هەســتێکی خەمــاوی.

- **شــارەواری:** خەڵکــی کــوردەواری کــە دەبنــە شارنشــین، بە هەمان داب و ڕەفتاری نیمچەگوندانەی جارانیــان، هەڵسوکەوت دەکــەن.

- **ژیریک:** لۆژیک / منطق logic.

- **صــاڵ:** بێــژەی خۆشــدەنگەی (ساڵ)ــە، لــە قســەکردن زۆر کــەس بــەکاری دێنی، لە نووســینیش کــەس...! مەگــەر خــۆم.

- **صوڕمانــە:** شاشــین، تەعەججــوب. لێــرە پیتــی ڕەســەنی (ص)مــان گەڕانــدەوە جێدەنگە شــیاوەکەی خــۆی.

- **عەنبارەسۆت:** مەبەست کۆنینەی داڕزاو.

- **فامینە:** مفهوم (ج) مفاهیم/ concept


- **لە هەمانیکا:** لە گشتەیەکی هاوچەشن.

- **لێکعەوداڵ:** لێکشەیدا، لێکئاشق.

- **مەعلان:** وەستای دەسباڵا.

- **ناهۆیــی،** نەهۆیــی: هۆیەکــەی دیــار نییــە/ اللاســببية.

- **دەقنــووس:** (تەنیــا بــۆ زانیــن) زاراوەیەکــە و داتاشــینی خۆمــە، پێــش ژمارانێــک ســاڵ، کەوتــە نــاو نووســین، ئەمــە یەکێــک لــە دەیــان بەرهەمــی فراوانکردنــی زاراوەســازیمانە.




# کۆلارەکانی سپی سەنگ

## (خوێندنەوەیەکی ڕیالیستیانە)

عومەر محەمەدی
(شنۆ)

### ئاماژەیەکی ناوەرۆکی و کورت لەسەر پێشینەی ڕۆمان

ئەگەر لە بابەت مێژوو و ناوەرۆکەوە سەیری ئەدەبیاتی چیرۆکیی منداڵان بکەین، زۆربەی بەرهەمە چیرۆکییەکان بە بنەمای خەیاڵی و فانتێزی و ڕیالیستی، ڕەچەڵەکیان دەگەڕێتەوە بۆ ژانری حیکایەتەکانی زارەکی و بەشی ڕیالیستی چیرۆکیش ڕاستەوخۆ، یان ناڕاستەوخۆ ئەندێشە و ڕوانگەی گەورەساڵان بە شێوەی ڕێنمایی و ئامۆژگاری چ لە قاڵبی چیرۆک و چ لە قاڵبی مەنزوومە شیعردا ڕوانگە و ژانری ئەخلاقی لە خۆ دەگرێ. بایەخەکانی ئەخلاقی لە ساڵانی ١٩٧٠ بەم لاوە بە شێوەی تایبەت لە ڕێگای دەور و پەروەردەکردنی کەسایەتییەکانی چیرۆک ئاوڕی لێ دراوەتەوە.

ناوەرۆکی چیرۆک بەشێک لە تاقم و گرووپەکانی کۆمەڵ پێکیان دەهێنا، ڕوانگە گەلێکی جیاواز بە هەردوو باڵی نەرێ و ئەرێ ناوەرۆکی چیرۆکیان لەخۆ دەگرت. (ئینگلیس ١٩٩٣) گۆڕانکارییەکانی جیهانی لە ئاستی پیشەسازی و نیازی نوێی منداڵ، بنەمای پێشووی چیرۆک بە ئاقارێکی تردا دەبا و لەگەڵ سەردەم نوێ دەبێتەوە. ئەو وڵاتانەی کە لە بواری پیشەسازی و گەشەسەندن چەند هەنگاوێک لە دواتربوون، ڕۆمانی منداڵان گەشە و فراژووبوونی کەمتر بەخۆیەوە دیوە و هەر بە شێوەی نەریتباوانە ماوەتەوە و لەسەر بنچینەی پێشوو وەسەریەک نراوە و هەڵچوونێکی گۆڕانکارییانەی ئەوتۆی بە خۆیەوە نەدیوە، یان لەبن هەژموونی زمان و دەقێکی تر نووسراوەتەوە. بە گشتی دەتوانین بڵێین لەناو دەوڵەمەندیی کولتووری کوردیدا دەقێ ئەوتۆ نابینین کە بەو بنچینە دەوڵەمەندەیەوە خۆی لەگەڵ سەردەم

نوێ کردبێتەوە، جگە لەو چیرۆکە شیعرییانەی کە بە شێوەی نماد (ڕەفز) نووسراون، یان بە شێوەی کورتە چیرۆک نووسراون دەقێکی درێژ لە چیرۆک بە شێوەی ڕۆمان نابینین بۆ نیازی منداڵان نووسرا بن، نەخواستە ڕۆمانێکی داهێنەرانە لەو بابەتەوە خولْقابێ.

## پرسی بابەتیی ئەو ڕۆمانە

ئەگەر ڕۆمانی کۆلارەکانی سپی سەنگ نووسینی سەلاح نیساری، سەرەڕای حەول و تەقەللایەکی کلاسیکی بۆ نیازی منداڵان و مێرمنداڵان وەبەر چاو بگرین، ئەو پرسیارە دێتە ئاراوە: ئاخۆ تا چ ڕادەیەک توانیویەتی وەڵامی نیازی منداڵان بداتەوە؟

ئەو ڕۆمانە ژانرێکی کۆمەڵایەتی هەیە و کەمتر ئاوڕی وەبەشی سایکۆلۆژی داوەتەوە، ئەوەش بۆ کەش و تێمی ڕۆمانەکە دەگەڕێتەوە. هەروەک گوتمان لە کەشێکی کۆمەڵایەتیدا گەشەی کردووە. منداڵ لە دنیای گەورەساڵاندا دەژی و پێ دەگا، ئەوەی پێی دەگا و تێ دەگا لە دنیای دەرەوەی خۆیدایە، هەر لەوێشەوە گۆش دەکرێ و پێ دەگا. زانیارییەکان کەمتر لە دنیای دەروونی منداڵی تاووتوو دەکرێ، زانیارییەکانی چیرۆک زیاتر لە مامۆستا و کەسانی بازنەی دەرەوەی منداڵن، هەڵبەت بەشێکی بچووکی دنیای هونەری کەسایەتی تێدا دێتە بەرچاو، بەڵام لە زۆربەی بەشەکانی تر منداڵ پێویستی بە یارمەتی کەسانی تر هەیە، هەرچەند پێکهێنانی بەستێنەکەش خۆی گرینگە، بەڵام گرینگی زیاتر بۆ ئەرکی ئەخلاقی و بەرپرسانە دەگەڕێتەوە کە بۆی داڕێژراوە. «منداڵ و بنەماڵە ئەو باوەڕانەن کە لە ناو چوارچێوەی کۆمەڵایەتی و کولتووریدا وەک بارهەڵگرانی بایەخەمەندییەکان و باوەڕەکانی ڕەگەزی، ئەخلاقی و کۆمەڵایەتی بگۆڕ دەور دەگێڕن. (ڕوانگەکانی ڕەخنەیی لە ئەدەبیاتی منداڵان لاپەڕە ١٢).

زانیارییەکانی کۆمەڵ وەک بایەخمەندییەکانی کولتووری بۆ منداڵ گرینگە ئەوەشیان بۆ دنیای خۆیان دەگەڕێتەوە، چ لە ئاستی دەق و چ لە ئاستی کایەکردن بێ کە بە فێربوون و داهێنانی هونەری و تێکەڵکردنیان لەگەڵ دنیای مۆدێرن، بەشی گرینگی ڕۆمان پێک دێنن، وەک سازکردنی پێشانگە بۆ کارە هونەرییەکان، فیستیڤاڵی کۆلارە هەڵدان، یان هەر ئەو قوتابییانەی پێشوو کە ئێستا گەورەبوونە و لە پەیمانگەکانی هونەری و میکانیکی بە خەونی منداڵییەوە ئامێری وەرزێرییان دروست کردووە، دەتوانین ئاماژە بە چەند بڕگەیەک لەو بابەتەوە بکەین: ... ئەحمەد دەڵێ:

مامۆستا بە دار و تەختە ماشێنێکم ساز کردووە بیهێنم لە پێشانگا دایبنێم؟ (ل١٢١) ... هەرکەسە و بە دڵی خۆی کۆلارەی نەخشاندووە، خەڵکەکە بۆ حەوا دەڕوانن، دەستیان بۆ چاویان کردۆتە سێبەر... (ل١٢٦)...کوڕە جحێڵان هاتنە یاریدەی ئەحمەد و عەزیز بۆ دابەستن و هەڵواسینی (پنێلی تیشکی) و ئاوێنەی کارەباییان بردە سەربان و... (ل١٨٢)

دروستکردنی ژینگەیی ئارمانی و کەسایەتی یۆتۆپیا دیسپلینی نووسەری بۆ داهێنانی دەق پێویستە. کاتێ کۆمەڵێک شت دەدەین بە دەست منداڵ کە خۆی پازڵێک دروست بکا ئەگەر هەموو پارچەکانی پازڵ ئەندامی شتێکی دیاریکراو بن، بێگومان هەموو منداڵەکان شتێکی هاوشێوە دروست دەکەن، بەڵام ئەگەر ئەندامەکانی پازڵ هی شتگەلێکی جیاواز بن،

هەریەکەی شتێکی جیاوار دروست دەکات. ئەگەر منداڵ فێری جیاوازییەکانی دنیای دەرەکی بێ و سەرنجی ورد بدات بە دیاردەکان، لەو ئاستەدا دوو جۆر داهێنانی دەبێ:

**یەکەم:** دووبارەکردنەوەی ئەو شتانەی لە دنیای دەرەکیدا هەن.

**دووەم:** تێکەڵکردن و لێکدانی ئەو شتانەی لە دەرەوە هەن بۆ دروستکردنی شتێکی جیاواز تر. بۆ نموونە، خاتوون باغ هەرچەند تەمەنی لە منداڵ بەرەو ژوورترە لە دروستکردنی پەیکەرەکاندا ڕێک ئەو کارە دەکات، واتا پەیکەری جیاواز و فانتێزی دروست دەکات، با لە زمانحاڵی ڕاوییەوە بڕوانینە دەقەکە»: ڕۆژێک لەگەڵ قوتابیان چووم، ژوورێکی بەلاوەیە، یەکێ لە پەیکەرەکان زۆر سەرنجی ڕاکێشام، منداڵێک سەری هەڵۆیە، لاقی هەڵۆکە لەسەر پشتی شێرێکە، کلکی شێرەکەش کلکی ئەسپە. گوێچکەی گوێی مەیموونە. پەیکەرەکان زۆرتر ئاژەڵێکی خەیاڵین... (کۆلارەکانی سپی سەنگ لاپەڕە ٨٧)

هەرچەند ئامانجدارکردنی کەسایەتییەکان بۆ دەوری ئەرێنی دروستکردنی ئۆلگوویەکی ئەخلاقی باوەڕمەندانەیە، بەڵام ئەو تاریفە لە باشی و خەراپی تەنیا وەبیرهێنانەوەی جۆری ئامانجەکانە. شێوەی بەدەقکردن و پەروەردەکردنی کەسایەتی و دیاریکردنی دەور بە شێوەی تەکوزکراو و کۆنکرێت لە توانایی کەمتر نووسەردایە، بەڵام کۆلارەکانی سپی سەنگ ڕۆمانێکی ڕیالیستی عەمەلگەرایانەیە، نوسخەیەکە مامۆستای تێدا پەروەردە دەبێ و پەروەردە دەکات، ئەوەی زیاتر ئامانجی نووسەرە، دروستکردنی دنیایەکی واقیع لە ژیانی منداڵ و ژینگەیە. ئەوە ڕاستە لە کۆمەڵگەی کوردیدا ئێمەمانان تووشی هەست بە کەمایەتیکردنێک بووینە، ئەوەش خۆمان ئەو کەمایەتییەمان لە بنەڕەتدا نییە، بەڵکوو ئەو مافەیان لێ زەوت کردووین، ئازادی کردارمان بۆ ئەرک و داهێنان لێ بەربەست کراوە، لە ڕۆماندا نووسەر هەوڵ دەدات ئەو بەربەستانە بشکێنێ و ڕێکارەکان دەست نیشان بکات، بەرپرسایەتی و ئەرکی ئەخلاقی لە ڕێگەی کەسایەتییەکانەوە پێشانی منداڵ بدات.

## شێواز و ناوەرۆکی ڕۆمان تا چ ڕادەیەک بۆ منداڵ گونجاوە؟

چیرۆک کە لە کەشوهەوایەکی ڕۆمانسییانەدا پەروەردە ناکرێ و پەنجەرەیەکیش بە دنیای خەیاڵ و فانتێزیدا نەکراوەتەوە، ئەو چیرۆکە بە شێوەیەک لە شێوەکان دەکەوێتە خانەی ڕیالیستی کە لەم شێوە نووسینەدا، تێمێکی لە جۆرەکانی ئەخلاقی دەکەوێتە پشت چیرۆک و ئیسکلێت و بڕبڕەی ژانری چیرۆک پێک دێنێ، کەسایەتییەکان وێڕای هێندێک گۆڕانکاری تەمەنی و زەمەنی گۆڕانکاری ڕوانگەیی و ژینگەیی بەدوای خۆیدا دێنێ، ئەوەش بۆ ئەو ئەزموونە دەگەڕێتەوە کە نووسەر تێیدا گەورە بووە و هەروەها ئەو دۆخەی کە کەسایەتییەکانیش تێیاندا گەورە دەبن. ڕەوتی چیرۆک لە دۆخێکی ئەوتۆدا، هێڵێکی ڕاستەوخۆ لە ڕووداو و پێشهاتەکانە، وەبەرچاوگرتنی دیاردەکانی ناوچەیی و ژینگەیی، ئاستی چیرۆک لە کەرتێکی تایبەتیدا، هەر ئەو ڕەنگ و تێمە بە چیرۆک دەبەخشێ کە تێیدا خوڵقاوە. بۆمیناک، چیرۆکێک کە بۆ بارودۆخی هەژاری و ژیانی دێهاتی دەنووسرێ، جوغرافیای ژیانی کەسایەتییەکان و بارودۆخی دێهاتی پێوە دیارە، ئەوەش ڕەنگە بۆ ئەو کەسەی لە شار ژیا بێ بە هۆی نامۆیی لەگەڵ دۆخەکە لەوانەیە

نەتوانێ باش پێوەندی دروست بکات، بە واتایەکی تر خوێنەرێکی باش بۆ چیرۆک نەبێ، یان چیرۆکێکی باش بۆ ئەم جۆرە خوێنەرە نەبێ، بەڵام ئەوەی کە نووسەر لانی کەم بۆ ئەو کەرتە تایبەتە تا چەند دیاردەکان و کەرەستەکانی چیرۆکی وەستایانە بەکار هێناوە، تا خوێنەرانی ئەو بەشە لە جوغرافیای ژینگەی دێهات چێژی لێ دەبینن، دەبێ دەق وەک خۆ تاووتوو بکەین. کۆلارەکانی سپی سەنگ، هەروەک لە ناوەڕۆکەکەیەوە دەردەکەوێ، کەمپی خوێنەرانی منداڵ و مێرمنداڵانی لادێیی لەخۆ دەگرێ، یان لانی کەم هەڵقولاو لە ژینگەیەکی دێهاتە. قارەمانی سەرەکی چیرۆک کەسێکە بەناوی سامان، چیرۆک لە سەرەتاوە تا کۆتایی دەکەوێتە بن باندۆری کەسایەتیی سامان، قارەمانی سەرەکی لە ژیانێکی هەژارییەوە بە کۆمەڵێک کرداری ئەخلاقی پەروەردە دەبێ، بە جۆرێ کە قارەمان دەبێتە کەسایەتییەکی کاریزما و مامۆستایەکی شوێندانەر لەسەر منداڵانی قوتابخانە و خەڵک و ژینگەی دێ.

ئەوەی کە دەقی چیرۆک چۆن تاووتوو کراوە؟ کەسایەتییەکان بە نیسبەت نیازی دەروونی منداڵان چۆن پەروەردەکراون و چ پەیامێکیان بۆ منداڵان پێیە؟ چەند بەڵگەیەک دەخەینە ڕوو؟

دەق لە گۆشەنیگای کەسی یەکەمەوە، بە وەسفێکی کورتی ڕۆمانتیکی دەست پێ دەکات و دەگاتە بواری ئەخلاقی و بەرپرسانە، هەر بەو مەبەستەش کردارەکان شی دەکرێنەوە:

ئاوی خوڕێنکی حەوزە گەورە بە بەر دەرگەی ماڵی ئێمەدا دەڕواتە خوارێ، سەرسەوز و بۆرچین جووتە مراوییەکەی دادە ناسکێی جیرانمان ڕۆژ تا ئێوارێ دێن و دەچن. لێواری جۆگەکە بە قەوزە و فریزوو نەخشاوە.....

ئێوارێ باوکم هاتەوە ماندوو نەبینیم لێ کرد، لە حەوشە پاتۆڵە پڕ لە پینە و خۆڵاوییەکەی وەک هەموو ڕۆژێ داکەند...

گۆشەنیگای کەسی یەکەم لە ڕۆماندا دەبێتە هۆی سۆزداری و ڕەفتاری عاتیفی زیاتری خوێنەری ڕۆمان. نووسەر لەم گۆشەنیگایەوە زۆرتر ژیان و بیۆگرافی قارەمان، یان قارەکانەکان شی دەکاتەوە (ڕامسفیلد وەرگێڕ، کەریم زادە) هەروەک لە سەرەتاوە دیارە چیرۆک بە وەسفی کرداری و ئەخلاقی، بۆ مەبەستی دروستکردنی کەسایەتی ئۆلگوویی دەچێتە پێش، ئەم هێڵە خەتییە بۆ بەرەوژوور چوون و گواستنەوەی ئاستێک بۆ ئاستێکی تر لە کردارەکان، زمانێکی پاراوی بۆ تەمەن و نیازی بەردەنگەکانی ڕۆمان پێویستە، ئەوەش دەبێ دیالۆگەکان بە پێی وەسفی کردارەکان دارێژرێن، لە نێوان کردارەکانی دنیای ژوور و دەرەکی پێوەندی توندوتۆڵ هەیە و بۆشایی هەست پێ ناکرێ، هەر ئەوەش دەبێتە ئیسکلێتی ڕۆمانەکە. سامان وێڕای کارکردن لە دەرەوە بۆ یارمەتی بنەماڵەکەی زۆر بە ئاگایانە هەم وانەکانی باش دەخوێنێ و هەم کتێبە کوردییەکانیش دەخوێنێتەوە.

... بە نیازی کتێب کڕین، پێنج شەممە قەرتاڵە شین و تەرازووەکەم دەستدایە و خۆم گەیاندە بەردەرگەی مزگەوتی بازاڕ. هەرام کرد واکسی واکسی...»

کەسایەتی پێ بەخشین «بە قارەمان جۆرێک پەروەردەکردن و دەورگێڕی قارەمانی ڕۆمانە. نووسەرێکی ژاپۆنی بەناوی «ئێمائۆ هێرانۆ» بۆ ڕێنوێنیکردن و زانیاری پێدان بە منداڵان بە مەبەستی ئامانجدارکردنی نووسین بە شێوەی ئۆتۆبیۆگرافی نرخ و بایەخی ئەدەبی و نووسینی بە شێوەی مامناوەندی بۆ منداڵان دەستنیشان

کرد. نووسەر ئاماژە بە دەستەواژەیەک بە ناوی (identi fication)، واتا کەسایەتی پێ بەخشین بۆ ئەو پرسیارە کە منداڵ بۆ چی و چۆن دەخوێنی؟ ئەو گریمانە بە هێز دەکات کە منداڵ بە شێوەی زاتی و خۆویستانە بۆ لای ئەو کتێبە دەچێ کە خۆی تێدا دەبینێتەوە، هەر بەو پێیە دەکرێ بڵێین نووسەری ڕۆمانی کۆلارەکانی سپی سەنگ ئامانجی سەرەکی لەو ڕۆمانە بە هێزکردنی باری ڕۆشنبیری منداڵە، هەر بۆیەش لە سەتا نەوەدی ڕۆمانەکە کەسایەتیی مامۆستا و منداڵ و قوتابخانە و خوێندنەوەی کتێب و کتێبخانەیە. ئەو شێوازەش لە نووسین ڕێک ئەو بۆچوونەی ئەو نووسەرەمان بیر دێنێتەوە کە دەڵێ:

من لە ئەرکی خۆم ئاگادارم و تێدەکۆشم منداڵێک هەرکام لە کارەکانی من دەخوێنێتەوە جۆرێک ئامۆژگاری بکەم. ( رزمری استاگلیف)

هەرچەند بەشێکی زۆری ڕۆمان ڕێکار و ڕێنمایی مامۆستایە بۆ قوتابییان، بەڵام مەبەست تێگەیاندن و زانیارییە بۆ بە ئامانجدارکردنی دەق، زانیاری پێدانی ڕاستەوخۆ لە لایەن کەسێکی هەمووشتزانەوە، شێوازێک لە گێڕانەوەی گشتییە لەلایەن کەسێکەوە، ئەوەش شێوازێکی کلاسیکییە لە ئەدەبی چیرۆکدا. لەم شێوازەدا هەمووشتزان فەرمانی کۆنترۆڵی چیرۆکی بە دستەوەیە. خوێنەر بەدەم ڕیوایەتی قارەمانەوە و خۆی گوێگرە و زانیاری ڕاستەوخۆ وەردەگرێ. چالاک و ئەکتیڤ نییە، ناکەوێتە بەردەم پرسیار و گومانەوە. گێڕانەوەی زەین بۆ دواوە و هەڵپەساردنی بابەت لە گۆڕێدا نییە. خەسارەی ئەم چەشنە چیرۆکانە حوکمکردن لە سەر ڕاسپاردەکانە و فەرمانبەری بەردەنگە، بەڵام قازانجی ئەم شێوەڕیوایەتە، بەرفرەوانکردنی لایەنەکانی زمانە، هەم لە ئاستی گێڕانەوە و هەم لە ئاستی پێوەندیدان بە زاراوە زمانییەکان، بەلانی کەم لە زۆربەی بڕگە ڕێوایەتییەکاندا زاراوە زمانییەکانی وەک: دەستی ماندوو لەسەر زگی تێرە، پێڵووم قورس بوون، ڕێوییەکی گەڕیدە لە شێرێکی نووستوو باشترە، لەگەڵ ئاو و ئاور شەڕ بکەی، شڕەی خۆت لە قوڕ دەرێنە، قسەی بۆرە پیاوان دڵئازار نییە، ڕوومەتیان گوڵی کردووە و... ئەمانە بەشێکن لە نەستەقوێژی و پەند و ئامۆژگاری بۆ تەسدیقی ناوەڕۆک و خوێندنەوەی ڕۆمانی کۆلارەکانی سپی سەنگ.


سەرچاوە:

* کۆلارەکانی سپی سەنگ، چاپی یەکەم،٢٠٢٣ سوئد، ٤٩کتێب، نووسەر سەلاح نیساری.

* دیدگاههای نظری انتقادی در ادبیات کودکان، پیترهانت(١٩٤٥) مترجمان، علیرضا کرمانی، علیرضا ابراهیم آبادی، انتشارات کوثر فاطمی١٣٨٢.

* شناخت ادبیات کودکان: گونهها و کاربردها از روزن چشم کودک، دونانورتون، ساندرا نورتون، ترجمه منصور راعی، ثریا قزل ایاغ، رضی هیرمندی ...خانه ترجمه کودکان و نوجوانان ١٣٨٢.

* صحنه پردازی در رمان، ریموند رامسفلد، ترجمه عبدالله کریم زاده، انتشارات سوره مهر١٣٩٢.




# جوغرافیای برک و ژان

**(بەڵام تۆ هێمن بە با لە هەنیسکدا نەخنکێ (خوێندنەوەیەک بۆ ڕۆمانی پێنجەمین کتێبی خودا)**


**عابید حسەینی**
**(سەقز)**


* با بە ڕکێش ڕکێشی ڕستە شیعراوییەکان بچینە بەر دەلاقە شینکەی پشت وێنەکانی ئازار و لە خوێنی خۆماندا کاڕێز لێ بدەین.

* با بە هەناوی جەرگبڕی مێژووی کارەساتەوە، خوێن دەڵێن بچینە بەردەم قەڵەمی حیلەکوژیاو.

* بە ژانەژاوی متوربەکراو لە مۆخەکانماندا گێرەی جەغزئاسای جوغرافیای غەدر بکەین.

* ئەم کتێبە ئینجیل شێوە چوار دەروازەی گرێژنە ژەنگاوی بە جیرە دەکاتەوە تا جوغرافیای غەدری ئاوس بە ژان دەروو بکات، پەشێوئاسا وەک تاجەگوڵینەی سەربازی ون، پێمان دەڵێ لە یەکەم هەنگاودا " لەهەر جێگایەک هەبی، پێ بە خۆڵەمێشدا مەنێ، دەشێ گریانێک لە ناخیدا نووستبێ!! لاپەڕەی ١١١.

*** یانەی هەزارەزێڵەی تەم**

ماڵە گوندێکی ئەفسووناوی ژانکردووە بە قەد پاناتا و ڕووبەڕێکی دنیاڕووخاوەوە، بە گۆڕستانی هەزارەزێڵەی مەرگەوە، چەپەک و چەپەر لە ناوەندی جوغرافیای ژاندا، بە تەماییە ملوانکەیەکی کووژەکە لە:چاوەڕایی کچێک، لە حەکایەتی نەبڕاوەی ژنێک لە وێنەیەکی تەلیسماوی بە ڕەنگی نەبووەوە، تا دەگاتە هەژموونی پایتەختەکان بگرێتەوە بۆ موزەی کەڕامەتی نەبووی مێژوو.

"دووکەڵکێشی سەربانی ماڵەکان، هەناسەی خەڵکی ئەو دێیە، وەک دووکەڵی سۆپاکانیان بە دنیادا بڵاو دەکاتەوە." لاپەڕەی ٢١٣.

*** قۆزاخەی کوڕێک**

لە تەمتومانی ڕەگەوە کوڕێک خوێنجمانیەتی، شانەخانەکانی

لەشی، شریتی عومری ڕابوردوویان بە ماک تۆمار کردووە، "کاکۆ" لە وڵاتی دۆکیومێنت و بەفرەوە، ڕەگەژان دەیگرێ، پەڵپی ئازار ختووکەی دەدا، جینگڵی ڕەتاندن هەڵیدەگڵۆفێ. سوکنایی و ئەهوەنی وشەی نێو هەنبانەی مێشکی کوردنین، مەلۆتکە پێچ، خەو بە خوێنەوە دەبینن، کاکۆ، شاراوەی قوڕوقەپی بزەی ڕووکەشی ساردە، لە خانووی گرێدراوی پڕ نهێنی زەماوەندی ئازار بەدی هاتووە، خۆ دەربازکردن، لەمپەر و کەنار دڕۆیەکی زلە و خۆ لە خشتەبردنە، لەنێو زریق و بریقدا، خۆحەشاردان و خۆ فریودانە، دەستی تەزیو، کەوشی ڕزیو، باڵی بەزیو، خۆ دەدۆڕێنن، خۆ وێژی دەکەن. بنەماڵەیەک بە گۆڤەندی ئازار پێک دێت، دەیانەوێ مۆسیقی بخنکێ و بریقەی مووس نەڵێتەوە، دەیانەوێ کتێب زەرنیخ لە چاوی وشە بکات و نەدرکێ، بەڵام خوێنجمانە، ڕەگ و بنچک تاتکێیانە، لە دووی مشتێک خۆڵی هەڵگرتوو دەگەڕێن. کاروان بەردەوامە و سەفەر دەچێتە هەناوی کاکۆی فرچک گرتوو بە ژانەژاوەوە.

کاکۆ بەرهەمی ژەمەژانی کوردێکی جوغرافیای مەرگ و ئەرمەنێکی خاچ لێدراوە، پەلپیتکەی مێژوو، هەڵی دەگرێ لە شوێن نهێنی ئەفسووناوی ڕۆدەکات. وێڵ وێڵ دەچێتە نێو جەستەی حیکایەتی ئەنفال و بە پیری لە دایک دەبێت.

"لەگەڵ دەرکەوتنی خۆر بۆ ئەبەد، دەبێتە، ئەمیری چاوەڕوانی و کلیلی دەرگایەکی دەدرێتێ لەودیوی ئەفسوونی مۆسیقاوە." لاپەڕەی٣١٨.

*** کولتووره جیاوازەکانی وێچوو**

"سەرشێتی کورد لە هەڵپەڕیندا، گووپی بە هەتاو سووتاوی زوڕناژەن، پێکەنینی ڕیزە کچێک. لە گەلێکی بۆچەک و کرووز لێ هەستاو، لە پیاوێکی قامکە وردیلە بە ناو ژەنیار، دەچێتە حەزی ژنێکی وێچوو، بە ناو ئارتووش کوردە لە خێڵی ئەرمەنی بە کولتوور و ئایینی جیاوازی خۆیەوە، بە هەمان چاخ و سەردەمی زەلکاوشێوە. لە ژامەژانەوە، بە پێخواسی دەفڕێن تا جوغرافیای غەدر لە بیر بکەن، تا لە نێو، ژیانی شووشەبەندی ڕزگاری ئاوێتەی بێ هەواڵی ببن، تا هەر خۆ و لەشی پەرداخی خۆیان بکەن بە براوەی هەڵسووڕان، تا لێڕەواری کامەرانی لە قەراخەئاوی نەرمونیانی بژین، تا چێژی ئاڵۆش و لەشدا بەڕەتێن، بەڵام ڕەگی داکوتاو، مێشکی فرچک گرتوو بە هەتاوی ڕۆژهەڵاتی ناوین، تەزوو دەخاتە لەش، دوای تێربوون لە حەز و خۆت و چێژ چی؟ بیرەبیرە ناتهێڵێ تۆ لە خاکێکی تردا پنچکت داکوتراوە. "سەربوردەی منداڵی ونبوو لە پیریدا، لە دایکبوون لە سەر پشتی کەرێکی دێز" دەبێتە تەمەن و بەدڵڕەقی دەچێتە ناو پێستەوە.

* لەم کتێبەشیعراوییەدا، کەسانێکی زۆر هاتوچوو ناکەن، بنەماڵەیەکی گرێدراوی مۆسیقی و ژان. ئەرکی سەرەکی، کاکۆیە، دایکی ئارتووش کوردە و باوکی ژەنیاری موراد بەگ. چێشتلێنەری بە تاموچێژ و داڵدەی ژان و شینگێڕی چەقاوەسوو، نازجەواهیرخانی گوندە. کچێکی لە بۆنی بەهەشت ئامادە داناوە تا کاکۆی پێ بنێرێتەوە بۆ نێو باخی خەون." ئەو هەموو حەکایەتە چی بوو، بۆ ئەم پیاوەم گێڕایەوە، بێ ئەوە گوێم لە دەنگی بێت، هەستم دەکرد دەپرسێ."

* کەسانێک دێنە بەر چاوت وەک تابلۆ

بیانکێشـــەوە، ئەوەنـــدە جـــوان قەڵافەتیـــان و ناخیـان بێ بۆیەنبـاخ دیـارە.“ پیرخـدری شـالیار جەمەدانەکـەی لـە بـن باڵـی قایـم کردبـوو، پرچـە درێـژە نـەرم و سپییەکەی بە سـەر شـان و دەم و چاویـدا هاتبـووە خـوار، ئـەم شـالیارە پیـرە دەم و چـاوی ئەوەنـدە سـوور و پەمەیـی بووبـوو، وات دەزانـی ئێستا نـا تاوێکـی دیکـە ئـەو سـەرە پیـرۆز و جوانـەی بـە ئیسـک و پێسـت و چاوەوە بـە سـەر شانیدا وەک خوێن و ئـاو دێتـە خـوار.“ کەسـانێکیش بـە پەلەپـرووزی خنراونەتـە نـاو ڕۆمانەکـە وەک مەسـتوورەخانی ئـەردەڵان و شـەیدا.

**لەگەڵ دێڕەکان بیری چی دەکەیتەوە.**

لـەم ڕۆمانـەدا، جەبـار جەمـال غەریـب زۆر بـە هەسـت و نەسـتەوە ڕوحـت تـەژی دەکات لـە ئیحساسـاتێکی پەتـی. لـەم ڕۆمانـەدا دەچیتـە لای کتێبـی وەرگێـڕ و نووسـەری گـەورەی بانەیـی ئیبراهیم خانـی یوونسـی و“ نـزا لـە بـۆ ئارمـەن“ . لێرەدا دەبینـی ڕەگـەز هەڵکێشـانی ئەرمەنییـەکان دەسمایەی نووسـەرە، نـەک بـن مایـەی سـەرەکی . نووسـەر ناتوانـێ وەک ئازارەکانـی ئەنفـال و هەڵەبجـە بچێتـە ناخـی دەردی ئەرمەنییـەکان و تەنیا کردوویەتـی بـە پـردی گوزەر بـۆ دەربڕینـی قووڵـی ئـازارە قەتماخـە بەسـتراوەکانی ناخـی گـرژی خـۆی. لـەم ڕۆمانـەدا، ئەورووپاچـوون بـۆ ئـەوەی لـە خۆتـدا گوم ببـی لـە بـەر چـاو گیـراوە. کەسـایەتی فارسـێک و ژەنیارێـک بـە ئاڵۆشـەوە گـرێ دراوە. لـەم ڕۆمانـەدا مۆڵـەت بـۆ مـردن وەردەگیـرێ. لـەم ڕۆمانـەدا دەڵـێ :“ قـەدەری ئـاو ڕۆیشـتنە. تـا دەتوانـی بـژی و چاوەڕێـی هاتنـی درەختێـک بکـەی.

*** دەرەنجام:**

بخوێنـــەوە، هەڵبژێـرن، ڕاڤەبکـەن، بنووسـن و بناسـێنن و هەڵـی فڕێننـە نێـو مێشـکەوە چمـا: ”ئـەو دڵانـەی دەفـڕن هێنـدە تەنک دەبنـەوە کە هیچیـان لـە سـەر نانووسـرێ!

# چەپکێک نامە

**ئا: سەرنووسەر**

*** نامەی یەکەم**

(لە ئەرشیفی م. تایەر ئەحمەد حەوێزی)یەوە:

نامەیەکی محەمەد تەیموور بۆ عومەر عەبدوڵلا (١)

بۆ مامۆستای هەرە بەڕێز کاک عومەر عەبدوڵڵا

ڕۆژ باش

کاکە گیان چوونت بۆ (سووسێ) (٢) لە بەرژەوەندی من نەبوو، هەمان کاتیش دەڵێم سەفەرێک (ی) خۆش و گەڕانەوەیەکی خۆشتر. کاکە گیان.. ماوەیەکە خەریکی کۆکردنەوەی شانۆگەرییەکانی کوردیم و دەگەڕێم گشتیان کۆ بکەمەوە. زۆر قسە و ڕاڤەی فرەچەشن هەیە دەربارەی شانۆگەری (کچی کوردستان) (٣) گوایە شیعر بووە، یا دەقێکی خۆمانی بووە، هەرچەندە کاکە تاهیر ئەحمەد حەوێزی (٤) و برامان کاک عوسمان عەونی حەبیب (٥) بە گوێرەی توانا هیچ درێغییان نەکرد لە یارمەتیدانم، بەڵام هەموومان وامان بە باش زانی باسی شانۆگەرییەکە لە دەمی جەنابت ببیستین، ئەوە دووەم جارە بێ (ی)نە ماڵتان، بە داخەوە چاومان پێت نەکەوت، ئینجا تکایە گەر دەتوانی ئەو خاڵەمان بۆ ڕوون بکەیتەوە و بیدەیتە کاک عەونی، یا کاک تاهیر تا بتوانن بەهۆی کەریم شارەزا (٦) بۆمانی ڕەوان بکەن بۆ هەولێر.

١- کچی کوردستان، چەند پەردە بوو؟

٢- کێ دەری هێنا (؟)

٣- ئەکتەرەکان کێ و کێ بوون (؟)

٤- کێ ماکیاج و دیکۆری ڕێکخست (؟)

٥- جاری یەکەم چەند ڕۆژی خایاند (؟)

٦- جاری دووەم چۆن بوو (؟)


٧- ئایا ....؟ جەنابتان هاتن بۆ هەولێر کە لە هەولێر پێشکەش کرا لە چایخانەی (کەکوو) (٧)، گەر ئێوە لە هەولێریش بەشداریتان تێدا کر(د)، کێ و کێتان لەگەڵ بوو (؟).

٨- گەر (کچی کوردستان) تەرجەمە بێ، هین کام کاتبە (؟).

٩- کێ ئەو شانۆگەرییەی هێنایە کۆیسنجەق (؟)

١٠- کێ تەرجەمەی کرد (؟)

١١- ئایا هیچ ئافرەتێک بەشداری کردووە لە


بۆ مامۆستای هەرە بەڕێز
کاک عمر عبدالله
ڕۆژباش
کاکە گیان چوونت بۆ (سووسێ) لە
چەند ڕۆژ و شەوێ من تەنیا هەمان کاتیش
دەڵێم سەفەرێکی خۆش و گەڕانەوەیەکی
خۆشت
کاکە گیان ... ماوەیەکە خەریکی کۆکردنەوەی
شانۆگەرییەکانی کوردیم و دەمەوێت گشتیان
کۆ بکەمەوە. زۆر سوپاس ئەگەر زانیاریت
هەیە دەربارەی شانۆگەری (کچی کوردستان)
کوایە یەکەم جار پیشان دراوە یا دەقێکی خۆمانی بووە
هەرچەندە کاک طاهر احمد حویزی برامان کاک

چ تەمسیلییە و شانۆگەری لە کۆیسنجەق، لە چ ساڵێک بوو، ناوی شانۆگەرییەکە چ بوو(؟) ئیتر خۆشیتان برای گەورەم.

ئیمزا

برای بچووکتان

محەمەد تەیموور/ هەولێر

١٩٨٠-٥-٣١

(١) عومەر عەبدوڵڵا: ناوی تەواوی (عومەر عەبدوڵڵا ئەمین)ـە، برای تێکۆشەر (عەلی عەبدوڵڵا)یە، ساڵی ١٩٠٩ لە گوندی سووسێ لە دایک بووە، کەسایەتییەکی ناسراوی شارەکەیە، هەر لە سەرەتاوە لە ماڵی کاکەی حاجی مەحموود لە کۆیە بە ئاڵای کوردستان سوێند دراون و لەسەر دەستی م. ڕەفیق حیلمی بووەتە ئەندام لە حزبی هیوا، بەڵام ژیانی سیاسی هەڵنەبژاردووە و هەر خەریکی گەڕان و گەشت و دانیشتن و گوێ گرتن لە ئاواز و مەقامات بووە، ساڵی ١٩٨٨ لە کۆیە کۆچی دوایی کردووە.

(٢) سووسێ: گوندێکی ئاوەدان و خۆشە، کەوتووەتە ناوچەی خۆشناوەتی و لە قەدپاڵی چیای سەفین هەڵکەوتووە، ڕەز و باخێکی زۆری لێیە.

(٣) شانۆگەری کچی کوردستان: ئەو شانۆگەرییە ساڵی ١٩٣١ لە شاری کۆیە لە قوتابخانەی سەرەتایی کۆیە پێشکەش کراوە، بەڕێوەبەری قوتابخانەکە مامۆستای عەبدولخالق قوتب بووە، قائیمقامی کۆیەش ئەوکاتە (جەمیل ئاغای حەوێزی) بووە، دەقی شانۆگەرییەکەش ئامادە و وەرگێڕان و سیناریۆی (م. عەبدوڵڵا سامی)یە، کۆمەڵێک مامۆستای بەهرەداری تێدا بەشدار بووە، لەوانە: فاتیح مستەفا، جەلال حەوێزی و زەکی هەناری، بۆیە سەدایەکی باشی هەبووە و لە شار و دەوروبەریدا دەنگی داوەتەوە.

(٤) تاهیر ئەحمەد حەوێزی (٥) عوسمان عەونی (٦) کەریم شارەزا، ئەو ناوانە لە ژمارەکانی پێشوودا لە بارەیەوە نووسراوە.

(٧) چایخانەی کەکوو، یان کەکۆ: لە پاش سۆراخێکی زۆر، هیچ زانیارییەکمان لە بارەی ئەو چایخانەیەی شاری هەولێر بە دەست نەکەوت.

(٨) محەمەد تەیموور: ساڵی ١٩٣٨ لە شاری هەولێر لە دایک بووە، قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی لە هەولێر تەواو کردووە. دەرچووی خانەی مامۆستایانە لە ساڵی ١٩٦١، هەرچەندە لە کۆتایی پەنجاکان دەستی بە خوێندنەوە کردووە، بەڵام لە سەرەتای حەفتاکانەوە دەستی بە نووسین لە بواری شانۆ و دراما کردووە. لەبەر هەڵوێستی نیشتیمانی و بیروباوەڕی چەپ، لە سەرەتای هەشتاکانی سەدەی ڕابوردوو بۆ ماوەی شەش مانگ لە دایرەی ئەمنی هەولێر گیراوە و ئەشکەنجە دراوە. لە دوای ڕاپەڕین لەگەڵ خێزانەکەی ڕوویان کردووەتە ئەمریکا، لە ئاداری ٢٠١١ هەر لەوێ کۆچی دوایی کردووە، لە ساڵی ٢٠٠٨ کتێبێکی بەناوی (دەروازەیەکی ڕەخنەیی

درامای نوێی کوردی) چاپ کردووە، بە دەیان وتار و بابەتی ڕەخنەیی لە بواری شانۆ و دراما لە گۆڤار و ڕۆژنامەکاندا بڵاو کردووەتەوە.

### * نامەی دووەم


هەولێر

١٢-٩-١٩٧٦

برای بەڕێزم کاکە تاهیر

دەستەکانت دەگوشم و هیوادارم هەردەم لە خۆشیدا بن.

دوێنێ بەهۆی مامۆستایان: ڕەشاد عەلی ئەمین (١) و فەوزی عومەر حەسەن (٢) شەوچەرەکە و عەریزەکەتان و کیتابی فەرعی هەولێرمان بۆ ناردنە نەقابەی مەرکەزی لە بەغدا، (وە) ئەوا صورەتێک لە کیتابی نەقابەمان بۆ ناردن، تۆش ئاگاداری عەبدولڕەزاق بیمار، یا هەر مامۆستایەکی ناسیار و خۆیی بکە بۆ ئەوەی لەوێ بۆت تەعقیب بکەن، ئیتر سڵاوی زۆرمان بۆ زێنەب خان و چاوی وردیلەکان ماچ دەکەین. سەلام لە فرەیدوون (٣) دەکەم،


هەولێر

برای بەڕێزم کاکە طاهر

١٢/٩/١٩٦٩

دەستەکانت دەگوشم و هیوادارم هەردەم لە خۆشی دابن.

دوێنێ بە هۆی مامۆستایان رشاد علی أمین و فوزی عمر حسن شەوچەرەکە و عریضەکەتان و کتابی فرعی هەولێرمان بۆ ناردنە نقابەی مەرکەزی لە بەغدا، وە ئەوا صورەتێک لە کتابی نقابەمان بۆ ناردن. تۆش ئاگاداری عبدالرزاق بیمار یا هەر مامۆستایەکی ناسیار و خۆیی بکە بۆ ئەوەی لەوێ بۆت تعقیب بکەن. ئیتر سڵاوی زۆرمان بۆ زینب خان و چاوی وردیلەکان ماچ دەکەین. سەلام لە فریدون دەکەم پێی بڵێ: سەری مانگ بە هۆی تاهیر بەگی سایەق دەفتەر خدمەی خاڵی و نامەیەکم بۆ ناردیە ئایا وەری گرتیە یان نا؟

ئیتر هەر خۆش بن برا.

براتە

کریم مصطفی حوێزی

پێی بڵێ: سەری مانگ بەهۆی تاهیر بەگی سایەق (٤) دەفتەر خدمەی خاڵی و نامەیەکم بۆ ناردییە، ئایا وەری گرتییە، یان نا؟

ئیتر هەر خۆش بن برا.

برات

ئیمزا

کەریم مستەفا حەوێزی

(١) ڕەشاد عەلی ئەمین: لە ژمارەکانی ڕابوردوودا لە بارەیەوە نووسراوە.

(٢) فەوزی عومەر حەسەن: لە ژمارەکانی ڕابوردوودا لە بارەیەوە نووسراوە.

(٣) فەرەیدوون: ناوی تەواوی فەرەیدوون محەمەد حەمەد مستەفایە، لە ژمارەکانی ڕابوردوودا لە بارەیەوە نووسراوە.

(٤) تاهیر بەگی سایەق: یەکێکە لە شوفێرە کۆنەکانی شاری کۆیە، ناوی تەواوی تایەر حەوێز سەعیدە،ساڵی ١٩٢٧ لە کۆیە لە دایک بووە، لە ساڵی ٢٠٠٧ هەر لە کۆیە کۆچی دوایی کردووە. باپیری سەعید بەگ لە کۆیە چەندان گومەزی لەنێوان کۆیە و تەق تەق دروست کردووە بۆ ئەوەی کاروانچی و خەڵک تێییاندا بحەسێنەوە، ئێستا لە شاری کۆیە، لەلای گۆڕستانی عارەبیان، گومەزێک هەیە بەناوی سەعید بەگ هەڵدەدرێتەوە.

### * نامەی سێیەم

هەولێر

١١-٤-١٩٧٠


برای بەڕێزم کاک تاهیر ئەفەندی

ڕۆژتان باش: دەستەکانت دەگوشم و هەردەم داوای خۆشیتان بۆ دەکەم. کیتابێکی نوێمان لە مەعاریف دەرچواند بۆ فرۆشتنی کتێبەکانی مێژووی کۆیە، وا دەستمان بە بڵاوکردنەوە

کردییە.

وا چەند دانەیەک لە (نظامی) نیزامی داخیلی یەکیەتی (ی) نووسەرانی کوردم بۆ ناردی، بەلاش بەسەر ئەوانەی بە ئەندام وەرگیراون و هەر کەسێکی هەوەسی پێ دێ، دابەش بکە. وەک دەرکەوتووە ئەندامەکانی دامەزرێنەر لە بەغدا هەموو کەسێک ناناسن، بۆ (یە) گەلێکیان قبووڵ نەکردوون، (وە) بەشی زۆریان سلێمانینە، لە هەولێر ١٨ کەس وەرگیراون بە ئەندام بە منەوە، ٧مان کۆیینە و ١١ش لە ناوچەکانی تری هەولێر (ن).

لە بارەی پارەدانە (وە)، یەکەم جار ٢ دینار هەقی بەشداربوون و ١ دینار قستی یەکەمی ساڵانە، دەکا ٣ دینار پێویستە بدرێ، (وە) کۆنگرە لە ڕۆژانی ٧-٥ تا ٨-٥ دەبەسترێ لە بەغدا، لە پارێزگەی هەولێر بە کۆیەوە ٥٠ کەس ئیستیمارەی پڕ کردبۆوە، تەنیا ١٨ کەس وەرگیراون، جارێک لە ئیستگەی کوردی ناویان بڵاوکرایەتەوە، بە تەمان لە ڕۆژنامەکان و تەلەفزیۆنیش ئەندامانی کۆنگرە بڵاو بکەنەوە.



زۆر سەلام و ڕێزمان هەیە بۆ زێنەب خان و چاوی وردیلەکان ماچ دەکەین، داکی پشتیوان وا تازە لە نەساغی ڕاست بوویتەوە، زۆر سەلامتان لێ دەکا، ئیتر خۆشیتان.

برات

کەریم مستەفا حەوێزی

ئیمزا

**تێبینی:** ئەوا پێنج نامەی ڕەفز کراوم بۆ ناردن، تکایە بە خاوەنیان بکە، وا دیارە هەریەکەی سێ ئەندام تەزکیەی نەکردیین.


*** نامەی چوارەم**

<u>هەولێر</u>

١٩٧٠-٢-٢٨

برای بەڕێزم تاهیر ئەفەندی حەوێزی، ڕۆژتان باش

دەستەکانت دەگوشم، هیوادارم لەگەڵ زێنەب خان و منداڵەکان تەندروست و کارگوزار بن.



نامەی شیرینت هات، لەگەڵ نامە و شیعرەکانی ناوچەی ڕانیە و پشدەر بۆ مامە گیوی موکریانی (١)، هەر هەمان کات بردمن بۆ لای، بە سوپاسەوە وەری گرتن و سڵاوی گەرمی پێشکەشتان دەکاتەوە.

خەریکم کۆمەڵە کورتەچیرۆکێکی کۆمەڵایەتی گەپاوی ئەنووسمەوە لەژێر ناوی (باوکم گوتی) (٢)، (وە) کۆمەڵە هەڵبەستێکی نوێم ئامادە کردووە بۆ چاپ کردن، هەروەها ئەوا وردە وردە مێژووی ژیان و هەڵبەستی شاعیرانی کۆیی کۆدەکەمەوە بۆ بەرگی دووەمی (کۆیە و شاعیرانی) (٣)..

لە باری مێژووەکەتەوە. برا: لێرەدا خەڵک زۆر ڕوو قایم بووین، بە قسەی خۆش کتێب ناکڕن، بەڵام من ڕێگایەکی باشترم بۆ دیتییەوە، ئەوەش ئەوەیە: هەولێر نزیکەی ٦٥ قوتابخانەی سەرەتایی کوڕان و کچان و سانەوی و متەوەستەی لێیە، تۆش ١٣٠ دانە لە کتێبەکەت بنێرە بۆ لای مودیر مەعاریف کاک فایق (٤)، بۆی بنووسە بە دافیعی کۆیییایەتی و خۆییایەتییەوە، بۆم بدەنە موحاسیب لە کاتی مەعاش دابەش کردنا، هەر مودیرەی دوو دانەی بدەنێ با لە حسابی نیشاتی مەدرەسی بیکڕن، هەروەک مودیر مەعاریف وای کرد بۆ سەرف بوونی کتێبەکەی مەدحەت بێخەو (٥)، خۆ کتێبەکەی تۆ گەلێک فراوانتر و بەکەڵکترە لە هەڵبەستی دڵداری.. بۆ قوتابی و قوتابخانە، ئێمەش لە ئەوساتی مامۆستایان درێغی ناکەین بە دیعایە و قسەی باش بۆ خۆت و مێژووەکەی کۆیەمان.. ئیتر هەر خۆش بن برا.

برات

ئیمزا

کەریم شارەزا

(١) گیوی موکریانی (١٩٠٣ — ١٩٧٧/٧/٢٤): لە ژمارەکانی ڕابوردوودا باسی لێوە کراوە.

(٢) ئەو کتێبەی کە بەناوی (باوکم گوتی) باسی لێوە دەکات و کورتە چیرۆکن، تا ئێستا چاپ نەکراوە.

(٣) کۆیە و شاعیرانی: ئەو بەرگی دووەمەی لە چاپ دراوە، لە ژمارەکانی ڕابوردوودا باسی لێوە کراوە.

(٤) فایەق: مەبەست لێی (فایەق جەمیل)ـە، کە لە ژمارەکانی ڕابوردوودا باسی لێوە کراوە.

(٥) مەدحەت بێخەو: ساڵی ١٩٣٤ لە مەخموور لە دایک بووە، خوێندنی سەرەتایی لە هەولێر و دیبەگە و ناوەندی لە هەولێر خوێندووە. خاوەنی (١١) کتێبە، لەبەر هۆکاری سیاسی نەیتوانیوە خوێندن تەواو بکات، لە ژیانیدا زۆر جار گیراوە و لە بەندیخانە توند کراوە، چەندان جار خەڵات کراوە و ڕێزی لێ نراوە.


*** نامەی پێنجەم**

**قوتابخانەی هەڵگورد**

**١٤-١-١٩٧٦**

برای بەڕێزم مامۆستا تاهیر ڕۆژتان باش

هیوادارم سحەتتان باش بێ. کاکی برا: وا دوا حسابی شەوچەرەم بۆ ناردن، هیوادارم


قوتابخانەی هەڵگورد
برای بەڕێزم مامۆستا تاهیر ڕۆژتان باش
١٩٧٦/١/١٤
هیوادارم صحەتتان باش بێ. کاکی برا: وا دووا حسابی شەوچەرەم بۆ ناردن
هیوادارم ئەمجارە بەگەیشتنی ئەم معاشە گلەیی ... وەڵامیمان بدەنەوە بۆ
دڵنیایی. ئیدی سڵاوی زۆرمان بۆ زێنەب خان و داکی پشتیوان زۆر سڵاو
لە ئێوە و زێنەب خان دەکات و چاوی منداڵەکان ماچ دەکات. جلال الدین
سەلامتان لێ دەکات و الحمدلله صحەتیان باشە. کوڕەکانە دەستتانە
ماچ دەکەن و ئیتر خۆشیتان.
برات
کریم مصطفی شارەزا

ئەم جارە بەگەیشتنی ئەم معاشە گچکەڵەیە وەڵاممان بدەنەوە بۆ دڵنیایی. ئیدی سڵاوی زۆرمان بۆ زێنەب خان و داکی پشتیوان زۆر سەلام لە ئێوە و زێنەب خان دەکات و چاوی منداڵەکان ماچ دەکات. جەلالەددین سەلامتان لێ دەکات و ئەلحەمدولیللا سحەتیان باشە. کوڕەکان دەستتان ماچ دەکەن و ئیتر خۆشیتان.

برات

ئیمزا

کەریم مستەفا شارەزا

*** نامەی شەشەم**

کاکە تاهیر

حسابی شەوچەرەکەت.

هەروەکوو لە کاتی خۆیدا ئاگادارم کردنەوە کە لە جیاتی ١٠٠ دانە، ٩٨ دانەم گەیشتۆتە بەردەست.

٩٨ X ٢٠٠ = ١٩,٦٠٠ دینار نرخی هەمووی

١٩,٦٠٠ X ١/٥ = ٣,٩٢٠ دینار هەقی فرۆشتنی هەموو دانەکان بۆ خاوەن کتێبخانەکان

١٩,٦٠٠ - ٣,٩٢٠ = ١٥,٦٨٠ دینار هەقی خۆتان

١٣,٠٠٠ دینارتان بە دوو جار بۆ هات، ٧ دینار جارێک و ٦ دیناریش جارێک

١٥,٦٨٠ + ١٣,٠٠٠ = ٢,٦٨٠ دینار وا بۆم ناردی.

برات

ئیمزا

کەریم مستەفا شارەزا

١٩٧٦/١/١٤

*** نامەی حەوتەم**

<u>هەولێر</u>

کەریم مستەفا شارەزا


١٩٧٦/٦/٢٠


برای بەڕێزم مامۆستا تاهیر

ڕۆژتان باش: هیوادارم هەمیشە لە خۆشیدا بن. تازیەنامەتانم بە بۆنەی مردنی خاڵمەوە (٢) بە دەست گەیشت، زۆر سوپاسی هەستی بەرزتان دەکەین. ئێوە خۆش بن و خوا لەویش خۆش بێ، کاکم (٣) و ئازاد (٤) زۆر سەلامیان هەیە. دایکی منداڵان سەلام لە ئێوە و زێنەب خان دەکات و ئەو چەند ڕۆژە جەلالەددین نابینم، دوور نییە هاتبێتە کۆیە و لە ئێوە نزیکتر بێ، چونکە هەفتەکەی ڕابردوو دەیگوت لەوانەیە بچمە کۆیە.

ئیدی دووبارە سوپاس و هەر خۆش بن.

برات


کاکە طاهیر
حسابی شەوچەرەکەت.
هەروەکو لە کاتی خۆیدا ئاگادارم کردنەوە کە لە جیاتی ١٠٠ دانە ٩٨ دانەم گەیشتۆتە بەردەست.
٩٨ X ٢٠٠ = ١٩,٦٠٠ دینار نرخی هەمووی
١٩,٦٠٠ X ١/٥ = ٣,٩٢٠ دینار هەقی فرۆشتنی هەموو دانەکان بۆ خاوەن کتێبخانەکان
١٩,٦٠٠ - ٣,٩٢٠ = ١٥,٦٨٠ دینار هەقی خۆتان
١٣,٠٠٠ دینارتان بە دوو جار بۆ هات ٧ دینار جارێک و ٦ دیناریش جارێک
١٥,٦٨٠ - ١٣,٠٠٠ = ٢,٦٨٠ دینار وا بۆم ناردن.
برات
١٩٧٦/١/١٤


هەولێر
کەریم مستەفا شارەزا
١٩٧٦/٦/٢٠
برای بەڕێزم مامۆستا طاهیر
ڕۆژتان باش: هیوادارم هەمیشە لە خۆشیدا بن. تازیەنامەتانم بە بۆنەی مردنی خاڵمەوە بە دەست گەیشت زۆر سوپاسی هەستی بەرزتان دەکەین. ئێوە خۆش بن و خوا لەویش خۆش بێ. کاکم و ئازاد زۆر سەلامیان هەیە. دایکی منداڵان سەلام لە ئێوە و زێنەب خان دەکات و ئەو چەند ڕۆژە جەلالەددین نابینم دوور نییە هاتبێتە کۆیە و لە ئێوە نزیکتر بێ، چونکە هەفتەکەی ڕابردوو دەیگوت لەوانەیە بچمە کۆیە.
ئیدی دووبارە سوپاس و هەر خۆش بن
برات
کەریم مستەفا شارەزا

ئیمزا

کەریم مستەفا شارەزا

(١) خاڵی کەریم شارەزا: ناوی تەواوی (مستەفا عەبدولعەزیزی کاکی زینویێ)یە، دەکاتە خاڵی هەریەک لە ئەحمەد دڵزار و فریشتە و کەریم شارەزا، کە هەر ئەو خاڵەیان هەبووە، لە ساڵی ١٨٩٨ لە زینویێ لە دایک بووە، لە حوجرە فێری خوێندن و نووسین بووە و مۆڵەتی مەلایەتی بە دەست هێناوە، لە زینویێ و شێخ وەسان و سوێرێ و چەند شوێنێکی دی مەلای مزگەوت بووە. خاوەنی (٥) کچ و (١) کوڕ بووە، لە سەرەتای ساڵی ١٩٧٧ کۆچی دوایی کردووە.

(٢) کاکم: مەبەست لێی ئەحمەد دڵزارە کە لە ژمارەکانی پێشوودا لە بارەیەوە نووسیومانە.

(٣) ئازاد: مەبەست لێی ئازاد دڵزارە، کە لە ژمارەکانی پێشوودا لە بارەیەوە نووسیومانە.

## * نامەی هەشتەم

هەولێر

قوتابخانەی هەڵگورد

٣٠/ ٤/ ١٩٧٧

برای بەڕێزم مامۆستا تاهیر ڕۆژتان باش


هیوادارم هەردەم ژیان خۆش و ئاسوودە بن. کتێبەکان و ٣ لیفکەکەم لە کەیفی (١) وەرگرت، گوتی کرێ بار عائدی تۆیە، نیو دیناری لێ وەرگرتم هەقی ئۆتۆمبێل و تاکسی و لێرەش خۆم ٢٠٠ فلسم لێ دا تا دابەشم کردن بەسەر کتێبخانەکانی هەولێر، وا کرێ ٧٠٠ فلس حەممالی لەوسەر کە فرۆشران دەی گێڕمەوە، ئیتر هیوادارم ئەم ١٠٠ دانەیەش زوو ساغ بێتەوە (ببنەوە). سڵاومان بۆ زێنەب خان و داکی پشتیوان، لە هەواڵی هەردووکتان دەپرسی و دەڵێ: دەتگوت مامۆستا تاهیر لە دڵی ئێمەدا بوو و دەیزانی لیفکەمان نەمایە، زۆر سوپاس و باش جێی خۆی گرت. سەلام لە مامۆستا عەبدولمەجید و کاک ئیسماعیل و سەمەد ئاغا و سەمەد ئەفەندی و کاک حیسامەددین دەکەم. لێرەش جەلالەددین و مام ئەسعەد و کاک ئەرشەد سەلامیان هەیە. بە جەلالەددین م گوت لە بارەی تەعقیب کردنی موعامەلەی عەقاریت، گوتی: ئەو هیچ ڕەقەم و تەئریخی پێ نەداوم تا تەعقیبی بکەم، با بۆم بنێرێ و هەر خۆش بن.

ئیمزا

برات

کەریم مستەفا شارەزا

(١) کەیفی (٢) عەبدولمەجید (٣) کاک ئیسماعیل (٤) سەمەد ئاغا (٥) سەمەد ئەفەندی (٦) کاک حیسامەددین (٧) جەلالەددین (٨) مام ئەسعەد (٩) کاک ئەرشەد، لە ژمارەکانی ڕابووردوودا لە بارەیانەوە نووسراوە.


هەولێر - قوتابخانەی هەڵگورد
٣٠/٤/١٩٧٧
برای بەڕێزم مامۆستا طاهر ڕۆژتان باش
هیوادارم هەردەم ژیان خۆش و ئاسوودە بن کتێبەکان و ٣ لیفکەکەم
لە کەیفی وەرگرت گوتی کرێ بار عائدی تۆیە نیو دیناری لێ وەرگرتم
هەقی ئۆتۆمبیل و تاکسی و لێرەش خۆم ٢٠٠ فلسم لێ دا تا دابەشم
کردن بەسەر کتێبخانەکانی هەولێر وا کرێ ٧٠٠ فلس حەممالی
لەوسەر کە فرۆشران دەی گێڕمەوە. ئیتر هیوادارم ئەم ١٠٠ دانەیەش
زوو ساغ بێتەوە. سڵاومان بۆ زێنەب خان و داکی پشتیوان
لە هەواڵی هەردووکتان دەپرسی و دەڵێ: دەتگوت مامۆستا طاهر
لە دڵی ئێمە دابوو و دەیزانی لیفکەمان نەمایە زۆر سوپاس و
باش جێی خۆی گرت. سەلام لە مامۆستا عبدالمجید و کاک اسماعیل و
صمد آغا و صمد افندی و کاک حسام الدین دەکەم. لێرەش جلال الدین
و مام اسعد و کاک أرشد سەلامیان هەیە. بە جلال الدینم گوت
لە بارەی تعقیب کردنی مەعامەلەی عەقاریت گوتی: ئەو هیچ ڕەقەم و
تأریخی پێ نەداوم تا تعقیبی بکەم با بۆم بنێرێ و هەر خۆش بن
برات
کریم مصطفی شارەزا

به بۆنەی بیست و شەشەمین ساڵیادی دەرچوونی گۆڤاری (ڕامان)ـەوە

# ڕامان ئەو چرایە بوو کە زۆربەی پەپوولە شەیداکانی ئەدەبی کوردی لە دەوری خۆیدا کۆکردبووەوە


**بەکر دەروێش**
**(کەرکووک)**


سەرەتای نەوەدەکانی سەدەی ڕابوردوو کە دەستم بە نووسین و بڵاوکردنەوە کرد، لە ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکانی بەغداوە دەستم پێ کرد، بەهۆی هێڵی (٣٦)ـەوە دەستم نەدەگەیشتە بڵاوکراوەکانی کوردستان، بۆیە کاتێک هاتوچۆی هەولێر و سلێمانیم دەکرد کۆمەڵێ گۆڤارم دەکڕی، لەوانەش ڕامان بوو کە بە تاسووقەوە دەمخوێندەوە، زۆر مەراق بووم ڕۆژێک لە ڕۆژان بابەتێکی خۆمی تێدا ببینم، بەلامەوە نموونەی هەرە باڵای بڵاوکراوە کوردییەکانی کوردستان بوو، گۆڤارێک بوو پڕاوپڕ لە جوانی، لە داهێنان، لە شکۆمەندی، لە هەمووشی جوانتر ئەو تایبەتمەندییە بوو کە ئەم گۆڤارە هەیبوو، ئەویش ڕۆشنبیری و ئەدەبی پەتی بوو، گۆڤارێک کە ستافێکی ڕۆشنبیر و خەمخۆری ئەدەبیات بەڕێوەیان دەبرد، ئەمە هێندەی تر گۆڤارەکەی جوانتر کردبوو، بۆیە زۆربەی گەورە ئەدیبان و نووسەرانی کورد بابەتیان تێدا بڵاو دەکردەوە، بێ ڕەچاوکردنی جیاوازی بیروباوەڕ، هەموو یەک مەبەستیان هەبوو، کە ئەویش خزمەتکردنی ئەدەب و ڕۆشنبیری کورد بوو، ڕامان ئەو چرایە بوو کە زۆربەی پەپوولە شەیداکانی ئەدەبی کوردی هەر وەکوو ئێستا، بە باکوور و باشوور و ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاواوە، لە دەوری خۆی کۆکردبووەوە، ئەمە وای کردبوو زیاتر مەراقی ببم و حەز بکەم بەرهەمی خۆمی تێدا بڵاوبکەمەوە، بەڵام وەک دەڵێن هەموو جارێ (با) بە دڵی کەشتییەکان هەڵناکات، کارەکە وەک خۆی مایەوە، تا خوا کردی لە ٢٠٠٣ ڕژێمی بەعس ڕووخا، خوا شکورێکمان کرد، ئەوە بوو لە دوای ڕووخانی ڕژێم یەکەم چیرۆکی خۆمم لە گۆڤاری (ڕامان)دا بینی، بینینی دایک بۆ یەکەم کۆرپە، ئەگەرچی من پێشتر زۆر چیرۆک و وتارم لە شوێنەکانی دی بڵاوکردبووەوە، بەڵام بە بڵاوبوونەوەی ئەمەی ڕامان لە

نووسەریی خۆم دڵنیابووم، چونکە دەمزانی هەر بابەتێک ئەگەر ئاستێکی بەرزی هونەری و ناوەرۆکی نەبێت لە (ڕامان)دا بڵاونابێتەوە، ئاخر بەرهەمی ناو گۆڤارەکە لەلایەن کەسانی شارەزا و پسپۆڕەوە هەڵسەنگاندنی پێشوەختی بۆ دەکرا، پێش بڵاوبوونەوەی بە چەندان سەرەند و بێژنگی زمانەوانیدا تێدەپەڕی، هەر ئەمەشە وای کردووە ڕامان جێگای ڕەزامەندی و متمانەی خوێنەرانی بێت و ئەم تەمەنە درێژەی هەبێت، لێرەوە ببێتە تاقە گۆڤارێکی ئەدەبیی باشوور کە بتوانێ زۆر هەوراز و نشێو ببڕێ، لە شەوە تاریکەکانی شەڕی ناوەخۆ و شارچێتی و گرووپچێتی هەندێ نووسەری بیرتەسک، سەربەرزانە و بێلایەنانە ڕزگاری بێت، سەرەڕای قەیرانی ئابووری و هاتنی داعش و گێرەوکێشەی زۆری دارایی، ئەوەتا نووری ڕامان هەر دەگەشێتەوە و بڵێسە دەکا، چونکە گۆڤارەکە سەربەخۆیی خۆی پاراستووە و نەبووەتە بەشێک لەو مەعمەعەیەی لە دەرەوەی ئەدەب و ڕۆشنبیریدا هەیە.

لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا تایبەتمەندی گرنگە، بەتایبەتیش بۆ ئەدەب و ڕۆشنبیری، ئێمە نایەژین ئەدەب و ڕۆشنبیری پێوەندیان بە سیاسەتەوە نییە، نەخێر، سیاسەت چەقی ئەدەبە، بەڵام بە شێوازی ئەدەب، نەک ئەدەبێکی ساکار و ڕاستەوخۆ بچێتە ناو بابەتە ڕامیارییەکانەوە، هێشتنەوەی ئەم مەودایە لەنێوان ئەدەب و سیاسەتدا سەرکەوتنی (ڕامان)ی زامن کرد و بەمرۆی گەیاند، ئەوەی من دەیڵێم زیادەگۆیی و مامەخولەیی نییە بۆ ڕامان و ستافی بەڕێوەبردنەکەی بەقەد ئەوەی هەقیقەتێکە، بەلای کەمەوە بۆ من، گۆڤارێک بتوانێ بیست و شەش ساڵ زیاتر لە بەخشین بەردەوام بێت، کەم نییە، بگرە جێگای ڕێز و تەقدیرە، ئەمە ئەگەر خەڵکانێکی دڵسۆز و ماندوونەناسی لەپشتەوە نەبێت، نەیدەتوانی ئەم تەمەنەی هەبێت، بەتایبەتی بۆ کوردستان کە لەم ماوەیەدا هەڵکشان و داکشانی ئابووری و دارایی و ڕامیاری زۆری بەخۆیەوە بینی، کە بەشێکیان ڕەنگدانەوەی زۆریان لەسەر نووسەران و ئەدیبانیش هەبووە، بۆیە لە کەشێکی ئاوادا، دەرچوونی بەردەوامی ڕامان بەم ڕەنگاڵەییەوە جێگای سپاس و پێزانینیە، هیوادارم گۆڤاری ڕامان بەردەوام گەشەدار بێت و ئاوا هەموو ئەدیب و نووسەرانی کورد لە دەوری خۆی کۆ بکاتەوە.




# وەرگێڕانی پێچەوانەوە

سمکۆ محەمەد



زیاتر لە١٤ ساڵ دەبێ باس لە پرۆژەیەکی ناسیونالیستی ئەدەبی و فەرهەنگی دەکەم کە وەرگێڕانی پێچەوانەیە، یان گوێم لێ ناگرن، یان خراپ کەڵکی لێ وەردەگرن و بە لۆکاڵیانە مامەڵەی لەتەک دەکەن، بۆیە جارێک پشتگوێ دەخرێت و جارێکی تر وەکوو دژە زمانی کوردی تەماشا دەکرێت. سەرەتای ئەم بیرۆکەیەی من لەوێوە سەرچاوەی گرت کە دوای سەردانی کردنم بۆ هەریەک لەوڵاتانی لبنان و مەغریب و میسر و ئێران، لە نزیکەوە نووسەرانی ئەو وڵاتانەم بینیوە، لە ئەنجامی موناقەشەکردن لەسەر ئەدەب و فەرهەنگی نەتەوەی کورد، بەهۆی ئەوەی ئەدەبی کوردییان نەدەناسی، هەموو جارێک ئەو پرسیارەیان دەکرد، دەقێکمان پێ نیشان بدە بەزمانی عەرەبی، یان ئینگلیزی، یان فارسی، بەداخەوە لەبەر ئەوەی خورجەکەم بەتاڵ بووە، وەڵامی ئەو پرسیارەم پێ نەبووە کە بۆچی خۆمان بەئەوانی تری گەلان نەناساندووە و ناچار بەرگریم لە ئەدەب و ڕۆشنبیری کوردی کردووە، بۆیە چەند جارێک ئەم بیرۆکەیەم نووسیوە و بڵاو کردووەتەوە کە کورد چیتر پێویستی بەوە نییە دەقی بیانی وەربگێڕێتە سەر زمانی کوردی، بەڵکوو پێویستی بەوەیە دەقی کوردی بۆ سەر زمانەکانی تر وەربگێڕێت، بۆ ئەمەش دەبێت لەگەڵ دەزگا ناسراوەکاندا گرێبەست بکات و بە خوێنەری نەتەوەکانی تری بناسێنێت، تاکوو دەقی کوردی بە بڵاوکردنەوە و بەبازاڕکردن لەسەر ئاستی دەرەوە بناسرێت، بەڵام پرۆژەکە وەکوو بیرۆکەیەکی ترسناک تەماشا کراوە، چونکە من پێم وایە ترسی کورد لەو پرۆژەیە دوو هۆکاری هەیە.

هۆکاری یەکەم ئەوەیە کە کورد وەک نەتەوە ناسیونالیستی نییە، تاکوو لە ڕێگەی فەرهەنگەوە خۆی نمایش بکات، بۆیە تەنیا پشتی بە سیاسەت بەستووە.

هۆکاری دووەم ئەوەیە کە کورد دەترسێت لەوەی دەقەکانی ئاشکرابن و تووشی پرسیاری شەرمهێنەر ببین، مەبەستم لەوەیە ئەگەر دەقی کوردی بەراورد بکرێت بەدەقی بیانی، بەتایبەتی عەرەبی، ڕەنگە ئەوە ئاشکرا بێت کە دەقی وەرگیراو لەئەدەبیاتی کوردیدا زۆرە.

لە هەدوو حاڵەتەکەدا ئەم گرێیە دەبێ بکرێتەوە، چونکە بە بڕوای من نابێت دیبلۆماسیەتی فەرهەنگی، لە دبلۆماسیەتی سیاسی و ئابووری بە کەمتر بزانرێت، بۆیە باشترین ڕێگە کە من بیرم لێ کردووەتەوە، ئەوەیە کە لەگەڵ نزیکبوونەوەی پێشانگەی نێودەوڵەتی کتێب لە هەولێر، باشترە بیر لەوە بکەینەوە کە هەم لەگەڵ دەزگای (مەدا) و بەرپرسەکەی گرێبەست بکرێت، تاکوو دەقی کوردی بە عەرەبی و زمانەکانی تر هەبێ، کە من پێم وایە ئەو دەزگایە لاری لەم پرۆژەیە نییە، هەم لەگەڵ دەزگا بەناوبانگەکانی وەکوو (ئیختیلاف) و (جمل) و (روئیا) و... تاد گرێبەست بکرێت، تاکوو ئەو سنوورە ببەزێنرێت کە چیتر ئەدەب و فەرهەنگی کوردی بەسنووری جوگرافی کوردستانەوە ئیکتیفا نەکات، ئەو ترسە لەخۆمان داماڵین کە وەرگێڕانی پێچەوانە دژی زمانی کوردییەو دەبێ ئەدەب هەر بەزمانی کوردی بنووسرێت، بە بیانووی ئەوەی زمان بپارێزین، چونکە ناسیونالیزم لەڕێی ئەدەبەوە باشتر دەگاتە ئەوانی دی، نەک پاراستنی کلاسیکیانەی زمان، سەرنجام داوا دەکەم لایەنە پێوەندیدارەکان ئەم پرۆژەیە بە هەند وەرگرن و ئەدەبیاتی کوردی ئەوەندە لە بازنەی خۆیدا نەخولێتەوە، ئەگەر ئەدەب سنوور نەبڕێت، نابێتە خاوەنی شوناس و خاوەن خەڵات.